

٢٠٩



کاری هونەرمەند: چەنگیز ئیقبالی
(کرماشان)

# ڕامان

٢٠٩

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی نۆزدە/ تشرینی یەکەمی ٢٠١٤

**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

**بەرگ**

باسم ڕەسام



ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 009647504494662

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی رامان

### ● دەق


– تا بەم شەڕە بە تەنها نەبیت/ دلاوەر قەرەداغی/ 3
– تەنیایی ڕووناکترە لە ژیان/ زانا خەلیل/ 5
– ئەم پاییزە/ سەید مادیح پیریوونسی/ 6
– مەخەلیّ رامیسانان/ سەرحان عیسا/ 7
– ئەم گیاوگژانە/ لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی/ 8
– گەڕانەوەی کۆترەکانی سولّتان/ جووتیار ئەحمەد/ 10
– شەوانی هاوین و ئەستێرە ون بووەکان/ گۆران ڕەئووف/ 13
– شاربەدەر/ سلێمان ئیبراهیم زادە/ 15
– لیستۆکا ڕەوشەنێ/ مەروان بەرەکات/ 17
– کیژۆڵەیەکی بەدفەڕ/ لە فەڕەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی/ 19
– دەنگە نەبینراوەکان/ فەرزین کەریم/ 21


### ● هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (چەنگیز ئیقبالّی) شاعیر و پەیکەرتاشی کوردی شائابادی کرمانشان/ ئا: شەریف فەلاح/ 25
– دیمانەیەک لەگەڵ (چەنگیز ئیقبالّی)ی هونەرمەندی ناسراوی کرمانشان/ لە فارسییەوە: هاشم عەلی وەیسی/ 33


### ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– خۆکوشتن وەک ڕێگایەک بۆ خۆ ڕزگارکردن لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا/ عەتا قەرەداغی/ 37
– بنیادی وێنەی شیعری لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)/ هەژار فەقێ سلێمان/ 45
– خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەندێک لەو سالآنەی لە دیوانی بێخودی شاعیردا ئاماژەیان پێ دراوە/ ئا: کاروان عوسمان خەیات/ 50
– چەمکەکانی (عەشق، تەنیایی، گومان) لەنێو شیعرەکانی سارا تیسدەیل/ نالّە حەسەن/ 63


### ● وتار


– وەرگێڕان هونەرە، یان ماناکردنەوە؟/ ئەمین گەردیگلانی/ 72
– هێرمینۆتیک، یان ڕەخنەی ئەدەبیی ڕاڤەیی/ عومەر محەممەدی/ 75
– خۆزگە لەبارچووەکان/ خوسرەو جاف/ 79
– بەرڤ ب ژگوهاتنا (ئێتیمۆلۆژیا) زمانێ کوردی/ حوسێن حەبەش و سێبەستیان هاینێ/ 81
– ئەفسانە چییە؟/ لە عەرەبییەوە: مستەفا سەعید عەلی/ 83


### ● هزر و فەلسەفە


– میتافیزیک لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا/ د. حەمید عەزیز/ 87
– ڕۆڵی ناڕەزایەتی لە سەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەلآیەتییەکان/ ن–ئا: ستار باقی کەریم/ 99


### ● مێژوو


– پەڕ بەسەر بوونی کوردان/ فەرامەرز ئاغابەیگی/ 103


### ● زمانزانی


– زمان پێناسەی گەلانە/ فەردین کەمانگەر/ 107


### ● ڕەخنەی هونەری


– خوێندنەوەیەک بۆ نمایشی دیالۆگی بێ دەنگ/ محەمەد جەمیل/ 110


### ● هونەر


– تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەی هەلّپەڕکێ/ هێرش ئارمەند/ 114
– فرمێسکێک بۆ عەباس کەمەندی/ عەبدولڕەقیب یووسف/ 119
– هەستەوەری ئۆتۆ (ئایزۆی ئۆتۆ کۆنترۆڵ)/ فارس سەعدی/ 121


### ● خوێندنەوەی کتێب


– تیورەکانی وەرگرتن و تێزی جیاوازی ستانلی فیش/ هاشم سەڕاج/ 123
– ڕۆمانی وتیارێک ڕووی لە کەس نییە.. وتیارێک ڕووی لە هەموو کەسێکە/ بەکر دەروێش/ 141
– خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی کرێمستی/ د. ئازاد هیدایەت دەلۆ/ 147


### ● ئەرشیف


– هەندێ لە وێستگەکانی ژیانی شێرکۆ بێکەس بە قەلّەمی خۆی/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 151


### ● بە بالآبڕین


– ڕامان، چرایەکی گەش و ورشەدار/ فەرهاد شاکەلی/ 158


### ● سووکە لەنگەر


– مالّێک لە دەرەوە، مالّێک لە ناوەوە/ ئەدیب نادر/ 160

# تا بەم شەڕە
# بە تەنها نەبیت ...!

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)

بۆ تەهای کەریمی



قەتار خەریکە دەکەوێتە ڕێ
واگۆن چۆڵوهۆڵ و قەتیس
بەو خۆرنشینە
گەمارۆدراو بە پەپوولەی سپی،
سەردەکەوێ و
لەبەر پەنجەرەکەی خۆیدا دادەنیشێ
هێند غەمگین و باریک و بنێس
دەڵێی بە بای خودا دەژی و
هەناسەی خوا ئەم شمشاڵە غەمگینە دەژەنێ
لەبەر ئەو،
جوانیی بەر کەسی تر لە سەرنشینان ناکەوێ
چێژی بینین
دەیباتە کەشکەڵانی فەلەک و
دەیهێنێتەوە و .... هەمدیس لەسەر ئەرز دایدەنێ
بەڵام وەک مرواریییەکی ناو زریان
لە بەر زەبری جوانیدا
دەنەوێ
چاوانی لێک دەنێ
پەیتا پەیتا بە شەوارەی زەریا و
بە بۆنی باران دەکەوێ
یەکێک دێت ... لە دواوە چاوانی دەگرێ و
بە چرپە پێی دەڵێ: من ئازام،
هەڵیدێنم تۆ کێیت و چیت دەوێ
هاوڕێکانی منداڵیی .... غەمگین و باریک و بنێس
هەر دەڵێی بە بای خودا دەژین و
هەناسەی خودا
شمشاڵ شمشاڵ دەیانژەنێ،
بەو شەبەقە ... لە ''بانە'' وە،
بە سوار ئەسپەدارینە و
بە کامێرا بچووکەکانیانەوە دەگەن
وەک چۆلەکەی بریندار
دەزریکێنن: خەونی ناخۆشمان پێیەوە بینیوە،
هاتووین تا بەم شەڕە بە تەنها نەبێ،
هاتووین تا بە تەنها نەکوژرێ،
دێن و
جانتا و ستاند و دەفەکەی بۆ هەڵدەگرن
فیلمە ڕەش و سپییەکانی بۆ دەشۆنەوە
بە هاڵاوی هەناسەیان عەدەسەکانی بۆ دەسڕن

ڕەسمی لە تەنیشتەوە دەگرن
خواردن بۆ کۆترەکانی ڕۆ دەکەن
پەپوولەکانی لێ دەڕەوێننەوە
ئەسپەکانی لە کۆڵ دەکەنەوە
ئینجانەکانی ئاو دەدەن
وێنەکانی پڕ دەکەن لە بینین
هیچ ناژنەوێ ... تەنها بە چاوانی
ناوەوەی دەنۆڕێ،
گرتە گرتە دەگری و دەنۆڕێ
بەو هەموو برینەوە ...
بۆ ئەوەی تینوێتیی بشکێ،
کامێراکەی دادەگیرسێنێ و فیلم دەگرێ
گرتە گرتە ... قەتار دەکەوێتە ڕێ
سوار دەبێ
بەرەو زەریای دوور
بەرەو جێگەیەک کە دەگات و ناگا
بەرەو شوێنێک کە هەیە و نییە
بەرەو بیابانی ئەودیو کوێستانی سپی
بۆ لای سێوستانی غەمگین
بۆ سەرەتای ڕوانین
سەر هەڵدەگرێ
پەلەپەل
هەر ئەوە نییە،
لە حەژمەت جوانی باڵ بگرێ
هەر ئەوە نییە
لە تەنیایی خۆیدا
لەو دەشتە چۆڵوهۆڵ و قەتیسەدا
هەر هەمووومان لەنێو وردە سەدەفی ڕەنگاوڕەنگی
غەمی خۆماندا
بە تەنیا جێبێڵێ!

قەتار خەریکە دەوەستێ
هەر هەموو واقوڕماو
گرتە گرتە لە فیلمەکەدا
دەنۆڕین
لەبەر تۆ:
تا بەم شەڕە بە تەنها نەبیت،
تا بە تەنها نەکوژرێیت،
کەس خۆی ئامادە ناکا سەرکەوێ
کەس دڵی نایەت
دابەزێ!

۲۰۱٤

# تەنیایی ڕووناکترە لە ژیان

**زانا خەلیل**



**چین جگە لە گەڕان؟**

ڕەنگە بەدبەختیمان هی ئەوە بێ
کە بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێین
گەڕانمان بە دوای ڕووناکی هی ئەوەیە
تاریکی داگیری کردووین
کە بەدوای خۆشەویستییەوەین
یانی لە دەست ڕق ڕادەکەین
کە بەدوای نەمریدا ژیانمان دەبەخشین
ئێمە مردووین..
مرۆڤ چییە لە گەڕان بە دوای شتێ
کە خۆشی نازانێ چییە!؟

**تەنیایی ڕووناکترە لە ژیان**

تاریکی ڕەسەنترە لە هێز
هێز و ترس بەهێزترن لە مرۆڤ
مرۆڤ سەگی هێز و ترس و تاریکییە
لە سەنتەری قەرەباڵغی شارێکی قەرەباڵغدا
کەسێک خۆی لە مرۆڤ لادەدا
کەسێک عەبدی تەنیاییە
چونکە دەزانێ تاریکی ڕەسەنترە لە هێز
هێز و ترس بەهێزترن لە مرۆڤ
مرۆڤ سەگی هێز و ترس و تاریکییە.

**درێژکردنەوەی ژیان**


زەمەن ترس دروست دەکا
ترس، ڕاکردن لە خۆ نەپاراستن دروست دەکا
ڕاکردن لە خۆ نەپاراستن، مردن دروست دەکا
هەموو ئەوانە
تەنیا لەپێناو درێژکردنەوەی ژیانە
هەر بەڕاست ژیان چەند درێژ دەکرێتەوە؟

**ڕاهاتن**

ماوەیەکە بەوە ڕاهاتووم کە سەفەر دەکەم
بەر لە هەر شتێ بیر لەوە بکەمەوە
دەبێ بە تەنیا سەفەر بکەم
کە بە تەنیا سەفەر دەکەم و دەگەمە هوتێلێک
یەکەمین کارم ئەوەیە
پەردەکانی ژوورەکە دابخەم و دەرگاکەی
بە ڕووی دنیادا قفڵ بدەم..
وا ڕاهاتووم لە سەفەردا.. لە ژووری هوتێلێکدا
بیربکەمەوە، بخۆمەوە، بکێشم و بنووسم
باوەڕم هێناوە پیاوی تەنیاییم
ئەگەر وەک سەگێکیش بێ
کە خاوەنەکەی تێی هەڵدەدا
ماوەیەکە بەوە ڕاهاتووم کە سەفەر دەکەم
بە تەنیا سەفەر بکەم و
پەردە و دەرگای ژووری هوتێلێک
لەسەر خۆم دابخەم و
بیر بکەمەوە و بخۆمەوە و بکێشم و
هیچ نەکەم، تەنیا بنووسم و..... بنووسم هیچ.

# ئەم پاییزە

سەید مادیح پیریوونسی
(تاران)



ئەم پاییزە
یەکەم پاییزی بێ تۆیی نییە
بەڵام وەکو یەکەم پاییز
بێ قەرارم
نا نا گوڵم
خەتای پیرە پاییز نییە
کە ئاڵۆزم
من لە سەری هەموو وەرزێ
هەموو مانگێ
هەموو ڕۆژێ
هەر ئاوەها بۆت بەسۆزم
٢- منداڵی
خۆزگەم بە وەرزی منداڵی
کە جارجارێ
چوارینەیەکم ئەنووسی
بۆ خۆم و دایکم و باوکم
بۆ دارتووەکەی حەوشەمان
بەڵام ئێستاکە مەجبوورم
هەموو ڕۆژێ چوار قەسیدە بهۆنمەوە
بۆ خەمەکانی نیشتمان

٣- خۆشەویستی
کە کۆرپە بووم
هەر لەبەر من
هەموو بێشکە و دەسرازەکانت خۆش دەویست


لە منداڵیما
کە دەچوومە قوتابخانە
هەرچی دەفتەر و کاغەزە
گشت کورسییەکانی مەدرەسە
میوانی دڵەکەی تۆ بوون

چووم بۆ زانکۆ لە دوور وڵات
هەر لەبەر من
ئیجازەت دا گشت باسەکان
بە جادەی دڵتا تێپەڕن
فڕۆکەکان بە ئاسمانی چاوەکانتدا بفڕن
بووم بە سەرواز
ئەوسا بە بۆنەی منەوە
تۆ بووی بە دڵداری هەموو تفەنگەکان
بە لاگری تەواوی سەرە تاشراوەکان
ئێستە ئەگەر تۆش دەبینی
من بوومەتە دڵداری ئاو، دڵداری خاک
بووم بە عاشقێکی پاک
بووم بە هاوڕێی زەوی و زەمان
بە دۆستی ئەستێرە و ئاسمان
لە بەر پێنووسەکەم کۆڵن
گشت دەبابە و تفەنگەکان
ئەمە لەبەر عەشقی تۆیە
ئەی شارەزای خۆشەویستی، ئەی دایە گیان

٤- سەرەوخواری
ڕۆژگارێک کەوتووین
کە بەرگی گشت شادییەکان شینە
کە دڵدارەکان دڕەندەن
ڕووبارەکانمان زەلکاون
بەراوەکان تینوو، دێمەکان پاراون
دەشتەکانمان بەس شۆڕەبی و
کێوەکانمان هەڵاڵە برمە شین ئەکەن.

# مەخەلێ رامیسانان

سەرحان عیسا
(تربە سپی)



رامانان
ئەز
دکشاندم
دوور دکەتم
نێزیک دبووم
ل سەر .....
پەیڤێن ب تین
رادزیام
هشیار دبووم
خوە .....

د نێڤ کاڤلان دە ددیت
هلدکشیام
سەرێ گرەکی
باکی هێنک ل من ددا
دیلبەرا .....
ژ رەنگێ هەیڤێ
ئەز هنگاڤتم
من خوە ...... ل خوە ڤەگەراند
ستێران .....
ل بەر
مرچێنا رامیسانان
دیلان گرتبوون
گەردوون ....
د بن لێڤێد
هـ
ە
ر
ڤ
ت
شەڤێ ....
خوە ل سەر دەمێ
بەرووپاش سوارکر
ژ نشکاڤە
رامانان شوورەشا بەندەواریێ
مەیاندن
و چەمەک.....
ژ رامیسانێن ب دزی
مەخەلت
پەنگەها

**هەلبەستڤانێ مە، د سالا (١٩٧٣) دە ل گوندێ (ئەلەرەش)ێ نزی تربە سپیێ هاتیە دنێ. وی د سالا ١٩٨٨ ئان دە دەست ب نڤیسینا هەلبەستێ کریە، و د گەلەک کوڤاران دە نڤیسیە مینا: ستێر - پرس - رۆژ - زانین . وی ب سێ ناڤان دنڤیسانـد: بەخترەش - وانێ - رێدوور. دیوانەکە وییی چاپکری ب ناڤێ (دووربوونا تە دەسپێکا هەلبەستێ یە) - ١٩٩٧ هەیە.**
**«رامان»**

# ئەم گیا و گژانە

ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی
لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی
(بۆکان)

ئەم گیا و گژانە گەمارۆم دەدەن
بڕوانە
چاولێکە
کە من چۆن
لە نێوانی
ئەم گیا و گژەدا ون دەبم
یەکیان بنەوش
یەکیان شینە
یەک بە دەوری دەنگ و ئاوازمدا
بووەتە لاولاو
درەنگە
ئا لەم هەرەتەی تەمەنما
هاتوونە لام
زەوی ئیشکان و
ئاسمان تەڕ
زەوی بە چڵوپۆپی بییەوە
هەڵواسراوە و ڕاوەستاو
ئەگەر هەنگاوێ هەڵێنم
دەگەمە ماڵ
بەڵام لەبەر درگای ماڵێ
خەو دامدەگرێ



**کێ دەتوانێ؟**

کێ دەتوانێ بڕوا بکا
ئەم باڵندانە سەرەنجام
بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە و
لەم گەرماوە دەخۆنەوە
وا لە ڕکەدا ماوەتەوە؟
گشت ساڵەکانی تەمەنمان
لەم بڕوایەدا لە کیس چوو
کە باڵندە
بۆ خواردنەوەی ئاوی گەرمی قەفەس
چ ناوێکیان داناوە:

خواردنەوە
خواردن
کەسەر
مردن؟
ئاخۆ قەت ئەم گۆرانیەمان
لە پەنجەرەکان بیستبوو
کەوا باغە نایابەکان
لێمان دوورن
ئاخۆ ئێمە لە کام ساڵدا
کامە هاوین
یا تەنانەت چ پاییزێک
دەگەینە باغە نایابەکان و
لە ئاوی کۆنی ئاو ڕکەی
باڵندەکان دەخۆینەوە؟

**ڕەنگە من**

ڕەنگە من لە دواییدا
هیوایەک
بۆ هەمووتان دەستەبەرکەم
لە پاڵ قۆزاخەی لۆکەوە
شوکری سپێنی جێ بێنم
هەستینە پا
کڵاو لە سەرمان داگرین
دەمێنینەوە
ئێمە کە ڕێبوارین
لە درێژایی شەقامەکان
لە تەنیشت ئەو هێڵە ئاسنە
کە لە ویزگە
لەنێو مژدا ڕادەوەستا
دەماینەوە
نە فرمێسک زاوەتە چاوم
نە لیباسی گرانباییم لەبەردایە
جلکم سپی
چاوانم تەڕ
بەڵام دەڵێم:
داسەکان
هەموو دەمێ
بەخشندانە

گەنم لە لاسک ڕزگار دەکەن
وەرزی هەورە
لای کێڵگە گەنمەکان دەمێنمەوە
تەنیا دەمویست
پێتان بڵێم

**سەرچاوە:**

**کتێبی- عاشقی بود کە صبحگاە دیر بە مسافرخانە امدە بود - نشر افکار، چاپ دوم، سال ١٣٨٨، احمد رضا احمدی.**

*** ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی سالی ١٣١٩ی هەتاوی هاتووەتە دنیاوە، لە سالی ١٣٦٠ی هەتاویدا زەماوەندی کردووە و ئاکامی ئەم زەماوەندە، کیژێکە بە ناوی ماهوور.**

**ئەحمەد ڕەزا، بێجگە لە شیعری گەورەساڵان لە بواری شیعر و داستانی منداڵانیشدا چالاکە. ئەو چەندان دیوانە شیعری هۆنیوەتەوە، وەک: قافیە در باد گم می شود- یک منظومەی دیریاب در برف و باران - روزی کە ما سوار قطار شدیم هوا ابری بود- عاشقی بود کە صبحگاە دیر بە مسافرخانە امدە بود و....کە بۆ ناساندنی شیعرەکانی لێرەدا ئەم سێ شیعرەی ئەم شاعیرەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**



# گەڕانەوەی کۆترەکانی سوڵتان

**جووتیار ئەحمەد**
**(سلێمانی)**

کاتێک هاتمەوە سەرخۆ، بینیم هەموو دنیا هی منە، سەیر نەبوو بەلامەوە، چونکە ئاواتی ژیانم بوو، بەڵێنم بە چەند کەسێکی نزیکیشم دابوو ئەگەر بووم بە خاوەنی پارەیەکی زۆر، بەشی ئەوانیش ئەدەم لەوانە دایکم، برایەکم کە زۆرم خۆش ئەوێ، ئەبێ یارمەتی هەموو خوشکەکانم بدەم، چونکە پێویستە وابکەم، پاشان هاوڕێ گیانی بە گیانییەکانیشم.

سەرەتا هەستم بەخۆشی ئەکرد کە بە زەوییەکاندا ئەگەڕام، باخ و باخاتی زۆر جوان، شارە هەنگی تێدابوو هەنگوینی لێ ئەڕژا، ناوی هەر میوەیەکت بهاتایە خەیاڵەوە، درەختەکەیت ئەبینی بە بەرێکی زۆرەوە، وەرزەکان زۆر زوو ئەهاتن و ئەچوون، زەوییەکەی من بەقەد وڵاتێکی گەورە ئەبوو، یان باشتر وایە بڵێم کیشوەرێک بوو بۆخۆی، هەموو زەوییەکە هی من بوو. زۆر بە خۆشحاڵییەوە پێیدا ئەسووڕامەوە، ئەمزانی ئەگەر تەمەنێک بژیم ئەوەندەی تەمەنی مێژووی نووسین ناتوانم هەموو زەوییەکانم بگەڕێم، تەنانەت بۆ تامکردنی ئەو هەموو بەروبوومەی زەوییەکانم تەمەنێکی زۆرم پێویستە.

لەوەو پێش حەزێک لەمندا هەبوو بۆ بوون بە خاوەنی هەموو دنیا، تەواوی زەوی، هەربۆیە لە نەستی مندا حەزکردن بۆ لە ناوچوونی کەسە نزیکەکانم، یان هاوڕێکانم هەبووە، تا سەروەت و زەوییەکانیان بۆ من بمێنێتەوە. ئەمەی ئەیلێم لە نەستدا خۆی مەڵاس دابوو، نەک بە واقیع تێمدا ببینرێت، هەرکەسێک بووبێتە هاوڕێم، پاش ماوەیەک، یان مردووە، یان کوژراوە، ئەمەش پێ ئەچێ خۆم لە دڵەوە پێم خۆش بووبێ، هەرچەندە ئەمزانی خەیاڵێکی پیسە، بەڵام چی لە دەروونی ئینسان ئەکەی!.

کاتی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستمدا چووین بۆلای کەسێکی باڵادەست تا ببینە چەکداری ئەو، بەڵام کابرا پرسیاری ئەوەی لێ کردین کە خەڵکی کوێن و سەر بە چ عەشیرەتێکن، کاتێک من باسی خۆم بۆکرد، وتی ئەها باوکی تۆ زۆر باش ئەناسم، تۆ بەکەڵکی ئەم ئیشە نایەیت، بەخوا لەوانەیە بکوژرێیت ئەمە چەکدارییە، دوایی ڕووزەردی لای باوکت ئەبم، هەرچەندە وتم ئاخر بێ ئیشم، وتی جا بێ ئیشی لە چەک هەڵگرتن باشترە.

هاوڕێکەمی وەرگرت لای خۆی کردییە چەکدار، بەڵام پاش ماوەیەک لەشەڕێکدا کوژرا، کە بیستم زۆرم پێناخۆش بوو، لەسەرێکیشەوە ئەوەم بەلاوە سەیربوو کە من بۆ چەکداری وەرنەگیرام! ئەمەش واتە من شانسم هەیەو نەکوژرام، لە دڵەوە ئەموت خوا بیکات شانس و بەختی هەموو کەس بێت بۆ من.

لەسەر زەوییەکەی خۆمدا کە ئەگەیشتمە سەرکانییەکی سازگار، دائەنیشتم بەدەست تێر ئاوم ئەخواردەوەو سەرم بۆ ئاسمان هەڵئەبڕی و ئەموت خوا لێت بەزیادبێت، چەمێکی بەخوڕم بینی زۆر بەلامەوە سەیربوو، چونکە سپی بوو پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەوە شیرە، شیرێکی زۆر بەتاموچێژ، بەپێکەنینێکەوە وەک ئەوەی شاگەشکە بم کە خەریک بوو قسەم بیر ئەچۆوە، ئەم جارە زیاتر سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی وتم خوایە ئەوە تۆ چیت بۆ من کردووە، ئەم هەموو بەخشندەییە چییە؟

ئیدی باخی پڕ لە میوە هەر مەپرسە، پێویستی بەوەش نەئەکرد کە بڕۆم بۆ کیشوەرێکی تر تا ئەو جۆرە میوەیە بێنم کە لای خۆم نییە، بەڵکو بیرم بۆ هەر جۆرێک بچوایە هەبوو، بۆ نموونە گوێز، مۆز بە تەنیشت یەکەوە بوون، هەنجیر و کۆکونۆت، هەنار و ئاکاکی، گێلاس و خورما، ئەمە بێجگە لەو میوە و خواردنانەی کە لەسەر زەوییەکەی خۆمان نییە.

یەکێک لە سوڵتانەکان لەکاتی سووکە ژەمی چێشتەنگاودا بە چێشت لێنەرەکەی ئەڵێ، ئەبێت ئێوارە گێلاس لەسەر خوانەکە ئامادەبێت. چێشت لێنەرەکە ئەڵێت سێبەری عالەم چۆن بتوانم ئاخر ئێرە گێلاسی لێ نییە، تەنانەت ڕۆژە ڕێیەک بە ئەسپ بڕۆین گێلاسمان دەست ناکەویت! ئێستا تا کاتی خۆراوابوون چۆن بتوانین ئەو میوە ڕەنگ خوێنینە پەیدا بکەین.

لە زەینی سوڵتاندا پێوەندییەکی ئاڵۆز لەنێوان ئەو میوەیە و خوێندا هەیە، پاشا پێی ئەڵێ من ئەو شتانە نازانم، یان گێلاس، یان خوێنی خۆت. سوڵتان دڵنیایە کە چێشت لێنەر ناتوانێت گێلاس پەیدا بکات، هەربۆیە ئەیەوێ لەکۆتاییدا ملی چێشت لێنەر بپەڕێنێ، تا بەخەیاڵی شەربەتی گێلاسەوە خوێن بنۆشێ. سوڵتان ئەڵێ من ناتوانم چێژ لەهیچ شتێک ببینم، ئێمەی سوڵتان بەو جۆرەین، ئێمە نەتێر ئەبین نە چێژ وەرئەگرین جا خوێنی تۆ و گێلاس هەردووکیان سوورن، لەبەرئەوە بۆ من یەک شتە.

چێشت لێنەر ئەچێت لە چێشتخانەکە دائەنیشێ، بە خەیاڵێکی ئاڵۆزەوە بیر ئەکاتەوە کە چ فێڵێک لە سوڵتان بکات، چۆن بتوانێت میوەیەکی وەک گێلاس لە ڕەنگی سوور هەڵکێشێ و دەرخواردی سوڵتان بدات، بەڵام ئەزانێ کە ئەم فێڵە سەرناگرێت، چێشت لێنەر هەڵئەسێت و دواین خەیاڵی خۆی تاقی ئەکاتەوە، خەیاڵێک کە وەک حەزرەتی عیسا میوە لە ئاسمانەوە دێنێتە سەر زەوی، بیرۆکەیەک کە تەنیا لە قومار ئەچێ.

کۆترێکی نامەبەر ئەهێنێت و نامەیەک ئەنووسێ بۆ کەسێکی نزیکی خۆی کە لە دەڤەرێکی پڕ گێلاس ئەژی، ئەنووسێ ئەگەر گێلاسم بۆ نەنێری تا لەسەر خوانی سوڵتان ئامادەبێت، ئەوە پاشا خوێنی سووری من لەجیاتی گێلاس ئەخواتەوە. چێشت لێنەر ئەو ڕۆژە هیچ ناکات چاوەڕێی بردنەوەی قومارەکەش نییە، بەڵکو چاوەڕێی خوێنی خۆیەتی.

پێش خۆراوابوون بەری خۆراوای کۆشک بە کۆتر ئەگیرێ، ژمارەیەکی زۆر کۆتر لەدەڤەری گێلاسدا گەڕانەوە، قاچی هەر کۆترێک سێ دەنک گێلاسی پێوە بەستراوە، واتە هەرکۆترە و شەش دەنک گێلاسی هێناوە، کاتێک گێلاس ئەبرێتە بەردەمی، سوڵتان سەری لە زیرەکی چێشت لێنەر ئەسوڕمێ، بەڵام من بیرم لە ئازارەکانی مێشکی چێشت لێنەر ئەکردەوە، لەو کاتەدا باشە بۆ لەو دەڤەرەی ئەودا گێلاس نەبوو، ئێستا من شانسم هەیە کە دەستم بە هەموو میوەیەک ئەگات، ئەبێ ڕادەی ئەو ترسە چەند بووبێ لەسەر ڕوحی چێشت لێنەر.

زوو زوو ئەچوومە شوێنێکی بەرزو لە هەسارەکەی خۆمم ئەڕوانی، هەناسەیەکەی شادمانیم هەڵئەکێشاو بەڕێ ئەکەوتمەوە. ڕێم کەوتە ڕەوە ئاسکێک، پاشان کۆمەڵێک ئاژەڵی ترم بینی، زۆر ئاژەڵی گیاخۆر کە بۆخۆیان کەیفیان ئەکرد، ئەهاتن و ئەچوون خۆیان لە یەکتر ئەسوو، یانی بەڕاستی هەسارەیەکی ئارامم هەبوو، سەیرێکی دەوروبەری خۆم کرد تا دڵنیابمەوە کە بەتەواوتی بە تەنیام و ئەستێرەکە هەموو هی خۆمە، پاشان سەرم هەڵبڕییەوە تا سوپاسی خواوەندی بەخشندە بکەم، وتم خوایە تۆ زۆر میهرەبانی کە هەموو بەشەرییەتت لەناوبرد بۆ من و ئەم سەرزەوییەت بەخشییە من.

بەو شێوەیەی سەرەوە چەند ڕۆژێک بەردەوام بووم، پاشان وردە وردە هەستم بە تەنیایی ئەکرد بیری ئینسانم ئەکرد لێتان، نایشارمەوە زۆرجار چاوم بۆ خەڵک ئەگێڕا تا بزانم لە لایەکەوە تێناپەڕن، کەسوکار و هاوڕێکانم وەک تارمایی ئەهاتنە بەرچاو، تەواو هەستم بە تەنیایی ئەکرد پڕ بەدڵ بیری ئینسانم ئەکرد، ئاخر ئەگەر تووشی شتێک بم، کێ فریام کەوێ؟! بە دڵ گوشراوییەوە ئەو خەیاڵانەم بیر خۆم ئەبردەوە.

ڕۆژێک ڕێم کەوتە دارستانێک، وتم ئا با سەرێک لە دارستانەکانیشم بدەم، ئەوەندەم زانی تووشی پڵنگێک بووم، دەستبەجێ ئەژنۆم شکا، پڵنگەکە خۆی لێ زیت کردمەوەو ئامادەبوو بۆ پەلاماردان، وتم تازە تێداچووم! هەرچییەک بکەم خوراوم، هەرچۆنێک ڕاکەم ئەمگرێت، خودایە ئەم دڕندەیە لێرە چی ئەکات؟ من لەکوێ تاقەتی ڕاکردنم ماوە، سەرم بەرزکردەوە بۆ یارمەتی خوا، وتم خوایە گیان فریام کەوە، ئەزانم خۆت نایەیت بەس قودرەتت هەیە، چوار پەلیم بۆ بشکێنە، بەڵام هیچ ئەنجامی نەبوو، دەستم کرد بەڕاکردن، سەرم بەرز کردەوەو وتم: خوایە ئاخر چۆن شتی وا ئەبێت تۆ هەسارەیەکی جوانت داوە بەمن، بەڵام وا لەلایەن پڵنگەکانتەوە ئەخورێم، بەخشندەیی چۆن وائەبێت؟

هەر ڕام ئەکرد هاوارم ئەکرد کەسێک فریام کەوێت، خوایە گیان هیچ نەبێ کەسێک بنێرە تا ڕزگارم بکات، هەر هاوارم بۆ خەڵک ئەکرد، پڵنگەکەش لەو دارستانەدا هەر بەدوامەوە بوو، تا ئێستاش من هەر لەم دارستانەدا ڕائەکەم، بێ ئەوەی کەسێک فریام بکەوێت، پڵنگەکەش هەر بەشوێنمەوەیە، دڵنیام کاتێک دێت کە ئەمگرێت، هەرچەندە هەندێک جار هەست بەبوونی ئینسان ئەکەم لەم لاو ئەولا، بەڵام کەس نایە بە هانامەوەو پڵنگەکە هەر بەشوێنمەوەیە، ئینسانەکانیش بەتیلە چاو هەر سەیرم ئەکەن و نایەن بە هانامەوە، پڵنگەکەش هەر بەشوێنمەوەیە.



# شەوانی هاوین و ئەستێرە ونبووەکان!

**گۆران ڕەئووف**
**(سەید سادق)**

ئێوارانی هاوین، لە بیرەوەرییەکانی مندا جێگەیەکی تایبەتیان، هەیە.

هەستەکەم وەک شتێک ئیدی لەدەستم چووە! ئێوارانێک دوای سەرخەوێکی عەسرانە، ئاوێکم بە خۆدا دەکرد، هەروا بەبێدەنگی چەند جار دەچوومە بەر ئاوێنەی ژوورەکەم، جلەکانی پیاسەکردنم لەبەردەکرد.. بەدەم قژشانەکردنەوە دێڕە شیعری جۆراوجۆرم تێکەڵاو دەکرد و بیرکردنەوەکانم ئاڵۆزبوون، باوەڕی جۆراوجۆر سەریان لێدابووم، بیرکردنەوە لە کەسێک بۆ من وەک ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییانە وەهابوو... لەگەڵ چەند هەڤاڵێکمدا لە قەراغ شار دەڕۆیشتینە پیاسەکردن، لەبن سنەوبەرەکاندا دادەنیشتین، باسمان لە نائومێدی و بێهودەیی ژیان دەکرد، باسگەلێکی قورس و بە زمانێکی ئاڵۆز، زۆرکات دەوەستاین و بەپێکەنینەوە بە گوێی یەکماندا دەچپاند:

داخۆ کەسێک گوێی لەم وتووێژەی ئێمە بێت دەبێت وەک کام جۆرە لە شێت باسمان بکات؟! پێدەکەنین و بەردەوام دەبووین لە پەنجەکردن بە برینەکانی ڕوحماندا...

مەستانە دەگەڕاینەوە، دەستمان لە ملی یەکتر دەئاڵاند، ژێر پێیەکانمان گەرم دەبوو، ئەوەندە بە پێیان دەگەڕاین، ئەو کۆڵانانەمان تەی دەکرد کە ماڵی ئەو کچانەی لێبوو لە زەمەنێک لە زەمەنەکاندا پێوەندی هەمەچەشنمان لەگەڵیاندا هەبوو... بینینەوەی ئەوان بۆ ئێمە هەستێکی سەیری لا دروست دەکردین، هەستی ئەوەی بووینەتە پاڵەوان و ئەوان ڕەنگە هەواڵی ئەوەیان نەبیستبێت؟!! پاڵەوانی پووچێتی و یاخیبوون و زۆر وەهمی تر... هەستمان دەکرد گەر لە دەمەو ئێوارەیەکی وەها ماندوودا نەمانبینن ئیتر ژیان چ بەهایەکی هەیە، هەستمان دەکرد ژیان هەر ئەوەیە کە تێیدا

بووین، ئەوەی کـە خـۆمـان وامـان دەزانی بەڕاستی پاڵەوانین!!

ئێـــوارانی هاوین، ئاخ ئێـــوارانی هاوین، ئەی ئەو ئێوارانەی سوورایی خۆر پشت چیاکانی دەگرتەوە و پتر لە ئاگرێکی بڵێسەدار دەچوو، من هەرگیز ناتوانم لە یادت کەم!؟

شـەوانی هاوین زێدەتر حـەزم بەتەنیـایی بوو، حـەزم دەکرد لە جێیەکدا بنووم ئەستێرە زۆرەکانی ئاسمانم لێوە دیاربێت، زۆربەی شـەوانی هاوین گـەر ڕەشـەبای نەبوایە لە سەربان دەنووستین، جارانی شار وەک ئێستا نەبوو، کۆڵان و گەڕەکەکان وەک ئێستا جەنجاڵ نەبوون، هەر زوو بێدەنگی باڵی بەسـەر شاردا دەکێشا، شـار بەجارێک خامۆش دەبوو، کارەباش وەک ئێستا نەبوو، لەبەر چرادا دادەنیـــشـــتین و گـــوێمـــان لە ڕادیۆ دەگـــرت تا خـــەو دەیبردینەوە... شەوانە تا درەنگان لەجێی خەوەکەمەوە، تەماشای ئەستێرەی ئاسمانم دەکرد، گەر شتێک بڵێم ڕەنگە باوەڕنەکەن؟! باوەڕبکەن جاران ئاسمان ئەستێرەی زۆری پێوەبوو!! ئێستا وەک ئەوەی بمەوێت هەمان چێژ لە بینینی ئەسـتـێـرەکـان وەربگرم، دەرۆمـە سـەربان و بۆ ماوەیەک تەماشای ئاسمان دەکەم، بەڵام ئەستێرەکان وەک جـارانی شـەوانی هـاوین نەمـاون، دەڵێی لە مـاوەی ئەو ساڵانەدا ئەگەرچی ساڵانێکی زۆر نییە، دەردی ونبوونی ئەستێرەکان پەیدابووە، یان دەڵێی دەستێک هەیە ئارام ئارام ئەسـتێرەکـان بە ئاسـمـانەوە دەچنێ، دەتوانم بڵـێم ئەسـتێرەکان وەک ئەو کـچانەی بەپلانەوە دەڕۆیشـتین بە بەر دەرکەی ماڵیاندا، بەڵام هەنووکە ون بوون، ئەوانیش وەها ون بوون!!

چێژی ئێواران و شەوانی هاوین بۆ من دۆخێکە هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم ڕۆژێک هەبێت بتـوانم بەسـادەییـەوە لێـیـان بڕوانم، هەرگـیـز نـاتوانم خـەوتنی سـەر سـەکـۆ و سەربان و هەڵمژینی هەوای فێنکی سپێدان لەبیربکەم.. وەک چۆن ناشتوانم ئەستێرە و کچە ونبووەکان لەبیرکەم! ئاخ ئەی ئێـوارانی هاوین، ئەی ئەسـتـێـرە ونبـووەکـانی ئاسمان و شار، ئێوە بۆ خێرا ون بوون؟!



# شاربەدەر


**سولەیمان ئیبراهیم زادە**
**(بۆکان)**


بەینێک بوو هەموو شەوێ کاتژمێر سێ و چل و پێنج خوولەک پێش ئەوەی کاتژمێرەکە زەنگ لێ دا، بۆ خۆی وەخەبەر دەهات. ئەو شەویش وەخەبەر هات و هەستا سەر قوون، چاوێکی لە پەنجەرەکە کرد؛ دەرێ ڕووناک بوو. لای خوارەوەی پەنجەرەکە بە گوڵ و گەڵای سەهۆڵین نەخشێندرابوو، دیوەکە کەمێک سارد بوو، کووره نەفتییەکە جار جار دەنگێکی لێ دەهات. بە بێ وازێوە بەم لاو لا دا خۆی بادا، ئینجا لە جێگاکەی هاتە دەرێ و جلوبەرگێکی زۆری لەبەر کرد، پاشان شاڵ گەردنەکەی لە مل کرد، بۆ ئەوەی دایک و بابی وەخەبەر نەیەن بە ئەسپایی و پێدزە لە ماڵ هاتە دەرێ. پەڵە هەورێک بە ئاسمانەوە نەبوو، بەڵام چیم کوت بوو لە ئەستێرە، دروست وەک ئەو شەوەی چارەنووسی بێرە گیاند. ئاخێکی هەڵکێشا لەبەر دەرگا جگەرەیەکی داگیرساند، نێوەڕاستی کۆڵانەکە بە قەد باڵای پیاوێک بەفری لێ هەڵدرابۆوە، شاڵ گەردنەکەی خستە ژێر یەخەی کابشنەکەیەوە، کڵاوەکەی داکێشا سەر گوێچکەکانی، هەر هەنگاوێکی دەنا و هەنگاوێک دەچۆ ناو قووڵایی بیرەوەرێکانێوە. «ئەگەر ئەو گەوادی قورمساغە ئاوا لێی لە قاو نەدابایەم و ئەو جارە لێم خۆش بوو با، قەت ئاوام لێ نەدەهات، بریا تێروپڕی تێ هەڵدابامایە و...»

«شەو چەند خۆشە! بریا بە ڕۆژیش ئەو کۆڵانانە ئاوا چۆڵ بان. هەتی سەیرە ئەوەی ناشیناسم چاوی لەگەڵم غەیانە، دەڵێی بابیم کوشتووە! هەی بابی بابو، تەنانەت ئەوانەی زۆریشم خۆش دەوێن لەگەڵم وان. » بێ ئەوەی هەستی بە هەنگاونانێک کردبێ، گەیشتبۆ نزیک خانووە چۆڵەکەی شەپاڵ تێیدا وەردەکەوت، نانەکەی لە لاینۆنەکە دەرهێنا و دوو جاری بانگ کرد شەپاڵ، شەپاڵ، شەپاڵ وەک زمانزان بە پێشوازێوە هات و دەستی کرد بە کلکە سووتە، نانەکەی کە بۆ هاویشت لە حەوای قوازتێوە و ئەوەندەی بلێی یەک و دوو تەواوی کرد و چاوێکی پڕ لە سپاس گوزاری و پێزانینی لێ کرد. پاش ملۆمۆیەک بە دەوریدا و کلکەسووتەیەک چۆوە پەناکەی خۆی.

چەند مانگ لە مەوبەر لە ترسان نانی بۆ دێنا، بەڵام ئێستا ببوونە دوو دۆستی زۆر خۆشەویست، کارتۆن و جلە کۆنێکی

زۆریشی بۆ هێنا بوو ئەگەر بۆی بلوابایە حەزی دەکرد دایمە ڕووبەڕووی دانیشێ و چاو لە چاوانی بڕێ.

ملی ڕێیەی گرت و ڕۆیی« خۆزگە؛ خەڵک هەموو وەک ئەو گەماڵە لە بارەی منەوە بیریان کردباوە...» لە سەری کۆڵانەکە وەرسووڕا. واچاکە لێرە بڕۆم. ئەی ئەو دایک و بابە پیرەم!؟

ئا...!؟

ئەوە بۆ نییە!؟

لامپەکەی نایسێ، یانی چی...!؟

لە بەر دەرگای نانەواخانەکە تاوێک خۆی گرمۆڵە کرد. بەری دەستی بەیەکەوە ناو خستییە بەینی ڕانێوە پەنجەی لاقی خستە ژێر خۆیەوە و لە سەری دانیشت. کەس دیار نەبوو وا دیار بوو شەوی لێ گۆڕا بوو. هێشتا زوو بوو. هەستا سەر پێ و بەرەو ماڵ بۆوە.

ڕەنگە چاوم چاک لە کاتژمێرەکە نەکردبێ، حەتمەن لێم تێکچووە. هێشتا زووە، جارێ دەڕۆمەوە، ئەی ئەوە هاتو ئەمن ڕۆیشتم و وەستا مەحموود دووکانی هەڵگرت، خۆ لە بییانوویەک دەگەڕێ لەگەڵ پیاوی بەشەڕێ.

تازە کارەکەشم دەچێ و دەستیشم بە نەسرینیش ڕاناگا. خۆ ڕۆژێک نەیبینم شێتیش دەبم. با بێوەژنیش بێ. پاش ئەوەی خۆشم دەوێ. تازە ئەویش نەبێ کێ شوو بە من دەکا. بە دەم بیرکردنەوە، کەمێک ڕۆیشتبوو.

شەپاڵ وەک بۆنی کردبێ بە پیرێوە هاتبوو.

شەپاڵ وەرە بۆ خۆمم. چۆنی نایەی بچینەوە؟

...بڵێیی سەعات چەند بێ؟ ئەرێ کەس ناڵێ بەو نیوە شەوە لێرە چ دەکەی. خۆ بە خودای بێت و لای ڕۆژێ نەبێ بچمە سەر قورعانیش باوەڕم پێ ناکەن، واچاکە هەر نەڕۆمەوە، لەو پەنایە میوانی شەپاڵ دەبم ئەوسەرەکەی سەعاتێکی ماوە.

لە پەنا تەندوورەکە ڕاوەستا بوو. نانەواخانەکە کەسی لێ نەبوو. نەسرین بە پێکەنینەوە وەژوور کەوت. چاوەکانی ئەشقیان لێ دەباری. سڵاوی کرد و ڕووبەڕووی ڕاوەستا یەخەی کراسەکەی ئاواڵا بوو. دۆڵی مەمکەکانی لەرزەی وە ئازای لەشی خست. تفی لە زاریدا ویشک ببوو. تیشکی چاوە سیحراوییەکانی هەموو شتێکی لە بیر ئاکام بردبۆوە. بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ دەستی لە ملی کرد. ناز و نووزی نەسرین بە جارێک شێتی کرد. تازە بانگی بەیانی دابوو. حاجی عەلی بە کۆخە کۆخ بەرەو مزگەوت دەڕۆیی، لە سەری کۆڵانەکە چرای نانەواخانەکەی دی دایسا، بەڵام مەلاباتێکی نەدایە و ملی ڕێگای گرت. بەفری سپی و مانگە شەو و چرای کۆڵانەکە وڵاتییان وەک ڕۆژ لێ کردبوو. بە جۆرێک حاجی عەلی لە تاریکییەکەشدا هەستی کرد، شتێکی چاوەڕوان نەکراو خەریکە ڕوو دەدا.!

جوان لێی دیار بوو، بەڵام دڵنیاش نەبوو. شتی وا کەس نەیدیوە کەمێک چووە پێشێ.

تەواو لە باوەشی گرتبوو، پشووی هەر دەهات و سوارتر دەبوو، تا وای لێ هات حەز و ئیشتیایەکی شێتانە لغاوی دەسەڵاتیان لە دەست ئاکام دەرکێشا و بە هەموو هێزێوە نەسرینی بە خۆیەوە گوشی.

حاجی عەلی بە چاوی خۆی دیتی کە چۆن بە خۆیەوە گوشی و قروسکەی لێ هەستاند، کە شەپاڵ قروسکاندی، ئاکام ڕاپەڕی...!؟

لە یەک چرکەدا بە دیتنی حاجی عەلی هەرچەند نەشیزانی ئەوە، بەڵام هەموو بۆچوونێکی ئەوی لێکداوە و جیفرکێکی لە خۆی دا و دەرپەڕی.

حاجی دەستی کرد بە هەراو جنێودان، یەک دوو کەس کە دەچوون بۆ نۆرە نان تووشی ئاکام بوون کە بە پڕتاو بەرەو ماڵ ببۆوە و خۆشی لەوان نەگەیاندبوو. حاجی هەموو شتێکی بۆ گێڕابوونەوە. لە مزگەوتیش پاش جەماعەت بۆ خەڵکەکەی گێڕاوە. هەر کەس ئەوەی بە مێشکیدا دەهات، دەیگێڕاوە. هەر ئەو بەیانییە حوکمی گڵاوی دەرچوو، بڕیار درا لە نانەواخانە دەرکرێ.

تەرمینال پڕ بوو لە خەڵک بەپەلە دەهاتن و دەچوون. سوار دەبوون و دەڕۆیشتن. دەهاتن و دادەبەزین. ئاکام بە بێ وازێوە گێژانە بەردەم تەعاونییەکانی دەپێوا، سەری ئەوەندەی نەما بوو، لە هەورەکان بدرێ. هەموو کەسی لێ دیار بوو. کەس ئەوی نەدەدی. دایک و بابی ئەویان دەدی و پێدەکەنین و لە سەری دەگەڕان. دەوری ماڵەکەیان چیم کوت بوو لە خەڵک، دەرزیت هەڵاویشتبا، وەعەرزی نەدەکەوت خۆی لێ دیار بوو. زۆر چکۆلە ببۆوە. سێ نانی بە دەستەوە بوو خۆی لە بەینی خەڵکەکە ڕادەکرد، بەڵام پاڵەپەستۆ هەر دەهاتو توندتر دەبوو. ئاگای لێ بوو. لەبەر پێیاندا کەوت. چاوەکان هەموو لە دەرکی ئەوان بوو. کەس چاوی لەبەردەمی خۆی نەدەکرد. ئاکام هەر حەولی هەستانەوەی بوو. نانەکانی دەستی لەت و کوت بوون. ئاگای لێ بوو تاقمێک نان و شتیان بۆ دەبردن، بەڵام دایک و بابی شتی کەسیان گل نەداوە. چاویان هەر لە ئاسمان بوو. ئاکامیان لێ دیار نەبوو... یان هەورەکان هاتبوونە خوارێ، یان ئاکام هەڵکشا بوو، بەڵام لە بوونی ئاکام لەو ئاستە دڵنیا بوون. جگەرەیەکی تری داگیرساند، چووە بەر بەڕۆچکی حەوشەی تەرمینال هەڵترووشکا.


سۆزەیەکی ساردی دەهات. ڕۆژ هەر دێتو درەنگ دەبێ با بچم سوار بم بڕۆم... تازە دەبێ لێرە هەر بڕۆم..؟

باشە بچم بۆ کوێ...؟

بۆ کام شار...؟

ئەی دایک و بابم، ئەی نەسرین...ئەی شەپاڵ...؟

ئاخە لە دنیادا هەر ئەوان دەناسم. هەر ئەوانیش دەمناسن. خۆشم خۆم دەناسم. ئەی ئەو هەمووی دەزانن ناوم ئاکامە و کوڕی مام عەزیزم و... دزم و... کاری ئاوا و ئاوا دەکەم..!؟



# لیستۆکا ڕەوشەنێ

**مەروان بەرەکات**
**(عەفرین)**

جارنا دبەزی، جارنا ژی ب پاش ڤە دزیڤڕی. ژ بانگ و ڤیژڕینا وی زمانێ بانگان لال دبوو. وی نزانیبوو چ بوویە، نە ژی زانیبوو کی مایە..!؟

ل پێش مالێن بێدەری و ژ هلما برینێن تەزە پەلێن دارچنارێ خوین دگریان. ڕەهێن دارا یاسەمینێ ل بەدەن و شاخێن خوە دگەڕیا.

د ناڤینا ئەرد و زەمین دە، دوومانەکە خالیکی چاڤێن دەمێ کۆر کربوون.

دکەت.. رادبوو.. جارنا ژی ل سۆلێن خوە یێن نیڤشەوتی ڤەدکولی، لێ ترس ژ وی دڕەڤیا و هەر ل بەر خوە ددا، کو کەسەکی ببینە و ژ وی پرس بکە، کو چ چێ بوویە..!؟

ڤەدەنگێن نالەنالان، سیمفۆنیا گرییێ شیرمژان و ئاخینێن نیڤقورچی نەینکا ئاسۆ تیک دکرن.

نە بەربانگ بوو.. نە سبە بوو.. نا نا؛ نە ژی ڕۆژ بوو. هەموو تشت ل دەرڤی سینۆرێن دەمێ ل خوە دگەڕیان.

هن دیوار هلوەشی بوون، و هن ژی نیڤهەرفی بوون، لێ گلیزێ هۆڤیتییێ ژ وان دادرڤی.

دمەشی.. ئەو نە ل ریان دگەڕیا. دکەت.. ئەو نە لاواز و بێڤین بوو، لێ هەر تشتەک نە وەک خوە بوو، نە ژی ڕەشکێن جاڤێن وی تو وێنە وەردگرتن. تەنێ.. جارنا تەڤلەهەڤییێ ئەو ب پاش ڤە دزیڤڕاند.

وی دەستێ خوە یێ چەپێ دکر ڕێبەرێ زکخوشکا خوە، لێ ژ نشکێ ڤە، لیستۆکەکێ دەستێ وی ڕاوەستاند. ژ وێ بوو، کو تلییێن چارسالی نە، و ل وێ دگەڕن.

وی ب هێدیکا لیستۆک بەر ڤە خوە کشاند و ب جۆش ماچ کر. ژ وێ ماچکرنێ لێڤێن وی سۆر بوون، و زمانێ وی

شۆر بوو.

فێرمسکان لێڤ شوشتن، لێ زمانێ وی زێدەتر شۆر کرن.

وی هێزە خوە کر، کو رابە سەر خوە، لێ ئەو ب سەر لاشێ کالەمێرەک، کو بەدەنا وی ببوو نەخشەیەک ژ خوینێ دە کەت. ئاخینەکە گران و نالینەک ب ئێش پەردا گوهێن وی هەژاندن.

وی ژ کالەمێر پرس کر: چ چێ بوویە؟

کالەمێری ب دەنگەکی گران گۆت: ئەڤ تاخا مە یە. ئەڤ مالا مە بوو. ئەز ل هەڤژینا خوە گولێ و ل کەچا خوە رەوشەنا چارسالی دگەڕم، بەلکی ئەو ژی ل من دگەڕن، و بەلکی لیستۆکا رەوشەنێ ژی، ل مە هەرسیان دگەڕە...!

دەما کالەمێر وسا گۆت.

شیێر ب هەمی هێزا دەنگێ خوە بانگ کر..

باڤۆۆۆۆۆ باڤۆ! د بەختێ تە دە مە؛ باڤۆ...!

بێژە من کانی دایکا دلۆڤان؟

کانی رەوشەنا بچووک....؟

- لۆۆۆۆ شیرێ من. ئەڤ تو یی؟

- باڤۆۆۆۆۆ باڤۆ.. !! کانی رەوشەنا بچووک؟


- شیارێ من. ئەڤ تو یی؟ مالا خوەدێ ئاڤا بە، کو تو هین هەی.

شیارێ من..! بهێلە ئەز تێێر تە رامووسم. ئەز تە ماچ کم. ئەز تە هەمبێز کم. بلا ئەز ژ دیتنا تە تێر ببم.

وی لێڤێن خوە یێن دلۆڤان دان سەر دێمێن شیێر، لێ مخابن، ئەو تی مچقین و شیارێ چاردەه سالی ل سەر سینگێ باڤێ خوە بیر ڤە چوو...! ل رەخ وان لیستۆک دگریا و ل رەوشەنێ دگەڕی.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ مالپەرێ (وەلاتێ مە) هاتیە وەرگرتن، کو ب تیپێن لاتینی هاتبوو بەلاڤکرن. هەژی گۆتنێ یە کو بێژین مەروان بەرەکات پێنڤیسەکێ نوی و خورتە د ئالیێ نڤیسینا کورتە چیرۆکان دە، بەرهەمێن خوە د مالپەرێن ئەدەبی یێن کوردی دە بەلاڤدکەت.**

**(ڕامان)**



# کیژۆڵەیەکی بەدفەڕ

ژۆئان ژان شارل
لە فەڕەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی
(سویسرا)

ئەم پاش نیوەڕۆیە، لەسەر لێواری حەوز پاڵم بە ئارتۆرەوە نا. کەوت و بڵقە بڵقی لە زاری هات، بەڵام دەشیقیژاند و دەنگی دەبیسترا. باوک و دایکم بە ڕاکە ڕاک هاتن. دایکم دەگریا چونکە پێی وابوو ئارتۆر خنکاوە. ئەو نەخنکابوو. دکتۆر هات. ئێستا ئارتۆر زۆر باشە. داوای شیرینی مرەبای کرد و دایکم پێی دا، هەرچەند سەعات حەوت، نزیک بە سەعاتی خەو، ئەم شیرینییەی خواست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایکم پێی دا. ئارتۆر زۆر خۆشحاڵ و لە خۆبایی بوو. هەموو پرسیاریان لێ دەکرد. دایک لێی پرسی چۆن کەوتووەتە نێو حەوزەکە و ئاخۆ هەڵخلیسکاوە، ئارتۆریش گوتی بەڵێ، بە ڕێکەوت بوو. باش بوو وای گوت، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا لێی تووڕەم و لە بچووکترین دەرفەتدا، دەست پێ دەکەمەوە.

لە لایەکەوە، ئەگەر ناڵێ من پاڵم پێوە ناوە، ڕەنگە تەنیا لەبەر ئەوە بێ کە باش دەزانێ دایکم ڕقی لە سیخوڕییە. ڕۆژێکی تر، کاتێک قوڕگیم بە تەنافی بازدان گوشی و سکاڵای بردە لای دایکم و گوتی: "ئەوە هێلین وا قوڕگی گوشار داوم"، دایکم زللەیەکی توندی لە سمتی دا و پێی گوت: "قەت شتی وا نەکەیەوە!" کە باوکم گەڕایەوە، دایکم ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە و باوکیشم زۆر تووڕە بوو. ئارتۆر، خواردنی دێسێری پێ نەبڕا. ئاوا بوو تێگەیشت و ئەم جارە، لەبەر ئەوەی هیچی نەگوت، شیرینی مرەبای پێ درا: ئەمنیش داوای شیرینیم لە دایکم کرد، سێ جار، بەڵام ئەو وای نیشان دا کە گوێی لێم نەبووە. ئاخۆ لەوە بە گومانە من پاڵم بە ئارتۆرەوە نابێ؟

جاران لەگەڵ ئارتۆر باش بووم، چونکە باوکم و دایکم بە قەرا ئەو نازی منیشیان دەکێشا. کاتێک ئۆتۆمبێلێکی نوێی دەبوو، ئەمنیش دەبوومە خاوەنی بووکەشووشەیەک و بە بێ من شیرینییان پێ نەدەدا، بەڵام مانگێک دەبێ باوکم

و دایکم، هەڵسوکەوتیان بە تەواوی لەگەڵ من گۆڕاوە. ئیتر تەنیا ئارتۆر بوونی هەیە، پەیتا پەیتا دیاریی پێ دەدەن. ئەمە خوو و خدەی ئەو باشتر ناکا. ئەو بەردەوام تۆزێک دێزە بووە، بەڵام ئێستا قێزەونە. بێ پسانەوە داوای فلان و فیسار دەکا. دایکیشم هەمیشە پێی دەدا. بە ڕاستی، من پێم وایە لە ماوەی مانگێکدا، تەنیا ڕۆژێک لەسەر یاریی تەنافەکە بە گژیدا چوونەوە و ئەمەش گەمژانەیە، چونکە تەنیا ئەو جارەیان خەتا لەو نەبوو! لە خۆم دەپرسم بۆچی باب و دایکم کە بەو ڕادەیە منیان خۆش دەویست، کتوپڕ منیان پشتگوێ خست. وەک بڵێی من چیتر کیژۆڵەی ئەوان نەبم. کاتێک دایکم ماچ دەکەم، تەنانەت بزەی نایەتە سەر لێو. باوکیشم هەر وا. کە دەچن پیاسە دەکەن، منیش لە گەڵیان دەڕۆم، بەڵام ئەوان هەروا لە ئاست من کەمتەرخەمن. چەندی پێم خۆش بێ، دەتوانم لە کن ئەستێر یاری بکەم، بە لایانەوە ئاساییە. تەنیا ئارتۆر جار نا جارێ لە گەڵم چاک دەبێ، بەڵام قەت یاریم لەگەڵ ناکا. ڕۆژێکیان لێم پرسی بۆچی دایکم لەگەڵ من وای لێهاتووە. نەمدەویست لەم بارەوە قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام نەمتوانی پێش بە خۆم بگرم. لە خوارێڕا سەیری کردم، بەو ڕواڵەتە فێڵبازەی کە بە ئەنقەست نواندی بۆ ئەوەی ڕقم هەڵبستێنێ، پاشان پێی گوتم لەبەر ئەوەی دایکم لەوە زیاتر نایەوێ لەسەر من قسە بکرێ. پێم گوت ڕاست نییە. پێی گوتم بۆچی، خۆی گوێی لێ بووە دایکم بە باوکمی گوتووە، تەنانەت ئەوەشی گوتووە: "هەرگیز، ئیتر قەت نامەوێ سەبارەت بەو قسە بکرێ!"

هەر ئەو ڕۆژە بە تەنافێ قورگیم گوشی، پاشان تا بڵێی تووڕە بووم، هەر چەند زللەیەک بە سمتیشی کەوت، ڕۆیشتمە ژوورەکەی و پێم گوت دەیکوژم.

ئەم پاش نیوەڕۆیە، پێی گوتم دایکم، باوکم و ئەو دەچنە قەراخ دەریا و من لەگەڵ خۆیان نابەن. پێکەنی و زاری لێ دەرهێنام. ئەمنیش لەسەر لێواری ئەستێرەکە پاڵم پێوە نا.

ئێستە خەوتووە و باوکم و دایکم لە تەنیشتی خەوتوون. تاوێکی تر، دەچمە ژوورەکەی و ئەم جارەیان، دەرفەتی ئەوەی نابێ هاوار بکا، تەنافی بازدانم پێیە. ئەو لە باخچەکە لە بیری چوو و من هەڵمگرتەوە.

ئاوا ناچار دەبن بێ ئەو بڕۆن، پاشان تەک و تەنیا دەچم لەوسەری ئەم باخچە شێواوەدا دەخەوم، لە نێو ئەو سندووقە سپییە سامناکەی مانگێکە ناچارم دەکەن تێیدا بخەوم.

* * *


**ژۆئان ژان شارل، ژنە نووسەرێکی هاوچەرخی فەرەنسییە. هاوسەرەکەی ژان شارل، نووسەرێکی بەناوبانگە کە ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە. ژۆئان، چەندین ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی چاپ کردووە. کورتەچیرۆکی کیژۆڵەیەکی بەدفەڕ، ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن ڕۆبێن داڤیس-ەوە کراوەتە فیلم.**

**سەرچاوە:**

**Jehanne JEAN-CHARLES, Les plumes du corbeau et autres nouvelles cruelles, Société nouvelle des Editions Jean-Jacques Pauvert, 1962.**

# دەنگە نەبینراوەکان (*)

فەرزین کەریم



**١-دەرەوە. بەیانییەکی زوو. دارستان.**

(دەنگی هەناسەی توندی ژنێک، ئاژەڵی جۆراوجۆری دارستان و کارتێکەرە دەنگییە ئاڵۆز و ناسروشتییەکان)

- نووسراوەکانی پەیوەست بە تایتڵ لەم دیمەنانەی خوارەوە دەگونجێندرێن-

فیدی ڕەش و دەنگی هەناسە...

- بڕین -

تەکدانەوەی وێنەی ڕاکردنی بووکێک لە سەر ئاوی چۆمی ناو دارستانێک.

- بڕین -

بووک لەگەڵ ڕاکردن لە نزیک چۆمەکە دەوەستێت و بە ترسەوە ئاوڕ دەداتەوە و ئینجا چەند قومە ئاوێک دەخواتەوە.

- بڕین -

لە چاوی باڵندەی سەر لقە دارێکەوە، بە فۆرم و ڕەنگی ناسروشتی تایبەت بە دیدی باڵندەکانەوە دەبینرێت کە:

کچێک بە جلوبەرگی سپی بووکێنی، پارچە تۆڕێکی سپی بە قژی هەڵواسراوە، لە کاتێکدا پشتی لە دارێکە، بە ترسەوە پشتاوپشت بەرەو دارەکە هەنگاو دەنێت. کچە، کاتێک دەگاتە ژێر دارەکە، باڵندەکە هەڵدەفڕێت.

(دەنگی شەققەی باڵ)

کچ بە پەشۆکاوی، دەڕوانێتە شوێنە چۆڵەکەی باڵندە، لە لقە دارەکەوە.

- بڕین-

کامێرا لە پشت ڕووەکێکی دڕکاوی، لە بەرزاییەوە، دەڕوانێتە ڕاکردنی کچە لە دارستانەکەدا. لەگەڵ ڕاکردندا، بەرەو دواوە ئاوڕ داوەتەوە. لە دوای دەرچوونی کچە لە کادر، بە دیار دەکەوێت کە چەند پەڕەمووچی سپی کۆترێک لە دڕکەکانەوە گیربووە.

بەڕاکردن دێتە ناو شەقامێکی خۆڵ و چۆلی ناو دارستانە دوورەپەرێز و بێ ئاوەدانییەکە. لەگەڵ ئەوەی بەردەوامە لە ڕاکردن لە شوێنێکی بێ دارستان، ئاوڕ دەداتەوە. بە بینینی مارێک کە بەرەو لای دێت،

دەقیژێنێت و خێراتر ڕادەکات.

(دەنگی شەققەی باڵی باڵندە لە کاتی نیشتندا)

لە ناکاو قاچەکانی تێک دەئاڵێت و دەکەوێت.

لە ڕوانگەی کچەوە: دوو قاچ بە کڵاشی ڕەشی هەورامیی پیاوانە لە بەردەمی وەستاوە.

لە ڕوانگەی قەلەڕەشەکەوە: کچە بە دۆخێکی هیستریانە دەڕوانێتە قاچە پیاوانەکە و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک دەبێت و لەرین لە پێکهاتەکانی ڕوخساریدا دەبینرێت.

**٢ – دەرەوە. دارستان**

(دەنگی هاتوهاواری کەسێک)

سەرەتا بێ ئەوەی کچە پیشان بدرێت، بە هۆی جووڵەی کامێراوە بە دیار دەکەوێت کە دەڕوانێتە ئەو دیوی تەراشە چیلکە دارەکانەوە، چونکە سەرچاوەی دەنگ و هەراکەیە.

دوو ئۆتۆمبێل بە ئاراستەی جیا، لە نزیک یەکتر وەستاون. ئۆتۆمبێلی ڕەنگ ڕەشی زاوا ڕازێنراوەتەوەو تەنیا بەشێکی بچووکی پێشەوەی دەبینرێت. پێشەوەی، بە هۆی گوڵی بچووکی سروشتییەوە نووسراوە ٢٠١١، بە شێوەیەک کە سفرەکەی لە شێوەی دڵە. ئۆتۆمبێلە سپییەکەش، ژن و پیاویکی پیر لێی دابەزیون کە جلی کوردییان لە بەرە.

ئەم دیالۆگانە، دەکەونە سەر کۆی گرتەکانی ئەم سکانسەوە بە پێی مەنتیقەوە، لەوانەش دیمەنی کچە کە لەودیوی تەراشە چیلکە دارەکەوە بەستراوەتەوە، هەروەها دیمەنی شەڕی قەلەڕەش و مارەکە.

زاوا (هەمان کڵاش لە پێی دیمەنی پێشووتر، لەدوورەوە):

لێرە چ دەکەن؟ هاتوونە لای کچە شەریفەکەتان ها ؟ بۆ وەڵام نادەنەوە؟ بۆ ناڵێن کچەکەتان لە کوێیەو چی بە سەر هاتووە؟ ئای خوایە لەو شوورەییە!. دڵم تەقی! هەلاهەلا بوو. کەسی دیکە لەو دنیایە نەبوو، من دەبێت تووش بم. گوناحم چییە حەیا و ئابرووم بچێت. وەکو خۆتانە. ئەگەر ئێوە وا نەبان، کچەکەشتان وا دەرنەدەچوو... ئای لە کچە پاکیزەتان. ئێستاش وازم لێ بێنن. لێرە نەمێنن. عارەبانەکە ڕاکێشن و بڕۆن. دەی بڕۆن. لێرە بڕۆن. دەی دەی دەی...

زاوا بێ ئەوەی ڕوخسار و بەشێکی زۆری جەستەی بکەوێتە بەر دیدی کچە، پارچە پەڕۆیەکی سپی بە دەستەوە گرتووە. هاوار هاواریەتی و دژەکرداری توند دەنوێنێت، لە وانەش لە خەفەتان مۆبایلەکەی بە زەویدا دەدات و دەیشکێنێت. بە پێلاقە لە تایە، یان بە مست لە ئۆتۆمبێلەکە دەدات و ئەو کەرستانەی کە ئۆتۆمبێلەکەی پێ ڕازێندراوەتەوە لێ دەکاتەوە، لە وانەش، پارچە قوماشێکی تۆڕی سپی کە لە ڕازاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکە بە کار هاتبوو، لێ دەکاتەوە.

باوکی بووک لە حەژمەتان تەسبیحەکەی ناو دەستی بۆ لایەک فڕێ دەدات. دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەی بە نائومێدی بەرەو ئۆتۆمبێل دەڕۆن و سوار دەبن و بەڕێ دەکەون.

(دەنگی جیڕەی وشک و تۆقێنەری کردنەوەی دەرگایەکی دارین تێکەڵ دەبێت بۆ سەر دیمەنی دواتر)

**٣ – ناوەوە و دەرەوە. ڕۆژ. ژوورێک.**

دەرگای ژوورێکی کۆن و بێ سەروبەر دەکرێتەوە کە دیوارەکەی قووڕە و تاکە پەنجەرەیەکی بچووکی هەیە، ژوورەکە چەند کۆنە کەرستەیەکی وەک سەبەتە و تایەی ئۆتۆمبێل و میوەی وشککراوەی لێیە. پارچە تێلدڕێک لە ناوەندی ژوورەکە کەوتووە.

پیاوە کڵاش لە پێیە ڕەشپۆشەکە دێتە ژوورەوە، بێ ئەوەی ڕوخساری لە کادردا بێت. تەنیا لە کەمەر بە خوارەوە دیارە.

جانتایەکی ژنانەی سپی پێیە. جانتایەکە دەکاتەوەو کەرستەکانی خۆڕازاندنەوەی ژنانەی ناوی ڕوو دەکاتە سەر زەوییە رووتەکە: سووراو– جووتە ئاوێنەی بچووکی پێکەوە لکێندراو کە لەگەڵ کەوتنی جامی هەر دووکیان درزی تێدەکەوێت و زۆر دیمەنی فیلمەکە لە ڕێگایەوە دەبینرێت – سوانی تایبەت بە نینۆک- نینۆک بڕ- شانە – مووکێش...تاد.

پیاوەکە، بە دەستێک ئاوێنە دووانە شکاوەکە لە بەردەمی ڕوخساری بووک ڕادەگرێت، بە دەستەکەی دیکەش سووراوی لێو دەست دەداتێ و بەزۆر و شێوەیەکی ناسروشتی و شێتانە، لێوی سوور دەکات.

کچە فرمێسک بە چاوانیدا دێتە خوارەوە.

**٤- ناوەوە. ڕۆژ. ژوور.**

لە کونی کلیلی دەرگاوە تیشکی خۆر بە شێوەیەکی سەیر هاتووەتە ژوورەوە. تیشکەکە تەکدانەوەی وێنەی شوێنی کلیلەکەی لە سەر دیواری بەرانبەری ژوورەکە دروست کردووە.

کۆمەڵە ڕووناکی جیاوازیش لە درزەکانی تاکە پەنجەرەوە، دێنە ژوورەوە و وێنەی گرافیکی جۆراوجۆریان خوڵقاندووە، هەروەها دیمەنی تەکدانەوەی تیشک لەسەر جووتە شووشەی ئاوێنە شکاوەکە سەرنجڕاکێشە.

کچ؛ هیستریاییانە، بە دەستێک لێوەکانی پاک دەکاتەوە و بە دەستەکەی دیکەشی بە کلی ڕەشی چاو، خەریکی نیگاری وێنەیەکی بێ سەروبەر و بێ مانایە لە سەر دیوارەکە؛ کۆمەڵێک سکێچ، یان وێنە، بە هۆی پێنووسی ڕەشی تایبەت بە کلی چاوەوە کێشراون. وێنەی وەک: کۆمەڵە باڵندەیەک کە خەریکی فڕینن - ئێسقانەکانی ئەسکلێتی مرۆڤ - گوڵ و...تاد.

لە کاتێکدا بە ترسەوە سەیری کونێکی سەرەوەی دەرگا دەکات کە قەلەڕەشەکەی لێ نیشتووە، دەست لە نیگار کێشان هەڵدەگرێت و بەرەو لای دەرگا دەڕوات بۆ ئەوەی لە کونی کلیلەوە سەیری دەرەوە بکات، بەڵام لە ناکاو قەلەڕەشەکە لە سەرەوە دێتە خوارەوە و هێرشی بۆ دێنێت.

(دەنگی شەقەی باڵی قەلەڕەش و هاواری کچە تێکەڵ دەبن)

-بڕین -

کچەکە لە دەرزی کونی دەرگاوە دەڕوانێتە دەرەوە:

پیاوەکە لە کەمەر بە خوارەوە دیارە. چەقۆیەک لە ناو جانتاکەیەوە لە قەد قایشی کەمەرەکەیەتی. لە سەر ڕەحلەیەکی کۆن و دارین دانیشتووە. دەستێکی بوتڵێکی مەشروبی پێیە کە جاروبار بۆ خواردنەوە سەر دەکەوێت و لە کادر دەردەچێت.

قەلەڕەشی دیمەنەکانی پێشوو لە باکگراوند خەریکی خواردنی کۆترێکی سپییە. پەڕەکانی کۆتر لە دەوروبەر بڵاو بوونەتەوە.

پیاو، لە ناکاو بوتڵەکە فڕێ دەدات و هەڵدەستێت. لە کەمەر بە خوارەوە دیارە و بەرەو دەرگا دێت. لە ڕێگای هاتنی بەرەو دەرگا، کلیلێک جیا دەکاتەوە.

پیاوەکە، بە دەستەکەی دیکەش دوگمەکانی کراسەکەی، لە خوارەوەڕا دەکاتەوە.

کچە تا کلیلەکە بە تەواوەتی نەچۆتە ناو دەرگا، خۆی دێڵێتەوە، دواتر بە خێرایی و لە ناکاو دەکشێتەوە.

(دەنگی وێککەوتنی کلیلی دەسکە کلیلێک و سووڕانی کلیل لە ناو دەرگا)

کچە بە ترس و دۆخێکی هیستریانەوە لە قوژنەیەکی ژوورەکە خۆی کۆ کردووەتەوە و شپرزەیە، ئارەقەیەکی زۆری کردووە.

دووبارە هەوڵ دەدات کە بە سەر هەڵسوکەوتی ناسروشتی خۆیدا زاڵ بێت.

دیمەنی خانووەکە لە دەرەوە و لە ڕوانگەی قەلەڕەشەوە، کە لە دەرگا نزیک دەبێتەوە.

(دەنگی قیژەی کچە و قاقای شێتانەی پیاوەکە)

**٥- ناوەوە و دەرەوە. ئێوارە. ژوور.**

(دەنگی قەلەڕەش)

کچە بە هۆی دەنگەکەوە هەست بە مەترسی دەکات و سەری بەرز دەکاتەوە.

(دەنگی کلیلی نێو دەرگا)

لە گۆشەیەکەوە بە ترسەوە دانیشتووە. قەلەڕەشەکە لە هەمان کونی سەر چوارچێوەی دەرگا هەڵنیشتووە و سەیری دەکات. دەرگا دەکرێتەوە. پیاوەکە بێ ئەوەی ڕوخساری دیار بێت بە سینی خواردنی قوتوبەند دێتە ژوورەوە و لە بەردەمی دادەنێت و دەڕواتە دەرەوە و دەرگا کلیل دەدات.

دیسان قەلەڕەش دادەبەزێتە خوارەوە و سەرەتا لە کەرستەکانی ڕازاندنەوە کە لە سەر زەوی پەرشوبڵاون، نزیک دەبێتەوە و دەندوکیان لێ دەدات.

کچە پارچەیەک گۆشتی قوتوبەند دەردێنێت و بە ترسەوە بۆ قەلەڕەشی فڕێ دەدات. لە ئاسمان دەیگرێتەوە و دەیخوات، ئەم کارە چەند جار دووبارە دەبێتەوە.

-بڕین-

**٦- ناوەوە و دەرەوە. ئێوارە درەنگان.**

لە کونی دەرگاوە کچە دەڕوانێتە دەرەوە:

پیاوەکە جگەرە دەکێشێت و خەریکی میز پێدا کردنی سەر ئاگری بەردەمیەتی، دواتر لە سەر ڕەحلەکە پاڵ

دەکەوێت. ئەم جارەیان چەقۆی ناو جانتاکە، لە نزیک سەری داندراوە. دواییێ چۆڕی بوتڵەکەی تەنیشتی دەخواتەوە، ئینجا فڕێی دەدات. چەند بوتڵی بەتاڵیش لە دەوروبەری کەوتوونە.

بالۆرەی دووکەڵی ئەو جگەرەیەی دەیکێشێت، لە ناو تاریک و ڕوونی دەرەوە فەزایەکی سەیری خوڵقاندووە.

کچە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دەڕوانێتە کونی سەر چوارچێوەی دەرگاکە.

قەلەڕەشەکە لە کونی سەر چوارچێوەکە دێتە خوارەوە و بەرەو لای کچە دێت، بەڵام قاچی لە تێلدڕ دەئاڵێت و عاسێ دەبێت.

کچە بە ترسەوە بۆ لای دەڕوات و دواتر بە زەحمەت قاچی ئازاد دەکات. قەلەڕەشەکە لێی دوور دەکەوێتەوە. کچە بزەی دێتە سەر لێو.

**٧- ناوەوە. شەو. ناوەوە.**

تیشکی مانگە شەو لە پەنجەرە دەکەوێتە سەر ڕوخساری کچە، کە لە سەر زەوی ڕاکشاوە و دەڕوانێتە بنمیچی شوێنەکە. لە سەر بنمیچەکە بەهۆی تارا و قوماشی سپی کە پێشتر بە سەر قژی کچەکەوە بوو، بازنەیەک بە مەبەستی خۆکوشتن هەڵواسراوە. لەناکاو قەلەڕەشەکە دێتە بەردەم پەنجەرەکەوە. تۆپە کلیلێکی بە دەنووکەوەیە، فڕێی دەداتە ژوورەوە و دەڕوات.

**٨- ناوەوە. ژوور. بەیانی زوو.**

(دەنگی کردنەوەی دەرگا و جیڕەی وشکی)

لە یەک گرتەدا؛ بە هۆی جووڵەی نەرمی کامێرا ئەم دیمەنانەی خوارەوە پیشان دەدرێن:

لە ژوورەوە پەڕی سپی کۆترێک لە بەرزاییی دێتە خوارەوە و دەکەوێتە نزیک کەرستەکانی ڕازاندنەوەی سەر زەوی. جووڵەی کامێرا تا لای دەرگا بەردەوامە.

-بڕین-

دەبینین کچەکە لە دەرەوەیە و خەریکی داخستنی دەرگایە، بەڵام بە تەواوەتی دەرگا داناخات.

-بڕین-

بە وریاییی لە دەرگا دوور دەکەوێتەوە. بەلای پیاوەکە تێدەپەڕێت. کابرا، بە هۆی هەردوو قۆڵییەوە، ڕوخساری خۆی داپۆشیوە. لە سەر قۆڵێکی بە هێڵی سادەوە وێنەی پیاوێک کە خەریکی پیسایی کردنە تاتۆ کراوە (یەکێک لە سیمبۆلەکانی ئانارشیستەکان).

چەقۆیەکەی لە تەنیشت سەری داندراوە.

کچە قاچی بەر بوتڵی مەشروب دەکەوێت. پیاوەکە بە ئاگا نایەتەوە.

کچە لەناکاو دەگەڕێتەوە و چەقۆیەکە هەڵدەگرێت و بەرەو سنگی پیاوەکە بەرزی دەکاتەوە. دیمەنی تەنیا چەقۆ و دەستەکانی کچەکە بەرز بووەتەوە و دێتە خوارەوە.

(جووڵەی سلۆ)

**٩- دەرەوە. دارستان. بەیانی زوو.**

(دەنگی ئاژەڵی جۆراوجۆری دارستان، هەروەها کارتێکەرە دەنگییە ناسروشتییەکان)

کچە خەریکی ڕاکردنە لە شەقامی ناو دارستان.

**١٠- دەرەوە. خانووەکە. بەیانی زوو.**

دیمەنی نزیکی چاوی پیاو، کە بەرەبەرە دەکرێتەوە. بە بینینی ئەوەی کە دەیبینێت، چاوی زەق دەبێت: چەقۆیەکە لە ڕۆخی ڕەحلەکە چەقیوە.

پیاوەکە دادەنیشێت. یەکەم جارە بە تەواوەتی دەبینرێت. گەنجێکی زۆر قۆز و جوانە.

**١١- دەرەوە. دارستان. بەیانی زوو.**

لە چاوی قەلەڕەشەوە کە خەریکی فڕینە لە ئاسمانەوە، دیمەنێکی پانۆرامایی لە ڕاکردنی کچە لە شەقامی نێو دۆڵێک بەرەو بەرزاییی و هەورازییەکی دژوار.

(دەنگی قەلەڕەش بۆ سەر تایتڵ دەگوازرێتەوە)

*** ئەم سیناریۆیە دوای ئەوەی لەلایەن نووسەرەکەی کرا بە فیلم، توانی بەشداری زۆر فستیڤاڵی نێودەوڵەتی بکات و خەڵاتی باشترین فیلمی پرسی ژنان، لە ساڵی ٢٠١٢ و لە بیست و چوارەمین خولی فستیڤاڵی ستێپ لە وڵاتی ئۆکرانیا وەربگرێت.**



**چەنگیز ئیقبالی «شاعیر و هونەرمەندی پەیکەرتاشی کوردی "شائاباد"ی کرماشان»:**
**هەوڵ دەدەم لە ڕەوتەکانی هونەری ئەوڕۆی دنیا بێ ئاگا نەبم.. زۆرێکیش لە هەوڵی شاعیرانی هاودەم لە ڕێگەی مۆسیقاوە بوونە دەسپێکی ئاشتی لەگەڵ زمانی کوردی.**

**سازدانی: شەریف فەلاح**
**(سلێمانی)**

شاعیر، ڕۆماننووس و پەیکەرتاشێکی لاوە لە دەڤەری "شائاباد"ی سەر بە هەرێمی کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم لاوە هونەرمەندە لە دووتوێی وشەدا خەون و خولیا کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی نیشتمانەکەی دەکاتە شیعر و چیرۆک و بە زاراوەی شیرینی "کەلهوڕی" بڵاویان دەکاتەوە. چەنگیز ئیقبالی جیا لە بواری شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، هونەرمەندێکی دەستڕەنگین و پەیکەرتاشێکی بە ئەزموون و خاوەن سەلیقەیە. ئەو هونەرەکەی خۆش دەوێ و لەم ڕەهەندەوە دەیەوێ پەیام و ئەندێشەی نەتەوەکەی بە هەرمانی بهێڵێتەوە و سازکردنی پەیکەر و هەیکەلی ئەدیب، نووسەر و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردی کردۆتە پرۆژەی سەرەکی هونەری پەیکەرتاشی و لە شارەکانی "شائاباد، کرماشان و تاران" لە نموونەی پەیکەرەکانی دەبینرێن. چەنگیز لاوێکی دڵسۆز و پشوودرێژە و ئاواتی ڕزگاریی نەتەوەکەی و بووژانەوەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەییە لە هەرێمی کرماشان و لە بواری هونەری پەیکەرسازیشدا ڕوانگە و تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە، کە پێکەوە لەم دیمانەیەدا لەگەڵ چالاکی و ڕوانگەکانی زیاتر ئاشنا دەبین.

* له سـەردەمـێکدا کـە باس لە پسـپـۆڕیی بواره هونەرییـەکـان و ئەکـادیمی و پۆلێنبـەندی ژانره ئەدەبی و هونەرییـەکـان دەکـرێت، لەبەر چ هۆیەکـە تۆ سێ بواری شیـعر، چیـرۆک و هونەری پەیکەرتاشیت بۆ کـارکـردن هەڵبـژاردووه، پێت وا نیـیـه ئەگـەر یەک بوارت هەڵبژاردبایە، سەرکەوتووتر دەبوویت؟

– هۆیەکەی بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە کە بە هیوام بتوانم ئاماژەیان پێ بکەم. بەڵێ ئەمە ڕاستـه لە دنیـای ئەمـڕۆدا ئەم بوارانە زۆر چوونەتە پێش و هەرکـامـەیان دنیـایەکی تایبـەت بە خۆیان هەیە، بەڵام هەلومەرجـەکـە لای ئێـمـە جـیـاوازییـەکی یەکـجـار زۆری هەیە. دەسپـێکردنی من سـەرەتا لە ڕێگەی ئەدەبیـاتەوە بوو و هەر لەم ڕێگەوە دەستم بە ناسینی خۆم و دەوروبەرم کرد، بەڵام هاوکـات حـەزیشم لە هێـڵکاری و هونەره جـوانەکـانیش هەبوو. ئەمـانه هەمـوویان ببـوون بە کەڵکەڵەی مێشکی من. بە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەی کە من دەستم بەکار کرد، هیچ ناوەندێک بۆ فـێرکـردنی هونەر لە شـاباد نەبوو. بە ناچار بە شـێـوەیەکی خۆپەروەرانە دەستم بەکار کرد. بەشێک لەبەر هەژاری و دەستەنگی من و بەشێک لەبەر گرنگی نەدانی کۆمەڵگە بەگـشـتی بە هونەر بووە هۆی ئەوەی کـە من درەنگتـر ڕێگـەی پـەروەردە لـە بـواری هـونـەردا دەست پـێ بـکـەم. دواجار کە لە بەشی پەیکەرسازیی زانکۆی هونەری تاران هەڵبژێردرام، توانیم لەگەڵ دنیایەکی کراوەتر ئاشنا بم. با ئەوەش لەبیـر نەکـەین، هونەری پەیکەرسـازی لە ئێـران خودبەخود تووشی تەنگژه بووه، بۆ سەدان ساڵ، تەنانەت ئەو سـاڵانەی کە من دەستم بە خوێندن کـرد، هەمـیشـه لەگـەڵ ئەو مـەرجـەعـانە کـە دژ بە پەیکەرسـازی بوون ڕووبەڕوو دەبووین هەر بەو هۆیەش ئاکـادیمیـای هونەره جوانەکانی تاران وەک یەکەم جێگەی پەروەردە کردنی ئەم شێوازه لە هونەر پاش شۆڕشی گەلانی ئێران تەمەنی بە دە ساڵ زیاتر نەدەگەیشت. لە ساڵەکانی سەرەتایی لە زانکۆ زۆر سـەرقـاڵی نووسین بە زمـانی کـوردی و بەتایبەت نووسین بە زاراوەگەلی ناوچەی کرماشان بووم و هەر لەم ڕێگەوە گـەڕاومـەوە بۆ ئەو سـاڵانەی کـە لە کـوردێکی ڕەسـەنم بیـسـتـبـوو و هەوڵم دەدا لە ڕێگەی نووسینی بیرو بۆچوونەکانم بە زمانی کوردی ئەو خەمە نۆستالۆژیایە بکەم بە هەوێنێک بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لە ڕابردووی خۆم بەگشتی. هاوکات دەستم کرد بە نووسین و وەرگێڕان بە زمانی کوردی. ئەو وەختە هیچ دەقێک بەدی نەکرا کە بتوانێ دەقێکی کوردی بە زاراوەی لای کرماشان بێت. هەر ئەوەندە لە زمـانی کـوردیم زانی کـە زۆرتر لە ڕێگەی ئەدەبی زارەکی بیستبووم، بۆیە بە پێویستم زانی کەڵک لە وەرگێڕانی ئەو دەقانە وەربگرم کە ئیتر شەو و ڕۆژ لەگـەڵیـاندا دەژیام. هەمـوو کـتـێـبـەکانی "فـرانتس کافکا"م کە تا ئەودەم بە زمانی فارسی لە چاپ درابوون، دەخـوێندەوە و هەروا بەرهەمـەکـانی "بورخـێس"ی ئەرژەنتـینی و زۆری دیکە. بە وەرگـێڕانی بەرهەمـەکـانی ئەو نووسـەرانە بە زمـانی کـوردی توانیم پێـوانەیەک بۆ دۆزینەوەی توانسـتـەکـانی زمـانی کـوردی بەدەست بێنم، بەڵام دواتر وازم لە وەرگـێڕان هێنا، چوون بەوە گـەیشـتم کـە زۆر پێـویسـت ناکـا دەقـێک بە زاراوە جـیـاجـیـاکـانی زمـانی کـوردی وەربگـێـڕدرێت. وەک خـۆتان ئاگـادارن هەنووکـەش وڵاتی ئێران ئەوەندە ئاوەڵا و کراوه نییـە کە بتوانی دەسکەوتە هونەرییـەکانی گەلانی ئەمڕۆی دنیا لە بواری ڕەژیاری (شـێـوەکـاری) و پەیکەرسـازی و...تاد



ڕاستەوخۆ ببینی و کەڵکی لێ وەربگیرێت، بەڵام ئەوە ئەدەبیات بوو کە ئەم بۆشاییەی بۆ ئێمەمانان پڕ دەکردەوە. هەلومەرجەکە وا نەبوو کە لە نێوان ئەم شێوازانە من ڕێگەیەک بگرمەبەر. بە ناچاری و بە شێوەیەکی خۆزایی درێژەم بە هەر هەموویان دەدا. هەر بۆ ئەمە و بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەم فەزایانە بەڕای من قازانجی زۆرتر بووە بۆ ئیش کردنی من لە بواری هونەردا. لەلایەکی دیکەشەوە ئاگاشم لێ بوو کە لە دنیای ئەمڕۆی هونەردا بەڕاستی شێوازەکان زۆر لە یەک نزیک بوونەتەوە. ئیتر هونەرمەند بە توانایی خۆی دەتوانێ کەڵک لە میدیا جۆراوجۆرەکانی هونەر وەربگرێت و هاوکات کە کەسێکی پەیکەرتاش دەتوانێ بە نیازی خۆی لە ڕێگەی میدیاکانی دیکەی وەک فیلم و پرفۆرمەنس و شانۆگەری و...تاد پەیامی خۆی بە جەماوەر بگەیەنێت. بەڕای من گێچەڵ ئەوە نییە کە تۆ لە چەندان بواری هونەریدا ئیش بکەیت، کێشە لەو جێگەیە ساز دەبێت کە تۆ نەتوانی وەک هونەرمەند بە شێوەیەکی پیشەیی، پرۆفیشناڵ پەیامی خۆت بە جەماوەر بگەیەنیت، واتە غایب بوونی لایەنی سەرەکی لە کۆمەڵگەی ئێمە کە جەماوەر بێت، گەورەترین لەمپەرە بۆ ئیشی هونەرمەند. ئەگەر کتێب چاپ دەکەی، ناچاری لە گیرفانی خۆت پارەبدەی و تازە دەبێ بەدوای خوێنەریشدا بگەڕێی، ئەگەر پێشانگەی پەیکەرسازی دەکەیتەوە، هەر بەم شێوەیە. بەداخەوە هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە لە ژیانی خۆیدا بەتەواوی جێگایەکی بۆ هونەر تەرخان نەکردووە.

**گێچەڵ ئەوە نییە کە تۆ لە چەندان بواری هونەریدا ئیش بکەیت، کێشە لەو جێگەیە ساز دەبێت کە تۆ نەتوانی وەک هونەرمەند بە شێوەیەکی پیشەیی پەیامی خۆت بە جەماوەر بگەیەنیت.**

* با هەر لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین، چۆن خولیای شیعر و ئەدەبی کوردی بوویت، چی وای لێ کردی بگەیتە ئەو باوەڕەی کە لە ڕەهەندی زمان، ئەدەب و هونەری کوردیدا کار بکەیت؟

- بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، پێویستە توزێک ڕۆشنگەری لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێمە لەم چەند دەیەی دوایی، بەتایبەت ناوچەی کرماشان و دەوروبەری بدرێت. سەرەتای هاتنی مۆدێرنیتە لێرە، هێشتا قۆناغەکانی فیۆدالییەت زاڵ بوو، هەرچەندە ڕواڵەتێک لە مۆدێرنیتە هەناردەی ئێران کرا، بەڵام ئەمە بووە بایسی مشتومڕێکی هەتاهەتایی لەگەڵ ئەو سوننەتانە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە. کۆمەڵگەی کرماشان زۆرتر لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە و بەتایبەت چیرۆک و ڕۆمان بە پێشەنگی کەسانێکی وەک مامۆستایان عەلی محەمەد ئەفغانی، عەلی ئەشرەفی دەرویشیان توانی چەند ئەزموونێک بخاتەڕوو کە بەڕای من زۆر گرنگن، هەرچەندە زمانەکەشیان فارسی بێت، دەتوانین بڵێین لەناو ئێران لەو سەردەمەدا بێ وێنە بوون. بۆ وێنە نووسراوەکانی ئەفغانی بە بۆچوونی زۆرێک لە نووسەرانی خودی ئێران، یەکەم نموونە بوون لەناو ئەدەبیاتی ئەوڕۆی ئێراندا کە باس لە بارودۆخی هاووڵاتیان دەکات و بۆ یەکەم جار ڕوخسارێک لە کرماشانی ساڵەکانی بیست و سی هەتاوی دەخەنەڕوو کە سەرنجڕاکێشن. ئەوان هەوڵیان دەدا هۆشیارییەکی چینایەتی و لایەنداری بۆ خەڵکی هەژار ساز بکەن، وەک دەزانن لە ڕێگەی نووسین بە زمانی فارسی ئەم کارەیان دەکرد، هەڵبژاردنی زمانی فارسی لەلایەن نەوەکانی پێش ئێمە بووە هۆی پەراوێزکەوتنی زمانی کوردی، بەنیسبەت بەشەکانی دیکەوە کە هاوکات لەگەڵ خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زمانی کوردییان ورووژاندووە. گەرەکمە سەرنجی ئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە ڕابکێشم کە چۆن لەژێر سێبەری سیاسەتی ئەو سەردەمە؛ یەک نەتەوە و یەک زمان کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە پەیڕەو دەکرا، زمانی کوردی، دەرفەتی بۆ نەڕەخسا کە خۆی لەگەڵ هەڵسوکەوتی دنیای تازە و جۆشوخرۆشی گەل هاوئاهەنگ بکات، بۆیە چەندین دەیە پەراوێز خرا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە تا بەر لەم قۆناغە، زمانی کوردی لە وەرەسەیەکی گەورە هەر لە لوڕستانەوە بگرە تا ئەردەڵانەکان بەتەواوی وەک زمانێکی یەکگرتوو بە کار دەهێنرا و زۆریش کتێب و دەستنووس بە کوردی هەبوو کە هیچ کامیان لە چاپ نەدران و بەداخەوە زۆریان لەناو چوون. کەسێک وەک "ڕەشیدی یاسمی" خەڵکی ئەو شوێنە بوو کە زۆرترین دەقی کوردی هێشتا هەر لەوێ بەدی دەکرێت. بەهۆی

چەند هۆیەک هزری ناسیۆنالیستی کوردی لە کرماشان و ئیلام تا ئەم دواییە وەک پێویست ڕەونەقی نەبوو. بەڕای من یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین بابەتەکان لەسەر گۆڕینی سیمای ناوچە کوردنشینەکانی لای ئێمە شۆڕشی گەلانی ئێران، پاشان هەشت ساڵ شەڕ بوو، پاش ئەو شەڕە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا ڕووی دا. زۆرێک لە خەڵک کە پێشتر لە گوندەکان بوون و پارێزەری زمان و کولتووری خۆیان بوون، ڕوویان کردە شار و لادێیەکانیان بەجێ هێشت. بنەماڵەی ئێمەش وەک بەشێک لەم جێبەجێ بوونە سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی هاتن لە شار نیشتەجێ بوون. بەکارهێنانی زمانی کوردی لای ئێمە لەم وەزعە نوێیە زۆر ئاسایی بوو. لە شارەکان کوڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان دەستیان پێ کرد کە ئەندامان و چالاکانی ئەدەبی زیاتر حەزیان لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بوو، بەتایبەت بە نووسینی شیعر زۆرتر گوڕوتینی خۆمان بۆ ئەم دۆخە دەردەبڕی. لەبیر ناکەم هەمیشە ململانێیەک لە نێوان ئێمە و ئەوانە هەبوو کە بڕوایان بە زمانی کوردی نەبوو. ئەم مژارە هەڵچوونێکی زۆری بە ئێمە بەخشی بۆ تاقیکردنەوەی ڕەهەندەکانی تازەی زمان. کەسانێک کاریان لەسەر کۆکردنەوەی وشە و دەستەواژەکان دەکرد. کەسانێک بە دوای فۆلکلۆر و مەتەڵ و پەندی پێشینیان و...تاد بوون، ئێمەیش هەوڵمان دا لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئەنجوومەن و فیستیڤاڵە ئەدەبییەکان زۆرتر و باشتر سەرنجی گەل و جەماوەر ڕابکێشین. لەبیرم دێ لە یادەوەری "عەلی نەزەر مەنووچێهری" هۆرەچڕی بەناوبانگ کە ساڵی ٨٢ی هەتاوی (٢٠٠٣ز) لە "شاباد" بەڕێوە چوو، من هەوڵم دا بتوانم دەقێک، یان دەقێکی ئەدەبی پێشکەش بکەم و لەژێر کاریگەریی شیعر دەرچم، بۆ ئەوەی توانستەکانی زمان فرەتر تاقی بکەمەوە. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی من لە زانکۆی هونەر بەشی پەیکەرسازی و دوورکەوتنەوەم لە کرماشان کە تەئسیرێکی باشی هەبوو لە وەبیرهێنانەوەی زمانی کوردی و بە شێوەیەکی جددی ڕۆژانە خەریکی نووسین دەبووم.

* بەستێن و زەمینەکانی بووژانەوە و گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردی بە زاراوە جیاجیاکان لە کرماشان و ئیلام لە چیدا دەبینی و پێت وایە چەند قۆناغی بڕیوە؟

– بەگشتی پێم وایە گەشەسەندنی زمانی کوردی لەم چەند ساڵەی دواییەدا لە ناوچەکانی ئێمە وەک زەرووڕەتێکی مێژوویی تا ڕادەیەکی زۆر، خۆی ڕووی داوە. هۆشیاربوونەوەی چینەکان، بەتایبەت نەوەی تازە کە ڕوویان لە زانکۆکان کردووە و لەگەڵ پێوەندییە چڕوپڕەکانی دنیای ئەمڕۆ ئێمەیان بەو قەناعەتە گەیاندووە کە چیدی لەمە زیاتر ناتوانین بێ خەیاڵی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان بین. لاوەکان بارودۆخێکی باشتریان هەیە و هەوڵدەدەن بزانن لە دەوروبەر چی ڕوو دەدا و زۆربەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەستیارن. پێیان خۆشە لە دنیایەکدا بژین کە شانازی بە کولتوور و زمان و پێناسەی نەتەوەیی خۆیانەوە بکەن، تەنانەت چینە هەژارەکانیش حەزیان لە پێشڤەچوون و گەشەکردنە لەنێو کۆمەڵگەدا، حەزیان لە خوێندن و بەئاگابوونە. با ئەم جیاوازییەش کە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان هەبووە، لەبیر نەکەین. بۆ نموونە لەم بەشەی ئێمە خاوەن ئەزموونی خەباتێکی دووردرێژ نەبووین و دەسەڵاتی ناوەندی هەوڵی داوە لە ڕێگەی



زەقکردنەوەی پێناسەی ئایینی و مەزهەبی، ڕای خەڵک بگۆڕێت، بەڵام وەک دەبینین هۆشیاریی نەتەوەیی گەشەی سەندووە و باشتر بووە.

* زۆرێک لە شارەزایانی کولتوور و ئەدەبی، بەتایبەت لێکۆڵەرانی فەرهەنگی لەو باوەڕدان، کۆمەڵگەی کرماشان و ئیلام لە حاڵی تێپەڕین (گوزەر) بەرەو هۆشیاریی زمانی و ئەدەبی و هونەریدایە، بەڕای ئێوە ئەم دۆخە چ کاریگەری و یارمەتییەکی لەسەر پرسی هۆشیاریی نەتەوەیی و ئاگابوونی خەڵک لەمەڕ مافە ڕەواکانیان دەبێت؟

– منیش پێم وایە. ئەگەر قبووڵی بکەین کە یەکەم نیشانەکانی ئەم هۆشیارییە نەتەوەییە خەریکە لە ڕێگەی دیاردە فەرهەنگییەکانەوە خۆی دەردەخات و ئەوکات دەتوانین بڵێین ئەو کەسانە کە خەریکی ئەدەبیات و هونەر و کاری فەرهەنگین، وەک پێشەنگ لە ڕەوتی ئەم بە ئاگا بوونە نەخشێکی بەرچاویان هەبووە. گەل و جەماوەر ئێستا حەزی لە بیستنی گۆرانی و مۆسیقای کوردییە و هونەرمەندانی ئەم بوارە بە باشی دەناسن و پێوەندییان لەگەڵ دەگرن. ڕەنگە پاش بەسەرچوونی ڕادیۆی کوردی کرماشان مۆسیقای کوردی و هەر لەم ڕێگەشەوە زمانی کوردی بۆ ماوەیەکی کورت بەرەو لاوازی چووبێت، بەڵام ئێستا زۆرێک لە شاعیرانی هاودەم هەر لە ڕێگەی مۆسیقاوە بوونە دەسپێکی ئاشتی لەگەڵ زمانی کوردی، هەرچەند ئاستی هونەری زۆرێک لەم مۆسیقایانە وەک پێویست بەرز نەبێت، بەڵام کاریگەریی ئەرێنی خۆی لەسەر سازدانی مۆسیقای کوردی و هەزار ئاواتی جەماوەرەکەی نیشان دەدات.

**جەماوەر ئێستا حەزی لە بیستنی گۆرانی و مۆسیقای کوردییە و هونەرمەندانی ئەم بوارە بە باشی دەناسن و پێوەندییان لەگەڵ دەگرن.**

* شیعری کوردیی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و ئیلام) بە بەراورد لەگەڵ شیعری کوردی بە زاراوەی سۆرانی لە چ ئاستێکدایە و لە ڕوانگەی ئێوەوە خەسارەکانی چین؟

– وەک دەزانن ئەزموونگەریی شیعری کوردی لە ڕەوتە نوێ و تازەکان زۆرتر لە دوو دەیە نییە دەستی پێ کردووە و بە بەراورد لەگەڵ سۆرانی کە پێشینەیەکی دوورودرێژتری هەیە، بەڵام لەم ماوە کورتەدا بەڕای من پێشڤەچوونێکی باشی بەخۆوە بینیوە. زۆرترین بەرهەمە چاپکراوەکان لێرەدا شیعرن، هەرچەندە لە سەرەتادا ڕوانینێکی زۆرتر ڕۆمانسی و حەزکردن لە سروشت و تەبیعەت لەلای شاعیران زاڵ بوو، بەڵام ئێستا زۆرێک لەو شاعیرانە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی شیعرەوە بیر و بۆچوونی خۆیان وەک تاکەکەسێک بخەنەڕوو کە لەناو کۆمەڵگەدا دەژین، تەنانەت زۆرێک لە ئەزموون و دەنگە جیاجیاکانی شیعری ئەمڕۆی کوردی و شیعری ئێرانیش لەخۆ دەگرێت. پێم وایە لەگەڵ ئەم ماوە کورتەدا کەسانێک هەن کە توانیبێتیان توانستەکانی زمانی کوردی لەناو شیعردا بە باشی ئەزموون بکەن و هەوڵ دەدەن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ سۆرانی و کرمانجیش خۆیان تاقی بکەنەوە. کەسایەتی شاعیر وەک دیاردەیەکی مەعریفی لەبەرچاو دەگیرێ و ڕوانینێکی واقیعییان لەلا ساز بووە کە دەتوانێ دەنگدانەوەی گێچەڵە ئینسانییەکانی ئەمڕۆی تێدا بدۆزینەوە، بەڵام کەسانێکیش هەن کە زمانی شیعرییان بەرەو ئینتزاعێکی (تەجریدێکی) بێ واتا بردووە، واتە دەستەواژەگەلێکیان هێناوەتە ئاراوە کە بە هیچ شێوەیەک لە ئەرزی واقیعدا نین. ئەم کەسانە زۆرتر مێشکیان لە ڕەوتی شیعری فەرمی ئێرانە کە وەک دەزانین پووچەڵ و بەتاڵ کردنی شیعرە لە خولیاکانی تاکەکەسی شاعیر و ئەو ئێشوئازارانەی کە دەیچێژێ، وەک باس کردن لە ئاسمان و ئەستێرە و کەهکەشان و...تاد ئەو پرسانەش کە هەر وازیشیان لێ ناهێنن. بەڕای من ئەم ئینتزاعی کردنەی فەزای شیعر نە لە خزمەت زماندایە و نە دەتوانێ گوزارشتێکی ڕاستەقینە بێت لە دەروونی خودی شاعیر و نە خەڵک حەزی لێ دەکات.

* وەک دەبینین لە مەیدانی شیعری کوردیی کرماشاندا سەرەڕای ئەوەی کە باس لە شیعری مۆدێرن و پۆست مۆدێرن و پێکهاتەشکێنی زمانی دەکرێت، بەڵام هاوکات شێوازی شیعری غەزەل و ئەدەبی لیریکی لەژێر کاریگەریی ئەدەبی زارەکیدا لایەنی زاڵە و موخاتەبی زۆرترە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– ڕاستییەکەی من ئەمە بە خراپ نازانم و پێم وایە

شێوازە کلاسیکەکان زۆر باشتر لەگەڵ جەماوەر پێوەندی ساز دەکەن، چونکە دەبینم ڕوویان کردووەتە شیعری کلاسیکی کوردی. بە ڕادەیەکی زۆر سەیر خەڵک دەبینم کە لە ڕێگای دەنگ و بیستنی شیعری کلاسیکی کوردی حەزی خۆیان بۆ شیعر و زمان نیشان دەدەن. هۆکارێکی دیکەش، پێم وایە بۆ وەزعی شیعر بەگشتی لە ئێران دەگەڕێتەوە. بە بەراورد لەگەڵ چەند دەیە لەمەوپێش کە شاعیرانێکی پایەبەرز لە ئێران سەریان هەڵدا، ئێستا وا نییە و شیعر خەریکە بۆ ڕەقیب، یان هاومالێکی تازە کە ئەویش ئەدەبیاتی داستانییە، گۆڕەپان چۆڵ دەکات.

* لە بواری ئەدەبی گێڕانەوە و داستانی (چیرۆک و ڕۆمان)ی کوردی ئەدیبانی کرماشان و ئیلام چۆن دەبینی، بەگشتی ئەم ڕەوتە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– ئەزموونەکانی زمانی کوردی لێرە، لەم بوارانەدا بەداخەوە زۆر لاواز و بەرتەسکن، کەسانێک خەریکن و دەنووسن، بەڵام هێشتاکە بەرهەمێکی جددی و شایستە لەم بوارەدا چاپ نەبووە. هەمیشەش داوام کردووە لە هاوڕێیان کە بایەخێکی زۆرتر بە ئەدەبیاتی داستانی بدەین. ئەمە لە حاڵێکدایە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کتێبە شیعرییانە کە چاپ بوونە، ئێمە کتێبی چیرۆکمان زۆر کەمترە و ئەگەر بڕیار وابێ زمانی کوردی ڕۆڵێکی هەبێت لە دنیای ئەمڕۆ، بەتایبەت ئەگەر هاتو ڕۆژێک لە قوتابخانەکان پەروەردەی پێ بکرێت، ئێمە دەبێ زۆرتر بە نووسینی ڕۆمان و چیرۆک سەرقاڵ بین.

* خولیا و کەڵکەڵەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کوردی کرماشان کامانەن، لایەن و توخمی زاڵی ئەدەبی داستانی چییە؟

– ڕاستییەکەی گەورەترین مژارێک کە مێشکی نووسەری ئێمەی داگیر کردووە، هەر خودی زمانە. چەندین ڕوانینی جیاواز بۆ کەڵک وەرگرتن لە زمان هەیە. وەک دەزانن خاس، یان خراپ کرماشان خاوەن چەندین زاراوەیە لە زمانی کوردیدا، ئێستا ئەو دۆستانە کە پێی دەنووسن تەبیعەتەن هەرکامەیان تێدەکۆشن لە زاراوەی خۆیان نزیک ببنەوە. بەرلەوەی باسی ناوەرۆکی چیرۆکی کوردی بکەم، بە پێویستی دەزانم تیشک بخەمە سەر ئەم بابەتە کە پێم وایە درەنگ، یان زوو هەموو ئەوانەی کە خەریکی نووسینن بە زمانی کوردی، بەدوای وەڵامێکدا بۆی دەگەڕێن. گەلۆ گەورەترین پرسیار ئەمەیە



کە خزمەت کردن بە زاراوە جۆراوجۆرەکان تا چەندە دەتوانێ لەڕێی خزمەتی زمانی کوردیدا بێت. ئایا ئێمە بە نووسین بە زاراوەکان ڕێگەخۆشکەر نین بۆ سازکردنی زمانی سێیەم و چوارەم و...ی کوردی. ئەوەی کە کرووەرەی منە پێم خۆشە کە هەمووان سەرنجی بدەن، ئایا خزمەتکردن بە چەندان زاراوە کە هەرکامەیان تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە نابێتە هۆی ئەوەی کە کتێبخانەی کوردی ئێمە دابەش بکرێت بەسەر چەندان زماندا کە جەماوەریان هەر بە قەد ئەو ناوچەیە بێت کە پێی دەئاخڤن. نازانم ڕەنگە ئەم نیگەرانییە بێ وەلیفەت بێ، بەڵام من کە چەندان ساڵ هەوڵی ئەوەم دا کە بە زاراوەی کەلهوڕی ڕۆمانێک بنووسم، دەبینم کە بەشەکانی دیکەی کوردی بە یەکجاری لێ بێ بەشن، ئەمە مەسەلەیەکە نووسین بە زاراوەکانی دیکە چ نیسبەتێکی لەگەڵ زمانە سەرەکییەکان وەک سۆرانی و کرمانجی هەیە. جیا لەمانە گەورەترین فاکتەر بەر لە هەست و دڵسۆزیی نووسەران و ڕووناکبیران، پاڵپشتی دەسەڵاتێکە کە لە ڕێگەی ئەم زمانەوە بتوانێت ببێت بە مایەی بووژانەوەی.

* تۆ لەبواری هونەری پەیکەرتاشیشدا کەسێکی خاوەن ئەزموون و ناسراوی، تکایە باسی پێگەی ئەم هونەرە لە کرماشان و ئیلاممان بۆ بکە و پێشوازی خەڵک لەم هونەرە چۆنە؟

– ئەگەر بمانەوێ هونەری پەیکەرتاشی وەک هونەرێکی گشتی، یان public art باسی لێ بکەین واقعییەت ئەمەیە کە هەروەک چۆن لە خودی ئێران ئەم هونەرە بۆ چەندان سەدە لە پەراوێزدا بووە و هەمیشە لەگەڵ قەدەغە کردنی ئایینی ڕووبەڕوو بووە، لای ئێمەش بگرە خراپتر و

بەرتەسکتر بووە. ناکرێ بڵێین کار نەکراوە، بەڵام ئەوەی دەبینرێ لە جێگە گشتییەکانی ئەم شارانە کارگەلێکی لەڕ و لاوازن کە ناکرێ وەک هونەرێکی سەربەخۆ باسی لێ بکەین، چونکە پەیکەرسازی هونەرێکی گشتییە و لە ئێران زۆرتر پێی هەستیارن و زۆر سنوور هەیە بۆ دانانی پەیکەرەی مرۆڤ لەناو شاردا. لە مێژووی پەیکەرسازیدا دەتوانین چەند جێگایەک لە کرماشان ناو ببەین کە سەرنجی هەموانی ڕاکێشاوە، وەک "بێستوون" و "تاق وەسان" و...تاد کە بەڕای من ئەو پەیکەرانەی کە لە تاق وەسانی کرماشان بەجێ ماون، نیشان لە خاڵێکی وەرچەرخانە لە بواری تەکنیکی هونەری پەیکەرسازی پێش زاڵبوونی ئایینی ئیسلام، کە بەداخەوە درێژەی نەبووە، نموونەکەشی پەیکەری ئەو سوارەیە کە بە ڕواڵەت خوسرەو پەرویز و شەودێز ئەسپەکەیە. ئەو خاڵە گرنگە، ئەمەیە کە لەو کۆمەڵە پەیکەرە جێگەی دەست و پەنجەی پەیکەرتاشێکی پێوە دیارە کە گەرەکی بووە، یەکەم جار لەو جێگایانە بووە کە بۆ پڕوپاگەندەی فەرمی دەسەڵاتەکان بەکار هاتووە، خەریکە پەیکەرەکە لە زەمینە، یان دیواری بەردینەکەی پێشتری ڕزگار بکات و ئەمە لە هیچ جێگایەکی دیکە لە ئێران بوونی نییە. مژاری دیکە کە پێم خۆشە باسی لێ بکەم، ئەوەیە کە کەسێک بەناوی "پەرویز تەناوڵی" کە ناسراوترین پەیکەرتاشی هاوچەرخە لە ئێران بەم دواییانە کتێبێکی لەسەر مێژووی پەیکەرسازیی ئێران لە چاپ داوە کە تێیدا وەک یەکەم پەیکەرتاشی ئێران باس لە "فەرهادی کۆکەن" دەکات کە مێژوو نەیتوانیوە ناوی بسڕێتەوە.

* ئاستی هونەری پەیکەرتاشی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی، لە چ قۆناغێکدایە و هونەرمەندە ناسراوەکانی بواری پەیکەرتاشی، بەتایبەت دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان کێن؟

- خۆشبەختانە لە پارێزگای سنە بە تێکوشانی کەسێک وەک هونەرمەند هادی زیائەددینی توانیویانە وێڕای ئەم هەموو ئاستەنگییەی کە لەباری دانانی پەیکەرە لەنێو شارەکاندا هەیە، چەند پەیکەرێک لە کەسایەتییە کوردەکان دانێن، هەروەها هونەرمەند ڕێبین حەیدەری لە بۆکان و ناسری خاوەرزادە لە کرماشان و کەسانێکی تر لەم بوارەدا خەریکی ئیشن، بەگشتی من کەمتەرخەمی لە شارەوانی شارەکاندا دەبینم کە خاوەن کارناسێکی هونەری نین لە دامودەزگاکانیان کە بایەخ بە هونەری پەیکەرتاشی بدەن. بۆ وێنە چەند ساڵ لەمەوپێش من دوو پەیکەرە لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کورد وەک دکتۆر ئیبراهیمی یوونسی و هونەرمەند قالەمەڕەم ساز کردبوو شارەداری بانە ئێستاکەشی لەگەڵ بێت، هێشتا ڕازی نەبوونە ئەو پەیکەرانە دامەزرێن، ئەمە لەحاڵێکدایە کە هەر ئەو پەیکەرەی هونەرمەند قالەمەڕە لە تاران پێشوازی لێ کراوە و دامانناوە. زۆرێک لەم لەمپەرانە تەنیا لەبەر بەرچاوتەنگی ئەو کاربەدەستانەیە کە ڕێگر دەبن تا سیمای شارەکان جوانتر بن. ئەمە لە بەشی هونەر بەگشتی، بەڵام ئەگەر باس لە هونەری پەیکەرتاشی وەک هونەرێکی "فاین ئارت"، یان هونەرێکی هاوچەرخ بکەین، بە بڕوای من هێشتا نەمانتوانیوە لە ئاستێکی باش، یان نێونەتەوەیی کەسێک ناوونیشان بکەین.

* باسی ئەزموونەکانی خۆت لەبارەی هونەری پەیکەرتاشی بکە و ئاستەنگەکانت چین، چ شێوازێکت بۆ کارکردن هەیە، دەبینین بەشێکی زۆر لە کارەکانت پەیکەری نووسەر، ئەدیب و هونەرمەندانی ناسراوی کوردن، هۆیەکەی چییە؟

- من لە چەندان پێشانگەی هونەری لەسەر ئاستی ئێران و دەرەوەی ئێران بەشداریم کردووە و تێدەکۆشم لە ڕەوتەکانی هونەری ئەوڕۆی دنیا بێ ئاگا نەبم . پێشانگەی ئەم دواییە کە لە کرماشان کردمەوە، زۆرتر هەوڵێک بوو بۆ وەبیر هێنانەوەی چەند کەسێک لەو پیاوە دیارانە کە گشت تەمەنیان لەڕێی هونەری خۆیان داناوە و کەمترین ڕێزیشیان لێ نەگیراوە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری مۆسیقا و نووسیندا و...تاد ناسرابوون. کارەکان بە شێوەیەکی واقیعگەرایانە بوون. حەزم دەکرد وەک زۆرێک لەو پیاوە ناودارانە شارەکانی دیکەی ئێران کە لە موزەخانەکان پەیکەرەیان بۆ ساز کردووە، بەش بەحاڵی خۆم ئەو کارە بکەم. هەمووی لەسەر حسێبی شەخسی خۆم بووە، بەڵام بەداخەوە کاربەدەستان ئەم کارەیان بەلاوە گرنگ نەبوو و وەڵامیان نەدایەوە.

* دەتەوێ بە هونەری پەیکەرتاشی چ پەیامێک بە نەتەوەکەت و جەماوەر بڵێیت؟ بینەر، جەماوەر چۆن لەگەڵ پەیکەری ناو مەیدان و گۆڕەپانێک پێوەندی

دەگرن، چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵک هەیە؟

– هونەری پەیکەرتاشی ئەو هەلە بۆ من دەڕەخسێنێ لەگەڵ جەماوەرێکی زۆرتر پێوەندی بگرم، ڕەنگە ئەو پەیامەی کە لە ڕێگەی نووسینەکانمەوە گەرەکم بووە بە خەڵکی بگەیەنم، بتوانم لە ڕێگەی هونەری پەیکەرتاشییەوە بەیانی کەم کە زمانێکی کراوەتر و گشتیترە. ئەو میدیایەی کە تۆ هەڵیدەبژێری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جەماوەر هەیە. بەڕای من هەر ئەوەی کە نەوەی ئەمڕۆی ئێمە خەریکە لە ڕێگەی هونەردا چالاکی بکات، خۆی دەتوانێت باشترین پەیام بێت. هەر کۆمەڵگەیەک کە بە شێوازە جیاوازەکانی هونەری دەست بە بانگەشە و ڕاگەیاندن بکا، نیشاندەری ئەوەیە کە بە تێگەیشتوویییەکی ڕاستەقینە گەیشتووە و حەز دەکات لە ڕێگەی هونەر پێناسەی خۆی و جۆرە ڕوانینی بۆ دنیای دەوروبەر نیشان بدات. من باشترین دەسکەوت لەمەدا دەبینم کە ئێستا زانکۆ هونەرییەکان پڕن لەو خوێندکارانەی کە چینەکانی هەژار و خواری کۆمەڵگە بوون، ئەمە خودبەخود پەیامێکی پێیە، بۆ ئەوەی کە بتوانین لە ئاستێکی بەرزتر لە هونەردا سەرقاڵ بین، داهاتوو دیاری دەکات.

* بۆ داهاتوو چ پڕۆژەیەکی هونەری و ئەدەبیت هەیە؟

– ئێستا زۆرتر کاتەکانم لە ئاتولێیەی خۆم لە کەرەج سەرقاڵی پەیکەرسازیم. هێڵکاری دەکەم و حەزیشم دەکرد لەم ڕێگەوە وشەی "ڕەژیاری"، یان "ڕەژیار" لە جێگەی "شێوەکار" پێشنیار بکەم کە بەڕای من کوردیتر و ڕێکوپێکترە. گوێ لە مۆسیقا دەگرم، کتێب دەخوێنمەوە و بە هیوام ئەم ڕۆژگارە تاڵە کە سەرسامانی کردووە، بەتایبەت لە ناوچەکە و ئێراندا بەرەو ڕۆژگارێکی باشتر تێپەڕێت.

**پرۆفایل:**

**لە ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی (١٩٧٩ز) لە گوندی "دارڤی" سەر بە شاری "شاباد"ی پارێزگای کرماشان لەدایک بووم، هیچ کات حەزم لە نێو شارەکەم نەبووە، لەبەرئەوەی هەمیشە دەگۆڕدرێ، تا ئێستاش چەند جار گۆڕاوە و دیار نییە چەند جاری دیکەش بگۆڕدرێ. بڕوانامەی خوێندنم تا دیپلۆمی ئەزموونیم هەر لەم شارە وەگرتووە، بەڵام بۆ ئەزموونی زانکۆ بە یەکجاری خۆم خەریکی هونەر کرد. دوو ساڵ وانەی مامۆستایەتی هونەرم لە ئیسفەهان خوێند کە کاریگەرییەکی باشی هەبوو. پاش ئەم دوو ساڵە یەکەم پێشانگەی پەیکەر و هێڵکاریم لە شاباد بەڕێوە برد، لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە ساڵی ٨١ ی هەتاوی (٢٠٠٢ز). لە دوو فیستیڤاڵی ئەدەبی هەر لەم ساڵانە بەشداریم کرد. پاش ئەمە چوار ساڵ لە زانکۆی هونەری تاران درێژەم بە خوێندنی پەیکەرسازی دا. یەکەم پێشانگەی تایبەتی خۆم لە فەرهەنگستانی هونەری تاران بەڕێوە برد. لە چەندان پێشانگەی سەرانسەریی هونەر لە ئێران بەشداریم کردووە. ساڵی ٩١ی هەتاوی (٢٠١٢ز) لە فیستیڤاڵی خەڵاتی شیعری کوردی مەولەوی کورد کە لە سنە بەڕێوە چوو، بەرهەمە شیعرییەکەی منیش هەڵبژێردرا. کۆمەڵە شیعرێکیشم هەیە کە بەتەمای چاپ کردنیم. ساڵی ٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣ز) ڕۆمانێکم بە نێوی "وڕاوەیڵ و هورفام ئەسپ" بە زاراوەی کەلهوڕی چاپ کرد. هەر ئەم ساڵ ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤ز) ئەم کتێبە خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵانەی کرماشانی بەدەست هێنا و هاوینی ئەم ساڵ پێشانگایەکم لە پەیکەرەی ناودارانی کوردی کرماشان لەم شارە بەڕێوەبرد.**

## چەنگیز ئیقبالی «هونەرمەندی ناسراوی کرماشانی»: هونەری پەیکەرسازی لە دەڤەری کرماشان تەریک کەوتووە.. بە ڕوانینێکی خێراش بە شەقامە سەرەکییەکاندا دەبینین تەنیا کۆمەڵێک کارگەلی ئاسایی لە پانتایی شار دامەزراون.


**هەڤپەیڤین: بێهزاد خاڵوەندی**
**لە فارسییەوە: هاشم عەلی وەیسی**
**(سلێمانی)**


بوونی کۆمەڵە پەیکەرێکی وەک "بێستوون" و "تاقۆستان" لەگەڵ پەیکەرگەل و نەخش و نیگارگەلی هەڵکۆڵراوی جوان و بێ وێنە، ئەم هەستە لە بینەردا دەبزوێنێت کە لە وەها دەڤەرێک دەبێ دەیان و سەدان پەیکەری شاز لە پانتایی ئەم شارە دانرابێت و ئەم هونەرە دێرینە لە چڵەپۆپەی گەشەی خۆیدا بێت، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دەبینین هونەری "پەیکەرسازی" نەتەنیا لە کرماشان برەوێکی نییە، بەڵکو چالاکانێکی کەم لەم بوارەدا، یان لە کونج و پەراوێزدا سەرقاڵن، یان ڕێگەی تاراوگەیان هەڵبژاردووە. لەم نێوانەدا تەنانەت کاتێک کە پێشانگایەکی باشیش لە سەردیس و پەیکەرەکانی دەموچاوە ناسراوەکانی کرماشان بەڕێوە دەچێت، ڕووبەڕووی پێشوازییەکی وەها نابێتەوە: ڕووداوێک کە ماوەیەک پێش ئێستا بۆ "چەنگیز ئیقبالی" و کۆمەڵە بەرهەمگەلێکی جوان و دانسقە پێش هات. وادیارە خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ هونەری پەیکەرسازی کە پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵەی لەم ناوچەیەدا هەیە، نامۆ بوونەتەوە. لەم وتووێژەی "چەنگیز ئیقبالی" لەسەر کۆمەڵە بەرهەمەکانی و هەڵبەت نامۆییەک دەپەیڤین کە پەیکەرسازی لەم شارە ڕووبەڕووی بووەتەوە.

* چەنگیز ئیقبالی بەڕێوەچوونی پێشانگایەکی پێکهاتوو لە "پەیکەر" و "سەردیس"ی دەموچاوە ناسراوەکانی کرماشان بۆ فرەکەس سەرنجڕاکێش بوو، ئەو دەموچاوانەی کە هەرکامەیان لە هونەری خۆیاندا بێ وێنە بوون. بیرۆکەی سازکردنی ئەم کۆمەڵە بەرهەمە چۆن لە زەینی ئێوەدا چەکەرەی کرد؟

– لەمێژ بوو سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی مۆسیقای کوردی کرماشان بووم. لەم لێکۆڵینەوەیەمدا "ڕادیۆی کوردی کرماشان"م بینییەوە، ئەو ڕادیۆیەی سەردەمانێک بەشێک لە ناسراوترین مامۆستایانی مۆسیقای کوردی تێیدا چالاکی هونەرییان دەنواند و قۆناغێکی زێڕینیان تێدا تۆمار کرد. لەم ڕادیۆیەدا چەندان هونەرمەندی وەک مۆسیقادانەر، ژەنیار، گۆرانیبێژ و شاعیر بە شێوەی پسپۆڕانە خەریکی چالاکی هونەری بووگن و لە باتی کارێک کە ئەنجامیان دەدا مووچەیان وەردەگرت. ئەنجامی لۆژیکی ئەم چەشنە چالاکییە هونەرییە، دەرکەوتنی جۆرێک مۆسیقای شاری درەوشاوە و بریقەداری ئەم قۆناغە بوو. کاتێک بە دواداچوونم بۆ چارەنووسی هونەرمەندانی ناسراوی ئەم سەردەمە دەکرد وەک "ئیسماییل مەسقەتی"، "موجتەبا میرزادە"، "حشمەتوللا لورنژاد"، "حوشمەتوللا موسەنەن" و گەورەکانی دیکەی ئەو سەردەمە کە چی ڕووی داوە و هونەرمەندانێکی تا ئەو ئاستە لە توانایی و شارەزایی هونەری بۆ وەها لە بیر کراون، تەنانەت مەرگی کۆمەڵێک لەو کەسانە لە بێدەنگی و کپوکپی ڕووی داوە. بە بینینی وەها بارودۆخێک، هەستێکی وەها تێمدا چەکەرەی کرد لە پاداشتی چێژێک کە لە مۆسیقای ئەم هونەرمەندانە وەرم گرتووە، هەوڵ بدەم بە سازکردنی پەیکەری ئەم خۆشەویستانە لە ئاستی توانایی خۆمدا وەڵامی چاکەیانم دابێتەوە. ئەوە بوو کە لە چوار ساڵ پێشەوە سازکردنی یەکەمین پۆرترێتی ئەم کۆمەڵە بەرهەمەم دەست پێ کرد و کەم کەم لە درێژایی ئەم چەند ساڵەدا پۆرترێتی هونەرمەندانی دیکەشم ساز کرد. هەڵبەت لە سەروبەندی کار کردنمدا ڕووبەڕووی کۆمەڵە گرفتێکیش بوومەوە. وەک نموونە لە جیهانی مۆدێرنی ئەورۆدا ئێمە هێشتا ژیاننامەیەکی سادەی ناودارانی شارەکەمان نییە، یان وێنەگەلێکی زۆر کەم لەو هونەرمەندانە لەبەر دەستدایە. بۆم جێی سەرسوڕمان بوو! بۆچی ئەم گەورە کەسانە کە لە تەواوی ژیانیان بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک هونەرەکەیان پێشکەشی خەڵکی ئەم شارە کرد، تا ئەو ئاستە لە لایەن کۆمەڵگەی کرماشان ڕووبەڕووی ساردوسڕی و کەمتەرخەمی بوونەتەوە؟ بینینی ئەم ساردوسڕییە ورەیەکی فراوانتری بۆ درێژەدان بەم کارە پێ بەخشیم. هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم کۆمەڵە بەرهەمە، کۆمەڵێکی تر لە هونەرمەندانی ناسراوی کرماشان وەک "کەیهان کەلهوڕ"، "عەلی ئەکبەر موورادی" و "شارام نازری" کە لەگەڵ هونەرمەندانی نەوەی پێشوو جۆرێک پێوەندییان هەبووە، بەم کۆمەڵە بەرهەمەم زیاد کرد.

* یەکەمین پۆرترێتێک کە دروستتان کرد، هی کام هونەرمەند بوو؟

– یەکەمین کار لەم کۆمەڵە بەرهەمەم لەسەر کۆچکردوو "ئیسماییل مەسقەتی" بوو کە لە ساڵی ١٣٨٩ (٢٠١٠ز) دروست کرا. لەو ساڵەدا بە خۆشحاڵییەوە کۆمەڵێک بابەتم سەبارەت بە کەسایەتییەکان و هونەرمەندانی ناوداری کرماشانی لە دووتوێی پاشکۆیەک بە ناوی "کرماشان" کەوتە بەردەستم کە بابەتەکانی زۆر ڕێگە و دەرگای لێ کردمەوە، بە تایبەت ئەو بەشانەی کە سەبارەت بە هونەرمەند ئیسماییل مەسقەتی بوو. بە ڕاستی جێگەی خاڵی کۆمەڵە بەرهەمێک سەبارەت بە مامۆستایانی گەورە بە تەواوەتی هەست پێ دەکرێت و پێویستە تا ئەم گەورە کەسانە زیندوون، لە پێی قسە و باسەکانیان دانشین و کۆمەڵە کتێبگەلێک لە بارەیانەوە بڵاو بکەینەوە. لە بیرمان نەچێت ئەم هونەرمەندە ناسراوانە، مێژووی زیندووی مۆسیقای ئێمەن و دەبێ بایەخیان پێ بدەین.

* ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە کارەکانی ئێوە دەبینن وا هەست دەکەن ئێوە بە لە بەرچاوگرتنی قۆناغێکی تایبەت لە ژیانی ئەم هونەرمەندانە، سەردیسەکانی ئەوانتان دروست کردووە، قۆناغێک کە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی دیکەی ژیانی ئەم ناودارانە، بۆ ئەوان تراژیدیتر بووە. ئایا بە ڕاستی هەر وا بووە؟

– زۆرجار کارگەلی هونەری بە دوو شێواز ئەنجام دەدرێت. ئێوە برێ جار دوکیۆمێنتاری لەسەر کەسایەتییە ناسراوەکان ساز دەکەن و کەمتر هەست و سۆزی خۆتانی تێدا بەشدار دەکەن، بەڵام برێ جار وەک کارێک کە من

دەیکەم، هۆکارگەلێکی تر - وەک هەستی دەروونی هونەرمەند -یش لەم بوارەدا بەشدار دەبن. لە درێژایی سازکردنی ئەم کارانەم، هەوڵم داوە لەگەڵ ژیان و بەرهەمی هەر کام لەم کەسایەتییە گەورانە ئاشنابم و لەوانەیە ئەو شتەی کە من هەڵم هێنجاوە ناهۆشیارانە لەسەر دوایین کارم کاریگەری دانابێت. کەسایەتیگەلێک کە هەم لە ژیانی پسپۆڕانە و هەم لە ژیانی ئاسایی خۆیان بە ڕاستی ڕەنج و ئازارێکی فراوانیان چەشتووە و لە هەمووشی ناخۆشتر "قەدر"یشیان نەزانیوون. ئەم بابەتە بە دڵنیاییەوە لە پەیکەرەکانی من خۆیان دەنوێنن.

* قبوولتانە سەبارەت بە شەهرامی نازری و تاهر یاروەیسی هەست بەوە دەکرێت کە زیاتر دیمەنێکی کاتی کە ئەم کەسایەتییانە پێ لە تەمەنتر، یان نەخۆشی و ئازارچەشتوویی‌تان لە بەرچاو گرتووە. لە حاڵێکدا دەتانتوانی قۆناغێک کە ئەوان لاوتر و سەرحاڵتر بوون لە بەرچاو بگرتایە؟

- بە هیچ چەشنێک پێداگریم لەسەر پیشاندانی ئازارچەشتوویی هونەرمەندێک نەبووە، مخابن لە سەردیسی نازری دەکرێت تێگەیشتنی جیاوازتر هەڵێنجن. من زۆر هەوڵم داوە شێوازی خۆڕاگری، لووتبەرزی و ئەو گەورەییەی لە کەسایەتی نازریدا بوونی هەیە، لەم بەرهەمەدا پیشان بدەم. لەم پۆرترێتەدا ئێوە دەبێ گشتێتی کارەکە لە پێش چاو بگرن: چاوێک کە لە ئاسۆی بڕیوە و گەردنێک کە زۆر بە لووتبەرزییەوە بەرز ڕای گرتووە. خۆڕاگرییەک کە من لەم "پۆرترێتەدا" دەیبینم زیاتر دەرخەری ڕوحێکی حەماسییە کە من لە مۆسیقای شەهرام نازری هەڵم هێنجاوە. لەم نێوانەدا مژارێکی دیکەش بوونی هەیە و ئەویش ئەوەیە، ئەو کەسایەتییانە کە دەگەنە تەمەنی پیری، زۆرتر سەرنجی پەیکەرسازەکان بۆ خۆیان ڕادەکێشن، چونکە پێستیان تووشی چرچولۆچی دەبێت و ئێسکەکان لە ژێر پێستەوە دەردەکەون. لەم کاتەدا ئێوە ئیدی لەگەڵ ڕەنگی پێست و کاریگەری ڕوانین سەروکارتان نییە، ئەو شتەی کە بەرچاو دەکەوێت پێوندی فەرمی و درێژدادڕی و سێبەر و ڕۆشناییگەلێکە کە لە بەرهەمەکەدا دەردەکەون، هەروەها شۆڕبوونەوەی ماسوولکەکان یارمەتی پڕ وزەتر بوونی کارەکە دەکات.

* کۆمەڵە بەرهەمێک کە ئێوە پێشکەشتان کردووە لە پۆرترێتی گەورەکانی مۆسیقا سەرووتر ڕۆییوە و کارتان لەسەر سەردیس و پەیکەری گەورەکەسانێکی وەک عەلی ئەشرەف دەرویشیان، سەردار یارمحەمەدخان، محەمەد ڕەزا کەلهوڕ و پەرتەو کرماشانیش کردووە. ئەم ڕوخسارانە چۆن زیاد کرانە سەر ئەم کۆمەڵە بەرهەمەتان؟

- لە کاتی دروست کردنی کۆمەڵە بەرهەمەکانم، هەستم کرد نە تەنیا هونەرمەندانی بواری مۆسیقا، بەڵکو زۆر لە گەورەکانی ئێمە لە شوێنی لە دایک بوونی خۆیان نەناسراون و ئەم خەمساردی و بێ بایەخییەش بەرانبەر بە کەسایەتییەکانی دیکەی ئەم پارێزگایە ئەنجام دراوە.

* لە زەینی کۆمەڵێک لەو کەسانەی سەردانی ئەم پێشانگایەیان کرد، ئەم پرسیارە سەری هەڵدا کە بۆچی زۆر کەسانی تر لە کەسایەتیگەلی ناسراوی هونەری وەک مەحموود مەراتی، مەنوچهر تاهرزادە، سەید ئیسماییل پیرخدری، بهزاد کرماشانی و ...تاد کە چارەنووسێکی هاوبەشیان هەبووە. لەم کۆمەڵە بەرهەمەتان بوونیان نییە. ئایا هۆکارێکی تایبەتی هەبووە کە تەنیا کارتان لەسەر ئەم کەسایەتییانە کردووە؟

- لۆژیکی تر وابوو کە دروست کردنی ئەم کۆمەڵە کارە لە لایەن دامەزراوەیەکی دەوڵەتی بووبایە و منیان وەک بەڕێوەبەری سازکردنی ئەم بەرهەمانە هەڵبژاردبایە. بە پێی نەبوونی پیشتیوانیش هەوڵم دا وەڵامی دەنگی هەناوم بدەمەوە و تێکۆشام ئەو ئەرکەی بەرانبەر بەم گەورەکەسانە لە سەرشانم بوو، جێبەجێی بکەم. ڕاستییەکەی بەم کارەم بۆشاییەکم پڕ کردەوە. لە هەمان کاتدا لە بیرمان نەچێت پەیکەرسازی کارێکی زۆر ئەستەم و دژوارە و ڕاگرتنی کارگەیەک و کەرەستەی پێویست تێچووی زۆری دەویست. بۆ پەیکەرسازێکی وەک من کە توانایی داراییەکی سنووردارم هەیە، دروست کردنی ئەم بەرهەمانە دژوارە. ڕاستە جێگەی فرەیەک لە کەسایەتییەکان لەم کۆمەڵە بەرهەمەی من بە ڕاستی خاڵییە، بەڵام بە هۆی سەرچاوەی ماڵی سنووردار ناتوانم کار لەسەر هەموویان بکەم، ئێمە لەم شارە پەیکەرتاشگەلێکی ناوداری وەک هونەرمەند خاوەرزادەمان هەیە کە ئەویش بە هۆی نەبوونی هیچ چەشنە پاڵپشتییەک بە ڕاستی دەناڵێنێت. بەرپرسانی فەرهەنگی ئەم شارە دەبێ لە بوونی پەیکەرسازێکی وەک

خـــاوەرزادە زۆرترین کـــەڵک وەربگرن لە حـــاڵێکدا بارودۆخی هەنووکـەیی، ئەم هونەرمـەندەی لە کـارەکـەی دڵسارد کردووەتەوە. بەداخەوە دامەزراوە کولتوورییەکانی ئێمە خولیا و هۆگرییەکی وایان بە کولتوور و هونەر نییە و کارەکانی ئێمەیان پەراوێز خستووە. دامەزراوەگەلێکی وەک شارەوانی کە هەمیشە دەبێ بەرانبەر بە بەڕێوەبردنی وەها پێـشـانگاگـەلێک کـونجکۆڵ بن، هیچ چەشنە کردارێکیان لەم بوارەدا پیشان نەداوە. لە ڕۆژانی بەڕێوە چوونی ئەم پێـشـانگایە، بەرپرسـانی بەڕێوەبەرایەتی گـشـتی کـولتـوور و ڕێنمـایی کـرمـاشـان سەردانی ئەم پیشانگایەیان نەکردووە و پیشانیان داوە کە حەزیان بە ناساندنی ئەم هونەرە نییە.

* بەڕێز ئیـقـبـالی لە کـۆتاییـدا ئەگـەر قـسـەیەکی نەوتراوتان هەیە فەرموون.

– هونەری پەیکەرسـازی هونەرێکی گـشـتـیـیـە، هونەرێکە کە دەتوانێت شوناسێکی مرۆیی بە شارێک و کۆمەڵگەیەک ببەخشێت. ئێمە لە گرنگترین شارەکانی جیـهـان پەیکەرگـەلێک بەدی دەکـەین کـە نێـوبانگی جیهانییان دەرکردووە و وەک هێما و نیشانەی ئەو شارە، یان تەنانەت وڵاتە ناسـراون. لە کـرمـاشـانیش دەبێ پۆرتریتی کەسانی ناودار و کەسایەتیگەلی بلیـمـەت، وەک هێـمـایەک لەم شـارەدا لە بەرچاوی سـەرجـەم هاووڵاتیـاندا بێت تا ناو و هونەری ئەوان و ئەو شـتـەی کە کردوویانە لە بیر نەکرێن.

بە ڕوانینێکی خێرا بە شەقامە سەرەکییەکاندا دەبینین تەنیـا کـۆمـەڵێک کـارگـەلی ڕۆتین لە پانتـایی شـار دامەزراون. ئەمە تەنیا بەشێک لە توانایی پەیکەرسازییە و لە بەشـێکی دیکەی ئەم هونەرە کـە ئامـادە کـردنی بەرهەمگەلی ناوازەیە کەمتەرخەمی دەکرێت. ئەگەر ئەم خاڵە ڕەچاو نەکرێت، لەوانەیە ئەم شارە بەم زووانە پڕ لە کاردەستیگەلێکی قەبارە گەورە ببێتەوە، ئەمەش شایانی شارێکی بە پێشینەی مێژوویی وەک کرماشان نییـە. شارێک کـە بەرهەمێکی بەرجەستەی وەک تاقۆستانی هەیە، ئەمـەش بە خـاڵێکی وەرچەرخـان لە مـێـژووی پەیکەرسـازی هەژمـار دەکـرێت. پەرویز تەناولی پەیکەرسـازی ناسـراوی ئێـرانی لە کـتـێـبی مـێـژووی پەیکەرسازی لە فەرهادکۆکەن وەک یەکەمین پەیکەرساز لە مـێـژووی ئێـران ناو دەبات، پەیکەرسـازێک کـە بەخۆشحاڵییەوە تێپەڕینی ڕۆژگار هێشتا ناوی لە یادی خەڵکی نەسڕیوەتەوە. شارێک کە جارێ ئەوە لێ دەدات ئاخێزگە و شوێنی وەها پیاویکە دەبێ سەرنجێکی زیاتر بداتە پەیکەرسازی و ئیزنی دامەزراندنی هەر بەرهەمێک لە پانتـایی شـار نەدات و بەهایەکی زیاتر بە هونەری شازی پەیکەرسازی بدەن.

هەروەها لە خەڵکی کرماشان داواکارم خۆشەویستی زیاتریان بۆ گەورە هونەرمەندانی خۆیان هەبێت. بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە کۆچیان کردووە لەوانەیە نەکرێت کارێک بکەین، بەڵام لەگەڵ بەڕێوەچوونی پیشانگاگەل و دانیشتنگەلی کولتووری و هونەری جیاواز ڕێز لە هونەرمەندانی بەرجەستەی ئێستای خۆمان بگرین و بە کۆمەڵگەیان بناسێنین.

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی بەرروو،**

**لە ڕێکەوتی: ١٣٩٣/٤/٢٤ بڵاو بووەتەوە.**

# خۆکوشتن وەک ڕێگایەک بۆ خۆڕزگارکردن لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا

**عەتا قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

چیرۆکی (ئاوێنە) یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل کە لە ساڵی ٢٠٠٦ نووسیویەتی و لە کۆچیرۆکەکانیدا بڵاوی کردووەتەوە. کورتەی ڕووداوی چیرۆکەکە ئەوەیە پاڵەوان کە هەر خۆیشی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە باسی ئەوە دەکات بۆ ئەوەی خۆی لە مەترسی مەرگ ڕزگار بکات خوشکەکەی کە دوو شەو بوو پەنای بۆ ئەو هێنابوو بۆ ئەوەی بیشارێتەوەو لەدەستی ئەوانە ڕزگاری بکات کە بە دوایدا دەگەڕێن، ئەم دایە دەستەوەو بردیان.


ئەم بەم کارەی ویستی خۆی لە مەترسی ڕزگار بکات و لە ژیان بەردەوام بێت، بەڵام هەر خۆیشی دەڵێت ژیانێک کە هیچ بەهایەکی نییە. شۆخە ئەو ئافرەتەی کە پەنای بۆ ئەم هێناوە دەبرێت و پاش ماوەیەکی دوورودرێژ لە دیار نەمانی ئەو هەواڵە بڵاودەبێتەوە کە بەشێک لەو کچانەی وەک شۆخە براون لە یانەی شەوانی وڵاتێک بۆ پەیداکردنی پارە وەک کاڵا بەکار دەهێنرێن. لێرەوە پاڵەوان لە ڕووی یادەوەرییەوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە جیاوازی نێوان هەڵوێستی خۆی و خوشکەکەی نیشان دەدات، ئەویش ئەوەیە کە پێشتر ئەم کەوتووەتە نێو ئاوی ڕۆخانەوەو نزیک بووە لەوەی بخنکێت، بەڵام شۆخەی خوشکی ڕزگاری کردووە. پاش ماوەیەک خوشکەکەی دەکەوێتە ناو گۆلاوێکەوەو لەناو ئاوەکەدا هەوڵی خۆرزگارکردن دەدات، بەڵام ناتوانێت، کەچی ئەم خۆی تێناگەیەنێت و سەرئەنجام شۆخە نقوم دەبێت، ئەمیش بەجێی دەهێڵێت. ئەم بەو شێوەیە خوشکەکەی بەجێ دەهێڵێت، بەڵام دواتر کاریگەرییەکانی ئەو هەڵوێستە پڕ شەرمەزارییە لەسەر ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەردەکەوێت. لێرەدا گێڕانەوەی ڕووداوی دووەم بۆ نیشاندانی هەڵوێستی جیاوازی مرۆڤەکانە کە لێرەدا دوو هەڵوێست بەرانبەر بەیەکتر دانراون، هەڵوێستێکی خۆپارێزانەو هەڵوێستێکی خۆنەویستانە کە لە گەوهەردا خاسیەتی دووانەی بەرانبەریشیان هەیە کە ئەوەش دووفاقی مرۆڤ لە هەڵوێست و لە کۆی ژیاندا نیشان دەدات، ئەمەش جیاوازیی مرۆڤەکان نیشان دەدات، تەنانەت ئەگەر نزیکترین کەسی یەکتریش بن لە ڕووی ڕەگوریشەوە خۆێنەوە، ئەوە مەرج نییە لەیەکتر بچن لە ڕوانین و بیرکردنەوەو بینای کەسێتییاندا، ئەوەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە هەر مرۆڤەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستە لاوازەیدا، پاڵەوانی

چیرۆکەکە دواتر ئازارێکی زۆر دەچێژێت و ئەو هەستکردنە بەرەو جۆرێک لە ئازاری ویژدانی دەبات و سەرئەنجامیش دووچاری جۆرێک لە میتامۆرفیس دەبێت، کە ئەوەش بەرەو بیرکردنەوە لە خۆکوشتنی دەبات.

ئەمەی سەرەوە کورتەی ڕووداوە لە چیرۆکەکەدا کە لە ڕووی خاسیەتی ڕووداوەوە دوو ڕووداوی هاوشێوەن، کە ڕووداوی دووەم دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی ڕووداوی یەکەم، ئەویش لە ڕێگای جۆرێک لە گەڕانەوەوە کە دەشێ لە چوارچێوەی فلاشباکدا دابنرێت، هەروەک لە ڕووی گەڕانەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ ناوەوەی خۆی، ئەم بارە بە ڕەگەزەکانی شەپۆلی هۆشیش بارگاوی دەکرێت. کە ڕووداوی دووەم بە خەیاڵ پاڵەوان دەگێڕێتەوە بۆ ئامادەکردنەوەی ڕووداوی یەکەم. ڕووداوی یەکەم کە بکەری ئەنجامدەری (شۆخ) بووە ڕووداوێکی ئەرێنییە، کە بەهۆی ڕووداوێکی نەرێنییەوە ئامادە دەکرێتەوە، کە بکەری ڕووداوی یەکەم لە ڕووداوی دووەمدا دەبێتە قوربانی و قوربانیی ڕووداوی یەکەم کە ئەوی بکەر ڕزگاری کردووە، کەچی لە ڕووداوی دووەمدا ئەمی ڕزگارکراو کە تاکە کەسێتی نێو ئەم دەقەیە، ناتوانێت ببێتە بکەرێک کە لە ڕووی ڕۆڵ بینینەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت و لەوەشدا ڕووداوی ڕزگارکردنی قوربانیی ڕووداوی دووەم ئەنجام بدات، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەم کەسێتییە ناتوانێت ببێتە بکەرێک کە ڕووداوی ئەرێنی ئەنجام بدات. بەهەرحاڵ پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ڕووی جۆرێک لە مۆنۆلۆجی تێکەڵاو بە گەڕانەوە بۆ ناو یادەوەرییەکانی ڕابردووی خۆی، دوو کەسێتی، یان دوو نموونەی مرۆڤمان نیشان دەدات کە یەکێکیان کاراو خۆنەویست بووەو لە پێناوی ئەوی تردا ڕووداوی ئەنجام داوەو، یان بۆ ڕزگارکردنی ئەوی تردا قوربانیی بە خۆی داوەو سەرکێشی کردووە، لەبەرانبەردا کەسێتی خۆی وەک کەسی ئامادەی ناو چیرۆکەکە بەرجەستە دەکات کە کەسێکی ناکاراو ناکاریگەر بووەو نەیتوانیوە سادەترین هەنگاوی مرۆڤانە، یان خۆنەویستانە بنێت بۆ ڕزگارکردنی کەسێک کە خوشکییەتی و مەرجیش نییە ئەو هەنگاوە مەترسیدار بووبێت.

ڕاستییەکەی هەرچەندە باسی دوو ڕووداو دەکەین، بەڵام لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە



**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

ڕووداوەکان جۆرێکن لە خەیاڵ، یان گۆڕینی شوناسی ڕووداوی واقیعین بۆ ڕووداوی خەیاڵی، بە مانایەکی تر ئەم ڕووداوانەی لە چیرۆکەکەدا باس دەکرێن لە ناوەرۆکدا جۆرێکی ترن لە ڕووداوی واقیعی، بەڵام پاڵەوانی چیرۆکەکە ئەم ڕووداوانەی دروست کردووە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم ڕووداوانەدا باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی تر بکات کە دەشێ ڕووداوە ڕاستەقینەکە دەلالەتێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی سیاسی هەبێت.

ناوونیشانی ئەم چیرۆکە بە ناوی (ئاوێنە)یە، ئایا ئەم ناوونیشانە هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانی بە جیهانبینی دەقەکەوە هەیە، یان هەروا لە خۆڕا دانراوە؟ یان بە واتایەکی تر ئایا ئەم ناوونیشانە لە بەرهەمهێنانی پرسیاری دەقەکەدا بەشداری دەکات؟ یان بەشێوەیەکی تر ئایا ئاوێنە وەک ناوونیشانی ئەم چیرۆکە دەبێتە کلیل بۆ کردنەوەی دەرگای دەقەکە؟ بەهەرحاڵ هەرکات و لە هەرشوێنێک زاراوەی ئاوێنە ببیستین، ئەوە دەشێ ڕاستەخۆ خەیاڵمان بۆ لای تیۆری (جان لاکان) بچێت سەبارەت بە گەشەی خودی مرۆڤ، یان باشتر بڵێین قۆناغی ئاوێنە(١)، هەرچەندە قۆناغی ئاوێنە لە ڕوانگەی دەروونشیکاری لاکانییەوە لە تەمەنی سەرەتای منداڵەوە دەست پێ دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش لاکان

دەڵێت ئەگەر ساوایەکی شەش مانگی و شامپازیایەکی هەمان تەمەن بهێنین و لە ئاوێنەدا خۆیان نیشان بدەین ئەوە منداڵەکە وێنەی خۆی دەناسێتەوە، بەڵام شامپازییاکە هیچ توانایی، یان بایەخێکی لەو جۆرەی نییە، یان ئەگەر ئێمە بە خەیاڵ وامان دانا کە منداڵێکی بچووک لە ئاوێنەدا لە خۆی ڕابمێنێت- کە لاکان بە قۆناغی ئاوێنە ناوی دەبات- دەشێ ببینین کە چۆن لە ناو ئەم حاڵەتی - خەیاڵکردنەی بووندا- لەلای منداڵ یەکەم گەشەکردنی "خود" و وێنەیەکی تەواوی خود دەست پێ دەکات.

ئەو منداڵەی کە هێشتا لە ڕووی جەستەییەوە پێنەگەیشتووە، وێنەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە لە ئاوێنەدا کە وێنەیەکی تەواو و جێگای ڕازیبوونیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا کە پێوەندی بەم وێنەیەوە تا ئێستا لە جۆری "خەیاڵییە" و وێنەی ئاوێنەکە لەیەک کاتدا خۆیەتی و خۆیشی نییە، هێشتا لێڵێتی نێوان خود و بابەت بەردەوامە- لێرەشەوە پرۆسێسی بنیادنانی چەقی خود دەستی پێ کردووە. ئەو خودەی کە بارودۆخی ئاوێنەکە پێشنیاری دەکات لە جەوهەردا نەرجسییە. ئێمە دەگەینە مانای "من" بە ئاشکراکردنی ئەوەی کە "من" پێچەوانەکردنەوەیە بۆ خودی ئێمە بەهۆی هەر بابەت، یان هەر کەسێکەوە لە جیهاندا. ئەم بابەتە لە ئاستی یەکەمدا تا ئەندازەیەک بەشێکە لە خودی ئێمە- ئێمە تەماهی لەگەڵدا دەکەین- کە هێشتا خودی ئێمە نییە، بەڵکو شتێکی نامۆیە، ئەو وێنەیەی کە منداڵە بچکۆلەکە لە ئاوێنەکەدا دەیبینێت وێنەیەکی نامۆیە. منداڵەکە خۆی لە وێنەکەدا خراپ دەناسێتەوە، یەکەیەکی بەچێژ لە وێنەکەدا دەدۆزێتەوە کە ڕاستییەکەی لە جەستەی تایبەتی خۆیدا ئەزموونی ناکات(٢). "خەیاڵی"، بە گوێرەی لاکان بە وردی ئەم مەیدانەی وێنەکانە کە تێیدا ئێمە تەماهی لەگەڵ شتەکاندا دەکەین، بەڵام بەو تەماهی کردنە ئێمە بەرەو خراپ تێگەیشتن و خراپ ناسینەوەی خۆمان ڕادەکێشرێین. کاتێک منداڵ گەشە دەکات، ئەوە بەردەوام دەبێت لەو جۆرە تەماهیکردنە خەیاڵییانە لەگەڵ بابەتەکاندا، ئەمەش ئەو چۆنێتییەیە کە "من"ی ئەوی تێدا بینا دەکرێت. بە گوێرەی لاکان "من" تەنیا بریتییە لەو پرۆسێسە نەرسیسییەی کە بەهۆیەوە ئێمە مانایەکی خەیاڵی بۆ خودی یەکگرتوو بەهێز دەبەخشین لە میانەی دۆزینەوەی شتێک لە جیهاندا کە بتوانین تەماهی لەگەڵ بکەین. قۆناغی ئاوێنە لە خۆیدا قۆناغێکی کاتی تێپەڕبوو نییە لە ژیانی منداڵدا بەڵکو بنیادێکی جێگیرە بۆ کەسێتی "خود"(٣). ئەگەر لێرەوە و لە ڕوانگەی چەمکی لاکانەوە سەیری ئاوێنە بکەین وەک ناوونیشانی ئەم چیرۆکە، ئەوە دەشێ پێوەندییەکی ئاشکرا لە نێوان ئەو ناوونیشانە و کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا بدۆزینەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە قۆناغی ئاوێنە شتێکی پەیوەست نییە بە تەمەنی منداڵی و بەس، بەڵکو بەشێکە لە بنیادی جێگیری خود.

ڕاستە پاڵەوانی چیرۆکەکە کاتێک بەو ڕاڕەوە تەسکەدا دەڕوات کە بەرەو چێشتخانەی ماڵەکەی دەبات لە بیری ئەو ئاوێنەیەدا نییە کە لە تەنیشتی دەرگاکەدا هەڵواسراوە، بەڵام کە دەگاتە تەنیشتی ئاوێنەکە لە ڕێگای بینینەوە، یان لە ڕێگای خەیاڵ، یان نەستەوە وریادەکرێتەوە کە نزیکی ئاوێنەکەیە، بەڵام ترسێک دەبێتە بەربەست و نایەڵێت دەستبەجێ لەبەردەمیدا ڕابوەستێت و وێنەی خۆی ببینێت. پاڵەوانی چیرۆکەکە هۆکاری ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بۆچی نایەوێت لەبەردەمی ئاوێنەکەدا ڕابوەستێت و سەیری خۆی بکات، چونکە پێی وایە ئاوێنەکە هەمان ئەو دیمەنەی بۆ دووبارە دەکاتەوە کە پێشتر لە ئاوی گۆلەکەدا بینیویەتی. ئێستا ئاشکرا دەبێت گۆلەکە کە مەبەست چاڵاو، یان شوێنێکە کە ئاوی تێدا وەستا بێت، هەمان وەزیفەی ئاوێنەکە جێبەجێ دەکات. هەروەک ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوی پاڵەوان دیمەنێکی وەهای لە ئاوی گۆلەکەدا بینیوە، کە نایەوێت جارێکی تر بیبینێتەوە، هەر بۆیە دەیەوێت خۆی لە ئاوێنەکە دەرباز بکات. ئێمە دەزانین کە منداڵ بەسەیرکردنی ئاوێنە کۆمەڵێک خاسیەتی تێدا بەرجەستە دەبێت، یان کۆمەڵێک خاسیەت بەرهەم دێت، کە دواتر دەبنە بەشێک لە کەسێتی ئەو وەک خودێکی جێگیر، لەوانەش نەرجسییەت و غیرە و پەیوەستبوون و خۆشی وەرگرتنی لە وێنە بەشێوەیەکی گشتی کە لەوێوە ئەو خودە، یان "من" تەماهی لەگەڵ وێنەی خۆی دەکات، بەڵام ئەو وێنەیە شتێکی خەیاڵییە، بۆیە بەردەوام دابەشبوونێک لە نێوان خودی ئەو کەسێتییە و "من"دا دروست دەبێت و هەمیشە خودی ئەو کەسێتییە نامۆ و دابەشبوو دەبێت. لەم بارەدا ڕاستە منداڵ وێنەی خۆی دەناسێتەوە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر جووڵە و

هەڵسوکەوتی جەستەی خۆیدا نییە، ئەمەش قۆناغێکە کە دەشێ پێی بگوترێت قۆناغی دەسەلاتی خەیاڵی خود، کە لەم بارەدا خود پێگەیەکی شێواو و نامۆ و دابەشبووی هەیە. ئەگەر کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکە و ترسی لەوەی لە ئاوێنەکەدا وێنەی خۆی ببینێت لەم روانگەیەوە لێک بدەینەوە، ئەوە دەتوانین بڵێین ئەم کەسێتییە هەرچەندە لە قۆناغی منداڵیدا نییە، بەڵام دەترسێت وێنەی خۆی لە ئاوێنەکەدا ببینێت، چونکە ئەو پێشتر وێنەی خۆی ناسیوەتەوەو جۆرێک لە ڕازیبوونی هەبووە بە وێنەی خۆی، بەڵام ئێستا کە لە ئاستێکی بەئاگاییدایە نایەوێت ئەو وێنەیە ببینێت نەوەک لە پرۆسێسێکی پێچەوانەدا بینینی وێنەکە ببێتە هۆی ئەوەی کە بە ئاراستەیەکی تر خودی خۆی بناسێتەوە و قۆناغی ناسینەوەی خەیاڵی کە جۆرێک لە ڕازیبوونی تێدایە بە خودی خۆی برووخێت، کە ئەو ڕازیبوونەش بە خودی خۆی مایەی سەقامگیری و جۆرێک لە ئاسوودەیی دەروونییە لە کاتی ئێستادا، دەشێ بگوترێت ناسینەوەی کەسێتی خۆیەتی لە ڕێگای بینینی وێنەکەیەوە لە ئاوێنەکەدا. ئەو دەترسێت ئەو ڕازیبوونە بە خودی خۆی لە ئەنجامی سەیرکردنی ئاوێنەکەدا هەڵوەشێنێتەوە و نامۆبوون بە خودی خۆی بکاتە واقیعی نامۆبوون و لەوێشەوە سەرەتای هەستکردن بە جۆرێک لە میتامۆرفیس، واتە خلیسکانی بوون و شوناس دەست پێ بکات. هەروەک ترسی گەورەی پاڵەوانی چیرۆکەکەش لە ئاوێنە ئەوەیە کە تێیدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە لە پرۆسێسێکی میتامۆرفیسیدا خۆی لێ دەبێت بە سەگ، یان هەر لە ڕاستیدا دەبێتە سەگ، یان سەری ئەم و سەری گەماڵێک ئاڵوگۆڕ دەکرێن. بە واتا کەللەی سەگێک دەنرێت بەسەر جەستەی ئەمەوە و سەری ئەمیش دەنرێت بەسەر جەستەی سەگێکەوە. دیارە ئەوەش وەک دەرئەنجامی ناکارایی ئەو ڕوودەدات کە نەیتوانی جۆرێک لە قوربانی بۆ کەسێک بدات کە پێویستی بوو، کەواتە چیتر وێنەی ئەم لەبەرچاوی خۆی ئەو وێنەیە نییە لە ئاوێنەدا پێشتر بینیویەتی و جۆرێک لە ڕازیبوونی هەبووە بەرانبەری، بەڵکو ئێستا وێنەی ڕاستەقینەی ئەو وێنەی کەسێکی ترسنۆک و بێ هەڵوێستە لەبەرانبەر چارەنووسی مرۆڤێکدا کە پێویستی پێیەتی. ترس لە ئاشکرا بوونی وێنەی ڕاستەقینەی خۆی وای لێ دەکات خۆی لە ئاوێنەکە بەدوور بگرێت.

گێڕەرەوە کە هەر هەمان خودی پاڵەوان و تاکە کەسی ئامادەی نێو ئەم دەقەیە، سەرەتای جوولەی خۆی لە جوگرافیای دەقەکەدا دیاری دەکات، ئەویش بەوەی کە باسی ئێوارەیەک دەکات کە تێیدا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کە ئێوارەی دوای ڕووداوەکەیە. سەرەتا ئاشکرا نییە کە باسی کام ڕووداو دەکات، بەڵام هەر زوو ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو خۆیی فریوداوە کاتێک قەناعەتی بە خۆی هێناوە کە ئەوەی کردوویەتی کارێکی باش بووە، چونکە توانیویەتی خۆی لە مردن دوور بخاتەوە، تەنانەت باسی ئەوەش دەکات کە بۆ ئەوە و دوایی دەشێ بە ئاسوودەیی بژی.

لێرەدا ئەوەی گرنگە و پێویستی بە ئاشکرا کردنە ئەو ڕووداوەیە کە ئەو وەک خاڵی جیابوونەوە لەگەڵ مێژووی پێشتردا باسی دەکات، بەڵام کاتێک باسی جۆرێک لە خۆفریودان دەکات دەشێ ڕاستەخۆ ئەوەمان لەلا ئاشکرا بێت کە ئەو خۆفریودانە پێوەندی بە ڕووداوەکەوە هەبێت. هەر لە میانەی قسەکانییەوە ئەم کەسێتییە شوناسی جوگرافی خۆی ئاشکرا دەکات کاتێک باسی ئەوە دەکات کە ویستوویەتی بە فیکە گۆرانییەکی گەرمیانیانە بڵێت، واتە ناڕاستەخۆ ئەوی گێڕەرەوە و پاڵەوانی چیرۆکەکە پێمان دەڵێت کە ئەو گەرمیانییە. کە دەشێ لێرەدا زانینی جوگرافیا و باسکردنی ڕووداوەکەش وەک ڕووداوێکی ناسراو شوناسی ئەو ڕووداوەشمان ناڕاستەوخۆ بۆ ئاشکرا بکات، چونکە ئەگەر ئەم ڕووداوە ناسراوە لە نێو دەقەکەوە بگوێزینەوە بۆ سەر زەمینەی واقیعی دەرەوەی دەقەکە و بۆ ئەو جوگرافیایەی کە پاڵەوانەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوە دەشێ وای بۆ بچین کە ئەو ڕووداوە لەو واقیعە دیارەدا ڕووداوی تراژیدیای ئەنفال بێت، بە تایبەتی کاتێک ئەم باسی ئەوە دەکات ئەگەر پێی وابێت خۆی لە کێشە، یان کارەسات، یان گوناهێک دوورخستووەتەوە، ئەوە خۆی فریودەدات. لێرەوە پرسیارێک سەر هەڵدەدات سەبارەت بە شوناسی کەسی بەرانبەر واتە شۆخە؟ ئایا شۆخە کێیە؟ هەرچەندە ئەو پێشتر وەک خوشکی خۆی باسی دەکات، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانینێکی ڕیالیستییانەوە سەیری بکەین، ئەوە ئەگەر بڕوا هێنان بەوەی کە برایەک بۆ قوتارکردنی خۆی خوشکەکەی بداتە دەستی هێزێکی فڕێنەرەوە تا ئەندازەیەکی زۆر جێگای گومانە، بەڵام دیسان ئەوە ئاشکرایە کە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی چیرۆکیش

خەیاڵە، هەرچەندە ناشێت خەیاڵ وەک ئەوەی لە شیعردا هەیە، یان بەو جۆرەی کە خەیاڵ بەرهەمهێنی شیعرە بە هەمان شێوە بەرهەمهێنی چیرۆکیش بێت، چونکە تا ئەندازەیەک چیرۆک بە ئاستێک ژانرێکە نزیکتر لە واقیع، بەڵام دیارە بە ئەندازەی ڕۆمان نا، هەروەک هیچیشیان کۆپیکردنی واقیع نین. دیسان ئایا پاڵەوانی چیرۆکەکە لەبەر پشتکردنی لە شۆخە هەست بە خۆفریودان دەکات؟ یان پێی وایە ئەو خۆی لە ڕاستییەک دەدزێتەوە کە سەرچاوەی ئازارێکی سەختی ویژدانییە بۆی؟

وەک گوتمان کاتێک شۆخە دەکەوێتە ئاوەکەوە و ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە لەبری ئەوەی فریای بکەوێت و ڕزگاری بکات، بێباکانە سەیری دەکات، پاشانیش بەجێی دەهێڵێت. ئەم هەڵوێستە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە مرۆڤێکی ئاساییەوە بەرەو مرۆڤێکی هەست بە شکست کردوو، پاشانیش بەرەو ڕووخاندنی تەواوەتی دەبات و دەیگەیەنێتە ئاستی لە دەستدانی شوناسی مرۆیی و لە جۆرێک لە پرۆسێسی میتامۆرفیسدا لە مرۆڤەوە دەگۆڕێت بۆ سەگ. هەر خۆیشی پێش هەموو کەسێکی تر درک بەو گۆڕانکارییە لە بوونی خۆیدا دەکات. ئاوی گۆماوەکە بۆ ئاشکرا کردنی سیمای ئەو هەمان دەوری ئاوێنە دەبینێت، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ڕاستی ناشاردرێتەوە و هۆکارەکانی ئاشکراکردنی سیمای ڕاستەقینە و لادانی دەمامک بە سروشتی لە واقیعدا ئامادەبوونیان هەیە. هەر لەو میانەدا ئەوی پاڵەوانی چیرۆکەکە کە سەیری ئاوی گۆماوەکە دەکات لە دوای نقومبوونی شۆخە، دەبینێت شەپۆلی ئاوەکە ڕوومەتی دەشێوێنێت، چاوێکی خوار دەبێتەوە و چاوێکی بەرز دەبێتەوە، پاشان کەللەسەری گەماڵێک لەبری سەری ئەو لە ئاوەکەدا دەردەکەوێت و بە ئاشکراش لە دواوە کلکی گەماڵێک دەبینێت کە وا هەست دەکات و تێدەگات ئەمە ئەوە بووە بەو گەماڵە، تەنانەت بێ شەرمانە دوای دەڵەسەگێک کەوتووە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە هەر ئەوە نییە ئەم سیمای سەگی وەرگرتبێت، بەڵکو خاسیەتی سەگیشی لە هەندێک ڕووەوە وەرگرتووە، بە تایبەتی بە ئاشکراو بێ پەردە و وەک گەماڵێکی ئاسایی بە دوای دەڵە سەگێک کەوتووە، تا لەگەڵی جووت بێت، ئەمەش نیشانی دەدات کە بەشێکی دیار لە خاسیەتە مرۆییەکانی لە دەست داوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا بە جۆرێک لە نیگەرانی و گومانەوە سەیری ئەو مەسەلەیە دەکات و بوێری ئەوەشی نییە کە بچێتە بەردەم ئاوێنەکە تا بە تەواوی لەوە دڵنیا بێت ئایا بەڕاستی ئەم گۆڕاوە بۆ سەگ، یان وەک خۆی ماوەتەوە و هێشتا مرۆڤە؟

ئێستا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا بوون بەسەگی پاڵەوانی چیرۆکەکە شتێکە تەنیا لە پانتایی هەست و خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەودایە، یان بەڕاستی ئەوە ڕووی داوە؟ ڕاستییەکەی ئەو گۆڕانکارییە شتێکە تەنیا لە سنووری هەستکردنی ئەودایە و هۆکارەکەشی ئاشکرا دەکات کە بریتییە لە کەمتەرخەمی نواندن بەرانبەر بە مرۆڤێک کە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی پێویستی بەم بووە و دەشیا ئەم بیتوانیایە ڕزگاری بکات، بەڵام گوێی بەوە نەداوە و ئێستا ئازاری ئەو کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدانەی، یان ئازاری ئەو خۆفریودانەی نەک هەر ناخی دەخوات، بەڵکو هەست دەکات لە بوونی مرۆیی خۆیشی ڕووتی دەکاتەوە و دەیکات بە سەگ، ئەگەرچی ڕاستی لە کولتووری باوی کوردیدا ئەوە جێگیرە کە سەگ یەکێکە لە ئاژەڵە بەوەفاکان و لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ئاژەڵانەشە کە هۆگری مرۆڤن و زۆرجار لە پێناوی پاراستنی مرۆڤەکاندا قوربانی دەدات، بەڵام ئەم کاتێک وەک مرۆڤ ئامادە نەبووە هیچ قوربانییەک بدات، تەنانەت لە پێناوی کەسێکدا کە بە خوشکی خۆی ناوی دەبات و پێشتر ئەو ژیانی ئەمی ڕزگار کردووە، مانای وایە ئەم ناتوانێت لە کاتی بەسەگبوونیشیدا ڕۆڵی سەگێکی خاوەن شوناس ببینێت، واتە سەگێک کە خاسیەتەکانی سەگی وەک خۆی هەڵگرتبێت کە وەفاداری یەکێکە لەو خاسیەتانە.

ئەو پاڵنەرەی کە بووەتە هۆی دروستکردنی هەستکردن بەسەگبوون لەلای ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە، دواتر دەردەکەوێت پاڵنەرێکی دەرەکییە کە شۆخە بە بەرچاوی ئەمەوە دەبات، نەک ئەوەی ئەو بەڕێکەوت بکەوێتە ناو گۆماوەکەوە و پاش پەلەقاژێیەکی زۆر و کەمتەرخەمی ئەم بخنکێت. لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە شەپۆلێک شۆخەی فڕاندووە کە شەپۆلی ئاو نییە، بەڵکو هێزێکی مرۆییە، ئەگەرچی ناتوانرێت شوناسی مرۆیی بەو هێزە ببەخشرێت ئەویش بەهۆی ئەو کارە ناجۆرەی کە کردوویەتی، چونکە دەشێ مرۆڤبوون تەنیا بە سیما و ڕوخسار و خاسیەتە فیزیکییەکان پێناسە نەکرێت، بەڵکو بوونی مرۆیی زیاتر

پشت بە ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەبەستێت. لێرەوە دەشێ ئەو پرسیارەمان لادروست ببێت کە ئایا ئەو هێزەی شۆخە دەرڕفێنێت بۆچی ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکەش نارڕفێنێت؟ ئایا ئەم لەو سەروبەندەدا کە ئەوەندە نزیکە لە شۆخەوە کە شۆخە کاتێک دەکەوێتە ناو گۆماوەکەوە هاواری لێ دەکات تا ڕزگاری بکات، ئەم چۆن دەرباز دەبێت؟ کەواتە دەشێ گومانی ئەوە بکرێت کە بۆچی، یان چۆن ئەمیش ناکەوێتە ناو گۆماوەکەوە، بە تایبەتی ئەگەر لێکدانەوەکان بەلای ئەوەدا بچن کە ئەو هێزەی شۆخە ڕادەماڵێت هێزێکی ترەو دواتریش کە گێڕەرەوە بە ئاماژەیەک ئەوە دەردەخات کە دەشێ ئەم کچە، واتە شۆخە ئێستا یەکێک بێت لەو ئافرەتانەی کە فرۆشراون بە یانەکانی شەوانی وڵاتێک. ئیتر شوناسی هێزە ڕفێنەرەکە ئاشکرا دەبێت. ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە کاتی ڕفاندنی شۆخەدا زۆر نزیکە لەو هێزەوە ئایا بۆچی ئەویش نارڕفێنێت؟ ئایا ئەو هێزە تەنیا ئافرەتەکان دەرڕفێنێت؟ یان ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە جۆرە پێوەندییەکی بەو هێزەوە هەیە؟ یان دەشێ شۆخە بە جۆرێک لە ڕوانگەی ئەو هێزەوە تاوانبار بێت، یان تاوانێکی کردبێت کە ئەمی برای لێی دوور بێت؟. بە تایبەتی کاتێک ئێستا و دوای ڕووداوەکە هەست بە جۆرێک لە ئازاری ویژدانی دەکات کە ئەو کات بە فریای ئەو قوربانییە نەکەوت. ئایا ئەم کەسیەتییە کاتی ڕووداوەکە چ ڕۆڵێکی بینیوە کە نارِاستەوخۆ وای نیشان دەدات دەیتوانی شۆخە ڕزگار بکات؟

بێ گومان ئێستا ناڕاستەخۆ پاڵەوان شوناسی ڕابردووی خۆی ئاشکرا دەکات، کە ڕەنگە سەرباری ئەو بارەی ئەو کاتە تێیدا بووە هێشتا لە بنەما مرۆییەکان ڕووت نەکراوەتەوە و سەرئەنجام هەستکردنی دواتری بەو کەمتەرخەمییەی کە نواندوویەتی نەک ئازاری ویژدانی دەدات، بەڵکو لە ڕووی هەستکردنەوە بەرەو لە دەستدانی شوناسی مرۆیی دەیبات، کە ئەویش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ڕوومەتی خۆی لێ دەبێتە ڕوومەتی گەماڵە سەگێک و دواتریش لە گۆماوەکە و لە ئاوێنەکەشدا لەبری کەللەسەری خۆی کەللەسەری گەماڵێک بەسەر جەستەیەوە دەبینێت، کە ئەمەش جۆرێکە لە میتامۆرفیس، کە ئەم خلیسکانە لای کافکا یەک ئاراستەیە و مرۆڤێک دەگۆڕێت بۆ قالۆنچە، بەڵام لە چیرۆکەکەی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، میتامۆرفیسێکی دوو ئاراستەیی ڕوودەدات کە ئاڵوگۆڕکردنی کەللەسەر و بەشێک لە خاسیەتەکانیشە لە نێوان پاڵەوانی چیرۆکەکە و گەماڵێکدا، واتە گۆڕانکارییەکە هەر ئەوە نییە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە ببێت بەسەگ، بەڵکو کاتێک کەللەسەری گەماڵەکە دەلکێت بەجەستەی ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە، هاوکات کەللەسەری ئەم لەبری کەللەسەری گەماڵەکە دەچێتە سەر جەستەی گەماڵەکە. ئێستا دوو نموونەی سەیر دەبینرێت، جەستەی مرۆڤێک کە کەللەسەری گەماڵی هەڵگرتووە، لەگەڵ جەستەی گەماڵێک کە کەللەسەری مرۆڤێکی هەڵگرتووە، ئەمەش لە ڕووی ڕوانین بۆ سروشتەوە وەک جۆرێک لە شێواندنی هارمۆنیای سروشت سەیر دەکرێت. ڕەنگە تا ئەندازەیەک ئاسایی بێت کە مرۆڤێک بە تەواوی بگۆڕێت بۆ هەر بوونەوەرێکی تر و بە تەواوەتی شوناسی ئەو بوونەوەرە وەربگرێت. یان هەر بوونەوەرێکی تر بگۆڕێت بۆ مرۆڤ و خاسیەتەکانی مرۆڤ وەربگرێت، کە دەشێ لە دەرەوەڕا سیمای ئەو جۆرە گۆڕانکارییە ئاسایی دەربکەوێت، بەڵام ئەم جۆرە گۆڕانکاری و خلیسکانە کە جەستەی مرۆڤ کەللەسەری هەر زیندەوەرێکی تر هەڵبگرێت، یان جەستەی هەر زیندەوەرێکی تر کەللەسەری مرۆڤ هەڵبگرێت نائاساییتر دەردەکەوێت و دەشێ بە جۆرێک لە میتامۆرفیسی ناتەواو دابنرێت کە دەشێ ئەمەیان ئەگەر مرۆڤەکە لە ڕووی هەست و ویژدانەوە هێشتا زیندوو بێت ئەوە ئازارەکانی زۆر سەختتر بێت.

کەسێتی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە: ئایا ئەو کەسێتییەی کە چیرۆکنووس بینای کردووە کەسێتییەکی تایبەتمەندە، یان نموونەی لە کۆمەڵگەدا زۆرە؟ بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە ڕابردوو بووەتە مۆتەکە بەسەرییەوە و نەک ئازاری دەدات، بەڵکو لە شوناسی ڕاستەقینەی مرۆیی ڕووتی دەکاتەوە. لە ڕوانگەی دەروونناسی شیکارییەوە مرۆڤەکان جۆراو جۆرن لە ڕووی هەستکردن و یادەوەری و هەڵوێست نواندنیانەوە بەرانبەر بە ڕابردووی خۆیان بە تایبەتی ئەو ڕابردووەی کە بەسەرەتا ناو دەبرێت و وەک پێشتر باسمان کرد جاک لاکان بە قۆناغی ئاوێنەیی ناوی دەبات، کە ئەو قۆناغەش قۆناغی دروستبوون و پێکهاتنی کەسێتی مرۆڤە. لەم ڕووەوە چیرۆکنووس زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەی پاشخانی ڕابردووی ئەم کەسێتییەوە پێشکەش ناکات، بەڵام لە ڕەفتارنواندنی

دواتریدا دەردەکەوێت کە کەسێتییەکی پەیوەستە بە ڕابردووەوە، هەر ئەوەش وای لێ دەکات کە ناتوانێت یادەوەرییەکانی ڕابردووی لەیاد بکات و تەنیا ئێستا بژی. هەروەک لە پاڵ ئەوەشدا شێوازی ڕەفتارکردنی ئەم کەسێتییە لەگەڵ شۆخەدا، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دەکەوێتە گۆماوەکەوە و ئەم خۆی لێ بێ ئاگا دەکات و دەیەوێت بە فیکەیەک کە لەسەر ئیقاعی گۆرانییەکی گەرمیانیانەیە کۆی ئەو ڕووداوە لە بیر خۆی بباتەوە، دەردەکەوێت کە جۆرێک لە خاسیەتی پشتگوێ خستنی کاتی لە بوونی ئەم کەسێتییەدا هەیە، بەڵام هەر زوو ئەو هەڵوێستە لەژێر کاریگەری هەستکردنێکی بەهێزدا بە کەمتەرخەمی و هەست بە گوناهکردن هەڵدەوەشێتەوە، کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت ئەم کەسێتییە کەسێتییەکی ئاسایی ناو کۆمەڵگەیە و تا ئەندازەیەکی ئاشکرا کەسێتییەکی واقیعییە. دیسان سیمای ئاشکرای ئەو کەسێتییە دیارانەی هەڵگرتووە کە لە ئەزموونی چیرۆکنووسی ئەم چیرۆکنووسەدا دەبینرێن کە سیمای کەسێتی واقیعیان هەیە، بەڵام زۆرینەیان سەرئەنجامێکی تراژیدیانەیان هەیە، ئەگەرچی بە سادەیی و کەمتەرخەمی، یان بە جۆرێک لە ئاڵۆزی و جیددیبوونەوە خۆیان نیشان بدەن و ڕەفتاریش بکەن، سەرئەنجام وەک جۆرێک لە قوربانی کۆتاییان دێت، هەروەک چۆن لێرەدا ئەم کەسێتییە لەژێر قورسایی ئازاری میتامۆریسبوونی دووجەمسەری و خەونە ترسناکەکانی ڕابردوودا دەژی. لێرەدا دەتوانین بڵێین چیرۆکنووس هەر چۆن زۆرینەی کەسێتییەکانی لە ناو واقیعی دەرەوەی دەقەکەوە وەک ئەوەی کە هەن بیناکردووە، یان بەرهەم هێناوە، بەهەمان شێوەش ئەم کەسێتییە کەسێتییەکی ناو واقیعە، بەڵام سیمایەکی ئەفسانەیی پێ دەبەخشێت کە دواتر ئەوەش بە تراژیدیایەکی واقیعی سیحری کۆتایی پێ دێنێت.

ئاشکرایە لە بەرزبوونەوەی ئاراستەی جووڵەی ڕووداو پەیوەست بە گرێچنی چیرۆکەکە، گەیشتن بە لووتکەی ڕووداو، کاتی هەستکردنی کەسێتی تەوەری، یان بە زمانێکی تر پاڵەوانەکە بەوەی کە گۆڕاوە بۆ سەگ. ئەم هەستکردنەش تەنیا شتێک نییە کە لە سنووری هەستدا بێت، بەڵکو بینین یارمەتی بەهێزکردنی ئەو هەستکردنە دەدات و سەرئەنجام جۆرێک لە دڵنیابوون لەو ڕووەوە بەرهەم دەهێنێت، بە تایبەتی کاتێک کە دوای بینین، ئەم کەسێتییە خۆی لە گۆلاوەکە و لە ئاوێنەکەشدا بە هەمان شێوە و بە هەمان شت دەبینێتەوە کە گۆڕاوە بۆ سەگ. دیارە لێرە ئاوێنە وەک ئامرازێک لە پاڵ ئەرکی پێچەوانەکردنەوەی وێنەدا خاسیەتی ناساندنیش هەڵدەگرێت و وەک ئەرکیش جێبەجێی دەکات.

ئێستا پاڵەوانی چیرۆکەکە زیاتر ڕووناکی دەخاتە سەر گۆڕانی خاسیەتەکانی خۆی و باسی ئەوە دەکات کە هەر ئەوە نییە کە لاشەی ئەم کەللەسەری گەماڵێکی لەسەرەو سەری ئەمیش لەسەر لاشەی گەماڵەکەیە، بەڵکو ئەم وەک گەماڵەکە دەوەڕێت و گەماڵەکەش وەک ئەم قسە دەکات، ئەمەش لە ئاستێکی قووڵتردا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کەللەسەر کە ناوەندە بۆ مێشک، جێگای بیرکردنەوە و تێڕامان و عەقڵ و کۆی خاسیەتەکانی مرۆڤە و هەموو خاسیەتە مرۆییەکان لەو ناوەندەوە بڕیار دەدرێن و ئاراستە دەکرێن کە گەوهەری پرسیاریش لە جیهانبینی ئەم چیرۆکە و ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسەدا پەیوەستە بە مرۆڤدۆستییەوە، ئەمەش ڕوویەکی تری ئەو جیهانبینییە هیومانیزمەیە کە ئاراستەی باڵادەستە لە جیهانبینی چیرۆکی ئەم چیرۆکنووسەدا کە ئەویش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤ باڵاترین و پڕ بەهاترین بوونەوەری نێو گەردوونە، بەڵام کاتێک کە خاسیەتە مرۆییەکانی لە دەست دەدات، یان وەک مرۆڤ ڕەفتار ناکات، ئەوە بە ئاسانی بوونی مرۆیی خۆی لە دەست دەدات. ئێستا پاڵەوانی چیرۆکەکە لەم بارە شلۆقەدایە و بە جۆرێک لە جۆرەکان نزیکە لەوەی کە دڵنیا بێت ئەو چیتر هەمان ئەو مرۆڤە نییە کە هەڵگری خاسیەت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ بێت، بەڵام ئەم خلیسکانە لە خۆبەوە ڕووی نەداوە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەدا هاتووە کە ئەم لە کاتێکدا کە پێویست بووە وەک مرۆڤ ڕەفتاری نەکردووە، یان ناڕاستەوخۆ جۆرێک لە گوناهی کردووە، کە ئەوەش بووەتە هۆکار بۆ لە دەستدانی خاسیەتە مرۆییەکان، واتە لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە هیچ ئەنجامێک بەبێ هۆ بەرهەم نایەت، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو چەمکە دیارەی کە جووڵە و هارمۆنیای گەردوونی لەسەر بیناکراوە کە ئەویش چەمک، یان دووانەی هۆ و ئەنجامە.

پاڵەوانی چیرۆکەکە لەبارێکدا کە هەست بە ڕووتبوونەوەی خۆی دەکات لە خاسیەتە مرۆییەکانی، دەیەوێت بۆ هێورکردنەوەی ناخی خۆی فەزایەک دروست بکات کە تێیدا نیشانی بدات ئەو تاکە کەس نییە

کاتێک سەیری ئاوێنە دەکات خۆی وەک سەگ دەبینێت، بەڵکو پێی وایە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک هەن کاتێک سەیری ئاوێنە دەکەن خۆیان وەک سەگ و بەراز و مار دەبینن و هەمیشەش خەویان لێ حەرام بووە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو خەونە ناشیرین و ترسناکانەوە کە دەیانبینن، ئەویش لە ئەنجامی ئەو کارە نادروستانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا ئەنجامیان داون، دیارە ئەوەش لە ڕووی دەروونییەوە هەوڵێکە بۆ سووککردنی گوشار و قورسی ئەو بارە دەروونی و ڕوحییە و هێواشکردنەوەی ئەو ئازارانەی کە لە ئەنجامی ئەو خلیسکانەدا دەیچێژێت، چونکە کاتێک ئەو هەست دەکات کە لەو بارەدا تەنیا خۆی نییە و کەسانێکی تریش هاوشێوەی ئەون، ئەوە دەشێ لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە کەمبوونەوەی ئازارەکانی بکات، ئەمەش سیمایەکی پاکژبوونەوەی هەیە کە ڕاستییەکەی بریتییە لە هاوبەش پەیداکردن بۆ ئەو بارە دەروونی و ویژدانییە پڕ لە ئازارەی کە تێیدا دەژی.

ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە سەرباری ئەوەی کە باسی ئەوە دەکات کە ئێستا لاشەی ئەو کەللەسەری گەماڵێکی پێوەیە و کەللەسەری ئەویش بە لاشەی گەماڵیکەوەیە، بەڵام هێشتا پێمان دەڵێت ئەو بە گومانەوە سەیری بەسەگبوونی خۆی دەکات و بۆ ئەوەی دڵنیاش بێت ئەو گومانە ڕاست نییە و نەبووەتە سەگ دەبێت سەیری ئاوێنە بکات، بۆ ئەو مەبەستەش پارچە ئاوێنەیەکی شاردووەتەوە، بەڵام کۆتایی چیرۆکەکە بەوە دێت کە دەڵێت لە نزیکترین کاتدا کە هەمان ئەو شەوە دەکات کە چیرۆکەکەی تێدا دەگێڕێتەوە، بەو پارچە ئاوێنەیە خۆی دەکوژێت. لە ئاستی یەکەمدا ئەگەر وەهای لێک بدەینەوە ئەو بە ڕاستی خۆی دەکوژێت، ئەوە مانای وایە دەیەوێت خۆی لەو ئازارە سەختە ڕزگار بکات کە لە ئەنجامی بەسەگبوونیدا بەرهەم هاتووە، ئامرازی کوشتنەکەش دیسان پارچە ئاوێنەیەکە کە دەشێ ئەو کوشتنەش کوشتنێکی ڕاستەقینە، یان کوشتنێکی مەعنەوی بێت بە هۆی ئاوێنەکەوە کە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کاتێک ئاوێنەکە بە تەواوی نیشانی دەدات کە ئەم لە شوناسی فیزیکی و مەعنەوی خۆی ڕووت بووەتەوە، ئەوە سەختترین کوشتن بێت بۆ ئەو، ئەمەش ئەو کۆتاییە تراژیدییەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کە ئەویش خۆکوشتنێک نییە لە ئەنجامی هەستکردنی ئەم کەسێتییە بە بێ بەهایی ژیان ڕوویدات، بەڵکو خۆکوشتنێکە کە هۆکارە دەرەکییەکان وای لێ دەکەن بڕیارێکی لەو جۆرە بدات کە ئەویش هەرچەندە لە ئاستی بینراودا هۆکاری کەمتەرخەمییە، بەڵام لە ئاستی قووڵدا هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، کولتوورییە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ڕاپێچکردنی شۆخە و چەندین کەسی تری وەک ئەو بەبەرچاوی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە، یان ڕادەستکردنیان بەو هێزی ڕامالینە لەلایەن کەسانی وەک پاڵەوانی چیرۆکەکەوە کە ئەمەش وەک هەڵوێستێکی لاوازی پاڵەوانی چیرۆکەکە و هەموو ئەوانە نیشان دەدرێت کە وەک ئەو ڕەفتاریان کردووە و دەکەن. دەشێ بڕیاردانی خۆکوشتنیش هەرچەندە بەسەگبوونی ئەم کەسێتییە زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ گەیاندنی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە ئاستێک لە هەستکردن کە پێی باشتر بێت خۆی بکوژێت، یان کاری خۆکوشتن بکاتە بڕیار، بیستنی ئەو هەواڵەیە کە دەڵێت چەندین ئافرەتی وەک ئەو کچەی کە ئەم پشتی تێ کرد ئێستا کراونەتە ئامراز بۆ بەکارهێنان لە وڵاتێکی تر، کە ئەمەش لووتکەی بێ بەهاکردنی مرۆڤ و سووکایەتی پێ کردنیەتی کە دەشێ ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە بیستنی ئەم هەواڵە، ئازارە ویژدانییەکەی زیاتر هێرشی بۆ هێنابێت، بۆیە بڕیار دەدات خۆی لەو ئازارە ڕزگار بکات، ئەوەش بە خۆکوشتن دەگەیەنێتە ئەنجام، واتە بڕیاردانی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ خۆکوشتن ڕێگایەکە بۆ سزادانی خۆی و لە هەمان کاتدا ڕزگارکردنی خۆی لەو هەموو ئازارە ویژدانییە و هەر خۆیشی پێشتر دەڵێت: نەمدەزانی مردن لە هەندێک ژیان باشترە. دیارە کاتێک بڕیاری خۆکوشتن دەدات گەیشتووەتە ئەو بۆچوونەی کە مردن لەو ژیانەی ئەو باشترە کە نەیتوانیوە مرۆڤێک بپارێزێت، یان لە پێناوی مرۆڤێکدا قوربانی بدات.

**سەرچاوەکان:**

**1- Jacques Lacan, The Mirror Stages as Formative of Function of the I, in Literary Theory, ed by: Julie Rivlen and Michael Ryam, Blackwell, 2000, pp.178-183.**
**2- Charles E. Bressler, Literary Criticism, fifth edition,Longman,2012, pp. 133-136.**
**3- David lodge. Modern Criticism and Theory, London, 1996, pp. 62-88.**

# بنیادی وێنەی شیعری لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)
# (بە نموونە هونەری میتافۆر)

**هەژار فەقێ سلێمان**
**(کەلار)**

وێنەی شیعری یەکێکە لەبنیادە سەرەکییەکانی شیعر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەموو شیعرێک بەجۆرێک لەجۆرەکان وێنەیەکی هەست پێکراوی تێدایە، بەو مانایەی خوێنەر، یان گوێگری شیعری بەورییەوە دەتوانێت لەخەیاڵیدا ئەو وێنەیە بکێشێت، جوانترین ئەو وێنە شیعرییانەش کە خوێنەرانی شیعر پێیان جوان بووە، ئاوێتەکردنی سیفات و خاسییەتەکانی مرۆڤ و سروشتە بەو مانایەی کە هەیمەنەی سیفاتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا دەدرێت، یان ڕوونتر بڵێین، تێڕوانینی مرۆڤانە بۆ سروشت و دەوروبەری، کە ئەمە ڕیشەیەکی قووڵی فەلسەفی هەیە لای فەیلەسووفە سروشتگەراکان، ئەوەشی شاعیر هەستی پێ دەکات گرتنی ئەو وێنانەیە بەچاوی وشە و زمان، کە دواجار وێنەگەلێکی ناوازە و نوێ دروست دەکەن، وێنەکێشان لە ئاستیاندا حایر دەمێنن، ئەوەی وێنەکێش دەیکات، تەنیا کێشانی وێنەی واقیعە، واقیعی بێ گیان، بەڵام شاعیر بەوێنەی شیعری، وێنەیەک دروست دەکات واقیع لە ئاستی خۆی بەرزتر دەکاتەوەو پلەیەک دەیجووڵێنێ.

لە زۆرێک لەسەرچاوەکاندا بەجیاواز پێناسە و ڕاڤەی بۆکراوە. دەتوانین بڵێین ئەو ڕاڤە و چەمکە جیاوازانە هەموویان لەدەوری پێناسەیەکی گشتیدا یەکانگیر دەبێت و دەسووڕێنەوە، کە دەڵێت (وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی گرنگی بنیادی شیعرە و لەشێوەی تابلۆیەکی شێوەکاریدایە و شاعیریش وەک هونەرمەند وایە وێنە دەکێشێ، بەڵام کەرەستەی وێنەکێشانەکەی جیایە بەهۆی زمان و واژەی زمانییەوە وێنە بەرپادەکات).

وێنەی شیعری وەک زاراوەی ئەدەبی تازە هاتووەتە کایەوە، هەرچەندە وەک ئاماژەمان پێ دا لەکۆنەوە ئەو وێنانە لەشیعردا هەرهەبووە، بەڵام وەک سەرهەڵدان و ناونانی وەک چەمکی وێنەی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکات و ساتەی کە (ئەزرا پاوەند و هیوم لەژوورێکی چا خواردنەوەی ناو موزەخانەی بەریتانیا دانیشتبوون گوێیان لەشاعیرێک دەگرت کە هۆنراوەیەکی دەخوێندەوە، ئەوسا پاوەند یەکسەر بەدەنگی بڵند خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و هاواری کرد (ئەمە هۆنراوەیەکی وێنەییە).


سەبارەت بە وێنەی شیعری (سی دی لویس) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات (وێنەیە بەوشە، وەسف و خوازە و لێکچوونیش پێکی دەهێنن))، (ئەزرا پاوەند)یش دەڵێت: ((وێنەی شیعری نواندنێکی وێنەییە، یان پێکهاتەیەکی ژیری و سۆزییە))، (دیلان تۆماس)یش لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ئەو دەقەی دەینووسم پێویستی بەژمارەیەکی زۆر لەوێنە هەیە، لەبەرئەوە چەقی دەق،

زۆری وێنەیە)).

کەواتە وێنەی شیعری وێنەگەلێکن کە لە خەیاڵدانی شاعیردا دروست دەکرێن و دەخرێنە نێو شیعرەوە و یاسای دروست بوونی ئەم وێنانە پەیوەستە بە چەند هونەرێکی دیارەوە ((خوازە (allegory) و خواستن (metaphor) و لێکچواندن (simile))، بەڵام هێندە هەیە کە وێنەی شیعری لە بن نەهاتووە، هەر ئەمەش وای کردووە لەسەردەمەکاندا شیعر چێژی خۆی لەدەست نەدات.

لەم وتارەدا کار لەسەر بنیادی وێنەی شیعری بەرهەمێکی دیار و ناوازەی شێرکۆ بێکەسی شاعیر دەکەین کە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)ـە کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەساڵی دوو هەزار و چوار لە سلێمانی بۆی بەچاپ گەیاندووە، ناوەڕۆکی ڕۆمانە شیعرەکە باس لە گێڕانەوە و سەربوردە و ئازارەکانی ئەنفال دەکات و یەکێکە لەو بەرهەمە دانسقانە کە بەشێک لە ئەنفالی بەشێوەیەکی هونەری بەرز بەرجەستەکردووە و بووەتە هۆی مۆمیاکردنی ئەو غەم و ئازارانەی ئەنفال و وەک خۆی لە شیعرێکیدا دەڵێت ناهێڵێت بەهۆی شووشەبەندی شیعرەوە ئەم کارەساتە بیربچێتەوە.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا بەرباسی بدەین لەم ڕۆمانە شیعرییەدا هونەرێکی بەرزی بنیادی وێنەی شیعرییە کە میتافۆرە، میتافۆریش گرنگترین بنیادی وێنەی شیعرییە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، لەزۆرێک لەسەرچاوەکاندا پێناسەی هونەری میتافۆر کراوە و وەک بەشێک لەو هونەرە جوانکاری و خوازەییەیە کە لە شیعردا بەکاردێت. لەدنیای کۆن و نوێ کەم شیعر هەیە هونەری میتافۆری تێدا بەکارنەهاتبێت، بەو مانایەی هەرجۆرە لادانێک لە شیعردا هەرجۆرە تێکەڵ کردنێک لە وشە هونەری میتافۆری لێدەکەوێتەوە، وشەگەلێکمان هەیە کە زۆرجار لەشیعردا دووبارە و چەندبارە دەبنەوە کەبەخشینی سیفاتی مرۆڤانەیە بەسروشت و دەوروبەر، بۆ نموونە (پرچی شیعر و دەستی غەم و چنگی مەرگ و بزەی گوڵ و هەناسەی شەماڵ و ناڵینی بلبل و... زۆری تر) کە هەموو ئەوانە هونەری میتافۆرن، هەر دەقێک ئەم هونەرەی تێدا بەکاربرێت بەردەوامییەک بەدەقەکە دەبەخشێت، چونکە (بەمیتافۆربوونی دەق بەهای کراوەو



**شێرکۆ بێکەس**

چێژ و ئیستێتیکا دەخولقێنێت، هەمیشە تەماشاکانی ئێمە بۆخۆی گل دەداتەوەو هەڵدەگرێتەوە، بەرانبەر بەخۆی وا لە دیدی ئێمە دەکات کە پرۆسیسی هەڵکەندن و شۆڕبوونەوە لە هەناوی ئەو دەقانە جێبەجێ بکەین)، ئەم هونەرە نەک لەشیعری کۆندا، بەڵکو بوارێکی فراوانی بەخشیوەتە شیعری نوێ و تاڕادەیەکیش زمانی ئەو مرۆڤانەی کە هۆشیارییەک و ڕۆشنبیرییەکیان هەیە لە بوارەکانی تری ژیاندا، بێجگە لە ئەدەب، چونکە میتافۆر کاریگەری و جێکەوتێک لە سەر خەیاڵ و هۆشی گوێگر، یان خوێنەر دروست دەکات، ئەویش بەهۆی ئەو تێکەڵکردن و گواستنەوەیەی کە لە سیفات و تایبەتمەندی شتەکاندا دەکرێت، ئەگەر پەی پێ ببرێت دیارە وەک ئاماژەمان پێ دا ئەم تێکەڵ کردن و گواستنەوەیە پێویستی بە پاشخان و هۆشیارییەکی مەعریفی هەیە و لەخۆوە نابێت، ئەم گرنگی و بایەخەی هونەری میتافۆر نوێ نییەو مرۆڤایەتی لەزووەوە کاری لەسەرکردووە، دەتوانین بۆ ئەو کاتەی بگەڕێینەوە کە مرۆڤەکان هەوڵیان داوە کار لەسەر زمان بکەن و نهێنییەکانی دەربخەن و ویستوویانە توانایی خۆیان لە زماندا دەربخەن و دواجار شیعر و ئەدەبیش لەخاکی زماندا گەورە دەبێت و دێتە بەر.

بۆ دەرخستن و پراکتیک کردنی هونەری میتافۆر لە رۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکاندا ئەم نموونانەی خوارەوە دەهێنینەوە کە نموونەی خەرواریکن لەو بنیادە میتافۆرییەی وێنەی شیعری لە رۆمانەشیعرییەکەدا، شاعیر لە دەستپێکی رۆمانە شیعرییەکەدا بە کۆمەڵێک وێنەی میتافۆرەوە سەردەقی بابەتەکە دەکاتەوە و دەڵێت:

**بە بەرگی تازەی شیعرەوە**
**بەرگێ لە وردەپوولەکەی ئەسرین**
**بابریسکەی بێ مەراق بدرەوشێتەوە ئاخ و داخ**
**بەرگێ لەشەماڵی وەنەوشەیی شەفاف**
**لەم دیوەوە باهەناوی کزەکانی هەموو دیاربێ**
**بەرگێ لەپەلکەگیای غەمگین**
**وەختێ کە فەسڵی دابڕان**
**بەئەسپایی ئەیکاتەبەر ئێوارانی عاشقان و**
**باڵای سەفەری غەریبان.**

لەو کۆپلەیەی سەرەوەدا شاعیر دە وێنەی میتافۆری بەرزی یەک لەدوای یەک و نەپچڕاوی هاوکات نزیک لەیەک ریزکردووە، ئەوە توانایی شاعیرمان بۆ دەردەخات لەئاستی زمان و زمانی میتافۆردا، دە وێنەکەش کە شاعیر هەر وێنەیەکی بەسەر دوو بەشدا دابەش کردووە، بەشێکی خواستراوە بۆ بەشەکەی تری، بەواتایەکی تر پرۆسەی بەرجەستەکردنی و هەستپێکردنی بەسەر بابەتە ژیری و نامەحسووسەکاندا هێناوە کە ئەمانەن:

**وێنەی یەکەم:** بەرگی تازەی شیعر
**وێنەی دووەم:** وردەپوولەکەی ئەسرین
**وێنەی سێیەم:** بریسکانەوەی مەراق
**وێنەی چوارەم:** درەوشانەوەی ئاخ و داخ
**وێنەی پێنجەم:** وەنەوشەیی و شەفافی شەماڵ
**وێنەی شەشەم:** هەناوی کزەکانی با
**وێنەی حەوتەم:** پەلکەگیای غەمگین
**وێنەی هەشتەم:** فەسڵی دابڕان
**وێنەی نۆیەم:** ئێوارانی عاشقان
**وێنەی دەیەم:** باڵای سەفەری غەریبان

کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت شێرکۆ بێکەس تەنانەت یەک نیوە دێڕیشی نەنووسیوە لەو کۆپلەیەدا بێ زمانی میتافۆر و بێ بەرجەستەکردن و دانەپاڵی سیفاتەکان، ئەم جۆرە دانەپاڵی سیفاتی شتەکان بەیەکتری و بەکەسکردن و بەرجەستەکردن، دیارترین جۆر و شیعریترین جۆری میتافۆرە و لێرەدا کردوومانەتە جۆری یەکەمی میتافۆر لەم رۆمانەدا، لەبەر زۆری ئەم جۆرەیان و بۆ ناسینەوەی ئەم جۆرەی میتافۆر هەمیشە پێویستیمان بە دوو وشە هەیە یەکێکیان دراوەتە پاڵ ئەوی تریان کە لە راستیدا بۆی خواستراوە و سیفاتی ئەوی تر نییە، بەڵکو لە شتێکی ترەوە وەرگیراوە و بنیادی وێنەکەی پێداڕێژراوە، وەک لەو دە وێنەی سەرەوەدا (بەرگ دراوەتە پاڵ شیعر و بۆی خواستراوە و وردەپوولەکە بۆ ئەسرین و بریسکانەوە بۆ مەراق و درەوشانەوە بۆ ئاخ و داخ و...تاد)، دەشێت خوێنەر ئەو پرسیارەش بکات بۆچی بەپێچەوانەوە ئەمان نەدراونەتە پاڵ ئەوانی تر، چوون لێرەدا ئەوەی لە کۆنتێکستی رۆمانە شیعرییەکەدا مەبەستە ( ئەسرین و مەراق و ئاخ و داخ و غەمگین و دابڕان و سەفەر)ـە.

هەر لەم وێنەی خوارەوەشدا کۆمەڵێک دانەپاڵ و بەرجەستەکردنی میتافۆری بەرز دەبینرێت و دەبینین لە رێگەی گوێچکەوە شیعری بەرجەستەکردووە و زرنگانەوەی داوەتەپاڵ ئازار و ئازاری پێ بەرجەستەکردووە و کاروانی داوەتە پاڵ زریکە و زریکەی بەرجەستەکردووە و دەڵێت:

**گوێچکەی شیعرم**
**زۆر پووکە پووک و کرووزە و**
**ناڵە ناڵی عومری خۆی بیرچۆتەوە**
**بەڵام ئەوەی کە بەردەوام**
**لەناو گوێچکەی شیعری مندا،**
**دێت و ئەچێ، ئازارەو ئەزرنگێتەوە**
**زریکەی ژنە ئەنفالەو کچەکانمە و**
**هەتا ئەمرم**
**ئەم کاروانی زریکەیە**
**هەردێت و دێ و دوایی نایە و**
**نابڕێتەوە.**

لە دوا نموونەی ئەم جۆرەی میتافۆریشدا، شاعیر باس لە کوژرانی رەنگ و خنکانی هەوادەکات و پێمان دەڵێت ئەگەر ئێمە لەم سەرچاوەی مەینەتییە نەخۆینەوە، هەمووومان ئەم رەنگە بێ رەنگ کراوە نەپۆشین، گومان لەمانمان دەکرێت و وجوودمان لەبەردەم پرسیاردایە و دەڵێت:

**ئەنفال... ئەنفال**

**ئەگەر ئەم ئاوە کوژراوە**
**یەک بەیەکمان نەیخۆینەوە**
**لە خۆشەویستی سەرچاوە و**
**لە خۆشەویستی ئاو ناگەین**
**ئەنفال....ئەنفال**
**ئەگەر ئەم ڕەنگە کوژراوە نەپۆشین و**
**ئەگەر ئەم هەوا خنکاوە هەڵنەمژین**
**کەسمان ناژین**

جۆری دووەم لە هونەری میتافۆر، هونەری میتافۆری لەجێدانانە، واتە ڕاستەوخۆ شتێک دەهێنین و لەجێی شتێکی تری دادەنێین و ناسینەوەی ئەم پرۆسەی لەجێدانانەش هەبوونی کۆمەڵێک نیشانە و هێما و داڵە لەوێنە شیعرییەکەدا، لەزۆرێک لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەم جۆرەی میتافۆر بە لادانی سیمانتیکی دادەنرێت و لە ئاستی پارادیگمایە و بووەتە هۆی دروست بوونی شیعرییەت، وەک لەم کۆپلەدا شێرکۆ بێکەسی شاعیر لەجێی ئەوەی بڵێت لەهەزاران هەزار پیاو و ژن و پیر و گەنج و منداڵ و کۆرپەدا هەر سێ چوارێ گەڕانەوە، هاتووە ئەم وێنە میتافۆرییە لەجێدانانەی هێناوەتەوە و لەجێی ئەوانە وشەکانی (گوڵ و کانی و قومری و شەنگەبێری و ئەسپی پیر و جوانوو و سمۆرە و کەروێشک و پەپوولە)ی داناوە و وشەکانی یەکەمی لەبنەڕەتدا بە وشکانی چواندووە، دواتر کە لە شیعرەکەدا بوونیان هەیە و دەڵێت:

**من لەوێوە هاتوومەوە**
**لە هەزاران هەزاران گوڵ و**
**لە هەزاران هەزاران کانی و**
**لە هەزاران هەزاران قومری و**
**شەنگەبێری و ئەسپی پیر و جوانووی شاخ و**
**لە سمۆرە و لە کەروێشک و لە پەپوولە**
**هەرسێ چوارێ گەڕانەوە.**

لە شیعرێکی تردا چەند لەجێدانانێکی جوانی دروست کردووە و لەجێی ژن (پیرێژن) دارهەنار و لە جێی پیاو (پیرەپیاو) داربەڕوو و لەجێی کوڕ هۆرە و لەجێی کچ کنالەیلی داناوە و هەموو ئەو سیفاتانەی لە دەوری دارهەنار و داربەڕوو و هۆرە و کنالەیلدا سیفاتی ئەو مرۆڤانەن کە لەجێی داناون و دەناسرێنەوە، بۆ نموونە دەستی لەرزۆک و کڵاشی دۆمی و کاکۆڵ درێژ و چاوڕەش هەموو ئەو سیفاتانەی ئەوانەن کە لە کۆپلە شیعرییەکەدا وشەکانیان لەجێ دانراوە و ڕوون دەبێتەوە کە ئەو وشانە لەشوێنی خۆیاندا نین، لە جێی وشەی تر دانراون و لەکۆپلە شیعرییەکەدا شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**هەر بەکاڵاو هەر بەپێتاوی شیعرەوە**
**بەو کڵاوەوە**
**کە پەپوولە سلێمانەیەکی عاشق**
**بەدەم خوێندنی سورەتی ئەوینەوە**
**لەسەری کردم و**
**بەو بۆینباخەوە کە دارهەنارێکی بێوەژن**
**بەدوو دەستی لەرزۆکەوە**
**بۆی بەستم و**
**هەر بەو کڵاشە دۆمیانەشەوە**
**کە داربەڕوویەکی هەورامان**
**دوای خوێندنەوەی پێدەشتێکی پەخشانم،**
**لەبەردەم هۆرەیەکی کاکۆڵ درێژ و**
**((کنا لەیلێکی)) چاوڕەشدا**
**لە شارەزوور پێشکەشی کردم**

لە شیعرێکی تردا ئەم جۆرەی هونەری میتافۆری بەکاربردووە و بەسەیرکردنی شیعرەکە بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیر هەموو ئەم وشانەی هێناوە و لەجێی وشەگەلێکی تر داینەون و ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا هێناونی، ئەمانەش وشە دانراوەکانن کە بەئاسانی دەناسرێنەوە کە لەبری چی هاتوون و جۆری دووەمی هونەری میتافۆر دروست بووە (تاج و نەجمە و بێری و دەمانچە) (گوڵەهێرۆ) دەبینین شیعرییەتێکی بەرزی بە شیعرەکە بەخشیوە و تێیدا دەڵێت:

**لە بەسرەدا**
**نزیک پەیکەرەکەی سەیاب**
**لە ئاهەنگی تاج و نەجمە و**
**سەمای بێری و**
**سەرخۆشبوونی دەمانچەدا**
**لەو شەوەدا**
**مێرگێ لە کچە سەبایای شاخەکانیان**
**هەڵرشتە ناو هۆڵێکەوە**
**هۆڵ ڕووناک و**
**کچ تاریک و**
**بۆ بژاری مێرگی غەمگین**

**چەند نەجمەیەک هاتنە پێشێ**
**لەسەر مێزێکی خەواڵوو**
**چەقۆیەک و سەبەتەیەکی پڕ هەرمێ دانرابوون**
**چەند نەجمەیەک هاتنەپێشێ**
**دەمانچەیەک پەلی یەکەم هێرۆی گرت و**
**ویستی لەگەڵ خۆیدا بیبات**
**بۆ ژوورێکی چۆڵی سەرێ**
**لەپڕێکدا**
**گوڵەهێرۆ کە چەقۆی دی هەڵیگرت و**
**چەقاندییە سەر هەرمێی دڵی و**
**خوێنی سپی بوو بە فوارە و بەلوزەوێ هاتە دەرێ.**
**لەسەر سەکۆکەی دەرەوەش**
**بینیان وا باڵای سەیاب**
**گوڵە هێرۆ تێی ئاڵاوە و**
**لقی دەستیش وا خەریکە**
**هەرمێ بگرێ.**

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گرنگترین بنیادی وێنەی شیعری میتافۆرە و میتافۆریش بەخشەری شیعرییەتێکی بەهێزە بە شیعر، شێرکۆ بێکەسی شاعیریش دیارترین شاعیری کوردە کە لەکۆی بەرهەمەکانیدا، بەتایبەتی لەم ڕۆمانە شیعرییەی گۆڕستانی چراکانیشدا زۆرترین وێنەی میتافۆر دەبینرێت.


**سەرچاوەکان:**

**١- بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ز.**

**٢- خوێندنەوەی میتافۆر، ستاری پیرداود، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠ز.**

**٣- هونەری شیعر، ئەرستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی، عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی دووەم، ، سلێمانی، ٢٠١١ز.**

**٤- استعاره، ترنس هاوکس، ترجمەی فرزانە طاهری، نشر مرکز، چاپ چهارم، تهران، ١٣٩٠ش.**

**٥- گۆڕستانی چراکان (ڕۆمانە شیعر)، شێرکۆ بێکەس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤.**

**٦- بنیادی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، د.فەرهاد قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.**

# خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەندێک لەو ساڵانەی لە دیوانی بێخودی شاعیردا ئاماژەیان پێ دراوە

ئا: کاروان عوسمان خەیات
(کەلار)

یەکێکی دی لە زانایانی کورد کە ڕۆڵی لە پێشخستنی هەندێک لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا هەبووە، ناوی مەلا مەحموودی موفتییە و بە (بێخود) ناوبانگی دەرکردووە، کە یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر ساڵی بە حرووفی ئەبجەد لە هۆنراوەکانیدا هێناوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێک لەو ساڵانەی هێناویەتی و ئاماژەی پێ کردووە لە هۆنراوەکانیدا، دەخەینە ڕوو، هەڵبەتە بێخود لە ڕووداو و مردنی کەسایەتی و ساڵی نووسینەوەی هۆنراوەکانیدا بە چەند جۆر و باسێکی گرنگ، لێی دواوە و خستوویەتییە ڕوو، ئێمەش لەبەر گرنگی باسەکە، بە پێویستمان زانی ئاوڕێک لەو ساڵانە بدەینەوە.

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە باسی ژیانی بێخوددا دەڵێت: (سەعات "سێ" و چارەکێکی پاش نیوەڕۆی ١٩٥٥/٨/٢٥ " ١٣٧٦ی هیجری" بۆ یەکجاری سەری ناوەتەوە).(١)

ئەم ڕێکەوتە کە مامۆستا دایناوە، بەپێی ئەو بەرنامە ئەلیکترۆنییەی بەردەستمان ساڵە زایینییەکەمان لێکدایەوە و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە: (٢٥-٨-١٩٥٥ی زایینی، دەکاتە ڕێکەوتی ٧-١-١٣٧٥ی ڕۆژی پێنج شەممە). کەواتە: ئەو مێژووە کۆچییەی مامۆستا دایناوە هەڵەیە.

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "(بێخود)یش لە (١٢٩٦)دا هاتووەتە دنیاوە...".(٢) مامۆستا پەراوێزی ژمارە (١)ی لەسەر ئەم نووسینەی داناوە و دەڵێت: "ساڵی لە دایکبوونی (بێخود) بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ئایەتی: (عسى أن يبعثك ربك مقاما محمودا)".

ئەم ئایەتەش بەپێی حسابی ئەبجەدی بەم شێوەیە دەبێ لێک بدرێتەوە:

عسى= ٧٠+٦٠+١=١٣١

ان= ١+٥٠=٥١

يبعثك= ١٠+٢+٧٠+٥٠٠+٢٠= ٦٠٢

ربك= ٢٠٠+٢+٢٠= ٢٢٢

مقاما= ٤٠+١٠٠+١+٤٠+١= ١٨٢

محمودا= ٤٠+٨+٤٠+٦+٤+١= ٩٩

١٣١+٥١+٦٠٢+٢٢٢+١٨٢+٩٩=١٢٨٧ی

کۆچی، ئەم ساڵەش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەین، ئەگەر (١-١-١٢٨٧)ـەوە تا (٨-١٠-١٢٨٧) بێخود لە دایکبووبێت، ئەوە مێژووەکەی بەرانبەر بە (٣١-١٢-١٨٧٠)ی زایینی دەبێت، بەڵام ئەگەر لە (٩-١٠-١٢٨٧)ـەوە نووسرابێت، ئەوە دەڕواتە ناو ساڵی (١٨٧١)ی زایینییەوە.

بەو لێکدانەوەی ئێمە کردوومانە و مامۆستا وشەکەی هێناوە، لێکدانەوەی ساڵەکە بەو شێوەی سەرەوە دەردەچێت، واتە: ئەو ساڵەی کە مامۆستا دایناوە، هەڵەیە، ئەگەر وشەی (عسی= عەسا) پیتی (ی)ی کە (ا)ی بچووکی لە سەرە لە زمانی عەرەبیدا بە (ا) ئەلف دەخوێنرێتەوە، پیتی (ی)ی کە ئەلفی لە سەرە بە پیتی (ی)ی بخوێنرێتەوە، ئەوە پیتی (ی) ژمارەی حیسابی ئەبجەدی (١٠)یە، کەواتە: وشەی (عسی) بەم شێوەیە لێک دەدرێتەوە: (ع ٧٠+س ٦٠+ ی ١٠= ١٤٠)، (١٤٠+٥١+٦٠٢+٢٢٢+١٨٢+٩٩=١٢٩٦)ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٨٧٠)ی زایینی.

ئەم ڕێکەوتە لە (١-١-١٢٩٦)ـەوە تا (٧-١-١٢٩٦) دەکاتە (٣١-١٢-١٨٧٨)، بەڵام بە ڕۆژێک دوای ئەو مێژووە زایینییە (٨-١-١٢٩٦)، ئەوە دەکاتە (١-١-١٨٧٩)ی زایینی.

هەروەها لە بەیتێکی دیکەیدا دەڵێت:

**سەلاتی حەق لە سەر شەهێ کە شەق ئەکا قەمەر لە دوور**

**سەلامی حەق لە سەر مەهێ کە ئەسپی خۆر لە غار ئەکا**(٣)

ئەم قەسیدەیە لە ساڵی ١٣٦٠ی کۆچیدا دانراوە، کە بە حیسابی ئەبجەد بەرانبەری (مدد یا فخر المرسلین)ـە، ئەم ئەژمارکردنەش بەم شێوەیە دەبێت:

مدد= ٤٠+٤+٤= ٤٨

یا= ١=+١=١١

فخر المرسلین = ٨٠ + ٦٠٠ + ٢٠٠ +١ + ٣٠ + ٤٠ + ٢٠٠ + ٦٠+٣٠+١٠+٥٠= ١٣٠١

٤٨+١١+١٣٠١= ١٣٦٠ی کۆچی بەرانبەر بە (١٩٤١)ی زایینی دەکات. ئەوەی ڕاستی بێت مامۆستا ئاماژەی بەوە نەداوە کە (مدد یا فخر المرسلین)ی لە



بێخود

کوێوە هێناوە، ئایا بێخود خۆی نووسیویەتی لە دەستخەتەکەدا یان...؟!

دیسانەوە بێخود دەفەرموێ:

**دێڕ بە دێڕ کەشکۆڵ و دیوانی هەموو عالەم گەڕام**

**تیا نەبوو (بێخود) وەکوو من مونتەخەب فەردی گوناح**(٤)

ئەم پارچە شیعرە لە ساڵی ١٣٤٨ی هیجریدا وتراوە کە بە حرووفی ئەبجەد دەکاتە: (بدل ترجمان حقیقت)....

بدل=٢+٤+٣٠= ٣٦

ترجمان= ٤٠٠+٢٠٠+٣+٤٠+١+٥٠= ٦٩٤

حقیقت= ٨+١٠٠+١٠+١٠٠+٤٠٠= ٦١٨

٣٦+٦٩٤+٦١٨= ١٣٤٨ی کۆچی بەرانبەر بە (١٩٢٩-١٩٣٠)ی زایینی دەوەستێت، ئەگەر لە (١-١-١٣٤٨)ـەوە تا (٢٩-٧-١٣٤٨)ی کۆچی ئەم هۆنراوە نووسرابێت، ئەوە مێژووەکەی دەبێتە (٣١-١٢-١٩٢٩)ی زایینی، بەڵام بە (١-٨-١٣٤٨) ساڵە زایینییەکە دەبێتە (١-١-١٩٣٠).

بێخود لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا دەڵێت:

**دنیا ژنێکە فاحیشەو و پیاو کوژ و گلاو**

**وای ئەو کەسەی کە دێڵە سەگی وای مارە کرد(٥)**

مامۆستا لە پەراوێزدا نووسیویەتی: ئەم پارچە شیعرە لە ساڵی ١٣٧١ی هیجریدا دانراوە کە بە حرووفی ئەبجەد ئەکاتە (شفیعمان صاحبی اعجازە بێخود).

شفیعمان= ٣٠٠+٨٠+١٠+٧٠+٤٠+١+٥٠= ٥٥١

صاحبی= ٩٠+١+٨+٢+١٠= ١١١

اعجازە= ١+٧٠+٣+١+٧+٥= ٨٧

بێخود= ٢+١٠+٦٠٠+٦+٤= ٦٢٢

٥٥١+١١١+٨٧+٦٢٢= ١٣٧١ی کۆچی، ئەم ساڵەش بەرانبەر بە ساڵی زایینی ئەگەر لە (١-١-١٣٧١)ی کۆچییەوە تا (٢-٤-١٣٧١)ی کۆچی نووسرابێت، ئەوە دەکاتە (٣١-١٢-١٩٥١)ی زایینی، بە ڕۆژێک دوای ئەم مێژووە کۆچییە (٣-٤-١٣٧١)، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٥٢).

لە نوسخە چاپکراوەکەی چاپخانەی کوردستان دا نووسراوە (شەفیعمان ساحیبی اعجازە بێخود)، بەم جۆرە ساڵەکە دەگۆڕێت.

(١٩٣٧)ی زایینی دەکات. مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم نووسیویەتی دەکاتە ساڵی (١٣٧١)ی کۆچی، ئەم دوو ساڵەش هەر چۆن لێکمان دایەوە هەر ئەو ساڵەی نەکرد کە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دایناوە، کەواتە چاپەکەی چاپخانەی کوردستان بە هەڵە ئەوەیان نووسیوە و هەڵەیان کردووە.

بێخود لە بەیتێکی دیکەدا دەڵێ:

**حورووفی موعجەمەی ئەم میسرەعەی نووسی بە تەئریخی "جەوانمەردێ لە ئەشرافی تەکێ ئەمرۆ وەفاتی کرد"(٦)**

ئەم پارچە شیعرە لە لاواندنەوەی شێخ عەبدولکەریمی شێخ محەمەددا وتراوە کە یەکێک بووە لە ساداتی تەکیەی قەرەداغ، لە ساڵی ١٣٥٣ی هیجریدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا ئاماژەی بەوە نەداوە کە ئەم میسرەعە چۆن لێک بدرێتەوە و ڕوونی نەکردووەتەوە، دوای لێکدانەوە و بەراوردکردن، بۆمان ڕوون بووەوە کە هەموو پیتە نوختەدارەکانی نیوە بەیتی دووەم بەو مەرجەی هەرچی پیتی (ی) ناوەڕاست و کۆتاییش هەیە بە پیتی نوختەدار ئەژمار بکرێت، ئەوکات دەکاتە ساڵی وەفاتی شێخ عەبدولکەریم، لێکدانەوەکەشی بەم شێوەی لای خوارەوە دەبێت:

ج٣+ن٥٠+ی١٠+ش٣٠٠= ٣٦٣

ف٨٠+ی١٠+ت٤٠٠= ٤٩٠

ی١٠+ف٨٠+ت٤٠٠+ی١٠= ٥٠٠

٣٦٣+٤٩٠+٥٠٠=١٣٥٣ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی (١٩٣٤)ی زایینی دەکات.

هەروەها دەڵێت:

**موئەرریخ، یەعنی (بێخود) جەوهەری ئەم میسرەعەی فەرموو**

**(لە دوای ئیتمامی ئەم مزگەوتە زوو موحسین وەفاتی کرد)(٢)**

**لەباتی جائیزەم بەندەش دۆعای عەفووم ئەوێ یەعنی**

**لەوەی لەم جێگەدا تەدریس و تەهلیل و سەڵاتی کرد(٣)(٧)**

ئەم بەیتەش پەراوێزی ژمارە (٣)ی بۆ دانراوە و نووسراوە: (ئەم پارچە هەڵبەستە مێژووی ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی (عەبابەیلێ) و کۆچی دوایی خوا لێ خۆش بوو شێخ "کەریم"ی شێخ "مەحموود"ی عەبابەیلێییە، کە لە ١٣٧٤ی هیجریدا بوون و بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە حەرفە نوختەدارەکانی ئەم نیوە شیعرە "لە دوای ئیتمامی ئەم مزگەوتە زوو "محسن" وەفاتی کرد).

ئێمەش بە باشمان زانی ئەم وتەیەی مامۆستا دووبارە لێک بدەینەوە و ڕوونی بکەینەوە بۆ خوێنەران و بزانین هەڵەی تێدایە یان نا؟! جگە لەوەش لە پەراوێزی ژمارە (٣)دا دەڵێت: (ئەم نیوە شیعرە دەکاتە ئەو ساڵە)، دەبا ئاماژە بۆ بەیتی پێشووی بکرایە، واتە: لە پەراوێزی ژمارە (٢) دا ئەو ڕوونکردنەوەیە بدرایە نەک پەراوێزی ژمارە (٣).

ی١٠+ی١٠+ت٤٠٠+ی١٠+ز٧+ت٤٠٠+ز٧+ن٥٠+ف٨٠+ت٤٠٠+ی١٠=١٣٨٤ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی (١٩٦٤) زایینی دەکات. لە پەراوێزدا دوو (یی) دانراوە و لە شیعرەکەی سەرەوەدا یەک (ی) دانراوە، بەم پێیە (١٠) ساڵ زیاد دەکات ئەگەر بەپێی پەراوێزی حرووفە ئەبجەدییەکە لێکی بدەینەوە.

کەچی مامۆستا دەڵێت: دەکاتە ساڵی (١٣٧٤)ی کۆچی، ساڵی (١٣٧٤)ی کۆچیش دەکاتە ساڵی

(١٩٥٤)ی زایینی، ئەگەر ئەم شیعرە لە ڕێکەوتی (١-١-١٣٧٤)ـەوە تا (٥-٥-١٣٧٤)ی کـــۆچیـــــدا نووسرابێتەوە، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٥٤)ی زایینی، هەڵەکەش لێرەدایە کە چاپەکەی چاپخانەی کوردستان نووسـیویەتی: ("لە دوای ئیـتـمامی ئەم مـزگـەوتە زوو "محسن" وەفاتی کرد")، کەچی مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم نووسیویەتی: ("لە دوایی اتمامی ئەم مزگەوتە زوو محسن وەفاتی کرد"). بە پێویستی دەزانم نووسراوەکەی مامۆستا محەممەدیش لێک بدەمەوە:

ی١٠+ی١٠+

ت٤٠٠+ی١٠+ز٧+ت٤٠٠+ز٧+ن٥٠+ف٨٠+ت٤٠ +ی١٠=١٣٨٤ی کۆچی. پێدەچێت هەڵەکە لە وشەی (لە دوایی) بێت کە دوو پیتی (یی) دانراوە، ئەگەر دوو (یی)ـەکە بکەین بە یەک (ی)، ئەوە سـاڵەکـەمـان بۆ دەبێـتە سـاڵی (١٣٧٤)ی کـۆچی و بەرانبـەر بەو سـاڵە دەبێت کە مامۆستا محەممەد دەریهێناوە.

وەک وتمان لە ڕێکەوتی (٦-٥-١٣٧٤)ی کـــۆچی دەکاتە ڕێکەوتی (١-١-١٩٥٥)ی زایینی، مامۆستاش لە ژیانی بێخـودی شاعـیـردا دەڵێت: (سـەعـات سێ و چارەکـێکی پاش نیـوەڕۆی ١٩٥٥/٨/٢٥ (١٣٧٦ی هیجری) بۆ یەکجاری سەری ناوەتەوە).

جگە لەوەی سـاڵەکـان بەپێی حـرووفی ئەبجـەدی کـە لێکمان داوەتەوە و سـاڵەکـانی جیـاوازن و هەڵەیە، لە هەمان کاتیشدا هەڵەیەکی تری هەیە دەبێ ئەوەش ڕاست بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە مـامـۆسـتـا دەڵێت: (٢٥-٨-١٩٥٥=١٣٧٦ی کـۆچی) ئەم بەروارەی مـامـۆسـتـا دایناوە هەڵەیە، ئێمە بەپێی ئەو بەرنامەی بەردەستمان دەرمان هێناوە، بەم شێوەیە: (٢٥-٨-١٩٥٥) دەکاتە ڕێکەوتی (٧-١-١٣٧٥)ی کۆچی، ڕۆژی چوار شەممە.

بێخود لە بەیتێکی تریدا دەڵێ:

**شوکر (بێخود) قیاس ناکرێ لەگەڵ پار**
**سوها لالانەوەی ئیمساڵی (خورشید)** (٨)

ئەم پارچە شیعـرە لە ١٣٦١ی هیـجریدا وتراوە کـە بە حرووفی ئەبجـەد ئەکـاتە (لە مـەجازەوە بۆ حـەقـیـقـەتی حەقیقەتە، لە مەجازەوە بۆ حەقیقەتی حەقیقەتە) کە ئیشـارەتە بەوە کە لە (عیـشقی مەجازییـەوە چووە سەر عیـشقی حەقـیـقی)، بەڵام لە چاپە کۆنەکەدا بەم شێوە نووسـراوە: (لە مـجـازەوە بو حـقـیـقـتی حـقـیـقـتـە= لە مەجازەوە بۆ حەقیقەتی حەقیقەتە).



**محەممەدی مەلا کەریم**

ئێـمەش بۆ ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەم بەیتـە و ئەو پەراوێزەی مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم ئاماژەی پێ کـردووە و سـاغی کـردووەتەوە، بە ڕوونی ڕوونی بکەینەوە و بەرچاوی خوێنەرانی پێ ڕووناک بکەینەوە، ئەم بەیتـە دەبێ بە دوو شێوە لێکی بدەینەوە، یەکەمـیان بە ڕێنووسی نوێ و دووەمـیـانیش بە ڕێنووسی کـۆن.

ڕێنووسی نوێ:

لە= ٣٠+٥= ٣٥

مەجازەوە= ٤٠+٥+٣+١+٧+٥+٦+٥= ٧٢

بۆ= ٢+٦= ٨

حـەقـیـقـەتی= ٨+٥+١٠٠+١٠+١٠٠+٥+٤٠٠ +١٠= ٦٣٨

حەقیـقـەتە= ٨+٥+١٠٠+١٠+١٠٠+٥+٤٠٠+٥= ٦٣٣

٣٥+٧٢+٨+٦٣٨+٦٣٣= ١٣٨٦ی کـۆچی بەرانبـەر بە ساڵی (١٩٦٦)ی زایینی دەکات، کـەچی مـامـۆسـتـا دەڵێت: دەکاتە ساڵی (١٣٦١)ی کۆچی.

ڕێنووسی کۆن:

لە= ٣٠+٥= ٣٥

مجازەوە= ٤٠+٣+١+٧+٦+٥+٥= ٦٧

بۆ= ٢+٦= ٨

حقیقتی= ٨+١٠٠+١٠+١٠٠+٤٠٠+١٠= ٦٢٨

حقیقته= ٨+١٠٠+١٠+١٠٠+٤٠٠+٥= ٦٢٣

٣٥+٦٧+٨+٦٢٨+٦٢٣= ١٣٦١ی کۆچی، دەکاتە ساڵی (١٩٤٢)ی زایینی. ئەم ساڵە لەگەڵ ساڵی زایینییەکەدا تەنیا (٧) ڕۆژ جیاوازییان هەیە کە بڕواتە ناو ساڵێکی ترییەوە.

لە چاپەکەی چاپخانەی کوردستاندا هەڵەکە ڕووی داوە، ڕاستییەکەی ئەمەش هەڵەیەکی دیکەیە کە ئەو چاپخانەیە، یان ئەو تایپیستە کردوویەتی.

هەروەها مامۆستا لە لاپەڕە (٦١)ی دیوانی بێخوددا بە پەراوێزی ژمارە (١) لە سەر ئەم بەیتە کە دەڵێت:

**دەوامی بێ بە قەد عومری کوڕی خۆی**

**هەتا شیعری لە دنیا دایە (خادم)**(٩)

بێخود مێژووی دانانی ئەم پارچە شیعرەی بە حرووفی ئەبجەد بەم جۆرە نووسیوە: (لەلایەنی بێخودەوە بۆ دۆستێکی دینی) کە ئەکاتە ١٣٧١ی هیجری. ئەو دۆستەش (علی رفیق خادم السجاده) بووە لە کەرکووک.

لێکدانەوەی ئەم بەیتە و پەراوێزەکەی کە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ئاماژەی پێ کردووە، دەبێ بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە:

لەلایەنی= ٣٠+٥+٣٠+١+١٠+٥+٥٠+١٠= ١٤١

بێخودەوە= ٢+١٠+٦٠٠+٦+٤+٥+٦+٥= ٦٣٨

بۆ= ٢+٦= ٨

دۆستێکی= ٤+٦+٦٠+٤٠٠+١٠+٢٠+١٠= ٥١٠

دینی= ٤+١٠+٥٠+١٠= ٧٤

١٤١+٦٣٨+٨+٥١٠+٧٤= ١٣٧١ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٥٢)، بەڵام ئەگەر ئەم مێژووی ساڵە کە بێخود ئاماژەی پێ کردووە، لە ڕێکەوتی (١٨-٤-١٣٧١)ی کۆچیدا نووسیبێتی، ئەوە ڕێکەوتە بە ڕێکەوتی (١٦-١-١٩٥٢)ی زایینی، ئەگەر لەو ڕێکەوتەدا نەینووسیبێت و لە ماوەی (١٦) ڕۆژ کەمتر لەو ڕێکەوتەدا کە ڕێکەوتی (١٨-٤-١٣٧١)ی کۆچییە کەمتر نووسیبێتی، ئەوە دەکاتە ڕێکەوتی (٣١-١٢-١٩٥١)ی زایینی، بەم شێوەش ساڵی زایینییەکە بە هەڵە دەردەچێت ئەگەر بێتو بە وردی بەراورد نەکرێت، چونکە ماوەی (١٦) ڕۆژ ڕاستەوخۆ لە مانگی چواردا دەڕواتە سەر مانگێکی تر لە ساڵی زایینیدا.

لە سەرەتای پیتی (واو)ی شیعرەکانی بێخود لە دیوانەکەیدا چاومان بە هۆنراوەیەک دەکەوێت بەناوی (لە یارانی وەفاداران...) و بۆ (ئەمین زەکی بەگ) نووسراوە، لە دوا بەیتی ئەم هۆنراوەی بێخوددا بەیتێک هەیە بەم شێوە نووسراوە:

لە (بێخود) ساڵی کۆچی ئەو زەعیمەم پرسی و فەرمووی:

(ک بدر برج عرفان معارف امشو اوا بو)(١٠)

لێکدانەوەی ئەم نیوە بەیتەی دووەم لە شیعرەکەی بێخوددا دەبێ بەم شێوەیە لێکی بدەینەوە:

ک بدر= ٢٠+٢+٤+٢٠٠= ٢٢٦

برج= ٢+٢٠٠+٣= ٢٠٥

عرفان= ٧٠+٢٠٠+٨٠+١+٥٠= ٤٠١

معارف= ٤٠+٧٠+١+٢٠٠+٨٠= ٣٩١

امشو= ١+٤٠+٣٠٠+٦= ٣٤٧

اوا بو= ١+٦+١+٢+٦= ١٦

٢٢٦+٢٠٥+٤٠١+٣٩١+٣٤٧+١٦= ١٥٨٦

مامۆستا دەڵێت: (وتراوە کە ساڵی ١٣٦٧ی هیجریدا کۆچی دوایی کردووە... بەو شەرتە وشەی (بدر) بکەی بە وشەی (چواردە)، چونکە بەدر مانگی شەوی چواردەیە، (٢١٩) کە بەرانبەری وشەی (چواردە)یە لە جەمعی وشەکان لابەی، چونکە بە ئاوا بوو دانراوە، واتە: تێکڕای نیوە شیعرەکە بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە (١٥٨٦) وە (٢١٩)ی لێ لابەرە).

چواردە= ج٣+و٦+ا١+ر٢٠٠+د٤+ه٥= ٢١٩

١٥٨٦-٢١٩= ١٣٦٧ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٤٨). تا (٣٠-١٢-١٣٦٧)ی کۆچی دەکاتە ساڵی (٢-١١-١٩٤٨).

دیسانەوە بێخود دەڵێت:

کە پرسیم ساڵی غوفرانی لە مامۆستای خیرەد، فەرمووی:

**(امامێ بازی ڕوحی ئاشیان ئارای جنت بو)**

**وەلی عەهدی لەپاش خۆی (شێخ محەممەد) بوو (بحمد الله)**

**لە عەسری خۆشیا هەر ئیشی تەدریس و ئیمامەت بوو**

**خودا کوێری نەکەی ئەو خانەدانی عیلم و عیرفانە**

**هەتا عالەم بمێنی، چونکە هەر یانەی فەزیلەت بوو«١»** (١١)

ئەم پارچە شیعرە کە لە لاواندنەوەی خوا لێخۆشبوو، شێخ عومەری شێخ محەمەدی قەرەداغیدا وتراوە، مامۆستا پەراوێزی لە کۆتاییەوە بۆ ساڵی مردنی شێخ عومەر داناوە، دەبوایە لە سەر ئەو نیوە بەیتە دابنرایە کە لێرەدا خەتی بە ژێردا هێنراوە، ئەگەرچی مامۆستا لە پەراوێزەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، بەڵام ڕاستتر و دروستتر ئەوەیە کە هەر بەیتێک پەراوێزی تایبەتی خۆی هەبێت، بەتایبەت ئەو بەیتە، چونکە دیاری کردنی ساڵی وەفاتی زانایەکی تێدایە.

بۆ لێکدانەوەی ئەم ساڵەش لە نێو ئەم بەیتەدا پێویستە بەم شێوەیە لێکی بدەینەوە:

امامی= ١+٤٠+١+٤٠+١٠= ٩٢

بازی= ٢+١+٧+١٠= ٢٠

ڕوحی= ٢٠٠+٦+٨+١٠= ٢٢٤

ئاشیان= ١+١+٣٠٠+١٠+١+٥٠= ٣٦٣

ئارایی= ١+١+٢٠٠+١+١٠= ٢١٣

جنت= ٣+٥٠+٤٠٠= ٤٥٣

بو= ٢+٦= ٨

٩٢+٢٠+٢٢٤+٣٦٣+٢١٣+٤٥٣+٨= ١٣٧٣ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی زایینیش دەکاتە ساڵی (١٩٥٣)، ئەگەر ئەم هۆنراوە ڕێکەوتی (٢٤-٤-١٣٧٤)ی کۆچی نووسرابێت، دەکاتە (٣١-١٢-١٩٥٣)ی زایینی، بەڵام ڕۆژێک دوای ئەو ڕێکەوتە بە ساڵی کۆچی، ئەوە مێژووە زایینییەکەی دەگۆڕێت بۆ ساڵی (١٩٥٤).

لە سەرەتای پیتی (ە)دا هۆنراوەیەک هەیە بەناوی شێخ مەحموودی حەفیدەوە نووسراوە:

**غوڵامێکم ئەوە خۆم خستە قاپی غیرەتی تۆوە**
**بەناو (مەحموود)م ئەمما هەر (ئەیاز)م (یا رسول الله)«١»** (١٢)

لە چاپی چاپخانەی کوردستاندا نووسراوە: بەناوی خوالێخۆشبوو شێخ (مەحموودی حەفید)ەوە وتراوە، لە ساڵی ١٣٤٨ی هیجریدا کە بە حرووفی ئەبجەد دەکاتە (هرچی بم اولاد خۆتم- هەرچی بم ئەولادی خۆتم). شێخ لەو کاتەدا دیلی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بووە.

لە لاپەڕە (٨٠)ی چاپەکەی تریشدا کە لەبەر ڕۆشنایی چاپەکەی مامۆستا دووبارە چاپکراوەتەوە و هەموو شیعرەکانی تێدایە، نووسراوە: بەناوی خوا لێخۆشبوو (شێخ مەحموودی حەفید)ەوە وتراوە، لە ساڵی ١٣٤٧ی هیجریدا کە بە حرووفی ئەبجەد دەکاتە (هرچی بم اولاد خۆتم- هەرچی بم ئەولادی خۆتم). شێخ لەو کاتەدا دیلی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بووە.

لەنێوان ئەم دوو چاپەدا جارێ ساڵێک کەم و زیاد کراوە، ڕاستییەکەشی نەمانزانی مامۆستا (هرچی بم اولاد خۆتم)ی کوێوە هێناوە، بەڵام بۆ لێکدانەوەکەی ئێمە تەنیا پێویست ئەوەیە ئەو چەند وشەیەی هێناویەتی لێکی بدەینەوە:

هرچی= ٥+٢٠٠+٣+١٠= ٢١٨

بم= ٢+٤٠= ٤٢

اولاد= ١+٦+٣٠+١+٤= ٤٢

خۆتم= ٦٠٠+٦+٤٠٠+٤٠= ١٠٤٦

٢١٨+٤٢+٤٢+١٠٤٦= ١٣٤٨ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٢٩). ئەگەر تا ڕێکەوتی (٢٩-٧-١٣٤٨) نووسرابێت ئەوە دەکاتە ساڵی (١٣٤٨=١٩٢٩) بەڵام دوابەدوای ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٣٠)ی زایینی. پیتی (چ)یش لە زمانی عەرەبیدا نییە، لەبری پیتی (چ) دەبێ ژمارەی پیتی (ج)ی بۆ ئەژمار بکەین.

بێخود لە پارچە شیعرێکی کەیدا کە بە بۆنەی کۆچی دوایی (میرزا فەرەج)ی حاجی شەریفەوە "ئەریف"ەوە نووسیویەتی، کە لە ساڵی ١٣٧٣ی کۆچیدا مردووە، بێخود دەڵێت:

**بەسیە ئەم نیوە شیعرە بۆ تەئریخی کۆچی ئەو کەوا...**
**«دەست و دامێن گیری "عبدالقادری گەیلانی"یە»** (١٣)

بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم نیوە شیعرە کە بێخود باسی دەکات و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە پەراوێزدا ئاماژەی پێ کردووە، دەبێ بەم شێوەیە بیخەینە ڕوو:

دەست و= ٤+٥+٦٠+٤٠٠+٦= ٤٧٥

دامێن= ٤+١+٤٠+١٠+٥٠= ١٠٥

گیری= ٢٠+١٠+٢٠٠+١٠= ٢٤٠

عبدالقادری= ٧٠+٢+٤+١+٣٠+١٠٠+١+٤ +٢٠٠+١٠= ٤٢٢

گەیلانی= ٢٠+٥+١٠+٣٠+١+٥٠+١٠= ١٢٦

٤٧٥+١٠٥+٢٤٠+٤٢٢+١٢٦= ١٣٦٨

ئەگەر وشەی (گەیلانی) کۆتایی بەو شێوەیە لێک بدەینەوە، ئەوە ساڵەکەمان بە جیاوازی (٥) ساڵ کەمتر دەردەچێت، ئەگەر وشەکە بەو شێوەی مامۆستا لە نیوە بەیتەکەدا بە ڕێنووسی نوێ هێناویەتی و نووسیویەتی (گەیلانییە)، ئەوە (١٥) ساڵ زیاد دەکات و دەبێتە ساڵی (١٣٨٣)ی کۆچی، بەم شێوەش لەگەڵ ئەو ساڵەی مامۆستا دایناوە هەڵە دەردەچێت، بەڵام ئەگەر وشەی (گەیلانییە) بە (گەیلانیە) بنووسین، ئەوە مێژووەکەمان ڕێک بۆ دەردەکات و بەرانبەر دەبێتەوە لەگەڵ ئەو ساڵەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم هێناویەتی، کەواتە دەبێ، یان لە پەراوێزدا ئاماژە بە وشەکە بکەین، یان ئەوەتا دەبێ لە سەرەوە وشەکە بە (گەیلانیە) بنووسین، دەکرێت لەبەر ڕەچاوکردنی ڕێنووسی نوێی کوردی و کێش و بڕگەکان وشەکە بە ڕێنووسی نوێ بنووسین و لە پەراوێزدا ئاماژەی پێ بکەین، ساڵەکە و وشەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

دەست و= ٤+٥+٦٠+٤٠٠+٦= ٤٧٥

دامێن= ٤+١+٤٠+١٠+٥٠= ١٠٥

گیری= ٢٠+١٠+٢٠٠+١٠= ٢٤٠

عەبدالقادری= ٧٠+٢+٤+١+٣٠+١٠٠+١+٤+٢٠٠+١٠= ٤٢٢

گەیلانیە= ٢٠+٥+١٠+٣٠+١+٥٠+١٠+٥= ١٣١

٤٧٥+١٠٥+٢٤٠+٤٢٢+١٣١= ١٣٧١ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٥٣)، ئەم هۆنراوە ئەگەر لە ڕێکەوتی (٢٤-٤-١٣٧٣)ی کۆچیدا نووسرابێت، ئەوە دەکاتە (٣١-١٢-١٩٥٣)ی زایینی، لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێک لێکدانەوەمان بۆ ئەم ساڵە کرد، ڕێکەوتەکە بەو شێوە ڕێک کەوتبوو، ئەگەر لە ڕۆژی (٢٥-٤)ی ساڵی ١٣٧٣ی کۆچی نووسرابێتەوە، ئەوە دەکاتە (١-١-١٩٥٤)ی زایینی.

بێخود لە هۆنراوەیەکیدا بۆ حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، دەڵێت:

**لە سوورەی (ئەنبیاء) تا (صالحین) ئایەی (وأدخلناه)**
**بە تەئریخی وەفاتی موشعیرە (بێخود) حورووفاتی**(١٤)

خ٦٠٠+ن٥٠+ف٨٠+ت٤٠٠+ن٥٠+ن٥٠+ی١٠+ن٥٠= ١٣٤٠

تێبینی: دەبێ لەم ئایەتەدا هەرچی پیتی (ی) هەیە حیسابی پیتی نوختەداری بۆ بکەین، وشەی (فی) لێرەدا دەبێ حیساب بۆ پیتی (ی)یەکەی بە پیتی نوختەدار بکەین، وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردووە و حیسابم بۆ پیتی (ی)ی نەکردووە و ساڵەکەش (١٠) ساڵ کەمی هێناوە، بۆیە ئەگەر حیسابی بۆ بکەین، ئەوە ساڵەکە بەرانبەر بەو ساڵە دەردەچێت کە مامۆستا ئاماژەی پێ کردووە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

خ٦٠٠+ن٥٠+ف٨٠+ی١٠+
ت٤٠٠+ن٥٠+ن٥٠+ی١٠+ن٥٠= ١٣٥٠ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٣١)، ئەگەر بێخود ئەم هۆنراوەی تا ڕێکەوتی (٢١-٨-١٣٥٠)ی کۆچیدا نووسیبێت، ئەوە دەکاتە (٣١-١٢-١٩٣٢)، ئەگەریش لەو ڕێکەوتە بەدواوە نووسیبێتی، ئەوە دەکاتە ڕێکەوتی (١-١-١٩٣٢)ی زایینی.

بێخود لە هۆنراوەیەکی تریدا ئاماژە بە وەفاتی دوو کەسایەتی تری دەکات و دەڵێت:

**خوا ساڵی وەفاتی (کاکە بابا)**
**«منور کەی مزارستان بە نووری»**(١٥)

بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ئەم ساڵەش پێویستە پەنا بەرینەوە بەر ژمارەی حرووفە ئەبجەدییەکان و بەم شێوەیە لێکی بدەینەوە:

منور= ٤٠+٥٠+٦+٢٠٠= ٢٩٦

کەی= ٢٠+٥+١٠= ٣٥

مزارستان= ٤٠+٧+١+٢٠٠+٦٠+٤٠٠+١+٥٠= ٧٥٩

بە= ٢+٥= ٧

نوری= ٥٠+٦+٢٠٠+١٠= ٢٦٦

٢٩٦+٣٥+٧٥٩+٧+٢٦٦= ١٣٦٣ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٤٣)، ئەگەر ئەم شیعرە لە (١ تا ٣-١-١٣٦٣)ی کۆچیدا نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ڕێکەوتی (٢٩ تا ٣١-١٢-١٩٤٣)ی زایینی. ئەگەر ڕێکەوتی (٤-١-١٣٦٣)ی کۆچیدا نووسرابێت، ئەوە بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ڕێکەوتی (١-١-١٩٤٤).

**تێبینی:** ئەگەر بەپێی ئەو ڕێنووسەی مامۆستا لە نیوە بەیتەکەدا هێناویەتی لێکی بدەینەوە، ئەوە وشەی (نووری) کە دوو (واو)ی بۆ دانراوە و دەبێ ساڵەکە

بکاتە ساڵی (١٣٦٩)ی کۆچی، بەم پێیە ئەو ساڵەی مامۆستا دایناوە، هەڵە دەردەچێت، هەروەها ئەگەر بەپێی ڕێنووسی کۆنی کوردی ئەژماری بۆ بکەین و وشەی (نوری) بەم شێوە بنووسین، ئەوە ئەو ساڵەی مامۆستا دایناوە بەرانبەر دەردەچن و هیچ هەڵەیەکی تێدا نابێت.

لە دوای ئەم بەیتەوە بێخود بەیتێکی دی لە کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریمدا دەنووسێت و دەڵێت:

**لە ساڵی فەوتی شێخ (عبدالکریم)ا**

**«مرصع کە أویش یا رەب قصووری»** (١٦)

مامۆستا بە پەراوێزی ژمارە (٣) دەڵێت: نیوەی شیعری دووهەم لە سەر شێوەی نووسینی کۆنی کوردی بە حیسابی ئەبجەد ساڵی کۆچی دوایی شێخ (عبدالکریم)ـە کە دەکاتە ١٣٦١ی هیجری، ئێمەش بۆ لێکدانەوەی ئەم نیوە بەیتە بە شێوەی ڕێنووسی کۆن، بەم شێوەیە لێکمان دایەوە:

مرصع= ٤٠+٢٠٠+٩٠+٧٠= ٤٠٠

کە= ٢٠+٥= ٢٥

أویش= ١+٦+١٠+٣٠٠= ٣١٧

یارب= ١٠+١+٢٠٠+٢=٥+٢١٨

قصوری= ١٠٠+٩٠+٦+٢٠٠+١٠= ٤٠٦

٤٠٠+٢٥+٣١٧+٢١٨+٤٠٦= ١٣٦٦ی کۆچی.

ئەگەر بێتو مامۆستا شێوەی نووسینی کۆنی کوردی نیوە بەیتەکەی بخستایەتە ڕوو، ئەوە مێژووەکەمان بە ڕوونی بۆ دەردەچوو، بەڵام دەبێ نووسینەکە بەم شێوە بێت: (مرصع کأویش یارب قصوری)، وشەی (کە أویش) بکرێتە (کأویش)، لێرەدا (٥) ساڵ کەم دەبێتەوە، واتە: لە ساڵی (١٣٦٦)ـەوە دەبێتە ساڵی (١٣٦١) و بەم شێوەیە ساڵەکە بەرانبەر ئەو ساڵە دەردەچێت کە مامۆستا ئاماژەی پێ کردووە. لێکدانەوەی ساڵەکەش بەم شێوەی لێ دێت:

مرصع= ٤٠+٢٠٠+٩٠+٧٠= ٤٠٠

کأویش= ٢٠+١+٦+١٠+٣٠٠= ٣٣٧

یارب= ١٠+١+٢٠٠+٢=٥+٢١٨

قصوری= ١٠٠+٩٠+٦+٢٠٠+١٠= ٤٠٦

٤٠٠+٣٣٧+٢١٨+٤٠٦= ١٣٦١ی کۆچی. ساڵی کۆچییەکەش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٤٢)ی زایینی، ئەگەر ئەم هۆنراوە لە ڕێکەوتی (١ تا ٢٣-١٢-١٣٦١)ی کۆچی نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی (١/٣١-١٢-١٩٤٢)ی زایینی، دوابەدوای (٢٣-١٢-١٣٦١)ی کۆچی، واتە (٢٤)ی مانگ دەکاتە (١-١-١٩٤٣)ی زایینی.

بێخود ئەم جارەیان بە بۆنەی لە دایکبوونی ئەحمەد تەوفیق ناوێکە لە کۆتایی پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

**لە دنیا و لە عوقبادا ئیلاهی**

**«بە صاحب مال جاە ثروتی کەی»** (١٧)

بە= ٢+٥= ٧

صاحب= ٩٠+١+٨+٢= ١٠١

مال= ٤٠+١+٣٠= ٧١

جاە= ٣+١+٥= ٩

ثروتی= ٥٠٠+٢٠٠+٦+٤٠٠+١٠= ١١١٦

کەی= ٢٠+٥+١٠= ٣٥

٧+١٠١+٧١+٩+١١١٦+٣٥= ١٣٣٩ی کۆچی، ئەم ساڵە بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٢٠)، ساڵە کۆچییەکەش هاوتاشە بەو ساڵەی مامۆستا هێناویەتی و هیچ هەڵە و کەموکورتییەکی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەم هۆنراوە لە ڕێکەوتی (٢٠-٤-١٣٣٩)ی کۆچیدا نووسرابێت، ئەوە دەکاتە (٣١-١٢-١٩٢٠)ی زایینی، بەڵام بە ڕۆژێک دوای ئەو ڕێکەوتە، واتە: ڕێکەوتی (٢١-٤-١٣٣٩)ی کۆچی دەکاتە ڕێکەوتی (١-١-١٩٢١)، بەم پێیە لە ڕۆژی (١-١-١٣٣٩)ـەوە تا (٢٠-٤-١٣٣٩) دەکەوێتە ساڵی (١٩٢٠)ـەوە و دوای ئەم ڕێکەوتەش دەکەوێتە ساڵی تازەوە.

هەروەها بێخود لە بەیتێکی تریدا دەڵێت:

**"وەتەن (بێخود وەکوو ئەولادەکانی بۆچ نەناڵێنێ"**

**"مدیری دائیرەی بەرزی معارف زی نشان ڕۆیی"** (١٨)

مامۆستا لە پەراوێزی ئەم بەیتەدا دەڵێت: (ئەم پارچەیە لە لاواندنەوەی بەڕێوەبەری مەعاریفی سلێمانی (موستەفا مەزهەر) دا وتراوە کە لە ساڵی ١٣٦٥ی هیجریدا کۆچی دوایی کردووە و ساڵی مردنی بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە حەرفە بێ نوختەکانی دوا شیعری ئەم پارچەیە، بەو شێوە نووسینەی کە پێی نووسراوەتەوە، لە سەر ئەوە کە (ی)ـەکانی هەموو بە بێ (نوختە) دابنرێن و یەک (ی) بۆ (ڕۆیی) دابنرێ).

مدیری= ٤٠+٤+٢٠٠+١٠= ٢٥٤

دائیرەی= ٤+١+١+٢٠٠+٥+١٠= ٢٢١

بـەرزی= ٥+٢٠٠+١٠= ٢١٥

معارف= ٤٠+٧٠+١+٢٠٠= ٣١١

زی نشان= ١٠+١= ١١

ڕۆی= ٢٠٠+٦+١٠= ٢١٦

٢٥٤+٢٢١+٢١٥+٣١١+١١+٢١٦=١٢٢٨ی

کۆچی، کەچی مامۆستا دەڵێت دەکاتە ساڵی ١٣٦٥ی کۆچی. ئەگەر حیساب بۆ (ی) ناوەڕاستی وشەی (مدیری) بکەین لەگەڵ (ی) ناوەڕاستی وشەی (دائیرەی)، ئەوە (٢٠) ساڵ دەکات، ئەگەر ئەو (٢٠) ساڵەش بخەینە سەری ئەوە دەکاتە ساڵی (١٢٢٨+٢٠=١٢٤٨)، کەواتە ئەو ساڵەی مامۆستا نووسیویەتی هەڵەیە. لە ڕاستیدا هەرچی لێکدانەوەم بۆ ئەم ساڵە کرد لەوە زیاتر بۆم ساغ نەکرایەوە، هەرچی لێکمدایەوە هەر هەڵە بوو.

بێخود لە هۆنراوەیەکی کەیدا کە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە دیوانەکەیدا هێناویەتی و لە لاپەڕە (١٤٩) دا هاتووە، مامۆستا پەراوێزی ژمارە (١)ی بۆ داناوە و دەڵێت: (ئەم پارچەیە بەبۆنەی کوژرانی ئەحمەد حاجی ڕەحیم)ـەوە وتراوە، کە لە "بەغدا" لە ڕاپەڕینەکەی (تەشرین)ی ١٩٥٢ دا شەهید کرا. نیوە شیعری دوایی مێژووی شەهید کردنیەتی بە ساڵی هیجری: ١٣٧١).

ئەو بەیتەش کە بێخود لە کۆچی دوایی ئەحمەدی حاجی ڕەحیمدا نووسیویەتی دەڵێت:

**تەئریخی کۆچی موعجەمی ئەم شەترە کافییە...**

**"لاوێکی بەرزی وا لە غەریبی شەهید کرا"**(١٩)

ئێمە سەرەتا هەموو پیتەکانی ئەم نیوە بەیتەی دووەممان لێکدایەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری دەرکرد، دوای لێکدانەوەیەکی زۆر، بەو ئامانجە گەیشتم کە دەبێ هەرچی پیتە نوختەدارەکانی ئەم نیوە بەیتی دووەمە هەیە ئەژمار بکەین، هەرچی پیتی (ی)یش هەیە بە پیتی نوختەدار حیساب بکەین، دەبێ ئەوەش بڵێم کە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ئاماژەی بەوە نەکردووە کە دەبێ پیتە نوختەدارەکانی ئەم نیوە بەیتە لێکبدەینەوە و ڕوونی نەکردووەتەوە بۆ خوێنەر کە لێکدانەوەکە چۆنە و چۆنیش ئەژماری ساڵەکەی کردووە و دەری هێناوە، ئێمەش دوای لێکدانەوەیەکی زۆر بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیمانەوە و دەیخەینە ڕوو:

ی١٠+ی١٠+ب٢+ز٧+ی١٠+غ١٠٠٠+ی١٠+ب٢

+ی١٠+ش٣٠٠+ی١٠= ١٣٧١ی کۆچی، ئەم ساڵەش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٥١-١٩٥٢)، ئەگەر ئەم ساڵە کە بێخود هێناویەتی لە ڕێکەوتی (٣-٤-١٣٧١)ی کۆچیدا نووسیبێتی، ئەوە دەکاتە (١-١-١٩٥٢)، ئەگەر بێخودی شاعیر لەماوەی ئەو سێ، یان چوار مانگەی پێشوودا نووسیبێتی، ئەوە ناکاتە ساڵی (١٩٥٢) ئەگەر دواتر نووسیبێتی، ئەوە ئەو مێژووەی مامۆستا بە زایینی دایناوە، ڕاستە.

لە هەمان لاپەڕەدا و لە بەیتێکی دیکەیدا بێخود دەڵێت:

بەدەم سەباوە برا کردووانە (بێخود) ئەڵێ:

**"لە خاکی نزمی فناطەییە سەطحی بەرزی بقا"**(٢٠)

لە خاکی= ٣٠+٥+٦٠٠+١+٢٠+١٠= ٦٦٦

نزمی= ٥٠+٧+٤٠+١٠= ١٠٧

فناطەییە= ٨٠+٥٠+١+٢٠+٥+١٠+١٠+٥= ١٨١

سەطحی= ٦٠+٥+٩+٨+١٠= ٩٢

بەرزی= ٢+٥+٢٠٠+٧+١٠= ٢٢٤

بقا= ٢+١٠٠+١= ١٠٣

٦٦٦+١٠٧+١٨١+٩٢+٢٢٤+١٠٣= ١٣٧٣ی کۆچی، بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٥٣-١٩٥٤)، ئەگەر لە ڕێکەوتی (٢٥-٤-١٣٧٣)ی کۆچیدا نووسیبێت، ئەوە دەکاتە ڕێکەوتی (١-١-١٩٥٤)ی زایینی، ئەگەر لە پێش ئەو ڕێکەوتە کۆچییەش نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٥٣)ی زایینی.

هەروەها بێخود لێرەدا جوانکارییەکی زۆر جوان و بەرزی کردووە، وشەی (فناطەییە) کە دەبێ بە (فەناطەییە) بخوێنرێتەوە، ئەو کاتە (٥) ساڵ زیاد دەکات، جگە لەوەش وشەی (سەطحی)ی عەرەبی ئەگەر بە کوردی بنووسرێت، ئەوە پیتی (ط)ـەکە لە زمانی کوردیدا نییە و بە (ت) دەنووسرێت، ئەوکاتە ژمارەی پیتەکە لە (٩)وە دەگۆڕێت بۆ (٤٠٠)، بەم شێوەیش ساڵەکە بە هەڵە دەردەچوو، لە وشەی (بقا)ش هەروەها...

لە لاپەڕە (١٥١)یشدا دیسانەوە بێخود لە بەیتێکی دیکەیدا باسی ساڵی لە دایکبوونی محەمەد جەلالی کوڕی مەلا محەمەد سەعیدی حاجی مەلا ئەحمەدی

دێلێژەیی دەکات... مامۆستا لە لێکدانەوەی ئەو نیوە بەیتەدا دەڵێت: (ساڵی ١٣٥٨ی کۆچیدا لە دایک بووە)، ئێمەش بۆ لێکدانەوەی ئەم ساڵە پەنامان بردووەتە بەر لێکدانەوەی بەیتەکە بەپێی پیتەکانی حیسابی ئەبجەدی و بەم شێوەیە لێکمان داوەتەوە، سەرەتا بەیتەکە دەخەینە ڕوو، دواتریش وشەکانیش لێک دەدەینەوە:

جوابی داوە، بەرەو قیبلە دەستی هەڵبڕی، فەرمووی:

**"بدەی دەوامی الهی لەسر سریر دیانت"**(٢١)

بدەی= ٢+٤+٥+١٠= ٢١

دەوامی= ٤+٥+٦+١+٤٠+١٠= ٦٦

الهی= ١+٣٠+٥+١٠= ٤٦

لەسر=٣٠+٥+٦٠+٢٠٠= ٢٩٥

سریر= ٦٠+٢٠٠+١٠+٢٠٠= ٤٧٠

دیانت= ٤+١٠+١+٥٠+٤٠٠= ٤٦٥

٢١+٦٦+٤٦+٢٩٥+٤٧٠+٤٦٥= ١٣٦٣ی کۆچی، کەچی مامۆستا دەڵێت: دەکاتە ساڵی (١٣٥٨)ی کۆچی، ڕاستییەکەی ئەمە بەپێی ئەو بەیتەی کە مامۆستا خستوویەتییە نێو دوو کەوانەوە، بەڵام ئەگەر وشەی (لەسر) بکەینە (لسر) و گوێ بە بڕگەی شیعرییەکە نەدەین، ئەوە (٥) ساڵ کەم دەکاتەوە، واتە: ساڵی (١٣٦٣-٥= ١٣٥٨)، ئەمەش ڕێک دەکاتە ئەو ساڵەی کە مامۆستا ئاماژەی پێ کردووە، ساڵی ١٣٥٨ی کۆچیش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٣٩)، بەو مەرجەی ئەم هۆنراوە لە (١-١ تا ٢٠-١١-١٣٥٨)ی کۆچی بەرانبەر بەزایینی دەوەستێتەوە (٣١-١٣-١٩٣٩)، لە (٢١-١١-١٣٥٨)ی کۆچییەوە دەچێتە ناو ساڵی زایینی و دەکاتە (١-١-١٩٤٠)ی زایینی.

لە هۆنراوەیەکی دیکەی بێخوددا هاتووە و دەڵێت:

**ئەگەر دیققەت بکەی لەم میسرەعی تەئریخە، ئەیزانی**

**"لەبیبی بۆتە میوانت کە ارامی دڵ و جانە"**(٢٢)

بێخود لەم بەیتەدا باس لە ساڵی وەفاتی شێخ عەزیزی کوڕی شێخ ساڵەحی حاجی شێخ غەنی دەکات و بە ساڵی ١٣٥٥ی کۆچی لە قەڵەمی دەدات، ئێمەش ویستمان ڕوونی بکەینەوە بۆ خوێنەر و ڕاستی و دروستی بابەتەکە بخەینە ڕوو، بۆیە بە باشمان زانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:

لەبیبی= ٣٠+٥+٢+١٠+٢+١٠= ٥٩

بۆتە= ٢+٦+٤٠٠+٥= ٤١٣

میوانت= ٤٠+١٠+٦+١+٥٠+٤٠٠= ٥٠٧

کە= ٢٠+٥= ٢٥

ارامی= ١+٢٠٠+١+٤٠+١٠= ٢٥٢

دڵ و جانە= ٤+٣٠+٦+٣+١+٥٠+٥= ٩٩

٥٩ + ٤١٣ +٥٠٧ + ٢٥ + ٢٥٢ + ٩٩ = ١٣٥٥ی کۆچی، ئەگەر وشەی (ارامی) بە (ئارامی) بنووسرێت، ئەوە ساڵێک دەڕواتە سەر ساڵەکە، بەڵام دەبێ کێش و بڕگەی شیعرەکە لە بەرچاو بگرین، ئەم ساڵەش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٣٦)، بەو مەرجەی لە ڕێکەوتی (١ تا ١٧-١٠-١٣٥٥)ی کۆچیی دەکاتە (١ تا ٣١-١٢-١٩٣٦)ی زایینی، دوابەدوای ئەو ڕێکەوتە کۆچییە، واتە: (١٨-١٠-١٣٥٥)ـەوە ڕێکەوتەکە دەکاتە (١-١-١٩٣٧)ی زایینی.

دیسانەوە لە هۆنراوەیەکی تریدا بێخود دەڵێت:

بۆ ساڵی وەفات و ریحلەتی (بێخود) ئەڵێ:

**"صەدرێکە لە خانەدانی قازانقایە"**(٢٣)

صەدرێکە= ٩٠+٥+٤+٢٠٠+١٠+٢٠+٥= ٣٣٤

لە= ٣٠+٥= ٣٥

خانەدانی= ٦٠٠+١+٥٠+٥+٤+١+٥٠+١٠= ٧٢١

قازانقایە= ١٠٠+١+٧+١+٥٠+١٠٠+١+١٠+٥= ٢٧٥

٣٣٤+٣٥+٧٢١+٢٧٥= ١٣٦٥ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٠٤٥-١٩٤٦)، ئەگەر ئەم هۆنراوە لە ڕێکەوتی (١-١-١٣٦٥)ـەوە تا (٢٦-١-١٣٦٥)ی کۆچی نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٤٥)ی زایینی، بەڵام لە دوای ئەم ڕێکەوتەوە دەکاتە ساڵی (١٩٤٦)ی زایینی.

دیسانەوە بێخود دەڵێت:

**لە بێخود ویستیان بۆ کۆچی شێخ ئەحمەد لەقەب موختار**

**بە هیجریش ساڵی تەئریخی بڵێ ئەو پیری وەستایە**

**ئەویش فوجئی لە تەئسیراتی خەرقی عادەتی مەرحووم**

**بە حەرفی جەوهەری نووسی کە "قاضی جنت ارایە"**(٢٤)

به حەرفی= ٢+٥+٨+٥+٢٠٠+٨٠+١٠= ٣١٠
جەوهەری= ٣+٥+٦+٥+٥+٢٠٠+١٠= ٢٣٤
نووسی= ٥٠+٦+٦+٦٠+١٠= ١٣٢
کە= ٣٠+٥= ٣٥
قاچی= ١٠٠+١+٨٠٠+١٠= ٩١١
جنت= ٣+٥٠+٤٠٠= ٤٥٣
ارایە= ١+٢٠٠+١+١٠+٥= ٢١٧
٣١٠+٢٣٤+١٣٢+٣٥+٩١١+٤٥٣+٢١٧= ٢٢٩٢

بەڵام ئەگەر تەنیا وشەی ناو کەوانەکە لێک بدەینەوە کە ((قاضی جنت ارایە)):
قاچی= ١٠٠+١+٨٠٠+١٠= ٩١١
جنت= ٣+٥٠+٤٠٠= ٤٥٣
ارایە= ١+٢٠٠+١+١٠+٥= ٢١٧
٩١١+٤٥٣+٢١٧= ١٥٨١ ئەمەش ساڵەکەمان بۆ دەستنیشان ناکات، دەبێ حەرفە نوختەدارەکان ئەژمار بکەین:

ق١٠٠+چ٨٠٠+ی١٠+ج٣+ن٥٠+ت٤٠٠+ی١٠= ١٣٧٣ی کۆچی، بەم شێوەیە ساڵەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ساڵی ١٣٧٣ی کۆچیش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەبێ لە (٢٥-٤-١٣٧٣)ی کۆچییەوە دەکەوێتە ناو ساڵی زایینی و دەکاتە ساڵی (١٩٥٤). حەرفی جەوهەریش واتە: حەرفە نوختەدارەکانی ناو کەوانەکە.

لە شیعریکی تریدا بێخود دەڵێت:

**تەئریخی موجەوهەری ویداعی قازی:**

**"تأریخی مجوهری وداعی قاضی"**(٢٥)

هەموو پیتە نوختەدارەکانی نیوە بەیتی دووەم ئەژمار دەکرێت:

(ت٤٠٠+ی١٠+خ٦٠٠+ی١٠+ج٣+ی١٠+ی١٠ +ق١٠٠+چ٨٠٠+ی١٠= ١٩٥٣)ی زایینی دەکات، ئەم جارەیان بێخود پێچەوانەی کارەکانی تری ئەم هەنگاوەی ناوە و ساڵەکەی بە زایینی داناوە، ئەم ساڵەش بەرانبەر بە ساڵی کۆچی ساڵی (١٣٧٢-١٣٧٣) دەکات، ئەگەر لە ڕێکەوتی (١-١-١٩٥٣)ەوە تا (٩-٩-١٩٥٣) ئەم هۆنراوە نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٣٧٢)ی کۆچی، بەڵام بە ڕۆژێک دوای ئەم ڕێکەوتە، واتە: ڕۆژی (١٠-٩-١٩٥٣)، ئەوە دەکاتە ساڵی (١-١-١٣٧٣)ی کۆچی.

ئەم هۆنراوە و هۆنراوەکەی پێشوو بەپێی یەک دوو بەڵگە لەناو شیعرەکاندا بۆ یەک کەس نووسراون، ئەویش ئەوەیە:

١- لە شیعری یەکەمدا دەڵێ بۆ کۆچکردوو، لە شیعری دووەمیشدا دەڵێ بۆ ڕۆشتنی، یان مردنی.

٢- لە شیعری یەکەم و دووەمیشدا هەر دەڵێت بۆ (قازی).

٣- لە شیعری یەکەمدا دەڵێ با تەئریخی هیجریش بنووسین، ئەم شیعرەیان ساڵەکەی هیجرییە، بەڵام لە شیعری دووەمدا ساڵی زایینییە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە شاعیر خۆی ئەم دوو شیعرەی بە دوو شێوە بۆ شێخ ئەحمەدی قازی کە نازناوی موختار بووە، نووسیوە.

٤- هەروەها لە هەردوو شیعرەکەشدا دەڵێت پیتە موجەوهەرییەکان، ئەمەش بەڵگەیەکی تری حاشاهەڵنەگرە.

لە بەیتێکی تریدا بێخود دەڵێت:

**"کاک امین زادە عزیز هموکەس کاکە حمە**
**رب عفوی کە بە اعجاز رسول مدنی"**(٢٦)

رب= ٢٠٠+٢= ٢٠٢
عفوی= ٧٠+٨٠+٦+١٠= ١٦٦
کە بە= ٢٠+٥+٢+٥= ٣٢
اعجاز= ١+٧٠+٣+١+٧= ٨٢
رسول= ٢٠٠+٦٠+٦+٣٠= ٢٩٦
مدنی= ٤٠+٤+٥٠+١٠= ١٠٤
٢٠٢+١٦٦+٣٢+٨٢+٢٩٦+١٠٤= ٨٨٢ کەچی مامۆستا دەڵێت: (ئەم پارچەیە بۆ مێژووی کاکە حەمەی ئەمینی عەتتار وتراوە. کە لە ساڵی ١٣٧٠ی هیجریدا کۆچی دوایی کردووە و ساڵی مردنی بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە شیعری دووەم بەو شێوەیە کە نووسراوەتەوە).

ئەگەر هەردوو نیوە بەیتەکە پێکەوە لێک بدەینەوە، نیوە بەیتی دووەم دەکاتە (٨٨٢)، بزانین نیوە بەیتی یەکەم دەکاتە چەند؟

کاک= ٢٠+١+٢٠= ٤١
امین= ١+٤٠+١٠+٥٠= ١٠١
زادە= ٧+١+٤+٥= ١٧
عزیز= ٧٠+٧+١٠+٧= ٩٤
هموکەس= ٥+٤٠+٦+٢٠+٥+٦٠= ١٣٦
کاکە= ٢٠+١+٢٠= ٤١

حمه= ٨+ ٤٠+٥= ٥٣

٤١+١٠١+١٧+٩٤+١٣٦+٤١+٥٣= ٤٨٣

٤٨٣+٨٨٢= ١٣٦٥ی کۆچی، کەچی مامۆستا لە پەراوێزدا نووسیویەتی دەکاتە ساڵی ١٣٧٠ی کۆچی، ساڵی ١٣٦٥ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٤٥-١٩٤٦)، ئەگەر لە ڕێکەوتی (١-١-١٣٦٥)ەوە تا (٢٦-١-١٣٦٥) ئەم هۆنراوە نووسرابێت، ئەوە ساڵی (١٣٦٥=١٩٤٥)، ئەگەر لە ڕێکەوتی (٢٧-١-١٣٦٥) بەولاوە هۆنراوەکە نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٤٦)ی زایینی.

دیسانەوە بێخود لە بەیتێکی دیکەیدا کە بۆ وەفاتی قالەی تۆفیق ئاغا نووسیویەتی، دەڵێت:

**لە (بێخود) پرسیان ساڵی وەفاتی، چونکە تیفۆی بوو وتی: نووسیومە (قالەء تۆفیق اغا) بێ (عرق) ڕۆیی**(٢٧)

قالەء= ١٠٠+١+٣٠+٥+١٠= ١٤٦

تۆفیق= ٤٠٠+٦+٨٠+١٠+١٠٠= ٥٩٦

اغا= ١+١٠٠٠+١= ١٠٠٢

١٤٦+٥٩٦+١٠٠٢= ١٧٤٤

تێبینی: لێرەدا دەبێ وشەی (عرق)ی لێ دەربکەین، چونکە لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عارەقی کردووە، کاتێک کەسێک کە نەخۆشی گرانەتا دەگرێت، ئەگەر عارەقی کرد ئەوە چاک دەبێتەوە. وشەی عارەقیش بەرامبەر بە ژمارەی حیسابی ئەبجەدی، بەم شێوەیە: (ع٧٠+ر٢٠٠+ق١٠٠= ٣٧٠).

١٧٤٤-٣٧٠= ١٣٧٤ی کۆچی.

لێرەدا ئێمە پیتی (ء)ەکە حسابمان بۆ کردووە، ئەم پیتە لە زمانی عەرەبیدا و لە دەستنووسەکاندا لە کۆتایی وشەوە حیسابی پیتی (ی) بۆ دەکرێت، بۆیە ئێمەش حیسابمان بۆ کردووە، ئەگەر ئەژماری بکەین، ئەوە (١٠) ساڵ دەچێتە سەر ساڵەکە، مامۆستا دەڵێت: دەکاتە ساڵی ١٣٦٤ی کۆچی، لێرەدا دەکاتە ساڵی ١٣٧٤ی کۆچی، ئەگەر ئەژماری نەکەین، ئەوە ئەو ساڵەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دایناوە، دروست دەردەچێت و هیچ کەموکورتییەکی تێدا نابینرێت، ساڵی ١٣٦٤ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٤٤-١٩٤٥)، ئەگەر لە ڕێکەوتی (١-١-١٣٦٤)ەوە تا (١٥-١-١٣٦٤) ئەم هۆنراوە نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی ١٩٤٤، ئەگەر لە ڕێکەوتی (١٦-١-١٣٦٤)ەوە نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی.

ساڵی ١٣٧٤ی کۆچیش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٥٤-١٩٥٥)، ئەگەر لە ڕێکەوتی (١-١-١٣٧٤)ەوە تا (٥-٥-١٣٧٤) نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٥٤)ی زایینی، ئەگەر لە (٦-٥-١٣٧٤) بەولاوە نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی.

لە لاپەڕە (١٦٦)ی دیوانەکەدا بێخود باسی ساڵی ژن هێنانی جەمالی کوڕی خوالێخۆشبوو ئەحمەد فەهمی ئەفەندی دەکات و دەڵێت:

**جەمال فەهمی کە ساڵۆی زەفافی پڕ تەدارەک بوو (بحمدالله) بە تەئریخ "کاری خێری لێ موبارەک بو"**(٢٨)

کاری= ٢٠+١+٢٠٠+١٠= ٢٣١

خێری= ٦٠٠+١٠+٢٠٠+١٠= ٨٢٠

لێ= ٣٠+١٠= ٤٠

موبارەک= ٤٠+٦+٢+١+٢٠٠+٥+٢٠= ٢٧٤

بوو= ٢+٦= ٨

٢٣١+٨٢٠+٤٠+٢٧٤+٨= ١٣٧٣ی کۆچی، ئەمەش بەو مەرجەی کە مامۆستا خۆی وشەکەی خستووەتە ناو کەوانەوە، ئەگەر وشەی (بوو)ی کۆتایی بە دوو (وو) حیساب بکەین دەکاتە ساڵی ١٣٧٩، بەڵام ئەگەر بە یەک (و) ئەژماری بکەین، ئەوە دەکاتە ساڵی ١٣٧٣ی کۆچی و هیچ هەڵە و کەموکورتییەکی تێدا نابێت، ساڵی ١٣٧٣ی کۆچیش بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ساڵی (١٩٥٣-١٩٥٤)، ئەگەر لە ڕێکەوتی (١-١-١٣٧٣)ەوە تا (٢٤-٤-١٣٧٣)ی کۆچی ئەم هۆنراوە نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی (١٩٥٣)ی زایینی، ئەگەریش دواتر نووسرابێت، ئەوە دەکاتە ساڵی ١٩٥٤ی زایینی.

سەرچاوەکان:

١- دیوانی بێخود: کۆکردنەوە و ڕێکخستن و لە سەر نووسینی- محەمەدی مەلا عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکردنەوەی کوردستان انتشارات کردستان، ساڵی ١٣٨٦، (لا- ١٤).

تێبینی: ئەم دیوانە چاپی یەکەم نییە، بەڵکو چاپخانەکە بە حەز و ئارەزووی خۆی نووسیویەتی چاپی یەکەم، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم پێشتر ئەم دیوانەی چاپ کردووە، دواتر چاپخانەی کوردستان چاپیان کردووەتەوە، بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەوەیە شیعرە فارسییەکانی تێدا نییە، هەڵبەتە من دیوانە چاپکراوە کۆنەکەم دیوە، بەڵام لە بەردەستمدا نەبوو تا بەراوردێکی وردی بکەم، ئەم دیوانەش کە چاپخانەی کوردستان کردوویەتی، هیچ شیعرێکی فارسی تێدا نییە، من لەبەر ڕۆشنایی دەستنووسی مەلا ئەحمەدی دەککەییدا چەند پارچە شیعرێکی بێخودم بە کوردی و فارسی دییەوە و مامۆستا حەمە بۆریش لە فەهرەستی کەشکۆڵەکەدا نووسیویەتی ئەمانە بڵاوکراونەتەوە، هەرچیش بڵاو نەکرابێتەوە، ئاماژەی پێداوە کە بڵاو نەکراوەتەوە، کاتێک کە دیوانە کۆنەکەشم دەستکەوت، چاپێکی نوێی بۆ کرابووەوە لە سەر ئەو نووسینەی مامۆستا کە کاتی خۆی چاپی کرد بوو، هەرچی شیعرە فارسییەکانیش هەبوو تێیدایە، بەڵام من تەنیا سوودم لە شیعرە کوردییەکان وەرگرتووە.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٣).

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٢٤).

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٢).

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٦).

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٧).

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٣٨-٣٩).

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٤٢).

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٦١).

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٨١ و ٨٢).

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٢ و ٨٣).

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(٨٩).

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١١١).

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١١٦).

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٢٤).

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٢٤).

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٣٦).

١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٣٩).

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٤٩).

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٤٩).

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٥١).

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٥٩).

٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦٠).

٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦٠).

٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦٢).

٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦٤).

٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦٥).

٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٦٦).

# چەمکەکانی (عەشق، تەنیایی، گومان) لەنێو شیعرەکانی سارا تیسدەیل (١٨٨٤ - ١٩٣٣)

نالە حەسەن
(کەنەدا)

## عەشق

سارا تیسدەیل یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەمریکا، شاعیرێکی لیریکییە و شیعرەکانی پڕن لە هەستی ئەڤینی و ڕەنگە جوانەکانی سروشت و هەستە خەمناکەکانی تەنیایی و زۆر چەمکی تر، کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەبوو، لە هەمان کاتیشدا بە شاعیری عەشق ناسرابوو، سارا یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی هەمیشە بە خەیاڵی ڕۆمانسییەوە شیعری نووسیوە، هەموو شیعرەکانی بە ڕەنگەکانی عەشق ڕەنگ کردوون، لای سارا ئەگەر عەشق پەیکەرێک بێت ئەم بە هەناسەکانی عەشق ڕوحیان دەکاتە بەر، یان شیعر وەک باڵەخانەیەک بێت، ئەم هەموو کۆڵەگە و دینگەکانی لە عەشق بنیاد دەنێت. بەمانایەک، لای ئەو هەموو ڕێگاکان دەچوونەوە بانە! بەمانای، شیعرەکەی لەسەر هەر بابەتێک بووایە، ئەم لەگەڵ عەشق تێکهەڵکێشی دەکردەوە، بە دیوێکی تردا، عەشق بۆ ئەو ڕووبارێک بوو، سەرچاوەی هەموو جۆگەلە و کانیاوەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی بوو.

سارا ئەو ژنە شاعیرە بوو، کە زۆرترین خەم و میحنەتەکانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسییەوە، هەموو کونج و کەلەبەرەکانی، هەموو نهێنی و خەونەکانی، هەموو ئازار و لاوکەکانی، وەک تابلۆیەکی ڕەنگین و ڕۆشن لەنێو شیعرەکانیدا دەبینرێن، کەسێکە لە هەموو شاعیرێک زێتر خۆی نووسیوەتەوە، ڕاستە بە ستایلێکی لیریکی نووسیویەتی، بەڵام لە ڕووی ئێستێتیکی و زمانەوە شیعرەکانی لە ئاستێکی باڵای داهێناندا بوون. وشەکانی ناسک و خەیاڵەکانی قووڵ بوون، وەک دوالیزمێک دەستەواژە دژبەیەکەکانی زۆر بەکار دەهێنا، ئەتمۆسفیرێکی هێندە پڕ چێژ و ڕۆمانتیک لە شیعرەکانی هەبوون، زۆر بە خێرایی، خوێنەر و شیعرەکانی تێکەڵاوی یەکتری دەبن. هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو ماسکە لە ڕووی مرۆڤایەتی بکاتەوە، کە بەناوی عەشقەوە جوانییەکانیان دەشێواند، بێ وەفایی و بێ بەڵێنی و دڵڕەقی و ناپاکی ئەڤیندارەکەی، ئازاری بێ وێنەی ڕوحییان داوە، ئەمانە هەمووی لە زۆر لە شیعرەکانیدا بە ڕوونی و ئاشکرا هەستیان پێدەکرێ، سارا شاعیرێک بوو، ئەگەر عەشقیان لێ بسەندبایەوە نەیدەتوانی بنووسێت، هەندێک جار تا ئاستی وەهم باسی عەشق و جوانییەکانی عەشقی دەکرد، لە نێو ئەم خەیاڵە وڕێنەییانەی دەمایەوە، عەشق فراوانترین و بەرینترین ڕووبەر و شوێنی لە نێو شیعرەکانیدا داگیرکردووە، ئەو خەڵاتە شیعرییەی کە لەساڵی ١٩١٨ وەری دەگرێت، بە

هۆی کۆمەڵە شیعرێکەوە بووە بەناوی (گۆرانییەکانی عەشق)، جگە لەم کتێبە شیعرییەی، زۆر لە کۆ شیعرەکانی تری، بەژێر قەڵەمی ڕەخنەگراندا ڕەتبوون و هەوڵەکانیان بە داهێنانی بەرز نرخاندووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٠ بۆ کۆمەڵە شیعری (مەشخەڵ و سێبەر) لە (ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز) ئەم دیوانەی بە (بە ڕووباری لەزەت ناو دەبەن). یان بەم شێوەیە باسی دەکەن کە (ڕێبوارێکە بە پێدەشتی هونەردا دەڕوات و ئومێد و خەمە گەورەکانی بەسەر شانەوەیە!).

سارا تیسدەیل عاشقێکی ماندووە، هەم لەنێو ژیان و هەم لەنێو شیعردا، ئەگەر (مارتن هایدگەر) زمانی شیعر بە (ماڵی بوون) دابنێت، ئەم شاعیرە عاشقەمان زمانی شیعر بە (ماڵی عەشق) دەزانێت، یان خودی شیعر بە (ماڵی عەشق) دادەنێت، لەنێو ئەم ماڵەشدا، لە ڕێی عەشقەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ ژیاندا دیاری دەکات، دەکرێت بۆ ئەم، عەشق ئەم پێکهاتە سیحرییە بێت، یان جۆرە وزەیەک بێت کە هێزی مانەوەی لەنێو ژیاندا پێ دەبەخشێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو هێزەشی پێ دەبەخشێ کە بە هۆیەوە بتوانێت ماڵئاوایی لە ژیان بکات، واتە بیر لە مردن و خۆکوشتن بکاتەوە، یان ژیانی پڕ بکات لە نائومێدی و بێهوودەیی! کە لە بەشەکانی دواتری ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا باسی دەکەین. لەنێو شیعرەکانی سارا تیسدەیلدا، عەشق ئەو چەمکە فراوانە نییە کە هەموو پیرۆزییەکان لەخۆ بگرێت، بۆ نموونە (عەشق بۆ خاک، بۆ نیشتمان، بۆ خوداوەند، بۆ سروشت، بۆ درەخت، بۆ باڵندە... تاد) ئەو ئەم عەشقە قووڵەی کە ڕووبەری هەموو شیعرەکانی داگرتووە بریتییە لە نێوان عەشقی خۆی و ئەڤیندارەکەی، پێوەندی خۆی لەگەڵ بەرانبەرەکەی بەمانای (من و تۆ)، یان (ئێمە) بە مانای عەشقی (من و تۆ)، یان عەشقی (ئێمە). سارا لە شیعری (شەو)دا دەڵێ:

**مانگ بۆ گوڵە زەردەکان دەچەمێتەوە**
**ئاسمانیش هێشتا هەر شینە**
**ئاسمان بۆ مانگ دروست بووە کە بیگرێتە خۆی**
**منیش بۆ تۆ**
**مانگ گوڵێکە بە بێ هەڵم**
**لە ئاسمان دەبریسکێتەوە**
**ئەبەدییەت بۆ ئەوان دروست بووە**



**سارا تیسدەیل**

### شەویش بۆ ئێمە

لەم شیعرەدا، باسی عەشقێکی قووڵمان بۆ دەکات، عەشقێکی ئەبەدی، لەم کورتە شیعرەدا وێنەیەکی زۆر سەرکەوتوومان پیشان دەدات، لەنێو وێنەکەدا پێوەندی بەهێز لە نێوان (مانگ و ئاسمان و / ئەبەدییەت)دا هەیە، هەروەها (عەشق و شەو و / ئێمە). زۆر زانستییانە لە بوون و سروشت دەڕوانێ، باسی بوونێکی ئەبەدیمان بۆ دەکات، بە ئاشکرا پێمان دەڵێ (ئاسمان بۆ مانگ و ئەستێرەکان دروست بووە، ئەم بوونەش بوونێکی ئەبەدییە!) مەبەستیەتی بڵێ (ئاسمان بۆ ئەوە دروست بووە کە تا ئەبەد مانگ بگرێتە باوەش، منیش بۆ تۆ!) بە مانای ئەمیش دەیەوێ تا ئەبەد ئەڤیندارەکەی بگرێتە باوەش. ئەم جۆرە هەستە قووڵە، یان ئەم عەشقە ئەفسووناوییە مەگەر تەنیا لە داستانەکاندا هەبێت. لەم دیمەنەدا، وەک چۆن پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان (ئەبەدییەت و ئاسمان و مانگ)دا هەیە، هەمان پێوەندی لەنێوان (شەو و عەشق)دا نەخشاندووە، هەرچەندە لەم وێنەیەدا دەکرێ دوو خوێندنەوەی بۆ بکەین: یەکەم/ ئەبەدییەت بۆ ئاسمان و مانگ دروست بووە، ئەمە کردارێکی پۆزەتیڤە، واتە دەرەوشانەوەیە، بەڵام شەو بۆ

عـەشـقی ئێـمـە، واتە دیوی تاریکی و ناڕۆشن کـە ئەمـەشـیـان نێگەتیـڤـە، بەڵام ئەم لە پشـتی شـەو مەبەستیەتی دیمەنێکی درەوشاوە و پۆزەتیڤمان پیشان بدات، ئەویش (شەو بۆ عاشقان کاتی چوونە ژووان و دەست لەملانێ و راموسانی و تێکەڵاوبوونە! بە مانای شەویش ئەبەدییەتی عاشقانە!).

یان لە شیعری (کەمتر لە هەور بۆ باران)دا دەڵێت:

**کەمتر لە هەور بۆ باران**
**کەمتر لە هەڵم بۆ رووبار**
**کەمتر لە گوڵ بۆ ڕەشەبا**
**ئەی من بۆ تۆ**

**زێتر لە ئەستێرەکان بۆ شەو**
**زێتر لە باران بۆ درەخت**
**زێتر لە بەهەشت بۆ زەوی**
**تۆ گرینگی بۆ من**

تەمەنی ئەم شیعرە نزیکەی سەد ساڵێک دەبێت، رەنگە زێتریش بێت، بەڵام لە رووی ستایل و زمان و جوانکارییەوە لە ئاستێکی بەرزی داهێناندایە، دیمەنێکی جوانی لە نێوان دوالیزمی (کەمتر و زێتر) نەخشاندووە، هاوکات وەک چۆن هەور بۆ باران پێویستە و دەیەوێت بزانێت خۆی چەندە بۆ ئەو گرینگە، یان پێویستە، خۆی دەزانێت بوونی ئەڤیندارەکەی چەند بۆ ئەو و هونەر گرینگە، زێتر لە ئەستێرەکان بۆ شەو، زێتر لە باران بۆ درەخت، زێتر لە بەهەشت بۆ زەوی. لە زۆربەی شیعرەکانیدا ئەم سووتانە، یان ئەم چەمانەوەیە و کڕنووش بردنەی تێدایە بۆ دڵدارەکەی. لە هەمان کاتیشدا، عەشقەکەی پڕاوپڕە لە پرسیار و پرسیارەکانیشی پڕن لە ترس و گومان، هەمیشە خوازیاری ئەوەیە وەک چۆن ئەم بۆ دڵدارەکەی دەسووتێ، ئەمیش بۆ ئەو بە هەمان شێوە بێت، وەک چۆن دڵدارەکەی بۆ ئەم وەک هەناسە گرینگ و پێویستە، دەیەوێت ئەمیش بۆ ئەو بەم جۆرە بێت، بۆیە هەمیشە لەنێو گومانێکی گەورەدا دەژی.

هەروەها لە شیعری (لێگەڕێ تۆ بی) لە شوێنێکدا دەڵێ:

**ڕۆژێک دێ لەم هەموو بێدەنگییەم تێبگەی**
**کە هەمیشە ئەوەت دەزانی**
**من هێندەم خۆش دەویستی**
**هیچ کەسێکم هێندەی تۆ خۆش نەویستووە!**

سارا عاشقێک بووە بێ ئەندازە دڵدارەکەی خۆی خۆش ویستووە، لەهەمان کاتدا، بێ ئەندازەش بۆی دڵسۆز و بەوەفا بووە، نەیتوانیوە هیچ کەسی وەک ئەم خۆش بوێت، بە هەستێکی مرۆییانە مامەڵەی لەگەڵ عەشقەکەیدا کردووە، ئامادەبووە ژیان و هەموو شتێکی لەپێناو عەشقەکەیدا بکاتە قوربانی لە شیعری (شەونم)دا، هەمان هەست و وەفای مرۆیی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ:

**من خەون بەوەوە دەبینم ئەو هی من بێ**
**من خەون بەوەوە دەبینم ئەو ڕاستی بێت**
**من هەموو دنیاکەی دەپارێزم**
**وەک چۆن گەڵاو گوڵەکان شەونم دەگرنە باوەش**
**هۆ گوڵاڵە تێنووەکە**
**هۆ دڵە بچکۆلانەکە**
**ئاگاداربە**
**پێویست ناکات ئومێدی ئەوە بخوازی**
**سەدان گوڵ بگریتە باوەش**

لێرەدا هەمان ئەو هەستەی پێشووی دووبارە دەکاتەوە، کە خەون بەوەوە دەبینێت دڵدارەکەی ڕاستی بێت و وەهم نەبێت و خەونیش بەوەوە دەبینێت کە بۆ ئەم بێت، بۆ کەسی تر نا، لەگەڵ ئەم ئومێد و خەونە خۆشانەی، دڵە بچکۆلانە و بێگەردەکانیش ئاگادار دەکاتەوە کە خەون بەوەوە نەبینن کە سەدان گوڵ بگرنە باوەش و سەدان گوڵ بۆن بکەن، تەنیا گوڵێک و بەس، ئەویش گوڵێکی ڕاستەقینە، نەک وەهم و خەون.

لە شیعری (فڕین) لە شوێنێکدا دەڵێ:

**ئێمە دوو هەڵۆین**
**بەیەکەوە دەفڕین**
**لەژێر بەهەشتەکانەوە**
**بەسەر چیاکانەوە**
**هەور بە داوامانەوە لوول دەخوات**
**وێنەی ئاسکیمان دەکێشێ**

گوتمان عەشق ئەو هێزەی پێ دەبەخشێ، دەتوانێ ژیان بەجۆرێکی تر ببینێت، تا ئەوپەڕی درەوشانەوە ئومێد بەخش بێت. کەسێکی بە سەلیقە و بەرچاو ڕۆشن بێ و ژیان جوان و ناسک ببینێت، تابلۆکانی ژیان پڕ کات

لەڕەنگە ئاچوغە ناسکەکان، ژیان پڕکات لە سەما و گۆرانی، ئەوەتا عەشق وای لێدەکات بڵێ، (ئێمە دوو هەڵۆین) هەڵۆ لە هەموو کولتوور و زمانێک هێمایە بۆ هێز و توانایی و خۆڕاگری) بەیەکەوە بۆ هەموو شوێنێک دەفڕین (لە ژێر بەهەشتەکانەوە، بەسەر چیاکانەوە، بەنێو بادا، هەوریش هەر بەدوایانەوەیە و وێنەی ناسکی و جوانییان دەکێشێ!) چ خەیاڵێکی ڕۆمانتیک و ڕەنگینە؟ چ ناسک و نەشئەئامێزە ژیان کاتێک دیوە درەوشاوەکەی عەشق دەبینین، کاتێک عەشق دەبێتە کەژاوەیەک لە سەما و خۆرەتاوێک لە ڕووناکی؟

یان لە شیعری (ڕامان)دا دەڵێ:

**ستریفۆن لە بەهار ماچی کردم**
**ڕۆبینیش لە پاییزدا**
**بەڵام کۆڵن تەنیا سەیری دەکردم**
**هەرگیز ماچی نەدەکردم**

**ماچی ستریفۆن لە هەزەلیەتدا ونبوو**
**هی ڕۆبینیش لە یاری**
**بەڵام ماچی نێو چاوەکانی کۆڵن**
**بە ڕۆژ و شەو ڕاویان دەکردم**

لێرەدا هەست ناسکی و خەیاڵپەروەری شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت، قسەیەکی باویش هەیە کە دەڵێن (شاعیر کەسایەتییەکی هەست ناسکە!) دیارە ئەم قسەیە تا ئاستێک ڕاستە، دەکرێ لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین: بۆچی شاعیران لە کەسانی ئاسایی زێتر لە خەیاڵەوە نزیکن و لە خەیاڵدا دەژین؟ ئەمەش بابەتێکی گرینگە و پێوەندی بە خودئاگا و ناخودئاگایی کەسەکە، واتە شاعیرەکەوە هەیە، کە دواتر ڕۆشنتر باسی دەکەین. ئەگەر بڕوانینە ئەم شیعرەی سارا هەمان ئەو ڕاستیانە دەبینین کە ئێستا گوتمان (ستریفۆن لە بەهار ماچی کردووە، ڕۆبین لە پاییزدا، بەڵام کۆڵن هەرگیز ماچی نەکردووە، هەر سەیری کردووە، واتە تەنیا بە خەیاڵ ماچی کردووە، یان تەنیا بە ڕوانین بەمانای تەنیا بە چاو، کەچی ئەم ماچە خەیاڵییە، ئەم ماچە وەهمییە، شەو و ڕۆژ ڕاوی کردووە!) تەواو گیرۆدەی کردووە و کاریگەری لەسەر هەموو دەمارەکانی هەست و سۆزی جێ هێشتووە. لێرەدا ناسکی سارامان بۆ دەردەکەوێت، کە تەنیا بە سەیرکردن و خەیاڵ هەستی بە چ جۆرە ماچێک کردووە، کە لەنێو قووڵترین هەستی خۆشەویستی سەرچاوەی گرتووە! لەهەمان کاتدا تامەزرۆیی و تێنوێتی لێوەکانی ئەو کەسە بۆ ماچ و ئاوێزانبوون و تێکەڵاوبوون دەردەخات.

### تەنیایی

سارا تیسدەیل ژیانێکی پڕ میحنەت و ئازاری هەبووە، تەنیایی ڕووبەرێکی گەورەی لە ژیانیدا داگیر کردووە و کەسێک بووە دەتوانم بڵێم لەنێو تەنیاییدا گەورە بووە. تەمەنی منداڵێتی ئەو پڕ موعانات و نائومێدی بووە، تا تەمەنی نۆ ساڵی لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی، نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە، قۆناغی منداڵێتی سارا بە ڕێگا ئاساییەکاندا تێ نەپەڕیوە، بێ بەش بووە لە چوونە نێو دنیای منداڵان و قوتابخانە و یاری و مومارەسەکردنی خەون و هەستەکانی منداڵی، ئەم منداڵێکی نەخۆش و دابڕاو بووە لە جیهانی ڕەنگینی منداڵان، قۆناغی منداڵێتی ئەو، سەرەتای تێکەڵبوون و ڕووبەڕووبوونەوە بووە لەگەڵ هەستی تەنیایی. سەرەتای چوونە نێو دنیای دابڕان و بیرکردنەوە و خەیاڵ بووە، ژیان لەگەڵ خەون و وەهم، هەرچەندە سارا بە درەنگ وەختەوە دەست دەکات بە خوێندن و دەچێت بۆ قوتابخانە، بەڵام کەسێکە لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان و قورسایی ژیانی کۆڵ نادات و بەدوای ئومێد و خەونەکانی خۆی دەکەوێت. وەک شاعیرێک بە هۆی داهێنانەکانییەوە، زۆر لە دەرگاکان لەبەردەمیدا دەکرێنەوە و دەستی بە زۆر لە ئومێدە جوانەکانیڕا دەگات، بەڵام تەنیایی دەبێت بەشێک لە ژیانی و تا دواچرکەکانی هەناسەدان لێی جیانابێتەوە. سارا لە ساڵی ١٩١٣دا، واتە لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا، عەشقی بە دووڕیانێک دەگات، لە نێوان دوو کەسدا دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێ، لە نێوان شاعیرێک و بزنزمانێک، سارا ئەوکاتە بەپێی بیرکردنەوە و عەقڵی خۆی، بزنزمانەکە هەڵدبژێرێ. لە ساڵی ١٩١٤دا ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵدا پێکدەهێنێ، بەڵام لە ژیانی هاوسەرێتییەکەی سەرکەوتوو نابێت، ژیانێکی پڕ لە کێشە و پڕ لە ناخۆشی بەسەر دەبات. لە ساڵی ١٩٢٩دا، واتە دوای پازدە ساڵ، جیا دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە نێو ماڵی تەنیایی. تەنیا و تەنیا و تەنیا، بە مانایەک تەنیایی لای سارا بە تەنیا تەنیایی جەستە و

ئازاری جەستەیی نییە، تەنیاییەکەی ئەم تەنیاییەکی ڕوحییە، خەم و برینەکانی قووڵ قووڵن، لە ناوەوەن، ئەم لەنێو قووڵایی تەنیاییدا دەژی، تا ئەو ئاستەی کەسەکەی ناوەوەی خۆی هەست بە تەنیایی دەکات، تەنیایی ئەم بۆ ناخودئاگایی شۆڕدەبێتەوە، بەمانایەکی تر، تەنیایی ئەم دەبێتە بەشێک لە ناخودئاگایی. گوتمان شیعر نیشتمان و ماڵی عەشق بوو بۆ سارا، ئەم لەم ماڵەیدا هەمیشە هەستی بە تەنیایی دەکرد، سارا هەر منداڵێتی خۆی لەدەست نەدابوو، بەڵکو گەورەترین و پڕبەهاترین شتی ژیانی لە دەست دابوو، ئەویش عەشق بوو! سارا ١٥ ساڵ لەگەڵ کەسێک ژیا، بەڵام تەنانەت لەم ژیانی هاوسەرێتییەش لەنێو قووڵترین قووڵاییەکانی تەنیاییدا دەژیا، تەنیایی، پێوەندی بە کات و شوێن و سنوور و نیشتمان و ماڵەوە نییە تەنیایی ڕوحی، پێوەندی بە حەز و ئارەزوو و بە خەونەکانەوە هەیە، بەمانایەکی تر، پێوەندی بە ڕووبەری ناخودئاگاییەوە هەیە. سارا لە ماڵەکەی عەشق کەسێکی تەنیا و نامۆ بوو، وەک چۆن عەشق بەسەر سەرجەم شیعرەکانیدا سێبەری کرد بوو، لە نێو ئەم سێبەرەشدا تەنیایی ڕەنگێکی دیار و بەرچاو بوو، پەیکەری شیعرەکانی ئەسمەرتر پێشان دەدا.

هەوڵ دەدەین لە خوارەوە هەست و بیرکردنەوە و کاریگەرییەکانی تەنیایی ئەم شاعیرە ناسکەمان لە نێو شیعرەکانیدا بە چەند نموونەیەک پێشان بدەین.

سارا لە بەشێکی شیعری (من ئەستێرەکان دەناسم) دا دەڵێ:

**بەڵام چاوەکانی تۆ تاریکن بۆ من**
**وەک ئەوەی کە هەمیشە بانگم بکەن**
**من ئەوە نابینم کە خۆشمت بوێ**
**یان هەر هیچ منت خۆش نەویستووە**

**من زۆر شت دەزانم**
**بەڵام ساڵەکان دێن و ڕەت دەبن**
**من پێویستە بمرم ئەوە نەزانم**
**کە ئەو شتەی دەمێکە دەیزانم**

چ هەستێکی تەنیایی کوشندە لەم شیعرەدا هەیە، ناخۆشترین شتێک، تۆ لەگەڵ کەسێک بژی و هەست بکەی ئەم کەسە تۆی خۆش ناوێت، یان هەر تۆی خۆش نەویستووە، یەقین و دڵنیاش بیت لەم هەستەی خۆت، ئەوەیە خەم و ئازاری ڕوحی و تەنیایی ڕوحی. ئەو بە پێویستی دەزانێت بمرێت، بەڵام ئەوە نەبیستێ، یان ئەوە نەزانێت کە کەسێک نییە ببێتە هاودەمی هەست و سۆزەکانی، یان هاودەمی خەم و خەون و خولیاکانی بێت و وەک خۆی خۆشی بوێت و لەم تەنیاییە ڕوحییە ڕزگاری بکات، بەڵام واوەیلا بۆ خۆی، ساڵەکان دێن و ڕەت دەبن. تەمەن دەڕوا و ئەمیش لەنێو ئەم خەیاڵە ئازاربەخشانەدا تابلۆی شیعرەکانی ڕەنگ دەکات و وشەی نێو شیعرەکانی وەک ڕەشەبا بە هاوار دەهێنێ، برینە گەرمەکانی دڵ چەند بەسۆن؟ ئەشکەوتە ڕەشەکانی تەنیایی چەند تاریکن؟ ژیان بەبێ خۆشەویستی نەک هەر تەنیاییەکی ئەبەدییە، بەڵکو مردنێکی لەسەرخۆیە!

لە شیعری (فڕین)یشدا دەڵێت:

**کاتێک یەکێک لە ئێمە دەڕوات**
**لێگەڕێ با ئەوی تر ون نەبێت**

سارا چونکە هەمیشە لەگەڵ کەوتن و دڵشکانەکان گەورە بووە، چونکە لە تەجروبەکانی ژیان و عەشقدا، شکست لەدوای شکستی بینیوە، چونکە کەسێکی هەڵبژاردبوو کە لە بنەڕەتەوە، سوارچاکی نێو خەونەکانی خۆی نەبوو، بۆیە لە هەموو شتێک ترساوە و گومانی لە هەموو شتێک کردووە، وەک دوو هەڵۆ، لەنێو گەرمەی فڕین و گەڕان بە نێو کۆڵانەکانی هەوردا، بڕۆنێ ئەو بیر لە چی دەکاتەوە؟ (کاتێک یەکێک لە ئێمە دەڕوات با ئەویتر ون نەبێت! چونکە لەوە دڵنیایە، ئەویتر هەر خۆبەتی! دڵنیاشە لەوەی هەرچەند لەنێو هەوریشدا بفڕن ئەمان تاسەر بەیەکەوە نابن و ڕێگاکان بۆ درێژماوە تەریب و پێکەوە نابن، لەنێو فڕینیشدا ئەم لە دابڕان و باڵشکان دەترسێ، لە ونبوون و ژیانی تەنیایی دەترسیت! بۆ ئەو تەنیایی لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکە، لەسەر زەوی، لەنێو ئاسمان، لەنێو هەموو وەرز و ساڵەکاندا، تەنیا و تەنیا و تەنیا!

یان لە شیعری (گۆرانی شەو لە ئەمالفی)دا دەڵێت:

**ئاخ دەمتوانی گریانی پێ ببەخشم**
**یان گۆرانی**
**بەڵام ئەو بە درێژایی ژیانم**
**بێدەنگی پێ بەخشیم!**

سارا هەمیشە تەنیا و بێدەنگ بووە، تۆ لەوە گەڕێ، بۆ ماوەی پازدە ساڵێک کەسێک لەگەڵیدا ژیاوە، لەیەک

ماڵ، له یەک ژووری خەوتن، بەڵام ئەو هەمیشە هەستی بە تەنیایی کردووە، پەپوولەکانی هەست و سۆزی ئەو لە باخچەیەکی تر سەمای خۆیانیان کردووە، لەسەر گوڵەکانی نیو دڵی کەسێکی تر نیشتوونەتەوە. ئەو هەمیشە لە ماڵی عەشق بۆ خۆی لەسووچێکدا، بەبێدەنگی لە نێو خەیاڵەکانی تەنیایی ماوەتەوە، لەگەڵ خەون و نائومێدییەکان و وەهمەکانی ژیاوە، ئەم لەنێو هەموو خۆشییەکانی عەشق، لەنێو ئاواز و گۆرانییە بەسۆزەکانی عەشق لەنێو گوڵ و گولزارەکانی عەشق، بەدرێژایی ژیان بێدەنگی پێ بەخشراوە، لە تابلۆ و دیمەنەکانی ژیان، بێدەنگی ڕەنگ و هێڵەکانی تەنیایین، تەنیاییش ماڵێکی هەمیشەیی مردنە!

هەروەها لە شیعری (خەونەکانی دڵم)دا دەڵێت:

**خەونەکانی دڵم، یان بیری گێژەڵووکەییم**
**هیچیان لەگەڵ من نەمانەوە**
**بەڵام بە منداڵی**
**ئارەزوویەکی قووڵم هەبوو بۆ گۆرانی**
**دەکرێ هەرکاتێک بڕۆیت و بەجێم بێڵی**
**منیش مردن بدۆزمەوە، لەوێدا بمێنمەوە**
**یاریم لەگەڵ نۆتەی ئەو شتانە دەکرد**
**کە وەک بارانەکەی دوێنێ، لە بیرکران!**

خەونەکانی دڵی، یان ئومێدە گەورەکانی، یان خەیاڵە جوانەکانی، ئەو شتە پێویست و گرنگانەی کە هەمیشە بیری لێ دەکردنەوە، هەموو ئەو شتانە، لەنێو ماڵەکەی عەشق ئومێدی بۆ دەخواستن، بەڵام هەموویان لەگەڵ بادا ڕۆیشتن، هیچیان لەگەڵ ئەم نەمانەوە. ژیانێک بەم جۆرە بۆ ئەو بە هیچ شێوەیەک جێگایەکی نییە لە نێو ئومێد و خەونەکانی، گەڕان بەدوای مردن و مانەوە لە نێو مردن، بۆ ئەو گەلێک ئارامتر و درەوشاوە و پڕ بایەخترە. ئەو لەگەڵ ئەو شتانە دەژیا و یاری بە نۆتەکانی ئەو خەونانە دەکرد کە ئێستاش لەبیرکراون، وەک بارانەکانی ڕابردوو، بوون بە بەشێک لە ڕابردوو، مرۆڤ کاتێک تەنیا دەبێت، یان لەگەڵ خەمەکانی دەژیت، تروسکاییەکان کزتر و دوورتر دەکەونەوە، یان هەر نابینرێن، سارا سەرتاپای ژیانی بەم شێوەیە ژیا، هەموو شیعرەکانی لەنێو ئەم خەیاڵانە هاتبوونە بوون. دیارە شیعری تری لەم بابەتەی گەلێک زێترن، بەڵام ئێمە هەر بۆ ڕوونکردنەوە ئەم چەند نموونەیەمان باس کرد.

## گومان

سارا تیسدەیل مرۆڤێکی هەست ناسک و شاعیرێک بوو، بەردەوام حیکایەتی عەشق و خەمەکانی خۆی دەنووسییەوە، ماڵی عەشق بۆ ئەو پڕ بوو لە تەنیایی و نائومێدی، یان پڕ بوو لە گومان، هەر وشەیەک، هەر هێمایەک هەڵگری چەندان گومان بوون. سەرچاوەی گومانەکانیش هەم ترس بوون، هەم نیگەرانی، دیارە بە پێی لێکدانەوەی (مارتن هایدگەر) ترس و نیگەرانی جیاوازییەکەیان لەوەدا بوو، ترس سەرچاوەکەی دیار بوو، بۆ نموونە، کاتێک تۆ لە ئاگر دەترسێی، چونکە دەبینی شت دەسووتێنێ، کەچی نیگەرانی جیایە، سەرچاوەکەی دیار نییە، بەڵام هەستی پێ دەکرێ. تۆ سەفەرێک دەکەیت، نیگەرانی ئەوەیت، نازانی دەگەیت، یان نا؟ کە گەیشتی سەرکەوتوو دەبیت، یان نا؟ سارا گومانەکانی هەم ترس بوون، چونکە دەیبینی مرۆڤێک بووەتە شەریکی ژیانی، بەڵام وەک پێویست ئەمی خۆش ناوێت! نیگەرانی ئەوەش بوو، نەیدەزانی ئاییندەی بەرەو کوێ دەڕوات، یان دوای ئەم عەشقە ژیانی چ ئاراستەیەک وەردەگرێ، یان خۆی چی بەسەر دێت؟ چونکە هەمیشە بیرکردنەوە و خەیاڵی مەترسیدار بە بیریدا دەهاتن، زۆر بیری لە مەرگ و مردن دەکردەوە، ژیان هیچ نرخێک و پیرۆزییەکی بۆ ئەو نەمابوو. لە نێو شیعرەکانیدا بۆ ترس و گومانەکان، دەتوانین نموونەی زۆر بهێنینەوە، ئەوەتا لە شیعری (من ئەستێرەکان دەناسم) دەڵێت:

**من ئەوە نابینم کە خۆشمت بوێ**
**یان هەر هیچ منت خۆش نەویستووە**

لێرەدا گومانێکی ئاشکرا دەبینرێ، گومانی ئەوە دەکات ڕەنگە هەر هیچ خۆشی نەویستبێ!) لە بنەڕەتیشدا ئەم گومانە لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، ترس لەوەی خۆی داوەتە دەست عەشقێک کە هیچ خۆشەویستی و لەزەتێکی بۆ ئەم تێدا نییە. لە هەمان کاتیشدا نیگەرانییەکی گەورەش لەپشتی ئەم گومانەوە هەیە، کە نازانێت ئاییندەی بەرەو کوێ دەڕوات، چونکە هەروەک باسمان کرد ئەم لەبەردەم دووڕیانێکدا بوو، یەکێکیانی ڕەت کردبووەوە، ئێستاش پەشیمانی دادی نادات، تازە درەنگ وەختە! یان لە شیعری (ڕۆژی مەی)دا دەڵێ:

**من چۆن لەوە دڵنیابم و**
**دووبارە ببینمەوە**
**دنیا لە ڕۆژی یەکەمی مەی**
**دوای باران بدرەوشێتەوە**

دیارە ئەم شیعرە هەستێکی قووڵ و مانایەکی ئێجگار قــووڵی هەیە، ئێــمــە ناچینە نێــو دوورنما و قــووڵایی بیــرکردنەوەکـانی، لەم شـیـعـرەیدا تەنیـا مـەبەسـتـمـان پێشـاندانی لایەنی گومانەکەیەتی، چونکە بە گـومـانە و نازانێت ئەو دڵنـیـاییـە لە کـوێ بێنێ، کـە دووبارە ئەوە ببــینێت، دنیــا لە ڕۆژی یەکــەمی مــەی دوای بـاران بدرەوشێـتـەوە! شـیـعـرێکی ئێـجگار بەرزە و پڕاوپڕە لە شیعرییەت، یان لە شیعری (لێگەڕێ تۆ بیت) دەڵێ:

**کاتێک لەسەرم ڕادەکشێیت**
**لە دوایەمین ڕۆژدا**
**لێگەڕێ تۆ بیت...**

جـارێ هەر لەسـەرەتاوە ترسـێکی گەورە لەم شـیـعـرەدا هەیە، دوایەمین ڕۆژ، ڕۆژی جـیـابوونەوە و دابڕانیــان لە یەکتری پێشان دەدا، ئەمڕۆ، یان سبەی دەبێتە دوایەمین ڕۆژ لەهەمــان کــاتدا، وێنەی گــومــانێکی گــەورەش دەکێشێ، بۆیە داوای لێ دەکات و پێی دەڵێت (لێگەڕێ با تۆ بیت!) چونکە کەسەکەی بەرانبەری تەنیا بە جەستە لەگەڵ ئەو بووە، ڕەنگە بە ڕوح و خەیاڵ لە شوێنێکی تر، یان لەلای کەسێکی تر بووبێت، بۆیە گومانی لێ دەکات کـە خۆی بێت. داوایشی لێ دەکات تەنیـا بۆ یەک جـار، یان بـۆ دوایەمین ڕۆژ و بۆ دوایەمین جـــار، لێگـەڕێ بـا خـۆت بیت!، هەروەها نیگەرانی ئەوەش/ کـە دوای ئەم دابڕان و جــیــابوونەوەیە، ئاخــۆ دەبێ ژیـانی بـەرەو چ مـەرگـەسـاتێک بڕوات؟ لە چ ڕووبەرێکی نادیاردا خـۆی ببینێتەوە؟

لە پشتی ئەم گومانانەشەوە پەشیمانییەکی گەورە، یان هەست کـــردن بە تـاوان دەبینرێ، چونکـە خـــۆی ئەم چارەنووس و قەدەرەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە! ئەمە خواست و ئارەزووی خـۆی بوو. بە ئارەزووی خـۆی شـاعـیـرێکی هەست نـاسکی ڕەت کـردەوە و کـەسـێکی بزنزمـانی هەڵبـژارد! چۆن هەست بە پەشـیـمـانی و تاوان نەکـات؟ مـاڵی عـەشق بۆ ئەو ببوو بە (مـاڵی مـردن و تەنیـایی و گومان و ترس و نیگەرانی!).

خـاڵێکی تر کـە پێـویست دەکـات لەم بەشـەدا بـاسی بکەین، ئەویش پرسیار کردنە! سارا لە نێو شیعرەکانیدا پرسیـاری زۆر دەکات، دیارە پرسیاریش بۆ گەڕانە بەدوای زانین و فـــێـــربوون، بۆ دەســـتکەوتنی وەڵام، بەڵام پرسیـارەکـانی سارا گومانی گەورەیان لەپشتەوە بوو. زۆر جارانیش کە مرۆڤ گومانی لە شتێک هەبێت، پرسیار دەکات بۆ ئەوەی وەڵامی زیاتری دەست بکەوێت و بگاتە ئاسـتی دڵنـیـا بوون، بەڵام سارا هەرگـیـز بەم ئاسـتـەی دڵنیابوون ناگات، تاسەر لەنێو گومانەکانیدا دەمێنێتەوە، بۆیە بەردەوام پرسیـارەکـانی دەکات؟ هەروەک دەبینین لە شیعری (کەمتر لە هەور بۆ باران)دا دەڵێ:

**کەمتر لە هەور بۆ باران**
**کەمتر لە هەڵم بۆ ڕووبار**
**کەمتر لە گوڵ بۆ ڕەشەبا**
**ئەی من بۆ تۆ...؟**

یان لە شیعری (پێویستە گوێی پێ نەدەم)دا دەڵێ:

**من پێویستە هێمن بم**
**وەک ئارامی گەڵای درەختەکان**
**کاتێک باران شۆڕدەبێتەوە بۆ خەرەندان**
**پێویستە من بە دڵی خەمناکمەوە بێدەنگ بم**
**ئەوکات تۆ ئەمە دەزانی؟**

دیارە لێـرەدا باسی ئاکـامـەکـانی دوای ئەم عــەشـقـە دەکـات، باسی ئاییندەیەک دەکـات کـە لەهۆش و بیـری خۆی نەخشەی بۆ کێشاوە، چونکە ئەو لە تەمەنی عەشقی خـۆی، بە تایبـەت لە سـاڵەکـانی پێش لێکدابڕانیـان بۆ ساتێکیش ئەم هێمنی و ئارامییەی بۆ خۆی نەبینیبوو. ئەم هێمنی و بێدەنگییە مەبەستی مردنە، بۆیە پرسیاری لێ دەکـــات و دەڵێ، وەک چۆن بـاران بـۆ خـــــەرەند شۆڕدەبێتەوە، ڕۆژێک دادێ منیش بە دڵی خەمناکمەوە بۆ نێـو مـردن شـۆڕ دەبمەوە و لەوێدا بـۆ تاهەتایە بێـدەنگ دەبم، ئایا تۆ ئەمە دەزانی؟ چ پرسیـارێکی گـومـاناوی و مەترسیدارە؟ یان لە شیعـری (شەوی بەهار) سەرتاپای ئەم شــیــعــرەش باسی حــیکایەتی عــەشق دەکـات و لە ئاکامی نائومێدییەکانی، یان باشترە بڵێین گومانەکانی بە شیوەی پرسیار دەردەبڕێ و زێتر لە پرسیارێک دەکات، بۆ نموونە دەڵێ (دوای عـــەشق من بۆ بگریم؟ من بۆ نا بەختەوەرم؟ من بۆ کێ هەموو جوانی خۆم بسووتێنم؟ ئاخ جوانکیلەکە ئایا بەس نییە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر!). لە پشـتی ئەم پرسـیـارانەوە گومـان و ئامانجـەکانی

خۆی پیشان دەدات، پرسیارەکان دەبن بە میتافۆر و کۆد پێویستییان بە هەڵوەستە و تێڕامان و وردبوونەوە هەیە، کە شیعرەکانی سارا دەخوێنیتەوە، گومانەکان هێندە بە تۆخی هەست پێدەکرێن تا ئاستی نامۆیی، هەست دەکەی ئەم مرۆڤە نامۆیە بە هەموو شتێک. زمانە شیعرییەکەی پڕ دەبێت لە ڕەشبینی و بەشێوەیەک نامۆ دەبێ تا ئاستی ئەوەی حەز دەکات دەرگای ژیان لەهەموو بارێکەوە بە ڕووی خۆیدا دابخات. هەروەک لە شیعرەکان دەخوێنینەوە، (دەیەوێت لە ژیان ڕابکات، بەدوای مردندا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە و لە نێویدا بمێنێتەوە!)، ئەمە هەستێکی قووڵی نامۆبوونە. نامۆبوونیش بە شێوە گشتییەکەی، بارودۆخێکی بوونی مرۆڤە، چەمکێکی گشتییە، هەروەها کێشەیەکی بەرفروانە، ڕەهەندەکانی لایەنەکانی فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زۆر لایەنی تر دەگرێتەوە، زۆر لە فەیلەسووفان و زانایان لەسەر نامۆیی قسەیان کردووە و شیکار و بەدواداگەڕانیان بۆ کردووە، نامۆیی لە (کانت)ەوە دەست پێ دەکات و تا دەگاتە (فیختە) و (شوپنهاوەر) و (هیگڵ) و (مارکس) و تا بوونخوازەکان بە تایبەت، (مارتن هایدگەر) و (ژان پۆل سارتر)، بە شێوەیەکی گشتی هەموو پێناسە و ڕاڤەی نامۆییان کردووە، بەڵام لێرەدا بە جیا لە قسەی ئەم فەیلەسووفانە حەزدەکەم تەرکیز بکەمە سەر قسەکانی (د، محەمەد کەمال) لە پێشەکی (کتێبی نامۆ) دا کردوویەتی و دەڵێ: (نامۆیی بە مانا گشتییەکەی بارودۆخێکی بەسەردا سەپێنراوە لە بوونی مرۆڤدا، کە مرۆڤ لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەکاتەوە و دەیکات بە بێگانە، یان دەڵێت، لەم بارودۆخەی بووندا مرۆڤ دەبێت بە کەسێکی دیکە و خۆی ون دەکات و ژیانیشی دەبێت بە لاسایی کردنەوە!)، ئەم پێناسەیەی (د. محەمەد کەمال) مەعریفییانە مەبەستەکەی ئێمە زێتر و ڕوونتر دەکاتەوە، لە تەک ئەمەشدا، ئێمە دەمانەوێت قسە لە پێوەندی نێوان نامۆیی و شیعر بکەین، نامۆیی خۆی چەمکێکی گشتییە و فەلسەفە و زانست ئیشی زۆریان لەسەر کردووە، هەروەها نامۆیی لەنێو شیعریشدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێ، واتە نامۆیی لەلای شاعیران دیاردەیەکی فرە باو و بەرچاوە، هەروەک لە شوێنی تر باسمان کردووە کە شیعر لەسەر مەعریفە ئیش دەکات،

بۆیە لە فەلسەفە نزیک دەبێتەوە، تەنانەت لە زانستیشدا، ئەوەتا زۆر لە فەیلەسووف و زانایان ئیشیان لە سەر شیعر کردووە. هەر بۆ نموونە (سیگمۆند فرۆید) بۆ نووسینەوەی زانستە دەروونییەکانی سوودی لە دەقەکانی (شکسپیر) بینیوە، (مارتن هایدگەر) ئیشی لەسەر شیعرەکانی (هۆلدەرلین)کردووە، هەروەها (جۆلیا کریستینا) بۆ شیکردنەوەی چەمکەکانی سیمیۆلۆژیا و بابەتە دەروونییەکان، ئیشی لەسەر شیعرەکانی (مالارمێ) کردووە و زۆری دیکە، لێرەوە دێینەوە سەر سارا تیسدەیل دەبینین ئەمیش لەنێو ماڵی عەشقدا، گومانەکانی پڕاوپڕن لە نامۆیی، تا ئاستی ونبوون، تا ئاستی ئەوەی نامۆ بێت بەو عەشقەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەنێویدا ژیا، یان بەهۆی ئەم عەشقەی لەژێر زەبری کەسێکی دیکەدا خۆی ون کردووە و بووەتە کەسێکی تر و ناتوانێ نوێنەرایەتی تواناییەکانی خۆی بکات، یان ناتوانێت خۆی بێت، وەک حەقیقەتی خۆی بیر بکاتەوە و بڕیار بدات و بژی، ئەمەش لە نێو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم بارودۆخە بووەتە هۆی ئەوەی نامۆ بێت بە ژیان و دەوروبەر، تەنانەت نامۆش بێت بە خودی خۆی، چونکە ئەو بە ئومێدی کەسێکی تر و عەشقێکی تر بوو، یان باشتر بڵێین بە ئومێدی ژیانێکی تر بوو. ئەو ژیانەی لەنێو خەیاڵ و خەونەکانیدا نەخشەی بۆ دەکێشا و وێنای دەکرد، ئەوە نەبوو کە ئەم ئێستا لە نێویدا دەژی، عەشق بە هەموو شتێک نامۆ و بێگانەی کردبوو! وای لێ کرد بوو لەنێو ئەم ڕووبەری عەشقە، یان لەنێو تەواوی ڕووبەری ژیان نامۆ بێت، ئەم هەستە گوماناوییەش سایەی بەسەر زۆر لە شیعرەکانیدا کردبوو، بۆ نموونە لە شیعری (ماچ)دا، دەڵێ:

**من بە ئومێد بووم خۆشی ویستبام**
**دەمی ماچ کردبام**
**بەڵام من وەک باڵندەیەکی بریندار وام**
**کە نەتوانێ بگاتەوە باشوور.**

ئەو نائومێدییەی لەم شیعرەدایە، لە زۆر لە شیعرەکانی تریش دەبینرێن، ئەم وەک باڵندەیەکی بریندار وایە ناتوانێ بگاتەوە باشوور، جگە لەوەی بە ڕوح و جەستە و دڵ بریندارە، شەکەت و هیلاک و ماندووە، ڕەنگە ونیش بووبێت، بۆیە ناتوانێ بگاتەوە باشوور. سارا لە نێو ماڵی عەشق و لەنێو نیشتمانی شیعر و لە نێو تەواوی

ژیان ون ببوو، بەو مانایەی نەیدەزانی ئاراستەکانی ژیانی بەرەو کوێ دەڕۆن! خۆی دابووە دەست قەدەری مەرگ، یان بەمانایەکی تر، پشتی لە ژیان و ڕووی لە مەرگ کردبوو، ئەمەش جۆرێک بوو لە یاخی بوون. یاخیبوونیش لووتکەی نامۆ بوونە بە ژیان و دەوروبەر. ئەوەتا لە ئاکامی ئەم گومان و نامۆبوونە، خەونەکانی بەتاڵ دەبنەوە، یان دڵدارەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی لە خەونەکانی دوور بکەوێتەوە، هەروەک لە شیعری (ماڵی خەونەکان)دا باسی دەکات، کە ئەمەش کارەساتیکی گەورە و خەمناکە، مرۆڤەکان لە خەونەکانیان دوور بکەونەوە، یان خەونەکانیان بەتاڵ ببنەوە، ئەمەش قووڵایی نائومێدی و دەستبەردار بوونە لە ژیان، یان بارودۆخێکی نامۆ و نەگونجاوت بەسەردا سەپێنراوە و ناتوانی بەرگەی بگریت، یان بەرانبەری نامۆ و بێگانە دەبیت، بۆیە زۆر لە مرۆڤەکان لە بارودۆخی وادا تووشی نائومێدی دەبن. ساراش ئەم نائومێدییەی لەنێو زۆر لە شیعرەکانیدا دەربڕیبوو، بۆ نموونە لە شیعری (ناشتنی عەشق)دا دەڵێت:

**من هاتووم عەشق بنێژم**
**لەژێر دارێک**
**لە دارستانێکی بەرین و تاریک**
**تا کەس نەتوانێ بیبینێ!**

ئەگەر وردببینەوە دەبینین هێندە بە عەشقەکەی نامۆیە تا ئەوپەڕی نائومێدی، دەیەوێت عەشقەکەی بنێژێت، لە شوێنێکی هێندە تاریک، نە خۆی و نە هیچ کەسێکی تر نەتوانن بیبینن! یان لە شیعری (دوای عەشق)دا دەڵێ:

**ئیتر سیحرەکە بەتاڵ بوویەوە**
**ئێمەش بینیمان وەک کەسانی تر**
**تۆ چیتر بۆ من موعجیزە نیت**
**هەروەها منیش بۆ تۆ!**

لەم شیعرەدا کاتێک، دەگاتە ئەوپەڕی نامۆیی، یان باشترە بڵێین ئەوپەڕی نائومێدی، ئیتر هاوارێکی یاخییانە دەکات و دەڵێت: ئیتر بەسە، ئەم بارودۆخە نەگونجاوەی بەسەریدا سەپێنراوە کە تێیدا ئەم نامۆییە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ: ئیتر تەواو، سیحری جوانییەکان و خۆشییەکانی ئەم عەشقەمان بەتاڵبوونەوە، ئێمە وەک زۆر لە عاشقانی تری وەک خۆمان ئەم باتاڵبوونەوەیەمان بە چاوەکانی خۆمان بینی، ئیتر تەواو، نە چیتر تۆ بۆ من موعجیزەی نە منیش بۆ تۆ، ئەمەش دیوێکی تری، لووتکەی نامۆیی و نائومێد بوونە، بۆیە ژیانی بە خۆکوشتن کۆتایی هات!


**سەرچاوەکان:**

**١- کتێبی (THOSE WHO LOVEE)**
**LOVE POEMS BY SARA TEASDALAE**

**٢- کتێبی (نامۆیی) لە نووسینی: غیاث الدین نەقشبەندی.**
**(ئێمە سوودمان لە پێشەکی ئەم کتێبە بینیوە کە د. محەمەد کەمال نووسیویەتی).**

**٣- چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی سارا تیسدەیل.**

# وەرگێڕان هونەرە، یان ماناکردنەوە؟

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

وەرگێڕان پردی پێوەندیی نێوان نەتەوەکانە و لەو ڕێگایەوە لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەب و دابونەریت و ژیان و ژیواری یەکدی ئاشنا دەبن. زمان بە وەرگێڕان دەوڵەمەند دەبێت و لەو گۆڕەپانەدا لەگەڵ زمانەکانی دیکە دەکەوێتە ململانێ، لە وەرگێڕاندا بە هێزی و لاوازیی زمان دەردەکەوێت و لە ڕاستیدا تاقیگەیەکی باشە بۆ تاقیکردنەوەی تواناییەکانی زمان. هەر وەک دەزانین زمان ئامرازی بیرکردنەوەیە و کۆمەڵە واتایەکە لە سیستەمی ڕێزماندا پێکەوە ئاوێتە دەبن و تێک هەڵدەکێشرێن. واتاکانیش لە کاکڵی وشەدا دەردەکەون. وشەکان لە ماناو کاکڵی خۆیان دابڕێن، بەبێ ئەوانیش بیرکردنەوە ناگونجێ، جا ئەو بیرکردنەوەیە بە شێوەی نووسراو بێت، یان دەربڕین، یان ئەگەر لە زەینیشدا بمێنێتەوە و لە دەرووی زمانەوە دەرباز نەبێت، هەر ئەو شتەیە. بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکە بە باشترین شێوە خۆ بە دەستەوە بدات، دەبێت ماناکان ڕوون و ڕاشکاوانە بن. دەبێت وەرگێڕ بیر لە کاکڵی مانا بکاتەوە و لە نێو بۆتەی واتاکەدا قاڵ بێتەوە و بۆ مانای قامووسیی وشەکان نەگەڕێت، چونکە وەرگێڕ فەرهەنگنووس نییە مانای وشەکان فێری بەردەنگ و خوێنەرەکەی خۆی بکات.

وەرگێڕان هونەری دووبارە نووسینەوەیە و وەرگێڕی باش تەنیا بیر لە کاکڵی ڕستە و بابەتەکە دەکاتەوە نەک مانای وشەکان، چونکە هێندێ وشە هەن مانای جۆراوجۆریان هەیە و لەوانەیە وەرگێڕی ناشارەزا ڕواڵەتیترین مانای وشەکە وەربگرێت و ڕایگوێزێتە سەر زمانی دووەم. دەتوانم بڵێم زۆربەی وەرگێڕانەکانی ئەمڕۆ تووشی ئەو پەتایە بوون و سەریان لە خوێنەری تامەزرۆی کتێب تێکداوە. وەرگێڕی ناشارەزا و نادەرۆست لە

ڕاستیدا درم و پەتایەکە بۆ لە نێو بردنی زمان و لەبەریەک هەڵوەشاندنی چوارچێوەی واتا. ئەو هەڵەتێکەیشتنە بە تایبەت لە ئیدیۆم و زاراوەکاندا بەراستی دەتوانم بڵێم کێشەهەڵاییسێنە و جاری وایە پیاو نازانێت لە داخاندا بۆ ئەو زمانە لێ قەوماو و بەستەزمانە بگریت، یان بە فامی بە ناو وەرگێڕەکەی پێ بکەنێ. بە داخێکی گرانەوە، چونکە دەزگا و ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە لیژنەیەکی شارەزا و زانستییان نییە و تەنیا بیر لە زۆری و بۆریی ژمارەی بڵاوکراوەکانیان دەکەنەوە، بەڵایەکیان بە سەر زمانی کوردی هێناوە با بە دەواری شڕی نەکردبێت. دەکرێت بڵێین کەسانی بە ناو شاعیر چ بەڵایەکیان بە سەر شیعر هێناوە، وەرگێڕەکانیش زمان و واتا و مانایان بەو دەردە بردووە.

هەر وەک لە پێشدا ئاماژەم پێ کرد وەرگێڕان دووبارە نووسینەوەی دەقە، هەر وەک نووسەرێک، یان شاعیرێک کە سووژەیەک دەدۆزێتەوە و دەینووسێت؛ وەرگێڕیش کاتێک پەرەگراف، یان ڕستەیەک دەخوێنێتەوە، دەبێ ماناکەی لە زەینی خۆیدا لێک بداتەوە و بە شێوەیەکی هونەری دایبڕێژێتەوە. دەبێت وەرگێڕ شارەزای هونەری نووسین و خاڵبەندی بێت. دەبێت وەرگێڕ بزانێت لە کوێ خاڵ دابنێت و لە کوێ نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیار و کۆما، چونکە ڕستەیەک بە نەبوون، یان بێ جێ دانانی کۆمایەک واتاکەی دەگۆڕێت و سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت. زۆربەی دەقە وەرگێڕاوەکانی ئەمڕۆ لەو بارەوە ڕەخنەیان لە سەرەو ناشارەزایی وەرگێڕەکەی لە قاو دەدات، هەر بۆیە زۆربەی دەق و بابەتەکانی ئەمڕۆ بە کتێب و وتاری ڕۆژنامەیی و ڕادیۆ و تیڤییەکانەوە لیپاولیپن لەو هەڵە و پەڵانە و خوێنەر و گوێگر هیچ کەڵک و چێژێک لەو بابەتانە وەرناگرن. جاری وایە دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانێک دەکەیت، چەندان لاپەڕە دەخوێنیتەوە هەر تەقەی سەرت دێت و هیچی لێ تێ ناگەیت. ڕستەکان هێندە دوور و درێژن هەتا دەگەییە کۆتایی سەرەتاکەیت لە بیر دەچێتەوە و هیچ نیشانە و خاڵبەندییەکی تێدا وەبەر چاو ناکەوێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ڕستەی کورتە، چونکە زمانی کوردی خاوەنی زۆرترین کرداری ڕێزمانییە بەو مەرجە نووسەر و وەرگێڕی بێ توانست بە قوڕیدا نەبەنە خوارێ. بە داخەوە زۆربەی کردارەکان بوونەتە «کردن» جلت بۆ دەکەم، یاپراخت بۆ دەکەم، کلیپت بۆ دەکەم؛ هەکایەتت بۆ دەکەم، چێشتت بۆ دەکەم، سەرکڵاوەت بۆ دەکەم؛ لە حاڵێکدا هەر کام لەو ڕستانە کرداری تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەم وتن و نووسینە زمان بەرەو لاوازی دەبات. لە ڕاستیدا دەبێت کرداری ئەو ڕستانە بەم شێوەیە بێت. جلت بۆ دەدرووم، یاپراخت بۆ دەپێچمەوە، کلیپت بۆ سازدەکەم. هەکایەتت بۆ دەڵێم، چێشتت بۆ لێ دەنێم، سەرکڵاوەت بۆ دەچنم. ڕستەی درێژ و هەندێک جار چەند کرداری وەها سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت و نووسینەکەش ناحەز دەکات، خوێنەر ناتوانێت بیخوێنێتەوە و بە ناچاری تووڕی هەڵدەدا. بۆ وێنە: «کەریم کە هاوڕێکەی بۆ دیتنی تابلۆکانی کە کێشابوویەوە بانگهێشتنی کرد، سپاسی کرد.» یان «لەیلا چاوی بە منداڵەکەی کە لە سەرمانا کەسیرە بوو بوو، کەوت». ئەم جۆرە ڕستەسازییە هی نووسەر و وەرگێڕی ناشارەزا و نادەرۆستە. ئەو وەرگێڕە دیارە ڕێزمان نازانێت و لەگەڵ جوانییەکانی زمان و ڕێزمان نامۆیە، دەنا بەو شێوەیە ڕێزمانی پێشێل نەدەکرد. دەیتوانی زۆر سانا و ڕێک و ڕەوان بنووسێ: کەریم سپاسی لە هاوڕێکەی کرد کە بۆ دیتنی ئەو تابلۆیانەی کێشابوونی، بانگهێشتنی کردبوو. لەیلا چاوی بە منداڵەکەی کەوت کە لە سەرماندا کەسیرە بووبوو.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی وەرگێڕی ئەمڕۆ وەرگێڕانی پەند و ئیدیۆمەکانە. لە ڕاستیدا ئەو شتانە بۆ وەرگێڕان نابن و دەبێت وەرگێڕ هاوتای ئەوان لە زمانی دووەمدا بدۆزێتەوە.

وەرگێڕان ئەگەر مانا کردنەوە بێ هەموو کەس دەتوانێت بیکات، چونکە هەر کەس سەرەتەقەیەک لە زمانی دووەم بکات و زمانەکەی خۆی شارەزا بێت دەتوانێت دەقێک مانا بکاتەوە، بەڵام ئەو دەقە ئەگەر وەرگێڕێکی شارەزای نووسین داینەڕێژێت تەنیا کۆمەڵە وشەیەکی وشک و بێ ڕوحە و ناچێتە خانەی ئەدەبەوە. ئەمڕۆ بە داخەوە زۆربەی ئەو کەسانەی دوو وشە فارسی، یان زمانێکی دیکە فێر بوون، پێیان وایە بە تەواوی دەیزانن و دەست دەکەن بە وەرگێڕانی ڕۆمان و شیعر و چیرۆک و بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن! فەرهەنگێک لە بەردەمیان دادەنێن و هەڵدەکوتنە سەر بەرهەمە ئەدەبییەکان و

تێکیان هەڵدەشێلن و ئاوەژوویان دەکەنەوە و ناوی دەنێن وەرگێڕان. کاتێک دەست بەوەرگێڕانیش دەکەن تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە زوو تەواوی بکەن و پارەکەی وەرگرن و بیخەنە تەنکەی باخەڵیانەوە. ئیدی بیر لەوە ناکەنەوە چ زیانێکیان بە ئەدەبی گەلەکەمان گەیاندووە و بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵەی نووسەرەکەشیان چۆن پامال کردووە. لەلایەکی دیکەیشەوە بە ناو وەرگێڕەکانی ئەمڕۆ، چونکە شارەزای بواری ئەدەبی جیهانی نین و هەڕەی لە بڕەی ناکەنەوە، بەرهەمی وا وەردەگێڕنەوە لە زمانی سەرەکیدا هیچ نرخێکی نییە و وەک بەرهەمێکی سووک و بازاڕی سەیری دەکرێت. بۆ وێنە چەند نووسەری فارس هەن ساڵی چەند کتێب بە ناوی ڕۆمان دەدەنە دەرێ، چونکە پارەیان هەیە زوو چاپی دەکەن. وەرگێڕە ناشارەزاکانی ئێمەش ئەو بەرهەمە بێ پێزانە دەقۆزنەوە و وەریدەگێڕنەوە و لە چەند لایەنەوە زیان بە فەرهەنگی وڵاتەکەمان دەگەیەنن. ئەگەر باری زیانە فەرهەنگییەکەشی لە بەر چاو نەگرین زیان بە باری ئابووری وڵاتەکەمان دەگەیەنێت و ئەو هەموو کاغەزە خەسار دەبێت. هەندێک لەو نووسەرانەی بەرهەمەکانیان لەم بەشەی کوردستان وەردەگێڕرێن و چاپ دەبێت لە وڵاتەکەی خۆیان ناویان لە کوولەکەی تەڕدا نییە و هیچ کەس بە نووسەریان نازانێت و وەک خۆرەی زمان و ئەدەب سەیر دەکرێن. ئەوەش پتر دەگەڕێتەوە سەر نادەرۆست بوونی ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. پاک و پیس پێکەوە تێکەڵ دەکەن و دەیخەنە بەر دەمی خوێنەری داماو. هەر ئەوەش بووەتە هۆی لاوازبوونی بازاڕی کتێب و کەم بوونەوەی خوێنەر، چونکە خوێنەر بە خوێندنەوەی نووسراوی بێ پێز و پووچەڵ لە خوێندنەوە ماندوو دەبێت و ئیدی هەموو کتێبەکان بە چاک و خراپەوە بە یەک چاو سەیر دەکات و لێی دەپرنگێتەوە.

وەرگێڕی باش کاتێک دەقێکی بەدڵ بوو و دوای خوێندنەوەکەی هەستی بەوە کرد کە وەرگێڕانەکەی قازانجی بۆ ئەدەبیات و زمانەکەی هەیە. قۆڵی لێ هەڵدەکات و وەریدەگێڕێت. وەرگێڕانیش دەبێت تەواو ئەمانەتدارانە بێت. وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا ڕستەیەک، یان دوو ڕستە دەخوێنێتەوە و ئەوسا دێت وەک کوردێک ئەو ڕستانە دەنووسێتەوە. تەواوی خەم و دڵەخورپەکانی ئەو، ڕێزمان و پاراستنەکەیەتی، چونکە ڕێزمان ڕوحی زمانە. وەرگێڕ کاتێک لە دەقێکدا تووشی پەندێک، یان ئیدیۆمێک دەبێت، نابێت دەق و دۆغر وەریگێڕێت، بەڵکو دەبێت لە زمانی دووەمدا بە دوای هاوتا و هاوواتاکەیدا بگەڕێت؛ بۆ وێنە ئەم پەندە فارسییە (نە شیر شتر و نە دیدار عرب) نابێت وشە بە وشە وەریگێڕێت، ئەگەر ئەو کارە بکات زۆر شتێکی بێ تام و ناسروشتی دەبێت. هاواتای ئەو پەندە لە زمانی کوردیدا ئەوەیە: "گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ و منەتی قەساب هەڵمەگرە" یان "نە گۆشتی کەروێشکم دەوێ و نە بۆ تسی تاجی". (مار گزیدە از ریسمان سیاە و سفید می ترسد)، هاوواتاکەی ئەمەیە: "دەمی بە شیر سووتاوە فوو لە دۆش دەکات". (خر بیار و باقلا بارکن) "جا وەرە ئەو کەرە لەو قوڕە دەرهێنە." (دمدمی مزاجە) "حاڵەتەکەی کشمیشییە". (گنجشک را رنگ می زند بەجای قناری می فروشد) "کڵاوی عیسا لەسەر مووسا دەکا" یان "جووڕە ناڵ دەکا" یان "کێچ ناڵ دەکات". (کاسەای زیر نیم کاسە است) "ئەو ماستە بێ موو نییە". (خواب هفت پادشاە را می دید) "لە حەوساڵان ڕاست بووبووەوە". (این رشتە سری دراز دارد) "ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا". (مثل بید مجنون می لرزید) "وەک مێژۆکە دەلەرزی". (سلام گرگ بی طمع نیست) "بۆیە پێت دەڵێم مامە چۆلەکەم بۆ بگری"یان "قشقەڵە لەخۆڕا پشتی گامێش ناخورێنێ"...

لە کۆتاییدا هیوادارم هەموومان لە هەمبەر زمانەکەماندا خۆ بە بەرپرسیار بزانین.

**تێبینی:**

**ئەم بابەتە لە دیداری وەرگێڕانی یەکێتیی نووسەران لە هەولێر ڕۆژی ١- ٢، ١١، ٢٠١٣ خوێنرایەوە.**

# هیرمینۆتیک، یان ڕەخنەی ئەدەبیی ڕاڤەیی

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

بیرۆکە و باسی هیرمینۆتیک بە مانای ورد و ڕێککەوتوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکرد و ئێستاش بەردەوامە(١)، بەڵام ڕاڤە (Hermeneutics) یان قوتابخانەی ڕاڤە لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا بۆ مەبەستی فام کردن و تێگەیینی دەق کەڵکی لێ وەردەگیرێ، نە بەو جۆرە کە لەژێر ڕکێفی نووسەر و تێفکرینی دەروونی و ڕابردووی ئەو بێت. وشەی هیرمینۆتیک لە هێرمێنیونی (Hermeneuein) یۆنانی وەرگیراوە و واتای شیکردنەوە و دەربڕین دەگەیەنێ. بەگشتی هیرمینۆتیک دەیەوێ دەق بە شێوازگەلێکی جیاواز شی بکاتەوە.

هاتنە بەرباسی کێشەی نەسەلمێنراو لە مانادا و گومانی ئەوە کە لە دەقی ئەدەبیدا کە واتایەکی ناسراو و دیاریکراوی هەیە، هەروەها کە هەرتاکێک بەسەرنجدان بەڕا و فێربووەکانی کەسایەتی خۆی، دەتوانێ دەست بەسەر مانا جیاوازەکاندا بگرێ، بۆیە دەکرێ لەو بەستێنەدا بەم شێوەیە ڕەخنە بەریتە پێش. لایەنگرانی ڕەخنەی هیرمینۆتیکی ڕەخنە دەگرن لە بۆ دەست وێڕا نەگەیینی خرۆپتوونی ڕەخنەگران بەسەر زانیاری و پاشەکەوتەکانی پێویست لە دەوروبەری دەقی خوڵقاو لەڕابردوودا. ئەمانە لەسەر ئەم باوەڕەن کە دەبێ باسی زمان لە تێگەیینی شوێنەوارەکانی کلاسیکیدا ڕەچاو بکرێ و هەر تاکێک بە شێوەی جیا ئەم جۆرە دەقانە بەپێی دۆخ و زەمانی خۆی شی بکاتەوە و هەڵبسەنگێنێ. ئەوەی کە لێرەدا هاتە بەرباس لە ڕاو بیرکردنەوەکانی لایەنگرانی هیرمینۆتیکی نوێیە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لایەنگرانی هیرمینۆتیکی سوونەتی وەک "شلایر ماخێر" وەک بیرۆکەوانانی کلاسیکی لەسەر

قەتعی بوونی وشەگەل و هزری داهێنەری دەق پابەندن و لەسەر ئەو بنەمایە پێداگرن کە فام کردنی ئەسڵی دەق لە تێگەیینی بیرکردنەوەی نووسەر، یانی نووسەر مانا لە بەرهەمدا دیاری دەکا.

لە بیرۆکەی "شلایرماخێر"دا دوو بۆچوون هەیە: یەکەم، بۆچوونی ڕۆمانتیکی کە لەودا ڕاڤە پێوەندی زیندوو و بەردەوامی لەگەڵ بەرەوژوور چوونی خولقاندن هەیە. دووەم، بۆچوونی ڕەخنەگرانە کە ڕاڤە هەوڵ دەدا ڕێساکانی فام کردن و تێگەیین بیچم بگرێ و کارکردنی گشتی هەبێ(٢). لە کاتێکدا هیرمینۆتیکی نوێ لە ناقەتعی بوونی مانا دەدوێ و دەڵێ: زەینی مرۆڤ بگۆڕ و نەحەجماوە، ئەم بیرۆکە نوێیە وا دەردەخا کە مانا شاراوەکان لە ناو دەقدا چەقبەستوو، یان وێستاو نین و بە شێوەی جیاواز دەگۆڕێن. "ژاک دریدا"بە ڕاشکاوی دەڵێ: کە تێگەیین لە هەر دەقێکدا، پێوەندیدارە "ڕۆڵان بارت "باس لەمەرگی" نووسەر"دەکا، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە فەیلەسووفانە تەواوی هەوڵیان ئەوەبوو کە، یان ئامادەیی نووسەر کەم ڕەنگ بنوێنن، یان نکوڵی لە وجوودی نووسەر وەک داهێنەری دەق بکەن، لەو بەینەدا هەندێک لە بیرۆکەوانان هەوڵ دەدەن بەو ڕاستییە بگەن کە ئایا زمان دەتوانێ مانای شاراوە لەدەقدا بەدروستی بگەیەنێتە بەردەنگەکان، یان نا؟بەدوای ئەمەشدا هەندێک لە مانە دەرک و فامی گشتی بەرهەمێک دەگەڕێننەوە بۆ تێگەیشتنی پاژەکانی ئەو بەرهەمە. لەسەر ئەوەشڕا هێشتا ئەم کەسانە نەیانتوانیوە پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای ڕاڤە بکەن، هەرچەندە بەر لە هەمووی ئەمانە لەسەر ئەم بنەمایە پێ دادەگرن کە دەقەکانی ئەدەبی، دەبێ جیا لە بەردەنگەکانی تێگەیشتوو دەتوانێ سەربەخۆ بێ و درێژە بە بوونی خۆی بدا، بە واتایەکی تر تێگەیینی بەردەنگ لە دەق دەبێ جیا لە دەق بێ و ڕاڤە تەنیا دەتوانێ لە دەق بدوێ و بەس. لەسەر ئەم ڕوانگانەی کە لە بابەتی ڕاڤەی دەقدا باسی لێوەکرا، ڕەخنە دەبێ لەسەر بنچینەی ڕاو و بۆچوونەکان ئامادە بکرێ، کە ڕەخنەگر بەرەو کۆدشکێنی (decode) ڕێنمایی بکا.

لە کۆی ئەمانەدا دەبێ بڵێین کە خاڵی ناوەکی ڕاگواستنی ڕاڤەکان هەمان کۆدشکێنی لە دەق و فام کردنی دەقە، بێجگە لەمە زۆر لە لایەنگرانی ئەم شێوەیە پانتایی ڕاڤەگەری ڕادەکێشنە ناو ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵک، تەنانەت کەسانی خاوەن هزریش. ئەمانە دەڵێن کە مرۆڤ لە تەواوی ژیانیدا پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، چ ئەو کاتەی کە وەک لێکۆڵەرێک سەیری بکرێ کە خەریکی لێکۆڵینەوەیە و چ وەک تاکێک کە بیستنی ڕۆژانەی خۆی تاووتو دەکا، یان چ وەک ئەو کەسەی خەریکی شیکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوی ڕۆژانەیە. بەم پێیە لەم ڕوانگەیەوە ڕاڤە پێوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ ڕەوتی بیرکردنەوە هەیە. هەندێک لە بیرۆکەوانان لەمەش زیاتر پێداگری دەکەن کە ڕاڤە تەنیا بۆمرۆڤ نییە، بەڵکو ئاژەڵیش سەرقاڵی شیکردنەوەن و بۆ هەر کارێک ڕاڤەدەکەن، چ ئەوکاتەی بەدوای بژێودا دەگەڕێن و چ ئەوکاتەی لە هەوڵی پاراستنی گیانی خۆیاندان بەم جۆرە ڕاڤە بەستێنێکی بەرفرە لەخۆ دەگرێ و بەرەو ژوورتر لە مرۆڤ و دەروونی ئەو دەچێتە پێش لەم ڕووەوە بەو ئەنجامە دەگەین بە پێی بیرۆکەکانی باسکراو ڕاڤە ڕەوتێکی ئاڵۆزمەند و چەند بەرەکییە. بیرۆکەوانانی هیرمینۆتیکی نوێی وەک، هانس ڕۆبێرتس، گادامیر، ئیریک دێهریش، ولفگانگ ئایزێر، بە پێچەوانەی بیرۆکەوانانی وەک، شلایر ماخێر و دیلتای کە مووددەعی بوون مانا هەر لەدەقدا حەتمی و سەلمێنراوە و نابێ بەرهەمهێنەری دەق وەبەرچاو بگیرێ.

ئەم ڕاڤەگەرە نوێخوازانە پتر بایەخ بەسەر شیکاری ڕەوتی فام کردنی دەق دەدەن و ڕاڤە و بیرکردنەوە لای ئەمانە گرنگی هەیە. گادامیر کە قوتابی "هایدگەر" بوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کەڕاڤە لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێ لەگەڵ جیهانی بوون بەرەو ڕوو بێتەوە، ئەو دەڵێ: مرۆڤ بەقسەکردن دەتوانێ هەرێمی بوون شی بکاتەوە. لەو بابەتەوە لەگەڵ "نیتشە" هاوڕایە کە هەر قۆناغێک تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بە پێی ئەو دۆخە، بیرکردنەوە و ڕوانگەکانی تایبەت، جێگەی باس لێوەکردنن. "گادامیر" بەو ئاکامە دەگات شیکراوەکانی بەرباس، هیچ کات ناتوانن نەگۆڕ و سەلمێنراو بن، چونکە لە دۆخە جیاوازەکاندا تووشی گۆڕانکاری دێن، هەر بۆیە گادامیر وەک فەیلەسووفێکی جیهاناناس دێتە ژمار. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو جیهانەی تێگەیینی لە سەر دەکرێ زمانە و لەو ڕێبازەدا، هیرمینۆتیک هەر بەو زمانەوە بەرەو ڕووی جیهان دەبێتەوە. خۆیاترین جیاوازی لەنێوان

گادامێر و نیتشە ئەوەیە کە نیتشە باوەڕی بە پێوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا نەبووە، لە حاڵێکدا گادامێر باوەڕی وابوو کە لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا پردێکی قاییم هەڵبەستراوە، وا نییە کە هەر هزر و باوەڕێک لە دۆخێکدا گرنگی و بایەخی پێ بدرێ و لە دۆخێکی تردا لەبیر بکرێ. هەڵبەت گادامێر هەر بەم ڕوانگەیە ڕازی نییە، بەڵکو دەبەردایە کە لە چۆنایەتی بوونی هێز و دەستەڵاتی مرۆڤ ئاگاداربێت. گادامێر بەو ئەنجامە گەییوە مرۆڤ کاتێک دەتوانێ لە مانای ڕاستی دەقێک بگا کە پێشتر پرسیارگەلێکی بۆ هاتبێتە پێش. بە واتایەکی ئاسانتر، لەو باوەڕەدا بوو کە هەرخاڵێکی جێگەی سەرنج لەدەقدا وەڵامی پرسیارێکە. گادامێر لەنێوان دەقی نوسیاری و زەینی فەلسەفی خوێنەر، باوەڕی بە جۆرێک ڕەوتی باوەڕمەند هەیە، دەق هەواڵێک بەڕێ دەکا و زەین وەری دەگرێ، لە بابەت زمانیشەوە دەڵێ "ئێمە بەردەوام لە ڕێگای ڕاڤەی زمانییەوە بە هزر و زانست دەگەین و ڕاڤەی زمانی بەمانای گەشەکردن لە جیهاندایە.."(۳) بەڕای ئەم بیرمەندە ڕاڤەگەر دەتوانێ دەق بە کێردی ڕاڤە لەو دۆخەی کە تێیدا هاتووەتە دی جیا بکاتەوە و بۆ دۆخی هەنووکەی ڕاگوازێ، لە ڕاستیدا بە پێی ئەم بیرۆکەیە، خوێنەر دەقی ڕابردوو بە پێی حاڵ و هەوای زاڵ بەسەر دۆخی خۆیدا فام دەکا. لەم ڕووە و چەشنی بیر کردنەوەی ئێمە لە دەقێکی کۆن لەگەڵ فام کردنی ئەوانەی تر لە هەمان دەقدا جیاوازە، ڕاستییەکەی بابەتی لەبەر چاوگیراو بۆ جۆری جیاوازی لە دیتن و تێگەییینی دەق دەگەڕێتەوە، کێشە لەوەدا نییە کە کامە دۆخ باشتر لەدەق تێگەییوە. ئەم جۆرە بۆچوونە کە گادامێر باسی لێ دەکا هیرمینۆتیکی نوێ دێتە ژمار، لەسەر ئەم بنەمایە جەخت دەکا کە فام کردنی دەق پێوەندی بەنیییەت و لێ ڕوانینی نوسەرەوە نییە، لەلایەکی تریشەوە هیچ ڕاڤەیەک حەتمی و سەلمێنراو نییە، بەڵکو جۆرێک خولڵقاندنەوەیە، بەڵام گادامێر لەگەڵ کەسانێکی دژە فیکری خۆی ڕووبەڕووە، کە پێچەوانەی ئەو بیر دەکەنەوە و دەڵێن هەر دەقێک هەندێک تایبەتمەندی هەن کە پێوەندییان بە فام کردن و تێگەییینەوە نییە، ئەمانە بەو ئەنجامە گەییون کە هەر ڕاڤەیەک دەتوانێ ڕاست، یان ناڕاست بێ و دەبێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێ و بناسرێ، لەم ڕووەوە دەیانەوێ بە یاسایەکی ڕێکوپێک بگەن. کەسانێکی وەک "ئەریک. د.هرێش"وەک لایەنگرانی هیرمینۆتیکی سوننەتی دەڵێ: باشترین ڕاڤە ئەمەیە کە ڕەخنەگر لەلایەنە دەروونییەکانی نووسەر بگا. "هرێش" باوەڕی وایە کە مانای شاراوە لەدەقدا هەمان ئەو شتەیەکە لەدەروونی نووسەردایە و خوێنەر لە دۆخەکانی جیاوازدا لەگەڵ دیاردەی دەلالەتگەری ڕووبەڕوویە و لە هەر دۆخێکدا بەجۆرێک لەگەڵ مانای دەق بەرەو ڕوو دەبێتەوە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕاڤە ئەوە نییە کە بۆ هەر دەقێک لە دۆخی جیاوازدا مانای جیاوازی هەبێ، بەڵکو ئامانجی سەرەکی دیتنەوەی یاساگەلێکی ئامادەکراوە. ئەم بیرۆکەوانە و هاوڕایانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەر دەقێک مانای نەگۆڕی هەیە و دەبێ ڕاڤە ئەم مانا نەگۆڕە وەدەست بێنێ.

ئەو نکوڵییانەی کە لە هزر و باوەڕی "هرێش و شتراوس" لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێ ئەوەیە کە ڕەخنەگر، ناتوانێ بەوردی دڵنیابێ ئەوەی کە لە ڕێگەی ڕاڤەوە وەدەست هاتووە خۆیاگەری مەبەستی سەرەکی نووسەرە، ئەوانە تەنانەت کێشەی زمان دێننە بەرباس و دەڵێن، دیاردەی زمان خۆی هۆکارێکە کە ڕێگە نادا بەدروستی ڕای بنەڕەتی نووسەر خۆیابێ. یەکێ تر لە بیرمەندانی ناسراوی جیهانی ڕاڤە "پۆل ڕیکۆر"ە کە دەق زۆر بەگشتی وەبەرچاو دەگرێ و باوەڕی بە دێڕ و پاژەکییەکان نییە، ڕیکۆر باوەڕی بەمەبەست و نییەتی پێشووی نووسەر نییە و داکۆکی دەکا کە لەنێوان مانا و کۆمەڵێک شتی پێوەندیدار بە وشە، یان وشە دیاریکراوەکان، جیاوازی بەرچاو هەیە. بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی ئەودا، تەنیا یەک مانا لەزەینی بەردەنگدا هەیە و یەک ماناش لەجیهاندا هەیە و دەبێ لەنێوان ئەو دووانەدا جیاوازی هەبێ. ڕیکۆر بەو ئەنجامە دەگا کە هەر دەقێک مانایەکی تاقانەی نییەو هەرجارە بەشێوەیەکی جیا، شی دەکرێتەوە. ڕیکۆر زۆربایەخ بە تەکنیکی شاراوەی مانا دەدا ئەمە وەک وەسفێکی ڕاستی دەزانێ، ڕاستییەک کە دەکەوێتە پلەی دووەم و ناتوانێ وەک ڕاستییەکی سەرەتایی و بنەڕەتی پێوەندی هەبێ، ڕیکۆر دەڵێ مانای شاراوە (کینایە) دەتوانێ لە ڕادەی دەقێکی تەواودا جێگەی باسە و تەنیا دەبێ بە ڕادەی شیکردنەوەی وشەکان کەڵکی لێوەرگیرێ، بە پێی ئەم

گوتەیە مانای شاراوە (کینایە) هەمان ڕەوتی ڕاڤەیە. جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە شێوازی ڕاڤە، بۆ یەکەم جار لە ئێران کەڵکی لێ وەرگیراوە بە جۆرێک لەلایەن ئەدیبانی عیرفانی بەگشتی و کەسانێکی بیرمەند بەرزیان کردووەتەوە. ئەو قوتابخانەیە دواتر بەشێوەی بەرچاو گەیشتووەتە دنیای ڕۆژئاوا و ناوی هیرمینۆتیکی بەخۆوە گرت، هەرچەندە لەو ڕەوتەدا، کەسانێکی وەک، ئەرستۆ ئاماژەیەکی کورتیان بەم کێشەیە کردووە. ئێستاکە هیرمینۆتیک لە ڕۆژئاوادا برەوی هەیە و بیرۆکەوانانی ئەم پرۆسەیە ڕۆژئاوایین دەڵێن: هێرمینۆتیک پانتاییەکی بەربڵاوی هەیە و پەلهاوێژە و لایەنی وەک دیاردەناسی، شێوازناسی، فام کردنی زانستی زمان، شێوازناسی زانستەکانی مرۆڤی، شیکردنەوەی کتێبی پیرۆزی ئینجیل، جێگەی باسە. بەم پێیە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواییەکان، هیرمینۆتیک لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی پیرۆز، لە لایەنی وشە دەقییەکان، لایەنەکانی زانستی بەرهەم، لایەنەکانی زانستی مرۆڤی و کولتووری دەکۆڵێتەوە. ئەمانە باوەڕیان وایە هەرکام لەو تاریفە ئاراستەکراوانە هەموویان بەشی پەرەپێدراوی هیرمینۆتیکین و دژەوەست نین.

ڕاڤە لە چەند لایەکی تریش وەک ئەزموونگەری، بوونناسی و جوانیناسیشەوە، جێگەی باسە و ئەزموونگەرەکان باوەڕێکی مێژووییان هەیە و دەڵێن مێژوو هەندێک لایەنی شاراوەی هەیە کە بەئاسانی خۆیاگەر نییە، هێندێکیش لە ئەزموونییەکان لایان وایە ئەزموون زمانییە و ئەم کەسانە، لەزمان بۆ تێگەیینی جیهانی بوون کەڵک وەردەگرن و دیاردەکانی جیهان شی دەکەنەوە، بەشێکیشیان لە هیرمینۆتیک بۆ دیالیکتیک و فەلسەفە کەڵک وەردەگرن. کەسانێکیش هیرمینۆتیکی جوانیناسی وەبەرچاو دەگرن کە دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ "وڵفانگ ئایزێر" کە دەڵێ: "لە دەقدا کۆمەڵێک بایەخی شاراوە و ئاڵۆز هەن کە خوێنەر دەبێ بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی خۆی و دەسکەوتەکانی فیکری، ئەم بایەخمەندییانە کە لە دەقدا شاراوەن دەستیان وێڕا بگەیەنێ، هەڵبەت لە ڕوانگەی ئایزێرەوە ئەم کۆمەڵە خاڵانە ئاڵۆز و شاراوەن و دەست وێڕا گەیینیان ئاستەمە، هەر بۆیەش ئەمە وەک بۆشایی دەق پێناسە دەکا و دەبێ لە ڕێگای ئەزموونەوە ئەم بۆشاییە پڕبێتەوە، ئەم بیرمەندە دەڵێ: "خوێنەر ئازادی تەواوی بۆ شیکردنەوە هەیە، بەڵام دەبێ چوارچێوەیەکی یاسامەند بۆخۆی مسۆگەر بکا."بۆ ئەو مەبەستە ئایزێر دوو جۆر ڕەخنە و جیاوازی لە نێوان ئەم دوو شێوازە ئاماژە پێدەکا و دەڵێ: "جیاوازی لەنێوان ڕاڤەی کلاسیکی و ڕاڤەی نوێدا هەیە، ڕەخنەی کلاسیکی بەدوای دۆزینەوەی مانای ناوەکییەوەیە و ڕاڤەی مۆدێرن ئیمکاناتی مانای دەق وەسف دەکا. لە بابەت ئەرکی خوێنەر و نووسەریش دەڵێ: "ئەفراندنی لایەنی هونەری دەقی ئەدەبی بە ئەستۆی نووسەرە و لایەنی جوانیناسی دەق لە ئەستۆی خوێنەرە، هەروەها دەڵێ، خولقاندنی مانای بەرهەم لەئەستۆی خوێنەرە و خوێنەر دەبێ مانا بۆ خۆی و بۆ نووسەر دروست بکا"(٤) بێجگە لە ئایزێر کەسانێکی وەک" هانس ڕۆبێرت یاس" هەن کە لەبابەت جوانیناسییەوە دوو زاراوەی"ئاسۆی چاوەڕوانی و" ئۆلگو" بەکار دێنن بەم تەعبیرە" ئاسۆی چاوەڕوانی مانا"ی هەر بەرهەمێک وەڵامێکە کە دەق بە چاوەڕوانی خوێنەری دەگەیەنێ مەبەست لە" ئۆلگو"ئەوەیە کە بە پێی دۆخی زەمانی هەندێک ئۆلگو لە زەینی مرۆڤدا هەن کە مرۆڤ دەتوانێ بە یارمەتی ئەمانەوە لەگەڵ ڕووداوەکان بەرەو ڕووبێت. لە کۆتاییدا "یاس" ئاماژە بە شتێکی گرنگ دەکا، ئەویش ئەمەیە کە بۆ تێگەیینی بەرهەمە کەونارابییەکان، کە دەگەڵ چاوەڕوانی مۆدێرن جیاوازییان هەیە، دەبێ کەڵک لە زانستی هیرمینۆتیک وەربگیرێ.

**پەراوێز:**

**١- پێکهاتەو هیرمینۆتیک، بابەک ئەحمەدی، ل٧٤.**

**٢- پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، بابەک ئەحمەدی، ل٥٢٤.**

**٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٨٥.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل٦٨٦- ٩٨٧.**


**سەرچاوە:**

**پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەک ئەحمەدی، نەشری مەرکەز، تاران، ١٣٧٠.**

**پێکهاتە و هیرمینۆتیک، بابەک ئەحمەدی تاران، گامی نو، ١٣٨٠.**

**ژیان لەناودەقدا، پۆل ڕیکۆر، بابەک ئەحمەدی، بڵاوکراوەی مەرکەز، تاران، ١٣٧٣.**

# خۆزگە لەبارچووەکان

خوسرەو جاف

با وەک ئەورۆ دیوار نیشانەی بەندو زۆر و زەوت و دەسەڵاتە، بەندە دیوار بە شاکارێکی گەورەی مرۆڤە سەرەتاییەکان دادەنێم، ئەو دەمەی لە ئەشکەوت وەدەرهات و بەردی لەسەر بەرد دانا و بنمیچی بۆ سازاند و کردییە هەنۆزگاو لە هەروەهابوون وەدەرهات و بوو بە خاوەنی یەکەمین پرۆژە و پلان و بەرنامە، ئیدی چەند هەزار ساڵ لەو رۆژە گوزەراوە تا ئێستا بەدروستی نەزانراوە، مرۆڤ چۆن ئەو قۆناغانەی جێ هێشتووە، تێکەڵوپێکەڵ بە ئێمە گەیشتووە.

بە وردەکارییەوە ئەوە تۆمارە، ئێمەی بەشەر لەهەزارەی سێیەمداین، بەپێی لێکدانەوە زانستییەکان یەک رۆژی هەزارەی سێیەم بەرانبەرە بە سی رۆژی هەزارەی دووەم، یانی یەک ساڵ بە سێ ساڵ.

لە توندوتیژی تیرۆر و قاعیدە و ماعیدە و داعش و ماعش و توندوتیژی ئایینی و کۆلکە دیکتاتۆرەکانی دوور و نزیک گەڕێن.. مرۆڤی ئێستای ئەم هەزارەیە تۆز و گەردی زانستی لێ نیشتووە و بە وردی چنگی خستووەتە نێو جیهانی زانستێکی سەرسام ئاوەرەوە، بێ گومان ئەمەیان بە ئاسان بە دەستیان نەهێناوە و بەپێی تەرازووەکان بەرنامە و پلانیان بۆ دارشتووە و بوارەکانیان داوەتە دەست چاوساغ و لێزانی خۆی، چۆن و کەی؟ ئاکامەکەی بە بەرچاوەوەیە، ئەوان لە مێژە زانیویانە زانستی ئینسیکلۆپیدیایی هی سەدەکانی رابردووە، پەیان بەوە بردووە مرۆڤی لێهاتوو و داهێنەر دەتوانێ تەنیا لە بوارێکدا بگاتە پۆپەی لێزانین و داهێنان.

کۆمەڵگای تێگەیشتوو و پێگەیشتوو زەمانێکە بەم قۆناغەی ئێمەدا بە مەنهەجییەتەوە دوور لە مەزاجییەت،

گوزەراون و ڕاستەقینەکانیان سەلماندووە و بەپێی کەیل و کێشانە و تەرازوو و بەرنامەڕێژی پلانەکانی ئێستا و داهاتووشیان داڕشتووە.

خۆ خوانەخواستە بەندە تەماحگیری ئەوەی نیم بڵێم ئەوە ئێمە بۆ وا نین؟ ئەوە ئێمە بۆ بیر لە بەرنامەڕێژی و پلانی یەک ساڵە و پێنج ساڵە و چوزانم بیست ساڵە ناکەینەوە؟ ئەوەش دەزانم پاشماوەی پەلامار و ڕاوین، ئەوەتا نان و تەواوی تیکەی دەمی خێزانمان لێ دەرفێنن و گورز و گۆپاڵی خوێناویمان لێ ڕادەوەشێنن.. نا شوکری خودا نەبێت چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێ، ئێمەی کورد کەی دوور لە هەڕەشە ژیاوین، کولتووری هەڕەشە و گوڕەشەی دەرودراوسێکانمانە لە هەزارەی دووەمەوە پێمان گەیشتووە و جیهانی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندووە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، زمان و موفرەداتی ئەم دەم و سەردەمە نییە و لە مێژە ئیکسپایەر بووە.

باشە.. ئەوە بیر و تێفکرینی دەرودراوسێکانمان و.. ئەوەش واقیعیەتی دنیای پێگەیشتوو.. ئەمەیش ئێمەین لە یەکەمین پێپیلیکانەکاندایین، ئەوەسا وردە وردە بەرێ کەوتووین و خۆزگەکانیش لە ناخ و زیکر و فیکری زۆربەماندا سەریان هەڵداوە و لەگەڵ خۆماندا دەڵێین:

* خۆزگە دەمدی شەقام و گۆڕەپانەکانی پایتەختەکەم و شارەکانی تری کوردستان پڕ دەکرا لە پەیکەری شوعەراو ئودەباو کەڵە پیاوانی مێژووی میللەتەکەم.

* خۆزگە شەقامێک لە پایتەختدا تەرخان دەکرا بۆ بەدی هێنانی یەکەمین هەنگاوی میعماری کوردی و سوود وەرگرتن لە کەرەستە خۆماڵییەکان و هێندە باو نەدەدرایە تەنەکە ڕەنگاو ڕەنگەکان.

* ئای چەندە ئاواتەخوازم لە جێی ئەم هەمموو مۆڵە جۆراوجۆرانە، مۆڵێکیش، کۆمەڵگەیەکی هونەری بۆ شانۆ و سینەما و گەلەری هونەری و هونەرە جوانەکان و موزیک دروست دەکرا.

* خۆزگە و هەزار خۆزگە بواری ڕۆشنبیری دوور دەکەوتەوە لە شارچێتی و گەڕەکچێتی و گۆڤارچێتی و کەناڵچێتی و سەرئەنجام حزبایەتی.

* خۆزگە دەمدی بۆ یەک جاریش بێت، لە بۆنەکاندا لە ڕیزی پێشەوە کورسییەک بۆ ڕۆشنبیرێک، یان هونەرمەندێکی وڵاتەکەم تەرخان دەکرا.

* خۆزگە گۆڤارەکانی ئێستای ئەم سەردەمە لە جێی ئەو هەمموو دەم و چاوە چەندە بارەبووانە، گرنگییان بە باری ئەدەبی و دنیای ڕۆشنبیری دەدا و پەندێکیان لە گۆڤاری (ڕامان) وەردەگرت.

* خۆزگە دەمدی جیاوازی دەخرایە نێوان شیعری نوێی ئێستا و پەخشانەوە.

* خۆزگە ئەکادیمیای کوردی دەکەوتە بیری کۆکردنەوەی وشە و واژەی ڕەسەنی کوردییەوە کە لە سەرتاسەری کوردستاندا بێ خێو و خاوەن پەخش و بڵاون.

* خۆزگە هیچ کارمەندێکی دەوڵەتی لە پلەیەکەوە سەرنەدەکەوت بۆ پلەیەکی باڵاتر ئەگەر باسێکی دەربارەی پسپۆڕییەکەی نەنووسیایە.

* خۆزگە حزبەکان بواری ڕۆشنبیرییان دەکردە مەرجێکی سەرەکی بۆ ئەندامەکانیان.

* بەرەکەت کا، هێندە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە وڵاتەکەمدا فرە و فراوانە، دەبوا لە تەواوی بوارەکاندا ئاماژەیان بۆ بکردینایە، سەد خۆزگە زانکۆکانمان مەرجی دژوارتریان دابین دەکــــرد بۆ بەدەست هێنانی پلەی ماجستێر و دکتۆرا.

* چەندە ئاواتەخوازم فیستیڤاڵەکان، کۆنگرەکان دەکەوتنە بیری ڕاسپاردەکانەوە، دوای تەواو بوونیان نەدەخرایە ڕەفەی فەرامۆشییەوە.

سەرئەنجام بەدڵنیاییەوە دەیڵێم:

تا تەرازووەکان ئاوا لار و خواروخێچ بن، تا کەیل و کێشانەکان لە ڕووی هەواو هەوەسەوە بێت.. دڵنیاین ئاڵای وڵاتەکــــەمــــان لە پێش بارەگــــای نەتەوە یەکگرتووەکــــاندا بای ئۆقــــیــــانووسی ئەتڵــــەسی نایشەکێنیتەوە.

**سەرنج: ئەم وتارە لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٤ لە هۆڵی زەیتوونی شاری هەولێر، لە سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان خوێنراوەتەوە.**

**«ڕامان»**

# بەرڤ ب ژكوهاتنا (ئێتیمۆلۆژیا) زمانێ كوردی

## پەیڤا لەنگ د زمانێ كوردیدا

حوسێن حەبەش و سێبەستیان هاینێ
(ئەڵمانیا)

د لێكۆلینا ڤێرنەر سوندێرمان " دێر سێرمۆن فۆم لیشت - نوئس" دا (گۆتارا ڕۆنی جان) وەها نڤیسا مانی (٢١٦ / ٢٧٧) ب زمانێ پارتهی هاتیە: (پەنژوم كو نز دولساود نز لنگ. ١، ر٧٣,) وەرگەڕا وێ ب كوردی : ئا پێنجەمین، كو ئەو نە ب سەختەیی و نە ب كرێتی دئاخڤە.

ژ مەرا ل ڤر پەیڤا لەنگ و بلێڤكرنا وێیا كوردی هەر وەك یا پارتهی لەنگ گرنگە، ئەم دخوازن ل سەر ژكوهاتنا (ئێتیمۆلۆژیا) وێ هنەكێ راوەستن، وەها لەنگ د زمانێ كوردی دا: لەنگ ١ چەوت، نەراست، شاش، گرۆڤەیا وی لەنگە،٢ كولەك، شەل، شیعری نارێك، وێستان لە شوێنێک، د فەرهەنگی خال دا هین ئەڤ شێوەینا ژی هەنە: (لەنگە، لەنگەلەنگ، شەلەشەل، نوێل، لەنگەكردن، لەنگین، لەنگی. ٢، ر. ٢٦٠-٢٦١)، ب هۆرامی ژی ئەو وەها هاتیە: (لەنگ ، لەنگە، شەل، ناهاوسان، لەنگ بی یەی، لەنگ كەردی، لەنگنای . ٣ ر. ٨٦٥) د ژێدەرا چەكۆ كۆجداگ دا، كرمانجكی (زازاكی) ژی لەنگ، لەنگایەنە، لەنگیە وەها رێزبویە و ب وئارڕشا كولەك تێ نیشاندان. ٤. ر. ٢٤٤). پەیڤا لەنگ د پرانیا فەرهەنگێن كوردی دن دا ژی هاتیە ناساندن، بۆ نموونە، بنێرە (ف.ك.ن. ٥. ر. ٣٢٩)، هەروەها د ك.ێ.د. ر. ٣٤٨ دا ژی و چیەت ژێ را جییۆكا تۆپەل دانییە، لێ ئەو واتەیا هنەكێ ژێ دوورە، راڤەكرنا ئینگلیزی راستە. ٦)، لێ د وشەنامەكی.. ٧) دا ئەو تونەیە.

د مەولوودا مەلایێ باتەییدا پەیڤا لەنگ هاتیە بكارئانین: دۆرەدۆرا كاروانێ لەنكێ و لۆك / كەر ژ چوونێ بوویە حارس ما خودۆك. ٨. ر. ٧٨) ئەڤ مالكا د بەرهەما م. خالد سادینیدا ب ڤی جوورەیی تۆماربوویە: دۆرە دۆرا كاروانێ لەنگ و لووك / كەر ژ چوونێ بوو و حارس ما خودۆك. ٩. ر. ٢١٣) د مەولوودنامەیا حوسێن ئەلئەرتۆشی دا، د پرتووكا بەهجەت ئەلئەنام دا ژی جهێ وێ مالكێ هەیە: دۆرە

دۆرا کاروانێ لەنگ و لۆگ / کەر ژ چوونێ بووە حارس ما خودۆک. ١٠.ر. ١٥٧). پشتی بەرامبەرهەڤکرنا چاڤکانیێن جیاواز و دا ئەڤ مالکنا بێنە تەکووزتر کرن، ئەم دبینن وێ راستتر بە، ئەم وێ لگۆر کێشا هەلبەستڤانی تۆماربکن: دۆرەدۆرا کاروانێ لەنگ و لۆگ / کەر ژ چوونێ بوو حارس ما خودۆک. وەها دئمە کو کێشا وان دە برکەییبە.

چاوا د کوردیدا لەنگ هاتیە، وەها ژی د زمانێ پارتهیدا، د هەژمارا ٧٥ دا ژ تێکستێن پارتهی وەها نڤسینە" لەنگ، بلێڤکرنا وێ ژی وەک یا کوردییە، لێ د راڤەکرنا وێ دە هنەکێ ئاریشە ل با سوندێرمان پەیداکرنە، ئەو ب ڤێ نیشانێ) دەست پێدکە، ئەو ژی ل ڤر ب واتەیا نەناسینا پەیڤێ تێ و ل هەمبەرێ بێژەیا ئەلمانی "شەندبار" دنڤیسە. ١. ر. ١٤٩). ب کوردی ئەو دبە رسوایی، کرێت، راهۆل و د کۆمێنتارا وێ دا دنڤێسە، کو ئەو ب شێوەیێن لەنگار یان لەنگاریفت بێنە تەماشەکرن، دیسان ژی تو واتە ژێ را نەهاتییە دیتن، پاشێ خوە سپاردەیی پەیڤا فارسی نوو بانگاک ، کو ئەو ب مانەیا کرێت و نەدۆستانی تێ. ١.ر. ١١٦). لێ د وەرگەڕا وێ دا چاوا زییاندار هاتیە. ١. ر. ٧٣). د فەرهەنگا م. بۆیس دا کو ئەو ژێدەرا مە یا سەرەکینە د لێکۆلینا مە دا لەنگ تونەیە. ١١). فەرهەنگا د.م.ت. پێناسینا وێ یا پارتهی نمادکە، واتەیا وێ ب ئینگلیزی دنڤیسە، ب کوردی زیاندار، رسوایی. ١٢. ر.٢٢٢).

د رووپەلا ٥٧٦دا یا "فەرهەنگا" تسابۆلۆڤ ژکوهاتنا پەیڤا لەنگ هاتییە، لێ مخابن راڤەیا وێ نە راستە. فەرهەنگڤان لەنگ دگیهنە زمانێ سەنسکریتی، ١٣) و خوە دسپێرە فەرهەنگا مایەرهۆفەر، ١٤. ١١١ ر. ٨٦). ئەم ل وێ فەرهەنگا پرگرانبها ڤەگەڕین، مە ئەو بێژەیا د ور دا نەدیت، هەروەها تسابۆلۆڤ نڤسییە کو ئەو د زماننە ئیرانی دن دە ژی هەیە، مە ئەو د وان دا ژی نەدیت)، ئەو هەر د فارسیا نوو دا هەیە.

پەیدابوونا دەنگانییا "ل" د زمانێن ئیرانی کەڤن دا نە دیارە، نە دوورە ئەو جارا یەکەمین د زمانێن ئیرانی ناڤین دا ب ئاوایەکی نەسەرەکین پەیدابووبە. پەیڤا لەنگ هەر د پارتهی، کوردی و فارسیا نوو دا هەیە، مەرا کانە بێژەیا فارسی نوو لەنگاک چاوا زییاندار بەرامبەر لەنگ بکە ١٥. ر. ١١٢٩)، لێ پەیڤا فارسی نوو دبە کو پەیڤەکە فەرهەنگی بە، بەلگەهەکە وەها د فەرهەنگا لارستانی دا هەیە، ئەو ب واتەیا " چەوتانی د ئامەدەکرنا کارەکی دا" هاتییە ١٦. ر.١٩١). کەڤنترین ژێدەر ژ لێکسێما لەنگ را زمانی پارتهییە، دبە کو ئەو ژ پارتهی کەتبە ناڤ فارسی.

**ژێدەر:**


**1- Sundermann, W. Der Sermon vom Licht-Nous, Akademie Verlag, Berlin 1972.**

**٢- فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێهەم. محمدی خاڵ، سلیمانی، ١٩٧٦.**

**٣- وشەنامە ،هۆرامی - کوردیی ناوەڕاست، دانەر جمال حبیب الله (بێدار) هەولێر ٢٠١٠.**

**4- Ferheng, Kirmanckî (Zazakî)? Kurmancî; Kurmancî Kirmanckî (Zazakî) Çeko Kocadag, we?anên Komkar, Berlin, 2010.**

**5- Ferhenga Kurdî Nûjen, Kurdî? Erebî, Danyar Alî Seydo Alî Gewranî, Eman / Alûrdin, 1985.**

**6- Kurdish-English Dictionary, Ferhenga Kurmancî-?nglîzî, Chyet, M.L. Yale University Press, New Haven and London, 2003.**

**٧- جەماڵ نەبەز، وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، ٢٠٠٨ ، چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی ماڵپەڕی کوردبوون www.kurdbun.de.**

**8- Le Coq, Kurdische Texte, Berlin, 1903, r. 78.**

**9- Mela Huseynê Bateyî, jiyan, berhem û helbestên wî, M. Xalid Sadinî, Nûbihar, Istanbul, 2010.**

**10- Mewlidname, Husêyn Elerto?î, pirtûka Behcetul Enam, Zeynul Abdîn, Mektebet Seyda Diyarbekir, 2011.**

**11- Boyce, Mary, A World-List of Manichaean Middle Persian and Parthian, Leiden, Tehran-Liége, 1977.**

**12- DMT. Desmond, Durkin-Meisterernst, Dictionary of Manichaean Middle Persian and Parthian, Brepols, Belgium, 2004.**

**13-**

**14- Mayrhofer, M. Etymologisches Wörterbuch des Altindoarischen, III vols, Heidelberg, 1986 ? 2001.**

**15- Steingass, A Comprehensive Persian-English Dictionary**

**١٦- فرهنگ لارستانی تألیف احمد اقتداری، تهران، ١٣٣٤ خورشیدی**


**تسابۆلۆڤ کارەک ب "کوردی" - رووسی ب ناڤنیشانا فەرهەنگا ئیتیمۆلۆژیا زمانێ کوردی ب دو بەرگان (جلدان) ل مۆسکۆ بەلاڤکری. لگۆر دیتنا من (ح.ح.) ، تو پێوەندیا وێ ب کوردی ڤا تونەیە، ئەو بەرهەمەکە نە ئۆبێکتیبە و نە جهێ باوەڕییێیە. د ور دا هاتییە خویاکرن - دیسان لگۆر رایا من - کو زمانێ کوردی هەر ژ عەرەبی، فارسی و ترکی پێکهاتییە، ب راستی ژ من را پڕ نەخوشە ئەز ڤێ راستیا تال ببێژم و لبەر تسابۆلۆڤ دکەڤم، کو خوە کرییە رەوشەکە وەها. بەرهەمن هەنە ناڤێ خوەدیێ خوە تمهەیین (ئەبەدی) دکن، بەرهەمن ژی خوەدیێ خوە دکوژن، ب تەوژمی جهێ رێزدار تسابۆلۆڤ نە د رایا یەکەمین دا یە.**

**Bonn, 31. 03.2014**

# ئەفسانە چییە؟

لە عەرەبییەوە: مستەفا سەعید عەلی
(کەلار)

مرۆڤ هەمیشە دروستکەری ئەفسانە بووە، دوای کنەو پشکنینی شوێنەوارناسان بۆ گۆڕی نیاندرتاڵەکان، دەرکەوت، چەک و کەرەستە و ئێسقانی ئاژەڵان کە بۆیان کراونەتە قوربانی تێدایە. هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن بڕوایان بە دنیایەکی تر هەبووە کە لەو جیهانەی ئەوان بچێت. دەشێت نیاندرتاڵەکان، هەندێک لە چیرۆکەکانی ژیانی هاوڕێکانیان بۆ یەکتر گێڕابێتەوە کە دوای مردن بەسەری دەبەن. جۆرێک قسەوباسیان لە بارەی مردنەوە دەکرد کە گیاندارانی تر بەرگەیان نەدەگرت، ئاژەڵان دەیانبینی هاوڕێکانیان بەبەرچاویانەوە دەمرن، کەچی هیچ نارەحەتییەکیان لە خۆیان پیشان نەدەدا، بەڵام لەهەڵدانەوەی گۆڕی نیاندرتاڵەکان دەردەکەوێت، لەگەڵ زیادبوونی هۆشیارییاندا بەوەی هەر دەبێت بمرن، چیرۆکێکی تریان داهێنا، تا بتوانن لەگەڵ ئەو ژیانە تازەیەی دوای مردن بگونجێن. کاتێک نیاندرتاڵەکان زۆر بەگرنگی و چاودێرییەوە مردووەکانیان دەشاردەوە، واتە ئەوان گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە تەنیا جیهانی ماددی و بینراو، تەنیا حەقیقەت نییە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت بیرۆکەکانی مرۆڤ توانیویەتی ئەزموونەکانی ڕۆژانەی خۆی تێپەڕێنێت. ئێمە بوونەوەرێکین بەدوای مانادا دەگەڕێین، وەک دەزانین، بۆ نموونە سەگەکان نارەحەت نابن بۆ حاڵی هاوجنسەکانیان و هیچ غەمباری و دڵتەنگییەک لە خۆیان پیشان نادەن بۆ داماوی سەگەکانی تر لە شوێنەکانی تری دنیاداو هەوڵ نادەن ژیانی خۆیان بەدیدێکی جیاواز ببینن. لە کاتێکدا مرۆڤەکان بە ئاسانی دەکەونە دڵەڕاوکێ و بێ ئومێدییەوە، هەر ئەمەش پاڵی پێوەناون لە سەرەتای یەکەم بوونیانەوە، بۆ گونجاندنی ژیانی خۆیان لە نێو ئەم گەردوونە بەرفراوانەدا چیرۆکانێکی وا دابهێنن و سیستمێکی شاراوەی وا بۆ خۆیان بدۆزنەوە هەستێکی دژ و پێچەوانەی ئەو دیمەنانەیان بداتێ کە دەبنە مایەی خەمۆکی و ڕەشبینی، ئەویش ئەوەیە کە ژیان بەها و

ماناى هەیە. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی زەینی مرۆڤ، توانایییەتی لە دروستکردنی بیرۆکەو ئەزموونگەلێک کە ناتوانرێت لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ بکرێت. خەیاڵ و تواناییەکی زەینی وامان هەیە بیر لە شتانێک بکەینەوە کە لە بەرچاومان بینراو نین و کاتێک یەکەم جار وێنای دەکەین، بوونێکی بابەتیی نییە، کەواتە وێڕای بەدناوی بیرکردنەوەی میتۆلۆژی لە سەردەمی ئێستادا، خەیاڵ ئەو توانایییەیە کە ئایین و میتۆلۆژیا بەرهەم دەهێنێت، هۆی دوورکەوتنەوەمان لە میتۆلۆژیا بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە ئەفسانە شتێکی - نا عەقلّی و نا ڕاستە- خەیاڵ هێشتا ئەو تواناییەیە وا لە زانایان دەکات زانستی نوێی پێ بەرهەم بێنن. خەیاڵی زانایان، وای کردووە بتوانین بچینە سەر مانگ و بەسەریدا بگەڕێین. ئەم دەستکەوتە گەورانە لە جیهانی ئەفسانەدا لە کۆندا جێگەیەکیان نەبووە، وەک چۆن زانست و تەکنۆلۆژیا پێش دەکەون، ئەفسانەو زانستیش لەگەڵ بوونی مرۆڤدا پێکەوە گەورە دەبن. میتۆلۆژیا دەرچوون نییە لەم جیهانە، بەڵکو پێوەندی بەو تواناییەی ئێمەوە هەیە کە بە چڕی تێیدا دەژین.

گۆڕی نیاندرتاڵەکان پێنج(*) شتی گەورەمان لەسەر ئەفسانە پێ دەڵێن:

**یەکەم:** بنەماکانیان لەسەر ئەزموونی مردن و ترس لە لەناوچوون بووە.

**دووەم:** ئێسکی ئاژەڵەکان پێمان دەڵێن، لەگەڵ بەخاک سپاردنی مردووەکان قوربانییان پێشکەش کراوە، ئەمەش ماناى ئەوەیە میتۆلۆژیا خۆی لە سرووت (تقوس) جیا ناکاتەوە، زۆرێک لە ئەفسانەکان بەبێ سرووت کە گیانی تێدەخات، هیچ مانایەک ناگەیەنن. ئەگەر لە کەشوهەوایەکی ئاسایی و ساردوسڕدا ئەنجام بدرێن لە مەبەست و ناوەرۆکی ناگەین.

**سێیەم:** وەبیرهێنانەوەی ئەفسانەی نیاندرتاڵەکان لە گۆڕدا، واتە وەبیرهێنانەوەیان لە سنووری کۆتایی ژیانی مرۆڤایەتیدا، چونکە ئەفسانەکان کاریگەرییان زیاترەو تا ئەوپەڕی دەمانورووژێنن و ناچارمان دەکەن ئەزموونی کەسی خۆمان تێپەڕێنین، هەندێک چرکەساتی تێدایە بەهەر ڕێگەیەک بێت دەمانباتە شوێنێک کە پێشتر نەمانبینیوە. دەمانباتە سەر شتانێک هەر لە سەرەتاوە وشەیەکمان نییە گوزارشتی لی بکەین، کەواتە ئەفسانە لە دڵی بێ دەنگییەکی گەورەوە دەڕوانێ.

**چوارەم:** چیرۆکەکانی ئەفسانە تەنیا بۆ مەبەستی چیرۆک ناگێڕدرێنەوە، بەڵکو ئامانجیان ئەوەیە ڕێنماییمان بکەن بۆ ئەوەی کە پێویستە لە سەرمان بیکەین. بۆ نموونە دەبینین لاشەی مردوو لە گۆڕی نیاندرتاڵدا، لە شێوەی منداڵێکی ناو سکی دایکدا ڕاکێشراوە، وەک ئەوەی لە دۆخی لە دایکبوونێکی تازەدا بێت. دەبێت مردووەکە هەنگاوی لە دایکبوونەکەی تری خۆی ببینێت. ئەگەر میتۆلۆژیا بە شێوە ڕاستەکەی تێ بگەین، ئەوە دەمانباتەوە حاڵەتێکی ڕوحی و دەروونی دروست بۆ وەرگرتنی حاڵەتی دروست لەم دنیا، یان لەو دنیادا.

دواجار: میتۆلۆژیا قسە لەسەر جیهانێکی هاوشان لەگەڵ ئەم جیهانەماندا دەکات و بەجۆرێک لە جۆرەکان وزەبەخشی بوونمانە. بڕوابوون بەم ڕاستییە نەبینراو و بە هێزە، کە هەندێک جار پێی دەوترێت جیهانی خوداوەندەکان، لە بنەڕەتدا بیرۆکەی میتۆلۆژیایە. لە مێژوودا بە میتۆلۆژیا دەوترا ( فەلسەفەی بەساڵاچوو)، چونکە بەر لە هاتنی ئەم پێشکەوتنە زانستییە ڕێنمایی کۆمەڵگەکانی دەکرد بۆ ئەفسانەو سرووت و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کەچی تا ئێستاش لە ناو زۆر لە کۆمەڵگە تەقلیدییە هاوچەرخەکاندا بەردەوامی هەیە.

بەپێی فەلسەفەی بەساڵاچوو، جیهانێکی خودایی هەیە هاوشان و هاوشێوەی چی لەم جیهانەی ئێمەدا دەبیستین و دەبینین و ڕوودەدات، بەڵام دەوڵەمەندتر و بەهێزتر و بەردەوامتر لە جیهانی ئێمە. ئەم ڕاستییەی سەرزەوی بریتییە لە سێبەرێکی کاڵوکرچی نموونە ئەسڵییەکە و شێوازە یەکەمەکەی. زۆر بە سادەیی، ئەم جیهانە وێنەیەکی ناکامڵی جیهانەکەی ترە. مرۆڤەکان ئەگەر بەشداری لەو جیهانە ئیلاهییەدا نەکەن، دەمرن و لەناودەچن و ناتوانن توانستەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەفسانەش لەم بارەوە لە ڕووی شێوە و داڕشتنەوە بە درێژی قسەی خۆی کردووە، لەو ڕاستییەی کە خەڵکی بە ژیری و بەهرە و هێز و توانایی خۆیانەوە سووسەی دەکەن. ئەو قسانە تەنیا هەواڵگەلێک نییە بۆ کات ڕابواردن، یان وروژاندنی شتی بێ کەڵک لەسەر ڕەفتاری خوداوەندەکان، بەڵکو بۆ ئەوەیە پیاوان و ژنان بۆ خۆیان بتوانن لەگەڵ ئەو بوونەوەرە لە سنوور بەدەرانە لێکچوون بکەن و ئەزموونی خوداوەندەکان تاقی بکەنەوە.

لە ژینگەی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆمان، زانیاری و بیرۆکەی زۆر سادەمان لەسەر بوونەوەرە ئیلاهییەکان هەیە، بەڵام لە جیهانی کۆندا، بە دەگمەن وایان لە " خوداوەندەکان " ڕوانیوە کە بوونەوەرێکی سەرووی سروشت، یان کەسانێکی دانا و پێگەیشتوو، یان لە دەرەوەی سروشتدا ژیابن، بۆیە میتۆلۆژیا لەسەر لاهووت نەبووە بەو مانا نوێیەی ئەمڕۆ، بەڵکو لەسەر ئەزموونی مرۆڤایەتی بووە. خەڵکی بڕوایان وابووە پێوەندییەکی دانەبڕاو لە نێوان خوداوەندەکان و مرۆڤ و گیانداران و سروشتدا هەیە و

هەمــوویان دەچنە ژێر هەمـان ئەو یاسـایانەوە کـە لە یەک ماددەی ئیلاهی پێکهاتووە. هەر لە سەرەتاوە بۆشاییەکی هەبوونی لە نێـوان جیـهـانی خـوداوەندەکـان و جیـهـانی مرۆڤدا بوونی نەبووە. کاتێک خەڵکی باس لە لایەنێک لە شــتـێکی ئیـلاهی دەکـەن، واتە باس لەلایەنێک لە لایەنەکانی ئەم دنیایەی سەرزەمین دەکەن.

هەروەها بـوونی خـوداوەندەکـان، جـودا نەبووە لە بـوونی زریان و دەریا و ڕووبار و هەست و سـۆزە شـاراوەکـانی وەک خـۆشەویسـتی و توورەبوون و شـەیدایی سـێکسی مـرۆڤ، کە وا دەردەکـەوێت پیـاوان و ژنان بە شێـوەیەکی کـاتی مرۆڤ بەرز دەکەنەوە بۆ شێوەی بوونێکی جیـاواز و جیهانی تێدا بە چاوێکی تازە دەبینن، کەواتە ئەفسانە بۆ ئەوە دروست کـراوە تا یارمـەتیـمـان بدات مـامەڵە لەگـەڵ گرێ کوێرەکانی مرۆڤایەتیدا بکەین و یارمەتی خەڵکی بدات بۆ دیاریکردنی پێگە و بیــروبۆچوونی خـۆیان لە جیـهان، هەمـوومان دەمـانەوێت بزانین لە کوێوە هاتووین؟ لە نارِوونی یەکەمین سـەرەتامـان لە نێـو تەمومـژی بەر لە مـێژوودا، بۆیە هەر لە باو و باپیـرانمانەوە دەسـتـمـان دایە دروستکردنی ئەفسـانە، هەرچەندە ئەفسـانە مێـژوویەکی دیاریکراوی نییـە، بەڵام یارمـەتیدەرمانە بۆ لێکدانەوەی هەڵوێســتـــەکـــانمان لەبەرانبـــەر ژینگەو دراوسێ و دابونەریتــەکـــان، هەروەها دەمـــانەوێت بزانین بۆ کـوێ دەچین؟ لە بەر ئەوە چیرۆکانێکمـان دروست کردووە باس لە بوونی دوای مـــردن دەکـــات. لەگـــەڵ ئەوەی زۆر لە ئەفسانەکان، وەک پاشتر دێینە سەریان، باس لە نەمری بوونەوەری مـرۆڤـایەتی ناکـەن. کـاتێک دەمـانەوێت لێکدانەوە بۆ چرکـەساتەکـانی بالا بوونمان بکەین کـە لە کـاتی بالا بوونمان بە سـەر سـەرقالـّیـیەکـانی ڕۆژانەمـاندا دروست دەبێت، ئەوکات بیـرۆکـەی ئیـلاهی یارمـەتیـمـان دەدات بۆ لێکدانەوەی ئەزمــوونی بەرزبوونەوەوبالابوون. بیـرۆکـەی بەسـالاچوو( مـیـتـۆلۆژیا ) گـوزارشت بـووە لە هەستە خۆرِسکەکانمان بەوەی لە مرۆڤ و جیهانی ماددیدا ڕاستی و واقیعگەلێکی زۆر زیاتر هەن چاو دەیانبینێت.

لە ئەمـرِۆدا وشـەی ئەفـسـانە زیاتر بۆ شـتـانێک بە کاردێت کە ناڕاست، یان ناواقیعی، یان جێی باوەڕنەبن. کـاتێک سیـاسییـەک تۆمەتبار دەکرێت بەوەی هەڵەیەکی کـــردووە، یان وشــــەیەکی نا بەجــێی وتووە، دەڵێت ئەفسـانەیەو هەرگیـز شـتـی وا ڕووی نەداوە. کـاتێک دەبیستین خواوەندەکان بە سەر زەویدا دەگەڕێن و مردووان لە گـــۆڕەکـــانیـــان دێنە دەرەوەو ڕووبارێک دەبێـــتـــە دە کـــەرتەوەو وشک دەکـــات تا مـــیـللەتێک لە دەســـتی دوژمنەکـانیـان هەڵبـێن، دەبینین جـێی بڕواکـردن نین، چونکە لە سـەرەتای سـەدەی هەژدەمـدا ڕاهاتووین لەگـەڵ تێروانینێکی زانسـتیـیانە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو. وامان لێهـاتووە تەنیا گرنگی بەو شتانە دەدەین کە بەشێوەیەکی کرداری ڕوویان داوە، ئەمەش پێچەوانەی جیـهـانی پێش نوێگەرییــە. خــەڵکی جـــاران کـــە لەســـەر ڕابردوو دەیاننووسی، تەنیـا لەسـەر مـانا و دەلالەتی ڕووداوەکـە دەوەستـان نەک لەسەر حەقیقەتی ڕوودانەکەی. ئەفسـانە بە مـانایەک لە مـاناکـان چیـرۆکـێک دەگـێرِێتـەوە کـە لە سەردەمێکدا ڕووی داوە، ئەمەش وای لێدەکات لە هەموو زەمــەنەکــاندا ڕووبدات. بەهۆی ســەخت بینینی یەک لە دوای یەکمان بۆ ڕووداوەکانی مێژوو، وشەگەلێکمان نییە گــوزارشت لەو جــۆرە ڕووداوە بەردەوامـــانە بکەن. لە کـاتێکدا ئەفسـانە بەو سیـفـەتەی دارِشتنێکی هونەرییە، دەتوانێت ئاماژە بە بەر لە مێژوو، ئەوەی نا زەمەنییە لە بوونی مرۆڤایەتیدا بکات، هەروەها یارمەتیشمان دەدات بۆ ناسـینی بەر لە پاڵنەرە گـێـرەشـێـوێنەکـان بۆ ڕووداوە هەرەمەکییەکان و بینینی کرۆکی حەقیقەت. ئەزموونی خۆ بەبالازانین بەشێکە لە ئەزمـوونی مرۆڤایەتی، ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ گـوزەراندنی سـاتەوەخـتـێکی کـورت لە خـۆ بە بالازانینی ڕوحی و ئەوپەڕی خۆشبەختی. کـاتێک هەست بە پێـوەندییـەکی ناوخـۆیی قـووڵ دەکـەین بۆ مـاوەیەکی کـــورت بەســـەر خـــۆمـــاندا بالادەبین و هەست دەکـــەین لەکـاتەکـانی تری ژیانی ئـاسایـیـمـان بە تەرکیـزتر دەژین و هەرچی توانســـتـەکـانمانە وەگـەڕدەخـەین، لەناو قـاوغی تەواوی مـرۆڤـایەتیـمـاندا چرِتر دەبینەوە. ئایین هەمـیـشـە گرنگترین ڕێگە بووە بۆ بەدەستهێنانی سەرگەرمی بەرزی ڕوحی. ئەگـەر خـەڵکی نەیانتـوانیـبـێت لە پەرستـگەو کـەنیـســە و مــزگــەوتەکـــاندا بە دەســتی بێنن، ئەوە لە جێگەکانی تری وەک هونەری مۆسیقا و شیعر و گۆرانی و سـەمـا و سـێکس و وەرزش و مـاددە هۆشبـەرەکـاندا بۆی گەڕاون. وەک ئەفسانە سەرگەرمی تێمـاندا دەجووڵێنێت، تەنانەت لە ڕووی مردن و نائومێدیشدا کە لە وێناکردنی نەمـان و لە ناوچوونەوە لە دایک دەبن. کـەی ئەفسـانە لە دروستکردنی ئەو کـاریگەرییە ڕاوەستـا، ئەوکات دەمرێت و هیچ سوودێکی نامێنێت.

زۆر هەڵەیە وای دابنێین ئەفسانە شێـوازێکی نزمـە لە بیرکردنەوە و لەکاتی گەیشتنی مرۆڤایەتی بە سەردەمی عـەقـلانیـیـەت وەلاوە بنرێت. مـیـتـۆلۆژیا هەوڵێکی پێشـوەختە بۆ نووسینەوە، یان تێگەیشتنی مێژوو. وەک ڕۆمـانی ئەدەبی و ئۆپێـراو، یان بالی، ئەفسـانە لافی ڕاستـودروستی و بابەتییـانەی چیـرۆکەکـانی لێ نادات. ئەفسـانە پیـشـاندەری بیـروباوەڕە. یارییـەکـە بالاتر لە جیهـانی پارچە پارچەو تراژیدیاییمـان یارمەتیمان دەدات بۆ کۆکردنەوەی تواناییە تازەکان دەربارەی ئەم پرسیارە: "

چۆن بوو ئەگەر؟" ئەمەش ئەو پرسیارەیە کە هاندەرمان بووە بۆ ئەنجامدانی هەندێک لە گرنگترین دۆزینەوەکانمان لە فەلسەفە و زانست و تەکنۆلۆژیا، پێدەچێت نیاندرتاڵەکان کاتێک کاریان کردووە بۆ بەرێخستنی ڕوفاتی هاوڕێ مردووەکانیان بۆ پێشوازی کردن لە ژیانێکی تازە، هەمان شت کەوتبنە نێو هەمان یاری ڕوحییەوە لە نیشاندانی بیروباوەڕدا، کە کۆکەرەوەی هاوبەشە لە نێوان هەموو دروستکەرانی ئەفسانەدا. "چۆن بوو ئەگەر ئەم جیهانە وا نەبوایە؟" چۆن دەبوو ئەوە لە ڕووی دەروونی و زانستی و کۆمەڵایەتییەوە کار لە ژیانمان بکات؟ ئایا جیاواز دەبین؟ ئایا بەرەو کامڵ بوونی زیاتر دەچین؟ ئێمە ئەگەر بینیمان لە حاڵەتی گۆڕانێکی قووڵداین، ئایا ئەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان مانای ئەوە نییە بیروباوەڕی ئەفسانەییمان ڕاستودروست بووە؟چونکە بەهۆی نەتوانینمان لە درک پێکردنی لە ڕێگەی عەقڵەوە، لە شتێکی گرنگی مرۆڤایەتیمان ئاگاداری کردووینەتەوە.

مرۆڤ تایبەتمەندییەکی بێ وێنەی لە پاراستنی تواناییەکانی لە یاریکردن و دڵخۆشیدا هەیە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئاژەڵانەوە، ئەگەر دەستەمۆ نەکرێت، هەر کە لە دەشتودەردا ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت دەبێتەوە هەستی یاریکردن لە دەست دەدات! لە کاتێکدا دەبینین مرۆڤەکان تا تەمەنی پیریش ڕێک وەک ئەوەی لە منداڵاندا بەدی دەکرێت بە چەندان شێوازی جۆراوجۆر بەردەوام دەبن لە چێژوەرگرتن لە یاری کردن. ئێمە بەردەوام دەبین لە داهێنانی جیهانە خەیاڵییەکان لە هونەری ئازاد لە هەرچی کۆت و بەندێکی لۆژیکی و عەقڵی، بۆیە بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانمان، چەندین شێوازی تازە وێنا و تێکەڵ دەکەین و وا گومان دەبەین شتێکی گرنگ و ڕاستییەکی قووڵمان پێ دەڵێت. لە میتۆلۆژیاش هەمان شت گرنگی دەدەین بە گریمانەیەکی دیاریکراو و لە ڕێگەی سرووتەوە گیانی تێدەخەین و لەسەر بنەماکانی ڕەفتار دەکەین و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانمان دەئەندێشێنین و وادەزانین دیدێکی تازەمان لەسەر مەتەڵی ئەم جیهانی هەرەج و مەرەجە دەست کەوتووە. ئەفسانە ڕاستە، چونکە کاریگەرە. ئەگەر نەتوانێت دیدی تازەمان لەسەر مانای قووڵتری ژیان بداتێ، کەواتە شکستی خواردووە، بەڵام ئەگەر چاک و سەرکەوتووبوو، واتە ئومێدێکی تازەمان دەداتێ و پاڵمان پێوە دەنێت بۆ گۆڕینی عەقڵ و دڵمان، هانمان دەدات کە ژیانێکی دەوڵەمەندانەتر و پڕ هیواتر بژین. ئەوکات ئەو ئەفسانەیە بە ئەفسانەیەکی زیندوو دادەنرێت.

میتۆلۆژیا تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت گۆڕانکاریمان تێدا دروست بکات کە پەیڕەوی بۆ چوونەکانی بکەین. ئەفسانە لە بنەڕەتدا هێمای ئاراستەکەرە، واتە پێمان دەڵێت دەبێت چی بکەین تا ژیانمان خۆشتر بێت؟ ئەگەر بەسەرخۆماندا جێبەجێی نەکەین و وەک ڕاستییەکی واقیعی مامەڵەی لەگەڵ نەکەین، ئەوە بە هەست پێنەکراوی و نامۆیی دەمێنێتەوە.

دەتوانین بڵێین نامۆییمان لەم سەردەمەدا لەبارەی ئەفسانەوە، شتێکی بێ پێشینەیە. ئەگەر میتۆلۆژیا لە جیهانی بەر لە نوێخوازی شتێک بووە نەیانتوانیوە وازی لێ بێنن، نەک لەبەر ئەوەی یارمەتی خەڵکی داوە کە مانایەک بۆ ژیان دابنێن، بەڵکو هەندێک شوێنی لە عەقڵی مرۆڤدا دۆزیوەتەوە ئەگەر ئەفسانە نەبایە، هەرگیز نەدەتوانرا پێی بگەین. ئەفسانە نۆبەرەیەک بووە بۆ دەروونناسی. ئەو چیرۆکانەی باسی ڕۆیشتنی خوداوەند و پاڵەوانەکان دەکەن بۆ قووڵایی جیهانی خوارەوەو بڕینی ئەو ڕێگە مەترسیدارانەو شەڕکردنیان لەگەڵ دڕندەکان لە ڕاستیدا هەموو ئەوانە چالاکییەکانی دەروونە ئاڵۆزەکانمان بۆ ڕووناک دەکەنەوەو ڕێنمایی خەڵک دەکەن لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە دەروونییەکاندا، لە بەر ئەوە دەبینین فرۆید و یۆنگ کاتێک دەستیان دایە نەخشەدانان بۆ توێژینەوە هاوچەرخەکەیان دەربارەی دەروونناسی، خۆڕەس ڕۆیشتن بەرەو میتۆلۆژیای تەقلیدی بۆ شرۆڤەکردنی بۆچوونەکانیان و لێکدانەوەیەکی تازەیان بۆ ئەفسانە کۆنەکان پێشکەش کرد. لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخمان پێویستمان بەوەیە چیرۆکەکانمان بە شێوازی جیاجیا بگێڕینەوە، لە پێناو دەست خستنی ئەو ڕاستییانەی کە لە سەرووی کاتەوەن. لەم خستنەڕووە مێژووییە کورتەدا بۆ ئەفسانە، ژنان و پیاوان لە هەموو سەردەمێکدا کاتێک بڕیار دەدەن، هەنگاوێکی گرنگ بۆ پێشەوە هەڵگرن، بە ئەفسانەکانیاندا دەچنەوە تا وای لێ بکەن قسە لەسەر مەرجەکانی ژیانی تازەیان بکات، هەروەها لە بەرانبەریشدا دەبینین سروشتی مرۆڤایەتی زۆر نەگۆڕاوە، زۆرێک لەو ئەفسانانەی لە کۆمەڵگەکانی تردا داهێنراون، زۆر جیاواز نین لە کۆمەڵگەی ئێستامان و هێشتا لەگەڵ ترس و حەزە جەوهەرییەکانمان قسە دەکەن.

**سەرچاوە:**

**تأريخ الاسطورة، تأليف: كارين ارمسترونغ، ترجمة: وجيه قانصو، الطبعة الأولى، ٢٠٠٨، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت – لبنان، ل٧-١٦.**


# میتافیزیک لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- مەبەست لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو فەلسەفەیەیە کە لە قۆناغێکی گرینگی مێژووی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە، قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست کە خەسڵەت و سروشتی هەرە دیاری دەستبەکاربوونی هەرسێک ئایینە گەردوونییەکە بووە:

جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام:

فەلسەفەکە لە سێبەری کۆنترۆڵی ئەو سێ ئایینە و دەست ڕۆیشتنیان بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمەدا بە هەموو جومگەکانیدا بووە. ئەگەر دەستپێکی هەردووک فەلسەفەی جوولەکە و مەسیحی دیار و ئاشکرا نەبێ، یان ئەوەتا مێژوونووسانی فەلسەفە لە بارەیەوە هەماهەنگ نەبن، ئەوە کۆتایی فەلسەفەی مەسیحی دیارە و داگیرکردنی شاری کۆستەنتەنۆپلی یۆنانی، کە دواتر ناوی ئەستەمبۆلی بەسەردا سەپێنراوە، لەلایەن تورکی عوسمانلی لە ساڵی ١٤٥٣زدا کۆتایی ئەو قۆناغەی تۆمار کردووە و بەدەستپێکی فەلسەفەی مۆدێرن (نوێ)ی ئەوروپا دانراوە. کێشەیەک لەو کێشانەی هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە کاتێک بابەتێک لە بارەی میتافیزیکی ئەو قۆناغە بنووسێ، ئاوێتەبوونی ئایین و فەلسەفەیە لەگەڵ کاڵ بوونەوەی سنووری جیاکاری نێوان فەلسەفە و لاهووت (شەریعەت) و زوهد و سۆفیگەری. لەلایەکی ترەوە بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش فەلسەفە کراوە بە ئامراز بۆ مەبەستی دیاریکراو بەکارهێنراوە، لە هەندێ کایەدا فەلسەفە دووچاری چارەنووسێک بووە خەریک بووە ئەرکی سەرەکی سەرشانی لەدەست بدات و ناچار بێ بە لاڕێگادا بڕوات. بەکارهێنانی جیهاندیدی فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ بەگشتی لەلایەن فەیلەسووفانی



**ئەفلاتوون**

جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام، هەریەکە بەپێی بۆچوون و جیهاندیدی خۆی بەجۆرێک بووە دووچاری کێشە و بەرەی ئەوتۆی کردووە کە تۆمەتی ئەوتۆی بخرێتە پارسەنگەوە کە تا ڕادەیەک زۆر بێدادی و ناڕەواییان پێوە دیار بووە و لەگەڵ گیانی توێژینەوەی زانستی نەگونجاون. هێرشەکەی غەزالی بۆ سەر چەند فەیلەسووفێکی ئیسلام لە ڕۆژهەلات و هەڵمەتە ناڕەواکەی قەشە تیمپێر بۆ سەر فەیلەسووفانی جیهانی مەسیحی دوو ئەنجامن لە چوارچێوەی ئەو جۆرە بەکارهێنانەی فەلسەفەدا یەک دەگرنەوە.. بەو پێیە ئەگەر فەلسەفە بەتایبەتی و میتافیزیک بەگشتی لەو قۆناغەدا سروشتێکی دۆگمی- زوهدی سۆفیگەری هەبووبێ، لەوەوە بووە ئایین سەرلەبەر پەلوپۆ و ڕەگوریشەی لە سەرانسەری کایەو دەڤەر و جیهانی فەلسەفە داکوتاوە و ڕەوایەتییەکەی لەوەدا ڕەنگ ڕێژکردووە تا چەند و تا چ ڕادەیەک پاساوی خواست و مەبەست و جیهاندیدەکەی دەداتەوە. ئەو ڕەوشە ئەگەر لەلای ئایین ڕەواو ئاسایی هاتبێتە بەرچاو، لەلای فەلسەفەوە کێشەئامێز بووە. کێشەکە لەوەدا سەرئاو کەوتووە:

فەلسەفە لە سەردەمی یۆناندا کاتێک سەری هەڵداوە کە هزری ئەفسانەیی لاواز بووە و تاڕادەیەک ئاراستە زانستییەکان بەهێز بوون، کەچی لەو قۆناغەی سەدەکانی ناوەڕاستدا فەلسەفە لە کەشوهەوا و هەلومەرجێکدا ناچار کراوە کارابێ کە بە دۆگمی ئایین و ئەفسانە و سۆفیێتی چواردەوری گیراوە. ئەرکێک بە فەلسەفە سپێردراوە کە لەگەڵ سروشت و گەوهەرەکەیدا نەگونجاوە:

پاساودانی بنەماکانی دیاردەیەکی سروشت ئاسمانی ترانسندێنتال کە بە هەموو جۆرێک هێز و توانایی ژیر و خواستی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە و پەنا دەباتە بەر ڕێگایەک کە بەلای کەمەوە خەسڵەتی «موعجیزە»ی بەخۆی بەخشیوە. لەکاتێکدا فەلسەفە بە ئامراز و ناوەرۆک بابەتێکی سروشتییە و بوێری بە زاندنی سنووری سروشتی ناکات و پەنا بۆ توانایی هێزی ژیر و هزر و خواستی مرۆڤ خۆی دەبات! دوور نییە لێرەدا پرسیارێک سەر ئاو بکەوێ و وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بەو بۆچوونەی خستمانە ڕوو بێت و بڵێت: دەبێ بۆ نەکرێ و نەشێ فەلسەفە ئایین و دۆگم و ئەفسانەکانی لە سروشتی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی کاڵ بکاتەوە و خەسڵەتێکی ژیرەکی- ریالیستیان پێ ببەخشێ؟! وەڵامی ئەو پرسیارە لەو مشتومڕ و بەرە لەیەکتری گرتنی ئایین و فەلسەفەدا دەردەکەوێ کە بەلای کەمەوە هەزار ساڵی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا خایاندووە.

٢- ئەگەر میتافیزیکی سەدەکانی ناوەڕاست سێنتێزەی ئاوێتەکردنی فەلسەفە و ئایین بووبێ و هەر یەکێک لەو دوو بابەتە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە جیهانێکی تایبەتی لە سروشت و گەوهەردا جیاوازبن، چۆن و بە چ شێوازێک پردی پێکەوە بەستنەوەی نێوان ئەو دوو دەڤەرە پڕ بەیەک جیاواز و ناکۆکە هەڵبەستراوە؟

جیهانی یەکەم کە بەسەروو سروشت ناوبراوە، جیهانی هێزێکی دەسەڵات ڕەهای سنووری سروشت ئاسا بەزێنی یەک ڕەنگ و یەک تاو داهێنەر و چاکەکاری ڕەهابێ، ئەوە جیهانی دووەم مرۆڤی خواست بێ سنوور و تواناو دەسەڵات سنووردار، فرە ڕەنگ و مەڵبەندی چاکەکاری و بەدکارییە، کە بە شێوەزاری سلێمانی بە ئەم دنیاو ئەو دنیا ناودەبرێن چۆن کراوە و دەکرێ پێوەندی لەنێواندا هەبێ؟ ئایا دەکرێ مرۆڤی دەسەڵات سنووردار (بەژیر) ئەو بوونەوەرە ڕەهایە ترانسندێنتالییە سەروو سروشتییە بناسێ؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە واپێویست دەکات

ئاوڕێک لە میتودە، بابەت، ناوەڕۆکی ئەو فەلسەفەیە بدرێتەوە کە ناوی ئەو قۆناغەی بەسەردا بڕاوە.

فەیلەسووف و بیرکار و زانای لۆژیکی ئەڵەمان لایبنیتس (١٦٤٦-١٧١٦ز) دەربارەی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست گوتوویەتی، ئەو فەلسەفەیە لە تەونی جاڵجاڵۆکە دەچێ، ئەوپەڕی بەهرەی ئەندازیاری تێدا بەکارهاتووە، بەڵام سوودی چی هەیە؟ بەلای ئەو فەیلەسوفەوە ئەگەر مرۆڤ سەرنجی تەون (ماڵی) جاڵجاڵۆکە بدات، سەری سووڕ دەمێنی، دەبێ ئەوەی ئەو ماڵەی دروست کردووە چ ئەندازیارێک بووبێ، هیچ جۆرە کەموکوڕییەکی تێدا بەدی ناکات، هەر لەوە دەچێ لە دروست کردنەکەیدا پشت بە نەخشەیەکی تەواوی ئەندازیاری بەسترابێ، بەڵام چاوەڕێی چی لەو تەونەی جاڵجاڵۆکە دەکرێ؟

من وای بۆ دەچم ئەو بڕیارە بە هەردوو باردا، ئارێ و نارێ، ڕاست و ناڕاست لێک بدرێتەوە. تەونی جاڵجاڵۆکە بۆ خاوەنەکەی سوودی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم جارە مەرج نییە باشی شتێک پەیوەست بێ بەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە و لێوەی چاوەڕێ دەکرێ. ئەگەر ئەو فەلسەفەیە بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە هەلومەرج و چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا سەرنج بدرێت و ئەو ڕەوشە لەبەرچاو بگیرێ کە تێیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، گازندەکەی لایبنیتس کاڵ دەبێتەوە.

ئەو زمانەی لەو فەلسەفەیەدا بەکارهاتووە، بەپێی بابەتەکەو سەردەمی خۆی ئەوپەڕی بەهرەمەندیی تێدا بەکارهاتووە. ئەو زمانە لاتینی بووە لەو سەردەمەماندا خراوەتە موزەخانەوە و لە چەند ئەکادیمییەک بەولاوە کەس نایزانێ و کەس قسەی پێ ناکات!! بەڵام داهێنانی سەرنجڕاکێشی تێدا کراوە، ئیتر ئەو داهێنانە لە ڕۆنانی وشە و چەمکەوە بێت تاوەکو شیکردنەوەی چەمک و پێناسەکە بەشێوەیەکی بەرچاو دەست ڕەنگینی تێدا کراوە. (چەمکی وجود، واجب الوجود، ممکن الوجود، واجب الوجود بذاتە، ممکن الوجود بغیرە) هەردوو زمانی عەرەبی (کە لە ئەوروپا لاتینی ڕۆژهەڵاتی پێدەگوترێ) تاوەکو لاتینی جیهانی مەسیحی، دەوڵەمەند و بەپێز کردووە:

«شیکردنەوە، ڕۆنانی چەمکی جۆر بەجۆر، شیکردنەوەی چەمکەکان و پێناسە(١) تایبەتمەندی سەرنجڕاکێشی فەیلەسووفانی ئەو سەردەمەن و بەپێی هەلومەرجی ئەوسا، زمانی فەلسەفەکەیان پێ دەوڵەمەند و بەپێز کردووە. بەو پێیە جۆرە داهێنانێک هەبووە، بەڵام پتر لە سێبەری ئایینەکە و لەو چوارچێوەیەدا کە ڕێگادراو بوو، ئینجا هونەر و بلیمەتییەکە بەگشتی، هەندێک فەیلەسووف بەدەرن وەک (غەزالی، تۆماس ئەکوین..) لەبەهرەی بەکارهێنانی زمانەکە و بەپێزکردنی دابووە.

ڕاستە بابەتێک تاووتو کراوە کە دەکرێ بەپێی بۆچوونی ئەم سەردەمە بە پرۆسەی زانین (ئیپستمۆلۆژی) دابنرێ، بەڵام ئەو زانینە پێوەندی بە توانین و سەرچاوەی زانینی مرۆڤەوە نەبووە، بەڵکو باسی توانین و سنوور و ڕادەی زانینی ڕەب (خوا)ی کردووە، لێرەدا مەبەستمان لەو دەستەواژەیەیە کە غەزالی وەک ڕەخنەو گازندە خستوویەتییە پارسەنگی فەیلەسووفە پیادە ڕەوەکانی ئیسلام (فارابی و بوعەلی سینا) دەستەواژەی «علم بالکلیات و الجزئیات» لەو فەلسەفەیەدا پتر باسی زانینی خوا کراوە و هەوڵ دراوە بوون و سنوور و ڕادە و تواناییەکەی بەجۆرێک پاساو بدرێنەوە لەگەڵ دۆگم و بنەماو ڕێنماییەکانی ئایینەکەدا بێتەوە و بگونجێ.

٣- لەگەڵ ئەوەی مەسیحییەت و ئیسلام خاڵی جیاوازییان ئەوەندە زۆرە لە ژماردن نایەت، کەچی بابەتی سەرەکی فەلسەفەی فەیلەسووفانی هەردووک لا ئەوپەڕی لەیەکترییەوە نزیکن، ئایا ئەو لە یەکتری چوونە هۆکاری دەرەکی هەبووە، یان ناوەکی، یان هەردووکیان پێکەوە کارا بوون و ئەو ڕەوشە دەستەبەر بوون؟!

هیچ شارەزایەک گومانی لەوەدانییە کە پەیدابوونی فەلسەفە لە ڕۆژهەڵات بە زمانی عەرەبی و لە ئەورووپای مەسیحی ڕۆژئاوا هۆکارە سەرەکییەکەی دەرکەوتنی هەرسێک ئایینەکە بووە، سەرەڕای هەلومەرجی کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکان، ئینجا تێکەڵ بوونی کولتووری گەل و میللەتانی زمان و مێژوو و شارستانی جیاواز بەهۆی ئایینەکەوە، ئیتر بە خواستی خۆیان ئایینەکەیان هەڵبژاردبێ، یان بەکوتەک و شمشێر بەسەریاندا سەپێندرابێت، بۆتە مایەی ئەوەی ڕووناکبیر و بیرمەندان و دانایانی میللەتانی بە هەموو شتێک لەیەکتری جیاواز و لە ئایینیدا وەک یەک لە دانانی کولتوورێک بەشداری بکەن کە هەلومەرجێکی دیاریکراو



سانت ئۆگەستین

هێناویەتە کایەوە و بەسەریدا سەپاندوون. بو عەلی سینای بوخاری بەهۆی ئاییینەکەیەوە-خوێندن لە حوجرە و فێربوونی زمانی عەرەبی و شارەزا بوون لە ناوەرۆکی قورئان و حەدیس- بەشداری لە دانانی بەردی بناغەی کۆشک و تەلارێک کردووە کە لەم سەردەمەماندا بە فەلسەفە و کولتوور و شارستانییەت (تەمەدونی) عەرەب دادەنرێ، ئەگەرچی لە زمانەکە بەولاوە فری بەسەر عەرەب و ژینگەیەوە نییە، سەیرتر لەوە نەک هەر بابەتەکە، بگرە زمانەکەشی بە میللەتی بوعەلی سینا نامۆ بووە!

هەندێک جار مرۆڤ ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات. دوورگەی عەرەبی ئەوسا، بەسنووری سروشتی و جوگرافی (بیابانی کاکی بەکاکی) لەسەرانسەری جیهان دابڕاوە، تەنیا ڕێگایەکی درێژ بووەوە بە قەراغ دەریای سوور نەبێ کە بە ئورشەلیمەوە بەستوویەتی و بازاڕ و بازرگانی لەگەڵیدا هەبووە، لەسەرانسەری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی خاوەن کولتوور و تەمەدون و شارستانی ئەو سەردەمە دابڕاو! چۆن توانیویەتی ئەو کولتوورەی بەهۆی ئاییینەکەوە سەر ئاو کەوتبوو لەنێو ئەو میللەتانەی دەرەوەی دوورگەی عەرەبدا بڵاوبکاتەوە و بتوانێ ئەو میللەتانە وا لێ بکات تاڕادەیەکی زۆر دەستبەرداری کولتوور و فەرهەنگ و شارستانییەتی ڕەسەنی خۆیان بێن کە لەباوک و باپیرەوە بۆیان ماوەتەوە و ملکەچی کولتوورێکی لەدەرەوە هاتوویان بن، بگرە بەپیرۆزی دابنێن. ئەو بۆچوونە تاڕادەیەک لەو پرسیار و گریمانەیەی فەیلەسووفە مەسیحییەکان کەم دەکاتەوە، بگرە کاڵی دەکاتەوە کە دەڵێ: ئایینێک لاف لێ بدات لە ئاسمانەوە هاتووە بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی (تیودێسێ) دادپەروەری ڕەببانی جێگیر بکات و زوڵم و جەور و ناهەقی لابەرێ، کەچی خۆی بەزەبری کوتەک و شمشێر خۆی بەسەر خەڵک و کولتوورەکەدا سەپاند بێ، دەبێ چ ئایینێک و چ باوەڕێک بێت؟!

ئەو ڕەوشەی سەرنج ڕادەکێشێ و لە لایەن هەندێک مێژوونووسانی هزر پەسند و بەلای ئەوانی تر بە جۆرێکی دیکە ئەو دۆخە بووە کە لە دوو خاڵدا بەرجەستە بووە:

**یەکەم:** ئایینە نوێیەکە لە ئورشەلیم سەری هەڵداوە و لە ئەوروپا جێگیر بووە، ئیسلامیش کە لە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە و لەو وڵاتانەدا بڵاوبۆتەوە کە کولتوور و تایبەتمەندی شارستانی جیاوازی خۆیان هەبووە، توانیویەتی بیرۆکەی هەمەڕەنگی کولتوور ڕامالێ و بیرۆکەی (تاکە) کولتوور و شارستانییەتێکی (مەدەنیەت)ی بەسەردا سەپاندوون و بەساڵەهای ساڵ کۆشش کراوە ئەو هەمەڕەنگییە نەتەوەیی و زمانە لە چوارچێوەی باوەڕ و (عەقیدە) تەقوا (پەرستن)دا کاڵ بکرێنەوە و تاڕادەیەکیش بۆ ماوەیەک ئەو کۆششە سەری گرتووە. لە ئەنجامی ئەو کۆششەدا، کە مەبەستەکەی ئەوپەڕی نامۆ بووە بە کولتوور و دابونەریتی ئەو گەلانە پێش هاتنی ئایینەکە، شارستانییەتێک لە ڕۆژهەڵات بە کۆششی بیرمەندە موسڵمانەکان کە هیچیان عەرەب نەبوون و پشتیان کردۆتە زمان و کولتووری نەتەوەیی خۆیان، سەری هەڵداوە و ئێستا لەلایەن نەوەی نوێی عەرەبەوە، بە عەرەب ناودەبرێ. کولتوورێک لە زمانەکەی بەولاوە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە دەوروبەر و ژینگەی عەرەبەوە نەبووە، هەڵقولاوی هەلومەرج و ڕەوشەکانی نەبووە! بیرۆکەکە دەوڵەتی بەناو ئیسلامی و بەزمان و ناوەرۆک عەرەبی لێکەوتۆتەوە کە چەند میللەتێکی جیاوازی خستۆتە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی خۆیەوە هەر لە ئەندەلوسەوە تاوەکو خوارێزم و سەمەرقەند!! بێجگە لەوەی خۆشی و ترشی، بە شێوازی

جۆربەجۆر خەڵک هان دراوە، ناچار کراوە زمانی عەرەبی بکات بە زمانی کولتوور، سەرەڕای ئەوەی زمانی ئایینەکە بووە، ئەوەش باڵادەستی زمانەکە، ئینجا دەست ڕۆیشتوویی ڕەگەزی عەرەبی لێکەوتۆتەوە کە هەر لە سەرەتاوە جێگای کێشەو بەرە بووە و لە کۆتایی سەردەمی عەباسییەکان بەدواوە ئەو دەسەڵاتە سەپێنراوە هەر لەکولتوورییەوە تاوەکو لەشکر و سیاسی خاوبۆتەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ئەوروپا، کە خۆی دیاردەیەکی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی بووە، پاپی گەورەی مەسیحییەت حوکمڕانی سەرانسەری وڵاتانی ئەوسای ئەوروپای کردووە و کولتووره بەپێز و پێشکەوتووەکانی نەتەوەکانی ئەوسای ئەو وڵاتانەی بە تۆمەتی کوفر و گومڕایی (ئیلحاد) لەناوبردووە و بۆ ماوەی هەزار ساڵ کولتوورێکی نامۆی لەلا شیرین کردوون و بەسەریدا سەپاندوون، لە ڕۆژهەڵات دەوڵەتی عەرەبی، سەرکردەکان عەرەب، کولتوور و شارستانییەتی عەرەب و میللەتانی تر کە زۆربەی هەرە زۆری کەرستەی ئایینەکە بوون خرابوونە پەراوێزەوە. ئەو دروشمانەی لە سەرچاوەکانی ئایینەوە کەوتبوونەوە، بەهیچ جۆرێک بەپێی پێویست لەلایەن ڕابەر و سەرکردە عەرەبەکانەوە بەرانبەر بە میللەتانی تر جێبەجێ نەکراون و تەنیا هەر بەقسەو گوتە و وتار ناویان هاتووە و دووبارە کراونەتەوە. لە چ سەردەم و قۆناغێکدا موسڵمانێکی عەرەب و موسڵمانێکی کورد و فارس بەرانبەر بە یەکتری دانراون و بەیەک چاو تەماشا کراون لە کاتێکدا لە هەموو کولتووری سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا (لە شیعر بەولاوە) تاکە هزرمەندێکی عەرەب بەدی ناکرێ، ئەگەرچی بێجگە لە عەرەب زمان ئەوانی تریش هەر بە عەرەبی نووسیویانە. ئایا دەکرێ بوونی ئەو ڕەوشە، ئەو دیاردەیە بە لێهاتوویی ڕەگەزی عەرەب دابنرێ کە توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و کولتوورێکی نامۆ بەسەر میللەتانی تردا زاڵ بکات و لەلایان خۆشەویست بکات، یان هۆکاری هاندانەکە ئایینەکە خۆی بووە؟! ئەوی ڕۆڵی ئەو پرسیارە کاڵ دەکاتەوە و گەرموگوڕییەکەی سارد دەبێتەوە، ئەوەیە لە چ ناوچەیەک و لە چ سەردەمێکدا ئایینەکە بەپێی پێویست پەیڕەو کراوە؟ بە تایبەتی لەلایەن سەرکردە و کاربەدەستان کە بەناوی ئایینەوە حوکمڕانیانی کردووە؟! کوشتنی سێ خەلیفە و پەرت بوونی ئیسلام بە سوننە و شیعە و ئەو کوشتارەی لەیەکتریان کردووە و ئەو خوێنەی لەنێوانیاندا ڕژاوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە!! بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە ئەو دۆخە ڕوونی دەکاتەوە کە سەرپێچی کردنی بچووک کە ئاشکرا بووبێ، لەو ڕێنماییانەی سەپێنرابوون، سەربڕین و سووتانی بەدواداهاتووە. دادگای بەد ناوی پشکنین لە ئەوروپای بەزۆر کراو بە مەسیحی بەدەیان هزرمەند و زانا و فەیلەسووفی سووتاندووە. لە ڕۆژهەڵاتیشدا کوێرەوەری و (میحنەتی) موعتەزیلەکان و کوشتنی ئەبی حەنیفە نوعمان و ئەحمەدی حەنبەل و ئبن ئەل موقەفەع و دەیان کەسی تر دەچنە خانەی ئەو بۆچوونەوە.

**دووەم:** لەو خاڵەدا، دەسەڵاتدارانی ئایینەکەی ڕۆژهەڵات کە عەرەب بوون لەسەرەتاوە زیرەکانەو لەوەشدا سەرکەوتوو بوون، توانیویانە دوو بنەما، بەشێوەیەک کە بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیک پشت ئەستوور نین، جێگیر بکەن و لایەنگرانی ملکەچی پەیڕەوکردنی بکەن:

– پێوەندییەک لەنێوان ئاکار و ئایینیدا سەپێنراوە، داوا لەلایەنگران کراوە کە باوەڕهێنانیان بە هێزێکی ترانسندێنتالی دەسەڵات بێ سنووری سەروو سروشت کە دنیاو بوونی داهێناوە، ڕێ و شوێنێکی لێ بکەوێتەوە باوەڕهێنەرەکە پابەند بکات بەپێی ئەو ڕێوشوێنەی لەو باوەڕهێنانە کەوتۆتەوە بجووڵێنەوە و ڕەفتار بکەن. ئەگەر بکرێ ئەو سەپاندنی پێوەندییە لێک بدرێتەوە، لە پاراستن و درێژەدان بە دەسەڵاتە سەپێنراوەکە بەولاوە مەبەستێکی تری نەبووە. لەو خاڵەوە بنەمای دووەم سەر ئاو دەکەوێ:

– باوەڕهێنەران (ئیمانداران) لێرە و لەوێ، لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاوای مەسیحی پابەندکراون بە چاوی پیرۆز تەماشای ڕابەر و سەرکردەکانی ئایینەکە بکەن، ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕابەرانە هەر لە ڕوخسارداو بەناو پیاوی ئایینی بوون، بەڵکو کاروباری ژیانی ڕۆژانەی کۆڕ و کۆمەڵگایان بەڕێوە بردووە. ئیتر دانانی ئەو سەرکردانە بەپیرۆز و پاک سەپاندنی ڕەوشێکە بە هیچ شێوازێک لەگەڵ بنەماکانی داد و ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤدا نایەتەوە و ئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە تێکڕای زۆرینەی خەڵک و

کۆمەڵگا بەدەستییەوە ناڵاندوویانە و وا بە ئاسانی نەتوانراوە سنوورەکەی ببەزێنی، چونکە ئەو سنووربەزاندنە رووبەرووی پێوەری هەڕەمەیی ناکرێ و ناشێ (حەرام) بۆتەوە.

چەندە ناریّ قسە لەسەر کاروباری ئایینەکان بکرێ، ناکرێ ئەو لایەنە لەبەرچاو نەگیرێ و بە هەند دانەنرێت کە ئایین لە رۆژهەڵات، ئەگەر کولتووری نەتەوەیەک و دەسەڵاتەکەی زیندەبەچاڵ کردبێ و زبانی گەردوونی لێ دابێ، ئەوە لەلایەکی ترەوە چەند خێڵێکی لەناوخۆدا ناکۆکی عەرەبی کردووە بە نەتەوەیەکی گەورەی جیهان و ئەو توانایییەی پێ بەخشیوە کە بە ملیۆن ئەندامانی گەلانی تر هەڵلوشێ و بیانکات بە عەرەب و کولتوورێکی بەپێزی سەرتاپاگیر رەنگ برێژێ و لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەولەتێکی فراوانی ناوەندی دابمەزرێنێ و دەستەبەری باڵادەستی و ئاغایی رەگەزی عەرەب و زمانەکەی بکات، تەنانەت تا ئەو سەردەمەش لەو شوێنانەی ئایین جێگیر و دەست رۆیشتووە، رەگەزی عەرەب بە پیرۆز ناودەبرێ! دانانی چین و توێژێک بە پیرۆز و رێگاگرتن لە وەرگێرانی (تەرجەمەکردنی) قورئان بە زمانی موسڵمانان مەبەستێکی سیاسی هەبووە، ئەگەرچی بەکاڵای ئایینەکە پەردەپۆش کرابێ، بریتی بووە لەوەی هەر تەنیا عەرەب دەسەڵاتداربێ و بەسەرکردە و ئاغایی بمێنێتەوە! کەوا نەبێ، دەبێ جووتیارێکی کورد، فارس، تورک کە عەرەبی نازانێ چۆن لە قورئانەکەی تێ بگات! رۆژی پێنج فەرزە نوێژ بە زمانێک دەکات نازانێ دەڵێ چی و چی بە پەروەردگارەکەی دەڵێ! لەوەش بەولاوە لە مردنەکەشیدا، لەگۆڕ هەر دەبێ بەزمانی ئاغاکانی بدوێ. بەکارهێنانی وشەی (موالي) لە زمانی قسەکردنیدا بنەمایەکی سیاسی هەبووە، تەنانەت لە زمانیشدا جیاوازییەکە لەنێوان عەرەب و موسڵمانی نا عەرەبدا هەر کراوە! خۆ پێویست بەوە ناکات کە هەندێ وشەی تری ناجوانی عەرەبی بهێنینەوە یاد کە بە میللەتانی تر گوتراوە وەک (ئەعجەمی...). من وای بۆ دەچم کە سیاسەتی شۆڤێنی بەنی ئومەییە رەوشێکی راستەقینەی دۆخەکەی بەرجەستە کردووە!.

**بابەتە سەرەکییەکانی میتافیزیک**

١- ئەگەرچی لە میتافیزیکی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەهۆی بوونی ئایینێکی تۆتالیتێری سەرتاپاگیر کە سەری بە هەموو کونوکەلەبەرێکدا کردووە و رەگوریشەی لە هەموو شوێنێک داکوتاوە و خۆی بەخۆشی و ناخۆشی چۆتە هەموو ماڵێک، گۆشەیەکی کۆمەڵگا نەبووە پریشکی بەرنەکەوێ، میتودەیەکی سەربەخۆ نابینرێ، بەڵکو چەندین میتودی ئاوێتەی یەکتری کراو بەکارهێنراون، لە مەڕ بابەتەکەش هەمان دیاردە بەرچاوە و سەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ. ئەو دیاردەیە کە خۆی بووە بە راستەقینەیەکی گومان هەڵنەگر پتر ئەنجامێکی دەرکەوتەی رەوشەکە بووە، چوارچێوە گشتییە رەنگ بۆ رێژراوەکە میتافیزیک بووە ئەوانی تر بوون بە لق و بابەتی پلەی دوو. بەو پێیە میتافیزیک پشکی شێری بەرکەوتووە و ناوەرۆک و روخساری فەلسەفەی ئەو سەردەمەی دیار و دەستنیشان کردووە.

لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا، بەهۆی ئایینەکە: بوونی گشتی و تایبەتی، رەهاو نارەها، کۆتایی و بێ کۆتایی، خوا (رەب) و بوونەکە، ئەو بەڵگانەی بوونەکەی ساغ دەکەنەوە، پرۆسەی زانینی رەب هەمەکییە هەر شتی گشتی دەزانێ، یان پەی بە هەموو شتێک دەبات بە بوون و نەبوونەوە. ئایا مرۆڤ ئازادە، یان هەموو شتێک لە چارەی نووسراوە (خواستی ئازاد، قەزاو قەدەر، چارەنووس) دوو رەنگی گیان (دەروون) و لەش. بە تێکڕایی ئەو خاڵ و بابەتانە بوون کە بیرو خامەی فەیلەسووف و زانایانی کەلام و لاهووت خۆیانیان پێوە خەریک کردووە. پێناسەی ورد، رۆنانی چەمک و بەکارهێنانی ئەوپەڕی بەهرەمەندانەی زمان خەسڵەتی دیاری ئەو قۆناغە بووە. دوور نارۆین ئەگەر بڵێین تیورییە بە ناوبانگەکەی ئەشعەر ناسراو بە «تیوری کەسبی ئەشعەری» نموونەیەکە راستی ئەو بۆچوونە پشت راست دەکاتەوە. ئەشعەری، ئەگەر هەلومەرجی ئەو ژینگەو قۆناغە و تایبەتمەندییەکانی لەبەرچاو بگیرێن، ئەوپەڕی بلیمەتی زمان و بەکارهێنانی وردی دەستەواژەکانی نیشان دەدات بەرانبەر بە قسەکردن لە بابەتێک کە کێشەیەکی ئەوپەڕی کوێر و ئاڵۆزە، کێشەی خواستی ئازاد، چۆن خواستی ئازاد لە بەرانبەر دەسەڵات و توانایی سنوور بەزێن و لە رادەبەدەری خوا پشت راست

دەکرێتەوە. ئەو تیۆرییە ئەگەرچی لەچوارچێوەی پاساودانی کێشەیەک ناچێتە دەرەوە کە خۆی لە خۆیدا بەهۆی گریمانەکردنی زرەکێشەیەک کەوتۆتەوە کە بەهۆی نەزانینی سێنتاکسی دروستی لۆژیکی زمانەوە سەرئاو کەوتووە، بەڵام لە بەدواداچوونەکەدا ئەشعەری بلیمەتانە بە زمان لەگەڵیدا هاتۆتەوە.

٢- بە باوەڕی من ئەو پرسیارەی دەکرێ هیچ بایەخێکی زانستی نییە بە واتای ڕێبازی مێژوویی :Historism

ئەگەر هاتبایە ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەب بەرەو کوردستان و وڵاتی پانوبەرینی فارس نەهاتبایە، دەبوو ئێستا کولتووری ئەو ناوچانە بە تایبەتی و هی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست چۆن بایە؟!

ئایینی ئیسلام ناچارییەکی (حەتمیەتی) مێژوویی بووە و هەر دەبوو هاتبایە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو:

هەڵوەشاندنەوە و لەبەر یەک بردنی سیستەم و نەزمی بەندە و کۆیلایەتی و دامەزراندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی (فیودالیزم) کە تا ئێستا بە شێوەیەک لە شێوەکانی لە ڕۆژهەڵاتدا هەست بە بوونی دەکرێ.

ئەگەر بێتو ئەو پرسیارە خۆی لە خۆیدا پتر سروشتی گریمانە و تیۆرییانەی هەبێ، چۆن هێرشەکانی ئەسکەندەری گەورە بۆ سەر وڵاتی فارس و دۆڵی هەردوو ڕووبارەکە و هێنانی کولتووری یۆنان و ئاوێتەکردنی بە کولتووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی لێک دەدرێتەوە؟! ئایا ئەو هێرشەی ئەسکەندەر کە تاڕادەیەکی زۆر کولتووری فارس و ئایینی باڵا دەستی زەردەشتی لاواز کردووە و دەستی جەرگ بڕی لێ وەشاندوون نەبوایە، ئایینی مەسیحی وا بە ئاسانی لەو وڵاتانەدا بڵاودەبۆوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی هیچ جۆرە بەربەرەکانێیەکی زەردەشتییەکان لەناوچەکەدا لە ئارادا نەبوو؟

ئەو پرسیارانە وا سەرنجی هەلومەرجە لە ئاردابووەکە دەدەن کە فاکتەری میکانیزمی باڵادەست بووبێ و ڕەوشی ڕیالیستی لە ئارادابوو بە هەند ناگرێ. لەلایەکی دیکەوە، لایەکەی دیکەشی هەر بەبێ گازندە و ڕەخنە نابێ و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرناچێ و دەرباز نابێ! هەر چۆنێک بێ ئەو ڕووداو و قەوماوانە، هێرشەکانی ئەسکەندەر، بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت، ئینجا کۆچ کردنی بەرەو ڕۆژئاوا و هاتنی عەرەبی بەدوو بەناوی ئایینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی هەلومەرج و ڕەوشێکی دیکەیان هێنایە ئاراوە کە بەپێی ئەو سەردەمە کولتوور و شارستانیەت و تەمەدونێکی داهێنا.

٣- دەربارەی بوونی ڕەب (خوا) چۆن کۆشش کراوە بە بەڵگەی فەلسەفەو لاهووتی بوونەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە، ئایا جیهان کۆنە، یان نوێیە: سەرەتا و کۆتایی هەیە، یان نا؟ پێوەندی بەکاتەوە چییەو چۆنە؟ دوو نموونەی سەرنجڕاکێشی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا دەهێنینەوە، سانت ئۆگۆستین (٣٥٤-٤٣٠ز) و سانت ئەنسلم (١٠٣٣-١١٠٩ز) هەردووکیان بەوپەڕی سەرکەوتووانە میتافیزیکی سەدەکانی ناوەڕاست بەرجەستە دەکەن و دەری دەخەن تا چ ڕادەیەک ئەو بابەتە لەگەڵ لاهووت و (شەریعەت)دا ئاوێتە بووە. لە بارەی پرۆسەی زانینەوە بە تەواوەتی پشت کراوەتە ژێر و پەنا بۆ بەر ڕێگایەکی ترانسندێنتالی سەروو سروشت براوە کە بە عەرەبی بە (وەحی) ناسراوە و کورد وشەی (سرووش)ی بۆ ڕۆناوە! لە فەلسەفەی مەسیحیدا، پشت ئەستوور بە ئایینەکە ئەو سرووشە بە جۆرێکی تر شرۆڤە کراوە، بەو پێیەی یەسووعی مەسیح خۆی «ڕۆڵەی ڕەبە» و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوەوە هاتووە، بۆیە بابەتەکە دەکرێ بخرێتە خانەیەکی ترەوە و بەجۆرێکی دیکە لێک بدرێتەوە. ئەوی بەلای ئێمەوە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە ئەو فەلسەفەیە تەنیا هەر لەلایەن کەسانێکەوە نووسراوە کە لە کڵێسەی مەسیحی پێگەیشتوون و ڕابەری ئەو کڵێسەیە بوون. بۆچوونەکانیشیان ئەگەرچی کۆششی زیرەکانەی تێدا بووە بۆ نزیک کردنەوەی جیهاندید و بۆچوونە فەلسەفەییەکان لەڕەوش و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمەکەیان، هەر لە ڕوانگەی کڵێسەوە بووە، بۆیە فەلسەفەی ئەو قۆناغە بە تەواوەتی لە فەلسەفەی قۆناغی پێش خۆی و لە هی دوای خۆی جیاوازترە، ئیتر ئەو جیاوازییە لەوەدا دەردەکەوێ کە ڕەنگی جیهاندیدێکیان ڕشتووە بەهیچ جۆرێک لەپێش خۆی و پاش خۆی نایەتەوە. ئەو جیهاندیدە لەناوەڕۆکدا ئەگەر بەپێزی پێوە دیاربێ، ئەوە لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەدا نامۆ بووە. دوو ڕەنگی و زوهد و کەمکردنەوە لە بایەخی

ژیانی سەر زەوی و بڵاوکردنەوەی جۆرێک لە گۆشەگیری (ڕەبەنیـەتی) و بۆ ئومێـدی و بەگـژداچوونەوەی هزری کراوەی پێشکەوتنخواز ئەگەر ویستبێتی ژیانی سەر زەوی لەبەرچاوی مرۆڤ خۆش بکات، بە سووک گرتنی هەسـتی نەتەوەیی، مرۆڤ شـانازی بەوە نەکـردووە کـە ڕۆڵەی چ نەتەوەیەکـە، بەڵکو بەوە شـاناز بووە کـە لە ئوممەتی یەسـووعی مـەسـیـحـە، ئەمـانە خـەسـڵـەت و تایبەتمەندی سەرەکی ئەو قۆناغە بوون لە قۆناغەکانی تر بەپێش خۆی و بەدوای خۆی جیا کردۆتەوە، قۆناغـێک هەزار ساڵی خایاندووە، هەر لە ساڵی (٤٠٠ز تا ساڵی ١٤٠٠ز)ی خایاندووە، کەچی ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، ئەگـەر مـرۆڤ بە وردی سـەرنجی پێکهـاتە و ڕەوش و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی و هزری و فەلسەفەییەکان بدات، بۆی دەردەکەوێ زۆربەی هەرە زۆری خـــەڵکی هەژار و دەست کـــورت و لاواز لایەنگر و پاڵپـشـتی کـڵێـسـە و ئەو ئایینە بوون(٢) و ئەوانەی هەوڵی گۆڕینی ئەو سەردەمە ستەمکارەیان داوە بە پەنجەی دەست ژمێـردراون و لەلایەن مـرۆڤی هەژارەوە بەربەرەکانی کراون. خۆ ئەگەر دەستەواژەیەکی سادە و سـاکـاری سـیـاسی لێـرەدا بۆ باسکردنی ڕەوشـە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـە بەکـاربهـێـنین، پشت ئەسـتـوور بە سەرچاوەکان دەڵێین:

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چینی هەژار و دەست کورت و لێقەوماوان لەشکرێکی زەبەللاحی کۆنەپەرستی بوون، پاڵپـشـتی دەسـەڵاتی کـڵێـسـەی مـەسـیـحی بوون، ئەو کـڵێسـەیەی هەژاری ئەو سەرزەمینەی وەک چارەنووس و قــەدەرێکی ئاســمــانی لەلای هەژاران و نەداران ڕەوا کـردووە و باوەڕیشــیـان پێی هێناوە، تەنانەت ئەگـەر هزرمــەندێکی ڕۆشنبــیــر لەلایەن دادگــا بەدناوەکـەی پشکنینەوە سزای مردن (سووتاندنی) بەسەردا درابێ، ئەوە ئەو سووتاندنەی لەلایەن ئەو هەژارانەی ئەو ژیانی لەپێناودا بەخت کردوون بە پیرۆز دانراوە و ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە و بەشداریان لەبەردبارانکردنی کردووە!

ئەگەرچی لە ئایینی مەسیحی و فەلسەفەکەیدا پێ لەســەر سێ ڕەنگی «ڕەب و ڕۆڵە و گـــیـــانی پاک» دادەگیرێ، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە هەوڵیان داوە کە ئەمە بەجۆرێک لێک بدەنەوە و شرۆڤە بکەن کە گوایە ئەمە تەنیا لە ڕوخساردا سێ ڕەنگی دەگەیەنی لە گەوهەردا یەک ڕەنگی و یەک تاییە. بە باوەڕی من، ئەو قسەیەی فەیلەسووفە مەسیحییەکان، بە تایبەتی ئەبیلارد (١٠٧٩-١١٤٢ز) کە هەوڵی داوە پاساوی سێ ڕەنگی بەوە بداتەوە کە گوایە «باوک لێرەدا بە واتای هێز و دەسەڵاتە و ڕۆڵەدانایییە و گیـانی پاک چاکەکارییە(٣)» ڕەب خۆی یەک ڕەنگە هیچ بنەمایەکی ژیری و لۆژیکی نییـە، چونکە مـەسـیـحـیـیـەت هەر لە سـەرەتاوە بۆ دوورکـەوتنەوە لە ئایینی جـوولەکـەو سـاغ کـردنەوەی سـەربەخـۆیی خـۆی کـە ئایینزایەکی سـەر بە جـوولەکـە نیـیـە، ئەو سێ ڕەنگیـیـەیان داهێناوە. لە سـەردەمی مـەسـیـحیـدا هیـچ جۆرێک لەو سێ ڕەنگییـە نەبیستراوە.

ئایینی جـوولەکـە یەکـەم ئایینی گـەردوونیـیـە کـە بانگەشـەی بۆ یەک ڕەنگی- یەک تایی- وەحدانیـەتی- ڕەب کردووە. بۆ نموونە لە سفری (ئایەتی) ئەشعیادا بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات لە ڕەب بەولاوە خواوەندێکی دیکە بوونی نیـیـە «لەمن بەولاوە هیچ ڕەبێـکی دیکە نییە»(٤).

## یەکڕەنگی ڕەبی جوولەکە

١- ئەگەر لە ڕوانگەی مێژوووی ئایینندا (یەکڕەنگی، یەک تایی (وحدانییەت)ی (ڕەب) بۆ تایەفەی مووسا (جوولەکە) تۆمار کرابێ، ئەوە ئەو هەنگاوە خۆی لەخۆیدا جــۆرە پێــشـکەوتن و پێــشـکەوتنخــوازی و بەرەو پێشچوونێک لە ڕەوشی کولتووری ئایینی- لاهووتی- دۆگـمی مـرۆڤـایەتی و کـۆمـەڵگای شـارسـتـانی سـاغ دەکـاتەوە، بەڵام لە سـۆنگەی لۆژیک و فـەلسـەفـەوە بابەتەکـە بە جـۆرێکی دیکە شـرۆڤـە دەکـرێ و لێک دەدرێتـەوە! لێکدانەوەکە سنووری جیـهـاندیدی دۆگـمی ئایینەکە دەبەزێنێ و دەچێتـە ناو بازنەی پەرەسەندنێکی کـولتـووری کـە سروشـتـێکی مێـژوویی دیالێکتـیکی بەرجەسـتـە دەکات. وەک لە فەلسـەفەدا باوە سروشـتی مـێـژوویی ئامـاژەیە بە پەرەسـەندنی قـۆناغ بە قـۆناغ، قۆناغی ئێـسـتـا تەواوکـاری قـۆناغی پێش خـۆیەتی بە هـەردوو ڕەهـەنـدی لـەبـار و نـالـەبـار، ئـەرێ و نـارێ. دیالێکتیکیش خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی سێ لایەنییە، بە بابەتێک دەست پێ دەکـات، بە بابەتێکی دیکەی بەرانبـەری بەرپەرچی دەداتەوە و لە قـۆناغـێکی باڵای

پێشکەوتووتردا لە هەردووکیان بابەتی سێیەم دێتە ئاراوە کە ڕەت کردنەوەی هەردووکیان تەواوکاریانە، ئەوەیە مەبەست لەو سێ وتە لاتینییە: تێزە، دژە تێزە، سونتێزە، کەوابوو تا چەند ئەو پێوەرە مێژووییە- دیالێکتیکییە لەگەڵ ڕەوش و دۆخی یەکڕەنگی جوولەکە- تەوراتدا دێتەوە؟!

لە سەرەتادا، ئەگەر بەچڕی و پوختی شرۆڤەی بکەین، لە قۆناغەکەدا جۆرە بت (سەنەم) پەرستی هەبووە. لەبەرد، لە دار وێنەیەک، پەیکەرێک، ڕوخسارێک دروست کراوە و پەرستراوە، ئەوە لەلای خۆیەوە ئەو گریمانەیە بە هەند وەردەگرێ کە هیچ قۆناغێکی ژیان، لەوەتی کۆڕ و کۆمەڵ و گرووپ و تاقم و کۆمەڵگا دروست بووە، ئایین بە هەموو شێوەیەک لە شێوەکان لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە و گرینگ و پێویست بووە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک هیندستان لە قۆناغێکدا مار (کوبرایان) پەرستووە. ئەگەر بت پەرستی بەیەکەم قۆناغی ئایین (پەرستن) دابنرێ، لە قۆناغی دووەمی پێشکەوتووتردا بەپرۆسەیەکی هزری- لۆژیکی جۆرە پەتی کردنێک (ئەبستراکت کردنێک) هاتۆتە ئاراوە. وێنە و کەرەستەی بتەکە لە یەکتری جیاکراونەتەوە، لە وێنەکەی چەند خواوەندێک داهێنراوە، خواوەندی چاکە و خواوەندی بەدکاری ... کەرەستە ماددەییەکەی بتەکەی لێ دروست کراوە پشتگوێ خراوە و وردە وردە چۆتە نێوخانەی فەرامۆش کردنەوە، ئەگەر بشێ بت پەرستی بەتێزە دابنرێ، ئەوە فرە خواوەندی دژە تێزەیە. ئەی سونتێزەی پێکهاتوو لە هەردووکیان چییە و کامەیە؟!

لە قۆناغی سێیەمدا پرۆسەی پەتی کردنەکە (ئەبستراکتەکە) گەیشتۆتە لووتکە بەوەی کەرەستەی بتی قۆناغی یەکەم و فرەیی و هەمەڕەنگی خواوەندەکانی خستۆتە لاوە و لە هەردووکیان یەکڕەنگی- یەک تایی (وەحدانییەت)ی داهێناوە. بەو هەنگاوە پێشکەوتووە چەند نیشانێک پێکراوە:

– هەردوو چەمک و ڕەگەزی کات و شوێن بەزێنراون و لەگۆڕەپانەکە دوورخراونەوە. ئەو دوو چەمکە ئەگەر لە ڕستەشدا بووبێ، ناکراون.

– ئەو وێنە ئەبستراکت کراوە کە جاران لە مێشکدا هەبووە بەرانبەرەکەی لەکایەیەک دانراوە کە تایبەتمەندی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی هەبێ.

– بەرپرسیارێتی و ئۆباڵی ئەستۆ لابراوە و بە بوونەوەرە یەکڕەنگ کراوە ئەبستراکتەکە بەخشراوە!

بەو پێیە بتەکە ڕووتێنراوەتەوە و وێنە و کەرەستەکەی لە یەکتری داپڕێنراون، وێنەکەی بە ڕووتی لە مێشکدا جێگیر بووە، وێنەی خواوەند ئەبستراکت کردنی بتەکەیە لە مێشکدا. ئەبستراکتیش پرۆسەیەکی ژیری لۆژیکییە هەردوو بابەت لەیەکتری دادەبڕێ.

٢- ئەگەرچی سانت ئەنسلم لە دوای ئۆگۆستینەوە هاتووە، بەڵام لە بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەبدا- بە بەڵگەی داهێنانێکی کردووە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە فەلسەفەییەکاندا ئاماژەی پێ دەدرێ، بۆیە لێرەدا ناچار بووین ئەو کەڵە فەیلەسووفە بخەینە پێشەوە، دواتر دێینەوە لای سانت ئۆگۆستین.

ئەنسلم لە قۆناغێکدا دەست بەکار بووە تارادەیەک کولتووری ئەو سەردەمە گەشەی کردووە، بۆیە بە زمانێک قسەی کردووە کە بکرێ ڕوو لە هەموو کەس بکات بە ئیماندار و بێ ئیمانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بنەماو دۆگمەکانی کڵێسەی مەسیحی بە تەواوەتی لە فەلسەفەکەیدا (لە نووسینەکانیدا) ڕەنگیان داوەتەوە هەر لە یەکەم زانینی ژیانی ئەم سەرزەمینە و کۆشش کردن بۆ ڕزگاربوون و ڕۆژی قیامەت(٥) (حەشر- دادگای ڕەبانی) ئاخر زەمان...

چۆن بوون و نەبوونی ڕەب لە ڕوانگەی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لێکدراوەتەوە، کە دەڵێین «فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست» مەبەست لەو فەلسەفەیەکە کە لە سێبەری کڵێسەی ئایینی مەسیحیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، سەرچاوەیەکی سەرکێش کە لێوەی هەڵێنجاوە هەردوو کتێبی تەوراتی جوولەکەو ئینجیلی مەسیحی بووە. کەوابوو ئەو گریمانەیە، گریمانەی بوونەکەی تا چەند پاساو دەدرێ و لەگەڵ ڕەوتی نەسرەوتی ژیردا دێتەوە و دەکرێ لەو کایەیەدا لۆژیک ڕۆڵێک بگێڕێ؟! بەپێی چەند سفرێک (ئایەتێکی) تەورات کە هەندێکیان لەسەر کێوی توور بە مووسا گوتراون و هەندێکی تریان لە زاری پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیلەوە هاتوون و لە تەوراتدا تۆمار کراون، ڕەبی مووسا هەیە، یەک ڕەنگە بوونەکەی زاتی (خودی) خۆیەتی لە شەش ڕۆژدا جیهانی داهێناوە (سفری پەیدابوون: ١: ١-٢٤ بە ئەڵمانی). ئەو

سفرەی تەورات (سفر وشەیەکی عیبرانییە واتای ئایەت دەگەیەنێ) کێشەی گەورەی بۆ فەیلەسووفانی جوولەکە و مەسیحی دروست کردووە: کە مرۆڤ دەڵێ «بوون» باسی چی دەکات؟ چۆن ئەو بوونە پشت ڕاست دەکرێتەوە، بە تایبەتی بوونی هێزێکی ترانسندێنتالی سەروو سروشت و دەسەڵات، سنووربەزێن و خواست لە ڕادەبەدەر؟ ئەو داهێنانە لە شەش ڕۆژدا چۆن لێک بدرێتەوە؟ چ پێوەندییەکی بە کات و جێگاوە هەیە؟ ئایا ئەو داهێنانە لە کات و جێگایەکی دیاریکراو بووە، یان نا؟ دەکرێ گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەو داهێنانە جۆرە گۆڕانێکی لە خواستی ڕەبدا بەدی هێناوە؟

سانت ئەنسلم، یان ئەنسلمی پاک وەک ڕابەرێکی کلێسە شارەزاییەکی چاکی لە تەورات هەبووە کە ئەوان بە بنەمای ئینجیلیان داناوە، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆی داناوە بە بەڵگەی فەلسەفە کە پشت بەژیر و لۆژیک ببەستێ، بوونی ڕەب ساغ بکاتەوە، ساغ کردنەوەیەک ئیماندار و بێ ئیمان، باوەڕدار و بێ باوەڕ پەسندی بکەن، بەڵگەکە بەناوی (بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی) ناسراوە:

لە سەرەتادا ئەنسلمی پاک لەگەڵ بێ باوەڕێک کە ئیمانی بە بوونی ڕەب نییە، قسە دەکات، بێ ئیمانەکە بە گێلەپیاو دادەنێ، گێلە پیاوەکە دەڵێ «ڕەب نییە». بە باوەڕی ئەو فەیلەسووفە دەبێ هەردووک لایان پێناسەی ئەو بابەتە بکەن کە لەسەری ناکۆکن: ڕەب ئیتر ئەو وا پێناسەی ڕەب دەکات کە ئەو گەوهەرەیە کە ناکرێ لەو کامڵتر و تەواوتر بەبیردا بێت. گومڕاکەش بەو پێناسەیە ڕازی دەبێ(٦). لێرەوە بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی دەردەکەوێ و خەت و خاڵ دەدات: ئەنسلم لە شاکاری «پرۆسلوگیو»دا دەڵێ:

هەر یەکێک لە ئێمە بیرۆکەیەک دەربارەی بوونەوەرێک لە مێشکیدایە، بوونەوەرێک لەو گەورەتر نەکرێ بەبیردا بێت، ئەو بوونەوەرە کە ناکرێ لەو گەورەتر بەبیردا بێت نابێ تەنیا هەر لە مێشکدا هەبێ، چونکە لەو گریمانەی دواییەوە مرۆڤ دەتوانێ بەبیری خۆی وای دابنێ لە دەرەوەی مێشکدا بوونەوەر هەیە گەورەتر بێ لەوەی لەناو مێشکدا هەیە، بەڵام ئەوە بە پێچەوانەی لۆژیکەوەیە، چونکە ئەوەی لە مێشکدا هەبێ، دەبێ لە دەرەوەشدا ببێ و هەبێ، کەوابوو بوونەوەرێک هەیەو کەس لێی گەورەتر نییە و لە مێشک و لە دەرەوەی مێشکدا هەیە، ئەو بوونەوەرە ڕەببە(٧).

ئەگەرچی ئەو بەڵگەیە هەتا بڵێی وردەکاری و وردبینی تێدایە و ئەوپەڕی زیرەکانە پێناسەی چەمکەکەی کردووە و لە ڕۆنان و داڕشتنەکەیدا زمانی لۆژیکی بەکارهاتوو، بەڵام هەر لەسەرەتاوە دووچاری ڕەخنەکردن و گازندە بۆتەوە، چونکە:

– بە جۆرێک تەماشای بوونی کردووە کە تایبەتمەندییەکە و دەکرێ ببەخشرێ و نەمێنێ، ئەمە لە دەستەواژەی زماندا دەکرێ، بەڵام لە دەوروبەردا ئەو بڕیارە ڕەوا نییە.

– هەبوونی بیرۆکەیەکی لەمێشکدا کردووە بە بنەمای هەبوونی ئەو بابەتە لە دەرەوەی مێشکدا، ئەوەش لەگەڵ ژیردا نایەتەوە، چونکە بوونی گریمانەکراو لەگەڵ بوونی ڕاستەقینە وەک یەک دەخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە. لەو کایەیەدا قسەکەی فەیلەسووفی ترانسندێنتالی ئەڵمان (کانت) دێتەوە بیر کە گوتوویەتی:

دینارێکی گریمانەکراو لە مێشکدا لە دینارێکی ڕاستەقینە جیایە کە لە گیرفاندایە.

لەلایەکی ترەوە ئەو بەڵگەیە پێناسەیەکی کردووە بە پێشەکییەکی لۆژیکی و ئەنجامێکی لێ خستۆتەوە کە هیچ جۆرە ناچارییەکی کەوتنەوەکەی لێ ناکەوێتەوە.

ئەنسلمی پاک لە کارەیدا کە خۆی ڕابەرێکی کلێسەی مەسیحی بوو، بە ئاشکرا باوەڕ (عەقیدە و ئیمانی) بەسەر ژیر و لۆژیکدا زاڵ کردووە و زمانی لەجیاتی شارەزایی و ئەزموون (خیبرە) بەکارهێناوە و پشتی پێ بەستووە و جیاوازی لەنێوان ڕاستەقینەو پەتی (ئەبستراکت) و وشە و شمەکدا نەکردووە.

## پرۆسەی زانین

بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و لە فەلسەفەکەیدا ئەوەی پێوەندی بە زانین و گەیشتنە ڕاستییەوە (حەقیقەت) هەیە گومان لە توانایی ژیری مرۆڤ و مرۆڤ کراوە، چونکە ڕەب بوونەوەرێکی ترانسندێنتە و ژیر ناتوانێ بە تەنیا خۆی بە تەواوەتی پەی پێ بەرێ، چونکە ئەو بوونەوەر «لیس کمثله شيء» لێرەوە، تەنیا ڕێگایەکی خواناسین و پەی پێ بردن و گەیشتنە ڕاستی

ئەو ڕێگایەیە کە پەیامبەر و کتێبە پیرۆزەکانی پێدا هاتوونەتە خــوارێ لە ڕێگای ســرووش (وەحی). ئەو سرووشە بەهۆی ناوبژی کارێکەوە کە نە مرۆڤە و نە گیانی ڕووتە بە پەیام بە کەسێکی دەگەیەنێ کە لەنێو خەڵکدا لەلایەن ڕەببەوە دەستنیشان کراوە و هەڵبژێردراوە. ئەو ڕەوشە هەر لە سەردەمی خۆیەوە ڕەخنەکراوە، بەڵام بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆی پرسیارکردندا بووە: ئەگەر ژیر لە توانستیدا نەبێ بگاتە ڕاستی، ئەی بۆ بەمرۆڤ بەخشراوە. بەخشینی ئامرازێکی ناتەواو بە مرۆڤ تا چەند لەگەڵ دادپەروەری ڕەببانیدا دێتەوە و دەگونجێ؟! ئەو کێشەیە لە قۆناغی دوایی سەدەکانی ناوەڕاستدا جۆرە چارەسەرێکی مامناوەندی لێکەوتۆتەوە کە دیسانەوە گەڕانەوە بووە بۆ دوو ڕەنگی: بوونی دوو ڕاستی (حەقیقەت):

– ڕاستی ئایینی: سەرچاوەکەی سرووش (وەحی)یە.

– ڕاستی هەڵکەوت و ژیر: سەرچاوەکەی مرۆڤ خۆیەتی.

وەنەبێ ئەو دابەشکردنەی ڕاستی کێشەیەکی بەیەکجاری یەکلایی کردۆتەوە، چونکە ئەگەر وەڵامی پرسیارێکی دابێتەوە، چەند پرسیارێکی تری وروژاندووە: پێوەندی نێوان ئەو دوو ڕاستییە چییە؟ چۆن لێکدەدرێتەوە؟ کامیان دەبێ لەوی دی بە هەندتر بگیرێ و کامیان لەپێشەوە دێ؟ ئەوەندەی من ئاگاداری بابەتەکە بم ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی و تۆماس ئەکوینی پاک لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا بەو مەرەیە چوون کە دووچاری بوون!

**کۆن و نوێی جیهان**

کێشەیەک کە هەر لە سەرەتاوە، بەهۆی «سفری پەیدابوونی» تەوراتەوە یەخەی فەیلەسووفانی سەدەکانی ناوەڕاستی گرتووە و نەتوانراوە بەپێی پێویست یەکلایی بکرێتەوە: کێشەی کۆن و نوێی جیهانە. ئەو کێشەیە پێوەندی بە کات و سەرەتاو کۆتاییەوە هەیە، ئایا کەی و لە چ جێگایەک جیهان دروست کراوە، یان داهێنراوە؟ یان ئایا جیهان سەرەتاو دەستپێکی بوونەکەی هەیە و لە قۆناغ و کاتێکی دیاریکراودا کۆتایی دێت، یان هەر کۆنە و هەر دەمێنێتەوە؟

کەم نین ئەو فەیلەسووف و لاهووتییانەی لە ڕۆژهەڵات لەسەر ئەو بابەتە ژیانیان لێ ستێنراوە و لەڕۆژئاوای مەسیحیدا بە بڕیاری دادگا دەست ڕەشەکەی پشکنین، بڕیاری سووتاندنیان بەسەردا دراوە. بەپێی سەرچاوە سەرەکییەکانی هەرسێک ئایینەکە (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام) تەنیا هەر ڕەب- خوا خۆی بە تەنیا کۆنە، سەرەتاو کۆتایی نییە، بە واتا ئایینییەکەی لە دایک نەبووە و نامرێ. ئەوی هەیە و نییە سەرەتا هەیە و کۆتایی دێت. کێشەکە لێرەوە سەری هەڵداوە، ئەو سەرەتایەکەی بووە و چۆن بووە. ئایا لە سەرەتا کات هەبووە، یان نا؟ پێش ئەوەی ڕەب جیهان دابهێنێ چی کردووە(٨)؟!

پشت ئەستوور بە تەوراتی تایەفەی مووسا، ئەو فەیلەسووفە مەسیحییە گومانی لەوە نەبووە کە ڕەب هەیە و بە خواست و توانایی (قودرەتی) خۆی جیهانی داهێناوە، چونکە بیرۆکەی داهێنان – لە هیچەوە- لە فەلسەفەی یۆناندا نامۆ بووە. لەو فەلسەفەیەدا باسی ئەو دیاردەیە بەجۆرێک کراوە کە لەگەڵ ئەو ئایینەدا نەهاتۆتەوە. لەلای بیرمەندانی یۆنان کەرەستەی دروستکردنی جیهان کۆن بووە و داهێنەر تەنیا هەر وێنەی بەو کەرەستەیە بەخشیوە. ئۆگۆستین گەڕاوەتەوە سەر تەورات و باوەڕی بەوە هەبووە ڕەب جیهان و ماددەی داهێناوە و کارەکەشی تەنیا هەر ڕیزبەند و ڕێکخستن نەبووە. بەلایەوە ئەو پرسیارە پەسند نییە ڕەب پێشتر چی کردووە، چونکە ئەو بابەتە پێوەندی بە خواستی سنووربەزێنی ڕەب خۆیەوە هەیە. لەگەڵ داهێنانی جیهاندا کاتیشی داهێناوە، چونکە بەبێ بوونەوەری داهێنراو ناگونجێ و ناشێ و قسەکردن لە بارەی پێش داهێنان (خەڵق) پووچ و بێ مانایە، چونکە لەگەڵ داهێنانەکەدا کات دەرکەوتووە، کەواتە چۆن ئۆگۆستین بوونی کاتی ساغ کردۆتەوە؟

بەلای ئەو فەیلەسووفە مەسیحییەوە مرۆڤ ژیانی ڕابردووی لەبیرە و دێتەوە یادی، کەوابوو کاتی ڕابردوو هەیە، هەروەها هیواو ئاواتی بەدوارۆژ هەیە، ئەوەش دوارۆژە- کات-ی نەهاتووی چاوەڕوان کراوە. ئێستاش مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی و دەوروبەری دەکات، ئەوەش کاتی تێنەپەڕە! کەوابوو کات هەیە و بوونی وەبیرهاتنەوە و دیتن لە ئێستاداو چاوەڕێ کردن بوونی کات ساغ دەکەنەوە(٩).

فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو خەسڵەتە گەوهەرەکەی دیار و دەستنیشان کردووە کە لە تەمەندا ئەوپەڕی سنوور بەزێن بووە، لەچاو قۆناغی پێش خۆی و ئەو قۆناغەی بەدوایدا هاتووە، بەڵام لە بەرهەمدا هەژار و دەست کورت بووە. ئەو پێوەندی بەبابەتەکەوە هەیە سێ ئاراستە سەرنجیان ڕاکێشاوە:

**یەکەم:** فەلسەفە و لاهووت تێکەڵاو کراون و بۆ سوود و قازانجی باوەڕ و دۆگمەکانی ئایین بەکارهێنراون. دەتوانین بڵێین فەلسەفەکە بە تەواوەتی لە چوارچێوەی میتافیزیک نەچۆتە دەرێ، سانت ئۆگۆستین ڕابەری ئەو ئاراستەیە بووە.

**دووەم:** ئاراستەی دووەم بەڕابەری تۆماس ئەکوین بووە کە هەوڵی ڕشتنی ڕەنگی میتافیزیکێکی داوە کە لەچوارچێوەی فەلسەفەدا بێ و جۆرە سەربەخۆییەکی هەبێ. ئەرکی ئەو بابەتەشی لەوەدا دیوەتەوە کە کێشەی ڕەب و کاروباری پەیوەست پێوەی بکات بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی(١٠).

**سێیەم:** ولیەم ئۆکامی لەچوارچێوەی ڕێبازە گومانکارییەکەیدا وای داناوە کە بابەت و پرسی ڕەب کەرەستەی لاهووتە.

پشت ئەستوور بە ئایینی جوولەکە و ئەو جیهاندیدەی لەو سەردەمەدا ڕەنگی ڕشتووە فەلسەفە- لاهووتە- میتافیزیکە کە کۆشاوە، لەوەشدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە: ڕێبازێکی بەهای یەک ڕەنگی- یەک تایی ڕەببانی پێشکەش بکات و بە خەڵکی بسەلمێنێ کە ڕەبێکی کامڵ و ئەوپەڕی تەواو و بەهێز و خواست ئازاد و دەسەڵات سنووربەزێن هەیە کە جیهان و مرۆڤی داهێناوە، ئەو ڕەببە بەهۆی سرووش و پەیامبەرانییەوە کە خۆی هەڵیبژادوون داوای ڕەوشت جوانی و کرداری ڕاست و چاک لە مرۆڤە داهێنراوەکانی دەکات و ئەویش دادپەروەریی خۆی جێبەجێ و جێگیر دەکات.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

1- Ludger oeing-Hanhoff: Metaphysik und Freiheit. München 1988. S.15 ff.

2- Bertrand Russell: Philosophie des AbendLandes. Europaverlag. Wien 2000, S.319. ff.

3- Kurt Flasch: Einfüheung in die Philosophie des mittelalters. Wb. Darmstadt. 1994. S.83.

4- Die Bibel: Der Prophet Jesaja: 44: 6. R. Berockhaus Verlag Wuppertal. 2003.

5- Wolfgang Rod: Der Weg der Philosophie. Bd. I. becksche reihe. München 2009. 2. Auflage. S.273. ff.

6- Kurt FLaschi: -Ebenda. S.54.

7- Anselm: Werke. Überstzt von R allers. Wien. S.537. ff.

8- Augustinus: bekenntnisse. Insel Verlag 1987. Paragi 13, 15. S.627.

9- Augustinus: Ebend. Kap. 11. para. 28.

10- Jörg Disse: Kleine Geschichte der abendländischen Metaphysik. Darmstadt 2001, S. 116.

# ڕۆڵی نارەزایەتی لە سەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

ن – ئا: ستار باقی کەریم

نارەزایی بە دەربڕینی ئەو هەڵوێستە پەنگخواردوانە دەوترێ، کە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێک دەردەبڕدرێت بۆ مەبەستی گەڕان بەشوێن هەڵوێست و بارودۆخێکی باشتر لەچاو ئەو چەوساندنەوانەی ئێستا هەستی پێدەکەن. ئەم کەسانەش پێیان وایە ئەم هەڵوێستەیان ڕێگایەکی گونجاوە بۆ گەیشتن بە داواکانیان، لەهەمان کاتیشدا پێیان وایە ئەم ڕێگایەیان دەبێتە وەڵامدەرەوە بۆ ڕووداوێکی لەناکاو و نەخوازراو. ئەم دیاردەیەش زۆرکات وەک سەرچاویەکی سەرەکی پشت بە بۆچوون و یارمەتی زۆرینەی هەوادارانی دەبەستێ، تەنانەت لەنێو حکوومەتیشدا.

دەکرێت نارەزایەتی بە ئاشتییانە دەربڕڕێت، یان گردبوونەوەی توندی لێ بکەوێتەوە، کە پشت بەو گرووپانە دەبەستێ کە تێیدا بەشدار دەبن. هەڵبەت نارازیی بوون دەیەوێت ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری دروست بکات، کە دەشێ لە ستراکتۆرەکان، یان ڕێکخستنەکان، یان لە گۆڕەپانی ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستاکە بێت، یان ئەوەتا دەیەوێت ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە بگۆڕێت کە خەڵکی ئینتیمایان بۆ دەکات. (Lyman,1995).

ئەو شەڕ و گێرەشێوێنی و ئاژاوانەی لە هەندێک لە نارەزایەتییەکان دەکەونەوە، وەک ئەوەی ڕێکخراوە ئاینییەکان، یان گرووپی دیکەی کۆمەڵایەتی ئەنجامی دەدەن، بۆ گوێڕایەڵ نەبوونی حکوومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان دەگەڕێتەوە، هەر ئەوەش وا لە دەربڕانی نارەزاییەکان دەکات بۆ ڕژانە سەر شەقام فرتوفێڵ بدۆزنەوە.

دژە نارەزایەتیش جۆرێکی دیکەی دەربڕینی نارەزاییە، کە ڕاستەوخۆ وەک دەرئەنجامێک بۆ دەربڕینی پشتگیری لە سیاسەتی باو دەریدەبڕن، یان گرووپگەلێکی دیکە هەن پشتگیری و هاریکاری خۆیان بۆ ئەوانی دیکە دەردەبڕن، واتە بۆ دەسەڵاتداران. خۆ ئەگەر دەربڕانی

نارەزایەتی خۆیان، واتە ئامانجیان دیاری نەکەن، ڕەنگە بېێتە هۆی یاخیبوونی خەڵک. پرەنسیپی بەکارهێنانی هێز، یاخی بوونی سوپا، نا سەقامگیری، یان ببێتە هۆی تەقینەوەی جەماوەری، یان تەنانەت ڕەنگە بگاتە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی (لەناوبردن)ی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان. (Robnett,2002).

## جۆرەکانی نارەزایی خۆپیشاندانی جەماوەریانە

دەتوانین خۆپیشاندانی گشتی، یان جەماوەری دابەشی سەر ئەم چەندان جۆرانەی خوارەوە بکەین:

خۆپیشاندانی هەمەچەشنەی خەڵک: ئەوەیان جۆرێکە لە خۆپیشاندانی ئاشتییانەو لە ژمارەیەک لەو خەڵکانەی لەسەر شەقام پێکدێت کە بەیەکدەگەن و ئەو دروشم و داواکارییانەش بەرز دەکەنەوە کە وەک خاڵی هاوبەش داوای دەکەن. (Malden,2009).

خۆپیشاندانی کرێکاران: جۆرێکە لە دەربڕینی نارەزایی کە کۆمەڵێک کرێکار لە دەرەوەی کارگەکانیان، یان باڵەخانە، یان کۆمپانیاکانیان ئەنجامی دەدەن و تێیدا ڕێگری لەکەسانی دیکە دەکەن لە چوونە ژوورەوە بۆ ناو شوێنەکە (شوێنی کارکردنیان).

نارەزایانی سەرشەقام: ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە لەسەر شەقامەکان تابلۆی ڕاگەیاندن، یان تەختەی نووسین (سەبوورە) بەدەست بەرز دەکەنەوە، یان هەندێک کات لەملی خۆیانی دەکەن، وەک شاشەیەکیش داواکانیان تێیدا نمایش دەکەن، ئەوەش بە زۆری لە بەردەم ئەو ترافیک لایتانەدا ڕوودەدات کە زۆر قەرەباڵغن.

ڕێگرتن و خۆ قفڵدان (خۆبەستنەوە): ئەو نارازییانە دەگرێتەوە، کە خۆیان بەزنجیر بەند دەکەن، یان پەنا دەبەنە بەر تەلبەندکردنی دەوروبەریان بۆ ئەوەی ڕێگری لە کەسانی دیکە بکەن تا دەست نەخاتە ناویانەوە.

خۆکردنە مردوو، یان دانانی کەسێک وەک مردوو (لاشەی بووکەشووشەیەک): ئەم جۆرەی نارەزایەتی ئەو خۆپیشاندەرانە لە خۆدەگرێت کە خۆیان دەکەن بە مردوو، یان بووکەشووشەیەکی مردوو لەناوەڕاستی شەقام، یان ڕێگا سەرەکییەکان پاڵدەخەن و ڕێگاکە دەگرن، لەوەشیاندا برینپێچ و تیمارکاری بەکار دەهێنن، تەنانەت دروشم لەسەر جەستەی خۆشیان دەنووسن، هەروەها نامەی داواکاریەکانیشیان لەم ڕێگایەوە بەرز دەکەنەوە. (Welsh,2006).

نارەزایی دەربڕین لە ڕێگای گۆرانی گوتنەوە: ئەوەیان زۆر سادەیە و گۆرانی و شیعر و هەڵبەست لەخۆدەگرێت، کە هەموویان دەربڕی ئەو کێشانەن کە بەرزیان کردوونەتەوە.

هوتاف لێدانی خۆشحاڵبوون: گۆرانییەکی دەمودەست، یان هەنووکەیی دەڵێنەوە و تێیدا خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن و تێیدا بە مەبەستی بەدیهێنانی گۆڕانکاری، یان ئایدیاکانیان وشەکانی ئەم گۆرانییە دەگۆڕن، بۆ ئەوەی ئەو داوایانەیان بێتەدی کە لەسەری نارەزایی دەردەبڕن (Welsh,2006).

ڕەخنەی جەماوەی بایسکیل و ماتۆڕسکیل سوارەکان: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سواری بایسکیل، یان ماتۆڕەکانیان بوونە و نارەزایی دەردەبڕن.

دەربڕینی نارەزایی و خۆپیشاندانە گشتییەکان، جۆری دیکەشی هەیە، کە دەشێ ئەمانەش بە ڕەنگە نارەزایەتی بێنە ئەژمارکردن: نووسینی یاداشت، یان نامە، یاخیبوونی مەدەنی، کردنەوەی کەمپین، نارەزایی تێکدەرانە کە خۆی لە گێرەشێوێنیدا دەبینێتەوە، خۆتەقاندنەوە و مانگرتن لە خواردن، دژایەتی کردنی باج و بەرزکردنەوەی ئالای تێکدەرانە لەنێوان کەسانی دیکە.

## بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو کۆمەڵە نا فەرمیانەن کە بۆ مەبەستی کۆبوونەوە لەپێناو پرسێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی فۆرمەلە کراون. ئەم جوولانەوانە بۆ ئەوە دامەزراون تا کۆمەڵەیەکی بەرگریکار دروست بکەن و لەم ڕێگایەشەوە لەپێناو بەدیهێنانی گۆڕان خزمەت بکەن جا چ لە سیاسەت، یان لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بێت. زۆرترینی مافەکانی مرۆڤ وەک هۆکارێک لەم نێوەدا ئاماژەیان بۆکراوە، کە ئاخۆ بۆچی زۆرینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دێنە دەرکەوتن. بەشێک لەم مافانە خۆیان لە دەستەبەرکردنی ئازادی، مافی پەروەردە و خوێندن و مافی گەشەپێدانی ئابووری دەبیننەوە (Staggenborg,2008).

## جۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

دەکرێت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەم جۆرە بخرێنەڕوو: دووربینی و ڕوانینیان بۆ کێشەکان، جۆری ئەو گۆڕانکارییەی دەیانەوێت، ئامانجیان، میتودی کارکردن، کۆن و نوێ، پرۆگرام و ئامانجەکانیان، ئاراستەی بزووتنەوەکە خۆی.

-دووربینی: بەگوێرەی دووربینییان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە دوو جۆر:

١- بزووتنەوە چاکسازییەکان: ئەم بزووتنەوانە ئامانجیان بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی دیاریکراوی

ستاندارده، نموونەش بۆ ئەوە یەکێتیی بازرگانییەکانە.

٢- بزووتنەوە ڕادیکاڵییەکان: ئەوانەش هەمان ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاری دیاریکراوی ستانداردیان هەیە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی چاکسازی، ئەوانە پتر بەراوردکاری و وردترن لە داواکانیان.

## جۆرەکانی گۆڕانکاری

- بزووتنەوە داهێنکارییەکان: ئەم جۆرە بزووتنەوانە بۆ ئەوە دەردەکەون تا هانی داهێنان بدەن لە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو.

- بزووتنەوە کۆنپارێزەکان: ئەم بزووتنەوانە بۆ ئەوە دێنە دامەزراندن تا پارێزگاری لە بەهاکان بکەن، لەبەرانبەر ئەو گۆڕانکارییانەی تێکدەری ئەو بەهایانەن کە لەسەردەمەکەیاندا هەیە.

١- ئامانجەکان: بزووتنەوەی گردبوونەوەی کۆمەڵەکان، بۆ ئەوە پێکهاتوون تا گۆڕانکارییەکی گشتی لە کۆمەڵە و کۆمەڵگاکاندا بکات. بزووتنەوەی گردبوونەوەی تاکەکانیش کار دەکات لەپێناو ئاگادارکردنەوەی تاکەکان و کاریگەری خستنە سەر تاکەکان (Morrison,1978).

٢- بەرنامەی کارکردن: بزووتنەوەکانی ئاشتی، ئەم جۆرە بزووتنەوانە، ناڕەزایەتییەکانیان بەشێوەی ئاشتییانە دەردەبڕن. بزووتنەوە توندوتیژییەکانیش پێچەوانەی بزووتنەوە ئاشتیخوازییەکانن، چونکە ئەوانە دەیانەوێت لە ڕێگای توندوتیژییەوە ئامانجەکانیان بەدی بێنن.

٣- بزووتنەوە کۆن و نوێکان: ئەم جۆرە بزووتنەوانە، لەماوەی زۆر دوور سەریان هەڵداوە و نەماون. بەڵام بزووتنەوە نوێکان، ئەو بزووتنەوانەن کە بەم دواییانە سەریان هەڵداوە.

٤- ئاست و ڕێژەی کاریگەری: ئەم جۆرە بزووتنەوانە کاریگەرییان بەسەر تەواوی جیهان دەبێت. بزووتنەوە ناوخۆییەکانیش ئەو جۆرانەن کە لە ڕووی دووربینییان بۆ شتەکان، سنووریان دیاری کراوە. بزووتنەوە فرە ڕەهەندەکان، ئەو بزووتنەوانەن، کە هەردوو جۆر کاریگەرییان لێ بەدی دەکرێت، واتە لەسەر ئاستی جیهانی و ناوخۆیی کاریگەرییان دەبێت. (bantjes,2007).

## کاریگەری ناڕەزاییەکان لەسەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بۆ ئاشنابوونی پتر بە کاریگەری ناڕەزایەتییەکان بەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکەوتنیان، نموونەیەک لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەهێنمەوە، کە تا ئێستاش کاریگەرییان بەسەر ئەم وڵاتەوە هەست پێدەکرێت. پێش شەڕی ناوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کۆیلەکردن ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەشەکردندا بوو. پیاوان و ژنان و منداڵانیش بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنران و لەهەمان ڕێگاشەوە بازرگانییان پێوە دەکرا، کە ئەوەش لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا یەکیان نەدەگرتەوە. (Banjets,2007).

لەبەشی باکووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆیلەدارێتی بەشێوەیەکی زۆر تەشەنەی کردبوو، لەوکاتەش بزووتنەوەیەک بەناوی ڕەتکردنەوە و نەهێشتنی کۆیلەداری دەرکەوت، ئەوەشیان نموونەیەکی تەواوی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە توانی کاریگەری و پەروەردەکردنی خۆی بەسەر ژیانی ئەمریکاییەکاندا دەربخات. خۆ ڕێکخستنە ستراتیژییەکەی بزووتنەوەی ڕەتکردنەوە، یان هەڵوەشاندنەوەش (دژی کۆیلەداری)، بووە ئامرازێکی ئەوتۆ کە توانی کاریکاتە سەر کۆتایهێنان بە دیاردەی کۆیلەداری. ئەو بزووتنەوەیە دەبێتە پێوەرێک بۆ تەواوی ناڕەزایەتی ئاشتییانە، بۆ ئەوەی بۆچوونەکان بکاتە پرسێک بۆ چارەسەرکردن لەبەرانبەر خۆپیشاندانی توندوتیژ ئامێز. سەرەتا ئەم بزووتنەوەیە بەوە دەستی پێ کرد کە یاسای لە دژی کۆیلەداری بۆ خەڵکەکانی بڵاوکردەوە، پاشانیش باوەڕی بە حکوومەت هێنا بۆ ئەوەی کۆیلەداری بە کارێک و دیاردەیەکی نایاسایی بناسێت، بۆیە ئەم بزووتنەوەیە بووە هۆی کۆتایهێنان بە دیاردەی بە کۆیلەکردن و کۆیلەداری. (Staggenborg,2007).

بزووتنەوەی ئافرەتانیش سەبارەت بە دابینکردنی مافەکانیان، یەکێکی دیکەی هاوشێوەی بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەکاری بوو. ئەم بزووتنەوەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر سەرکەوتوبوو، تەنانەت کاریگەری بەسەر ئەمڕۆکەی گەشەسەندنەکەیەوە دیارە. ئەم کۆمەڵانە مەبەستیان بەدیهێنانی ئامانجگەلێک بوو بۆ ژنان، وەک ئازادی، کە هەندێک شت پێشتر لەلایەن پیاوانەوە بەرانبەر بە ژنانێکی چالاک زەوتکرابوو.

زیادبوونی پشتگیری و هاوکاری بۆ لایەنی خوێندن و پەروەردەی ژنان، بووە یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە. هەر ئەو بزووتنەوانەش بوونە هۆی هەموارکردنەوەی زۆر لەیاساکانی تایبەت بە پاراستنی

ژنان و کچان و ڕزگارکردنیشیان. (Robnett,2002).

ژنانی ئەندام لەم بزووتنەوانەش چوونە نێو دیالۆگەکان و دیاریکردنی مافەکان و پێکهێنانی لۆبی (گرووپ) بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانیان لەدەنگدان و بەشداریکردنیان، کە پێشتر تەنیا پیاوان مافی دەنگدانیان هەبوو، هەروەها ژنانیش خۆیان بەشدارییان لە ناڕەزایەتی و مانگرتنیان لە خۆراک کرد و لەگەڵ چاودێری کردنیان بۆ هێورکردنەوەی ئەو توندوتیژییانەی بەرانبەریان دەکرا. لە کۆتایی ١٩٢٠ ئیتر بڕیار لەسەر ئەوە درا کە دەبێ ژنانیش لە دەنگدانەکان بەشداری بکەن، ئەوەش دوای هەموارکردنەوەی بڕگەی ئەو ماددانە دێت کە پێشتر ڕێگربوون لەو مافانە، بۆیە ئەم کاریگەرییەش تا ڕۆژی ئەمڕۆمان هەر بەسەر ژنانەوە ماوە.

بزووتنەوەیەکی دیکەی سەرکەوتوو بریتی بوو لەو بزوتنەوەی لە ساڵی ١٩٣٧ سەری هەڵدا، کە بە بزووتنەوەی پشتگیری و هاوکاری (AARP) ناسراوە. ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئەوە هاتەکایەوە تا پشتگیری لە کەسانی بە ساڵاچوو بکات لەگەڵ ئامانجێکی دیکەشی بریتی بوو لە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەم بزووتنەوەیە ئامانجێکی دیکەی دارِشتنی یاسایەکی تایبەت بوو بە چاودێری کردن و خزمەتکردنی کەسانی بەساڵاچوو، واتە پێش ئەو خزمەت و چاودێرییە تەندروستییەی هەر کەسێکی ئاسایی هەیەتی. AARP) واتە American association of retired Persons) هاوشێوەی کۆمەڵی مامۆستایانی خانەنشینکراو هاتە دامەزراندن، ئەو ڕێکخراوەی پێی دەوترا (NRTA واتە national retired teachers union) (Morrison,1978)

بزووتنەوەی AARP تا ئێستاش کارەکانی بەرێکوپێکی دەباتە ڕێوە، ئەم ڕێکخراوەش ئەو ئەندامە لە خۆدەگرێت کە تەمەنیان لەسەرووی ٥٥ ساڵییەوەیە. ئەوەیان سەرەتا بزووتنەوەیەکی کاریگەری مەزن بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها کەسانی خانەنشین کراویش تا ئێستاش لەژێر سایەی ئەو بزووتنەوەی سەرەتا پێکیان هێنا، ژیانی باشتر دەبەنە سەر بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێشووتریان. (Lyman,1995).

هەموو ئەو بزووتنەوانەی لەسەرەوە باسمان کردن، سەرەتا ڕێگای ناڕەزایەتییان هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگیردرێت، بۆیە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی پۆزەتیڤانە دەسەڵاتی یاسایی سەرکەوتووی بۆ ئەم بزووتنەوانە لێ بەرهەم دێت، ئەوەش لە ڕێگای بەرزکردنەوەی هۆشیاری و هەموو ئەو شتانەی پێیەوە پێوەندیدارن، وەڵامدانەوەش بۆ هەڵبژاردنی حکوومەت و دەسەڵاتەکان وەڵامدانەوەیەکن بۆ ئەم بەیاساکردنانە.

**سەرچاوەکان:**


**1- Immanuel Ness, Malden, MA, (2009), The International Encyclopedia of Revolution and Protest 1500 to the Present, Wiley & Sons.**

**2- Graeme Chesters, & Ian Welsh. (2006).Complexity and Social Movements: Multitudes at the Edge of Chaos Routledge.**

**3- Suzanne Staggenborg, (2008.) Social Movements, Oxford University Press.**

**4- Charles Tilly, (2004). Social Movements, 1768?2004, Boulder, CO, Paradigm Publishers.**

**5- Denton E. Morrison. (1978). Some Notes toward Theory on Relative Deprivation, Social Movements, and Social Change." In Louis E. Genevie, ed., Collective Behavior and Social Movements. Itasca, Ill.: Peacock. pp. 202-209**

**6- Rod Bantjes (2007). Social Movements in a Global Context, CSPI.**

**7- Malcolm J. Todd and Gary Taylor. (2004) Democracy and Participation: Popular Protest and New Social Movements. London, Merlin.**

**8- Suzanne Staggenborg, (2007). Social Movements. Themes in Canadian Sociology Series. Oxford University Press.**

**9- David S. Meyer, Nancy Whittier, Belinda Robnett. (2002) Social Movements: Identity, Culture, and the State. ÅOxford University Press.**

**10- Stanford M. Lyman (1995) Social Movements: critiques, concepts, casestudies: main trends of the Modern World. New York University Press.**



***ماستەر لە کۆمەڵناسی دەروونی**

# پەڕ بەسەر بوونی کوردان

**فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**

**دەسپێک**

ئەم وتارە کە باسی "پەڕ بەسەر بوونی کوردان" دەکا لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە: یەکیان مانای جۆراوجۆری دەستەوشەی "پەڕ بەسەر"ـە؛ ئەوی تریان جۆری پەڕی مێزەری کوردانە. لەمەڕ ئەم بابەتە "گاسپار درۆڤیل" لە کاتی سەردانی بۆ ئێران لە ساڵی ١٨١٢ی زایینی، بەشێوەیەکی کورت و سوودبەخش ئاماژەی بەو ڕەسمەی ناو کوردان کردووە. بە حوکمی ئەوەی درۆڤیل ڕاستەوخۆ کوردی بەشکڵی پەڕ بەسەر دیوە (مشاهدە عینی)، گێڕانەوەکەی لەم بوارەدا زۆر گرینگە و دەتوانێ زانیاری باشمان لەمەڕ ئەم نەریتە پێ ببەخشێ؛ هەر بۆیەش دەقی نووسراوەکەی ئەومان بەشێوەیەکی کامڵ لە سەرەتای وتارەکەدا هێناوەتەوە.

گرینگی بابەتەکە لەگەڵ ئەم پرسیارەدا، ئاخۆ لە سەرچاوەگەلی کوردیی وەها ڕێکەوەندێک (پەڕ بەسەر) بەکاربراوە، یان نا؟ هاندەرم بوو بتوانم نموونەگەلێک لەناو هێندێ "بەیت"ی کوردی هەڵێنجم کە ئەم دەستە وشەیەی تێدا بەکار هاتووە. هەڵبەت دیارە باسەکە بەم چەند نموونەیە نابەستریتەوە و مانای چەمکی "پەڕ بەسەر" دەتوانێ بەرفراوانتر بێ.

**دەقی نووسراوەکەی گاسپار درۆڤیل**

[ «کورد» بایەخێکی زۆر بۆ ئازاترین تاکی خۆی دادەنێ، بەجۆرێک کە خاوەن هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، دەتوانێ لەگەڵ گەورە پیاوان دانیشێ. پیاوە مەزنەکان لە دزەی ئەوان لە نێو لایەنگرانی خۆیان دەترسن، بەم هۆیەوە زۆریان ئاگاداری دەکەن. سەرەڕای ئەوەش تازیاریی دیکەش وەدەست دێنن کە لە هەمووی گرینگتر چەقاندنی پەڕی تاوس لەسەر مێزەرەکەیانە کە

لە بەرانبەر هەر دوژمنێ لەناوی بەرن پەرێک دەدەن لە مێزەرەکەیان، بەشێوەیەک کە زۆر لەوانە هەموو سەریان بە پەڕ داپۆشراوە. من بۆخۆم ڕۆژێک لەسەر مێزەری لاوێک کە هێشتا تەمەنی نەگەیبووە بیست و پێنج ساڵ، نۆ پەڕم بژارد. کوردەکان سەبارەت بەم نیشانەی شانازییە، یەکجار زۆر دەمارگیرن و کاتێک لە نێو خۆیاندا دەبێتە شەڕیان بەتوێکڵترین جنێوێک کە دەکرێ بە ناحەزی بدەن، ئەوەیە کە پێی بڵێن مێزەرەکەی تاو بردوویە و هێشتا بەتەواوی بوێری پەیدا نەکردووە کە سێبەرێکی بۆ ساز بکات] (درۆڤیل، ١٣٦٥: ٣٢١).

بە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافەی "گاسپار درۆڤیل" بەو باوەڕە دەگەین کە ئازایەتی لە لای کوردان مەسەلەیەکی چەند گرینگ بووە، بەجۆرێک کە تاکی ئازای کورد دەیتوانی بەهۆی ئازایەتی خۆی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، تازیاریی (امتیاز) بەدەست بێنێت. درۆڤیل سەرجەم تازیاریی جوامێران و ئازایانی کورد بەم شێوەیە دەستنیشان دەکا:

(١) ئیزنی دانیشتن لە مەجلیسی پیاوانی مەزن.

(٢) ڕەچاوکردنیان لە لایەن پیاوە مەزنەکانەوە.

(٣) چەقاندنی پەڕی تاوس لەسەر.

جیا لە گرینگایەتی مەسەلەی جوامێریی لەناو کوردان، پەڕ بەسەر بوون و ڕەسمی لە سەرنانی وەها نیشانەیەک، بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک "کینایە" یان "دەستەوشە"ی جوانیش بەدی بێت کە ئەویش بریتییە لە: "مێزەر تاو بردوو" یان "مێزەر تاوانگاز" کە ئاماژەیە بە نائازایەتی کەسێک.

### مانای جۆراوجۆری دەستەوشەی "پەڕ بەسەر"

(١) وەک دوعا و ئارەزوویەکی پیرۆز بۆ کەسانی نزیک و خۆشەویست:

تەمەنا دەکەم لەو خودایەی ئەگەر بێ گیان بووین ئەمن و تۆ، خستووینییە سەر ڕوح و گیانەوە

هەڵکشاو بی، پەڕ بەسەر بی، لەنێو عێلی سوورچی و زوراری و گێلانگێسیانە (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ٤٣).

هەر وەک لە نموونەی هەوەڵ دەردەکەوێ یەکێک لە جۆرەکانی بەکارهێنانی دەستەوشەی "پەڕ بەسەر"، بەکاربردنی ئەم ڕێکەوەندە لە کاتی دوعاکردن و ئاواتەخوازی بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی کەسێک بووە.

بۆ وێنە پێش ئەوەی لاس و ئەحمەدخان (سەرۆکی عێلی سوورچی و زوراری) بەشەڕ بێن، خەزاڵ (نیشانکراوی ئەحمەدخان)، دڵگەرمیی بە لاس دەدا کە تەنیا عاشقی ئەوە و بەس، ئینجا دوعای بۆ دەکا کە لەناو عێلی سوورچی و زوراری و لێتان و گێلانگێسی سەرکەوتووبێ. کەوابوو "پەڕ بەسەر" بوون کە مانا سەرەکییەکەی جوامێری و ئازایەتییە وەک دوعا و ئارەزوویەکی پیرۆز بۆ کەسانی نزیک و خۆشەویست بەکاردەهات.

(٢) بە مانای "پیاوانی شەڕکەری ناودار" (مردان جنگی نامی/نامدار):

ئاوازی تیر و شەققەی هانیشک و دەنگی سمی وڵاغی وا دەبۆوە بڵاوە،

هێندێک دەیانپرسی: عاسمان ڕووخا، یان ئاوە، سێڵاوە؟

ئەو هەیبەتە زەلزەلەیە، یان عاسمان ڕووخاوە؟

لەبەر هازەهازی تیر، هیچ کەس غیرەتی لە سنگی دانەماوە

چل و حەوت کەسی پەڕ بەسەر و گەورە گەورە و ئەختەر و باب نۆکەر و ساحێب نێوونیشان لەسەر پشتی ڕکێفێ فڕێ دەداوە (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ٥٥).

نموونەی دووەم کە باس لە ئازایەتی لاس لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەحمەدخانی سوورچی و زوراری دەکا، لە میسراعەکەدا دەستەوشەی بەکاربراوی "پەڕ بەسەر" بەجۆرێکی تر مانا دەبەخشێ؛ یانی "پیاوانی شەڕکەری ناودار" (مردان جنگی نامی/نامدار).

لەم سێ کۆپلەیەی خوارەوەش دەستەوشەی "پەڕ بەسەر" هەر بەو مانایەی سەرەوە بەکارهاتووە:

... هەتا گەورە گەورە و پەڕ بەسەر لە نێوان لانەچوون، تا سەردار عێل و شۆڕەسوار بە دەستی ئەو پاڵەوانە ئەو هەژدیهای لێوزەرد لەبەین لانەچوون، ئێمە با ئەو مەیدانە بەتاڵ بکەین، هەڵیش بێین عەیب نییە! (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ١٥٧).

چل کەس لە گەورە گەورە و سەردار عاشیرەت و پەڕ بەسەر و ساحێب نێوونیشان دەکەوتنە عەردییە (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ١٧٢).

چل کەسم لە گەورە گەورە و پەڕ بەسەران بۆ لە خۆنیدا بگەوزێنە (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ١٦٩).

(٣) بە مانای گەیشتن بە پلەی ئاخری ئازایەتی؛

نیشانەی ئازایەتی (نشان شجاعت):
**ئەگەر بژیم و بمێنم**
**یان شەش پەڕان دەچەقێنم**
**یان سەری خۆم دەدۆڕێنم**
**یان شەنگم لەقوڕێ دەردێنم**
**یان گوڵی چل پلەی حومامێ دێنم** (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ١٠٩).

نموونەی سێیەم بەشێک لە قسەکانی "لاس"ـە کە تێیدا باسی گەیشتن بە پلەی ئاخری ئازایەتی و وەدەست هێنانی "گوڵی چل پلەی حومام" دەکا لەپێناو داخوازی خەزاڵ. بە تێڕامان لە نموونەی سێیەم، بۆمان دەردەکەوێ کە دەستەوشەی "پەڕ بەسەر" لێرەدا بەجۆرێکی تر لەچاو نموونەکانی پێشوو بەکارهاتووە. یانی "شەش پەڕ داچەقاندن - لەسەر مێزەر - بە مانای گەیشتن بە پلەی ئاخری ئازایەتی بووە کە بە شەش دانە پەڕ دیاری دەکرا.

(٤) بە مانای کەسی خاوەن پلە وەک میر و بەگلەر و خان:

ڕوفیە دەڵێ:
**لەسەر قسەی خۆم من هاتم، خەتەرە!**
**کەسێک ببینێ، یان کارەکەرێک، یان عەمربەرە**
**ئەوە بۆ من باسی سەرە**
**دەڵێن: بۆ کۆ چوو ئەو دولبەرە؟**
**هیچ کەس منی نەدیوە، نە میر و نە بەگلەرە**
**نە خان و ئەمیر نە پەڕ بەسەرە** (فەتاحی قازی، ١٣٥٥: ٣٢).

لە ڕستەی سەرەوەی بەیتی "سەعید و میرسێوەدین"دا دەستەواژەی "پەڕ بەسەر" بە مانای کەسێکی خاوەن پلە بەکارهاتووە کە لە ڕیزی گەورە پیاوانێکی وەک میر و بەگلەر و خان بە حسێب دەهات و قسەی برشتی بوو.

نموونەی خوارەوەش لە بەیتی "شۆڕمەحموود و مەرزینگان" ئەم مانایە دەبەخشێ:
**چەند ڕۆڵەی جوان- چاک باڵا نەستەرن**
**هەمووی چاوەڕێی حەوزی کەوسەرن**
**چەند میر و بەگلەر چەند پەڕ بەسەرن**
**عاقیبەت دەبێ خەبەری مەرگ بەرن** (فەتاحی قازی، ١٣٤٨: ٩٢).

(٥) وەک پلەیەک لە ناو لەشکردا:
**نەترسێ لە ڕۆژی بلێسەی تیر و شیر، لە قرمەی خەنجەر**
**قەستەم بە زاتی دەهەندەی داوەر**
**لە نێو لەشکردا دەبە پەڕ بەسەر** (فەتاحی قازی، ١٣٥٥: ٥١).

وەک لەم چەند میسرەعەی بەیتی "سەعید و میرسێوەدین" دەردەکەوێ، "پەڕ بەسەر بوون" لەناو سوپا و لەشکردا لە چەشنی پلەیەک وا بوو کە بە هێندێک کەس دەبەخشرا دوای تێپەڕاندنی چەند قۆناغی دیاریکراو لە شەڕدا.

لە نموونەی خوارەوەش - لە بەیتی شۆڕمەحموود و مەرزینگان - ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هێندێک لە سواران خاوەن پەڕ، یانی "پلەدار" بوون:
**دوو سواری پەڕ بەسەر لە دەرکی مەرزینگان ڕاوەستاوە**
**قاقەز و خەبەر و مزگێنی شۆڕمەحموودیان هێناوە**
(فەتاحی قازی، ١٣٤٨: ٥٨).

(٦) دەستەوشەی "پەڕ بەسەر" پێچەوانەی دەستەوشەی "سەر لەبەر":
**پیاوی ئازا و دەستکەرەوە هەمیشە پەڕ بەسەرە**
**فەقیری زۆر ناخۆشە، هەمیشە سەر لەبەرە**
**سەعید یەگجار ڕەشیدە، یەگجار ساحێب جەوهەرە**
**وەک فەرامەرزی ڕۆستەم ساحێب غیرەت و جگەرە**
(فەتاحی قازی، ١٣٥٥: ٨٢-٨١).

بە وردبوونەوە لە کۆپلەی سەرێ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەستەوشەی "پەڕ بەسەر" جاروبار مانای "سەربەرزی" دەدا و "سەر لەبەری" مانای ملکەچی و فەرمانبەری؛ یانی ئەم دوو دەستەوشەیە مانای دژ بەیەک دەبەخشن.

نموونەیەکی تر بۆ دەستەوشەی "سەرلەبەری":
دەنا بە سەر لەبەری، گەردن کەچ، ملت بکەی خوار (فەتاحی قازی، ١٣٥٥: ٨٥).

وێدەچێ لەم میسرەعەی خوارەوەش "پەڕ بەسەری" مانای "سەربەرزی" بدات:
**ڕووناکاییم لە ئێرانێ نییە، یان بە پەڕ بەسەری دێمەوە، یان ئەو ڕوحەم دەکەم فانی** (فەتاحی قازی، ١٣٥٥: ٨٧).

(٧) بە مانای خاوەن شکۆ و دەسەڵاتدار:
میرسێوەدین بەگ ئەگەر موعتەبەری تەواوی دونیایە،
عالەم دەیناسێ، ڕەئیسی ستوونی سپای سوڵتانە
نازانم چ کارێکی بە من هەیە؟ ئەوە لەسەرم ڕاوەستاون
خزمەتکار و بەگلەر و عەمر زانە
ئاغای پەڕ بەسەر لە ماڵە والی میوانە
لەمنی گێڕاوەتەوە، نازانم نە ڕۆژی مەرگە و نە خەڵات

بەخشانە؟ (فەتاحی قازی، ١٣٥٥: ٩٩).

وێدەچێ هێندێ جار وەک لە وێنەی سەرەوە دەبینرێ، دەستەوشەی "پەڕ بەسەر" مانای ناڕاستەوخۆ بگەیەنێ و مەبەست لێی تەنیا ئەوە نەبێ کە کەسێک مێزەرەکەی خاوەن پەڕ بێ، بەڵکو باری کینایی(درکە)ی دەستەوشەکە مەبەست بێت.

قادری فەتاحی قازیش لە شەرحی ئەم بەشەی خوارەوەدا لە بەیتی "بارام و گوڵندام" مانای "پەڕ بەسەر"ی بە «کینایە لە کەسێکی ڕێزدار و پایەبەرز» زانیوە (فەتاحی قازی، ١٣٤٧: ٢٠٤).

«فیدا، مەعشووقەی مەنسورشا، برازای عادڵ شا» کوتی: ئەتۆ نەچوبووی کابرایەک بێنی بۆ گوڵندام «کچی عادڵ شا» کە دەنێو ئەوانەدا «عاشقاندا» پەڕ بەسەر بێ؟ (فەتاحی قازی، ١٣٤٧: ٧١).

ئەوەش نموونەیەکی تر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مانایەدا لە بەیتی"بارام و گوڵندام":

ئەوەی دەگەڵ من«مەنسوورشا» هاتووە، زۆر مەرد و بە هونەرە

هەروەک ئیسفەندییار، هەمیشە پەڕ بەسەرە

وەک ئەفراسیابی تاجکەند(= تاشکەند)، گۆ لە مەیدان دەرکەرە

وەک ڕۆستەمی زەمان، پێستی بەوری لەبەرە

بە چەکمەی گەرشاسوپی، لە خۆی دەدا هۆنەرە

دارای ڕەخش و گۆپاڵە، ئەو گورزی گاو و سەرە

ئەگەر شوناسی ناکەی، ئەوە شازدەی قەیسەرە شیعر

(فەتاحی قازی، ١٣٤٧: ٧٦).

## جۆری پەڕی مێزەری کوردان

بەگوێرەی ئەو بابەتەی وا "گاسپار درۆڤیل" لەمەڕ پەڕ بەسەر بوونی کوردان شەرحی کردووە، هەروەها بەپێی ئەو ئاماژانەی وا لە بەیتەکاندا دەستی خراوەتەسەر، دەتوانین بەڕاشکاوی بڵێین کە جۆری پەڕی بەکارهاتوو، یان داچەقاو لەسەر مێزەری کوردان، هەمووی یەک جۆر، واتە پەڕی تاوس بووە. ئەم چەند نموونەیەی خوارەوە زیاتر ئەم یەک چەشنییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

(١) چەپکێکت پەڕی تاوس لەسەر ناوە گەواڵ گەواڵیانە دەگەڵ هەوری دەعاسمانە (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ٦٧).

(٢) چەپکێکی پەڕی تاوس لەسەری ناوە، پەڕێکی ڕەشە و یەکی سوورە و یەکی سپییە یەکی بنەوشە و ئەوی دیکەیان لاجیوەردییە (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ٧٨).

(٣) لە سەری ناوە چەپکێک پەڕی تاوس، زەردە، کەسکە، سوور و سپییە

ئەگەر کەمێکی شەماڵ بێ گەواڵ گەواڵیانە لەگەڵ هەورییە (فەتاحی قازی، ١٣٤٨: ٤٨).

(٤) دەسکێکت پەڕی تاوس لەسەر ناوە، گەواڵ گەواڵیەتی دەگەڵ هەورییە (فەتاحی قازی، ١٣٧٩: ٨٩).

لەم نموونانەدا، سەرەڕای ئەوەی ئاماژە بە پەڕی تاوس لەسەر مێزەری کوردان کراوە، لە نموونەی دووەم و سێیەمدا، تەنانەت جۆری ڕەنگی پەڕەکانیش (ڕەش، سوور، سپی، بنەوش، لاجیوەردی، زەرد و کەسک) ناو براوە کە دیارە لەکاتی مێزەر لەسەرنان، جووڵەیان زۆر ڕەنگامە و سەرنجڕاکێش بووە.

لە بەیتی شۆڕمەحموود و مەرزینگان لە شوێنێکدا ئاماژە بە "پەڕی شەهێن"ش کراوە (فەتاحی قازی، ١٣٤٨: ٦٧).

**سەرچاوەکان:**

**١- درۆڤیل، گاسپار (١٣٦٥). سەفەر لە ئێران، وەرگێرانی مەنوچێهر ئیعتماد موقەددەم، چ، دووەم، تاران: شەباویز.**

**٢- فەتاحی قازی، قادر (١٣٤٧). هەڵبەستەی (مەنزوومەی) کوردی بارام و گوڵندام (دەقی کوردی لەگەڵ وەرگێرانی بە فارسی)، چ، یەکەم، تەورێز: دەزگای چاپەمەنی مێژوو و فەرهەنگی ئێران (انتشارات موسسەی تاریخ و فرهنگ ایران).**

**٣- فەتاحی قازی، قادر (١٣٤٨). هەڵبەستەی کوردی شۆڕمەحموود و مەرزینگان (دەقی کوردی لەگەڵ وەرگێرانی بە فارسی)، چ، یەکەم، تەورێز: دەزگای چاپەمەنی مێژوو و فەرهەنگی ئێران.**

**٤- فەتاحی قازی، قادر (١٣٥٥). هەڵبەستەی کوردی سەعید و میرسێوەدین (دەقی کوردی لەگەڵ وەرگێرانی بە فارسی)، چ، یەکەم، تەورێز: دەزگای چاپەمەنی مێژوو و فەرهەنگی ئێران.**

**٥- فەتاحی قازی، قادر (١٣٧٩). هەڵبەستەی کوردی لاس و خەزاڵ (دەقی کوردی لەگەڵ وەرگێرانی بە فارسی)، چ، یەکەم، تەورێز: چاپەمەنی زانکۆی تەورێز.**

# زمان پێناسەی گەلانە

**فەردین کەمانگەر**
**(سنە)**

کاتێک منداڵێک چاوی هەڵدێنێ و جیهان بەو چاوە گەشە دەبینێ، سەرەتا گوێیەکانی پیتە جوانەکانی کە لە زاری دایکی دێتە دەرەوە، دەبیسێت، ئەو وشە شیرینانەی کە لە نێوان لایەلایەی دایکی دەیبیست، فێری دلۆڤانی و ئەویناری دەبێت و لە پێناو زمانی دایکی چرای داهاتووی ڕوون دەکاتەوە، لە سەردەمێکدا کە سەردەمی زانستە و هێشتا چەوسێنەران و ئیمپریالیزم لە جلوبەرگێکی تازەوە بە ناو جیهانی بوون هاتوونەتە مەیدانەوە تا نەتەوەکان لە ژێر چەمکی ئەوان بمێننەوە، زمانەکانی تر لەڕ و لاواز بن و ئەم بابەتە ببێتە هۆی مەرگی زمانەکان.

دەتوانین زمان بە گرینگترین نیشانەی هەر فەرهەنگێگ و پێناسەی گەلان بناسین. هەڵبەت، هەرچەندە کەسانێک دروست کردنی ئامراز لە لایەن مرۆڤەوە بە سەرەتای مرۆڤ دەناسن، بەڵام بۆ وێنە ئەگەر ئێمە لە کۆراتی دیکەوە گیانلەبەرانێکی وەک مرۆڤ بدۆزینەوە کە خاوەن ئامێر و ئامراز بن، بەڵام نەتوانن ئاخافتنیان هەبێ و لەگەڵ یەک بدوێن، بە واتە زمانیان نەبێ! ئایا دەتوانین ئەوانە بە خاوەن فەرهەنگ بناسین؟ زمان کەرەستەیەکە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی مێشکی هەر مروڤێک، چونکە بوونەوەرێکیش وەک مێرووله توانیویەتی بەدەیان جۆر و شێوە خانوو و کۆشک لە ژێر زەویدا ساز بکات، بەڵام ئایا دەتوانین بە خاوەن فەرهەنگ باسیان لێ بکەین، چونکە فەرهەنگ بە واتە؛ هەموو ئەو عادات و دابونەریتانە و ئەو مەهارەتانەی کە مرۆڤ وەک تاکەکەسێک لە کۆمەڵی دەوروپشتی خۆی فێری دەبێت.

ڕاستییەکەی هەرکات باسی زمانی نەتەوەیەک دێتە

ئاراوە، بێ خورووە لە فەرهەنگ و کولتووری میللەتێک دەدوێن، چونکە فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک، زمان و زاراوەکان و جلوبەرگ، دابونەریتەکانی ئەو میللەتە دەگرێتەوە کە ڕاستییەکەی زمان گرینگترین تایبەتمەندی هەر فەرهەنگێکە و بە لەناوچوونی زمان، فەرهەنگیش دەمرێت کە ئیسماعیل بێشکچی لەم بارەوە دەڵێ: ئەگەر دەتەوێت نەتەوەیەک لە ناو ببەیت، نیازت بە تانک و تۆپ نییە دەتوانی بە لەناوبردنی زمانی نەتەوەیەک، ئەو نەتەوەیە لەناو بەری.

زمان کەرەستەیەکە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی دیکە، زمان ئامێری ڕاگەیاندنی بیروباوەڕەکانی هەر مرۆڤێکە، کە هەرچەندە زمان ڕێکوپێکتر بێ، ڕاگەیاندنەکە بە جوانی و ڕاستی جێبەجێ دەبێ، بەڵام لە لای کەسانێک کە شارەزاییەکی زانستییان لە زمان نییە دەڵێن زمان ئامێرێکە تەنیا بۆ پێوەندی گرتنی مرۆڤەکان و ئیدی هیچ...!

جێگای ئاماژەیە کە ئەم بابەتە، چونکە تا ئێستا لە ولاتانی ئێمە بە جوانی بایەخی پێ نەدراوە، زمان وشەیەکی شاراوە و نهێنییە کە دەبێ لە لایەن کاربەدەستان و زمانەوانان و وێژەوانان لێکۆڵینەوە و بایەخی زێتری پێ بدرێت تا کاریگەری زمان لە هەموو بوارەکانی زانستی و دەروونناسیدا بۆ هەمووان ڕوون ببێتەوە و ئیدی زمان تەنیا بە چاوی ئامێرێک بۆ پێوەندی گرتن نەناسن.

زمانی دایکی لە سەدەی بیست و یەکدا لە پلە و پایەیەکی تایبەت لە جیهاندا چاوی لێ دەکەن، چونکە زمانی هەر میللەتێک پێناسەی ئەو نەتەوەیە کە پێشاندەری دەوڵەمەندی و پەرەسەندنی کولتووری و فەرهەنگی، ئابووری و ڕامیاری ئەو گەلانەیە کە ئاخافتنیان پێ دەکەن. هەڵبەت جێگای ئاماژەیە کە ئەو بیروباوەڕەو گرینگایەتی زمان لە هەموو بوارەکانی زانستی و فەلسەفی ڕامیارییەوە گەیشتووەتە تەشقی خۆی و زۆر لە زانیاران و وێژەوانان لە باری زانستییەوە لە جیهاندا تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن. تا ئەو ڕادەیە بایەخی پێ دراوە کە ساڵانە ملیۆنان دۆلاری بۆ دابین دەکەن و ساڵی پار لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی یونیسکۆ بە ناوی ساڵی زمانی زگماکی ناو نرا و ڕۆژی دووی ڕەشەمە (٢١ شوبات) بە ناوی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک هەڵبژێردراوە، بۆ پتر بایەخدان و پاراستنی زمانی دایک بە واتە پێناسەی گەلان.

بەپێی سەرژمێری یونسکۆ لە دنیای هەنووکە ٦٠٠٠ تا ٦٥٠٠ زمان هەیە کە هەرکام بە هۆی جیهانی بوون و کەمتەرخەمی دەسەلات و نەبوونی ناوەندەکانی زمانناسی و ...تاد زۆربەی زمانەکان لاواز بوونە، کە لە هەر ١٢ ڕۆژدا زمانێک لە ناو دەچێ و لە چەند دەیەی داهاتوودا مەترسییەکی گەورە هەموو نەتەوەکان دەگرێتەوە، چونکە بە مەرگی زمانێک، نەتەوەیەکیش دەمرێت.

هەڵبەت لە هەموو ولاتانی یەکێتیی ئەورووپی زمانی دایک بە جوانی بایەخی پێ دراوە وەک مافی هاوولاتییان لەبەر چاوگیراوە و لە قوتابخانەکان و زانکۆیەکانیان بەچەند زمانی ڕەسمی ڕاهێنانیان هەیە وەک ولاتی سویسرا بە چوار زمان، بەلژیکا بەسێ زمان و سەنگاپوور بە چوار زمانی ڕەسمی و ئەو ولاتانە زۆر سەرکەوتنیان لە هەموو بوارەکانیاندا هەیە، چونکە بە پێی سەرژمێری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕامان: فێربوونی زمانەکانی دیکە لە کن زمانی دایک ماددەی خۆڵەمێشی مێشک کە ئەرکی جێبەجێ کردنی زانیارییەکانە پەرە دەسێنێت کە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی زانیاری و زانست لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، بەڵام بەداخەوە لە ولاتی ئێران کە زێدی فەرهەنگ و زانین و کوورەشە، هەرچەندە لە دەستووری یاسای ولاتی ئێراندا لە فەسلی ١٥دا بە تەواوی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک لە قوتابخانەکان وەک مافی هەر هاوولاتییەک لەبەر چاو گیراوە، بەڵام تا ئێستا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مافە هیچ هەوڵێک نەدراوە، زمانی کوردی یەکێک لەو زمانانەیە کە لە ئێراندا هەیە و بە هۆی زۆر تایبەتمەندی کە هەیە لە بەرانبەر زەخت و گوشاری زەمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی، جیهانبوون، مەرگی زمانەکان بەربەرەکانێی کردووە و خۆی لە مەرگ و نەمان ڕزگار کردووە و ئەم مانەوە بەبێ تێکۆشان و چاودێری وێژەوانان و زمانەوانان و چالاکوانانی مەدەنی و یارمەتی کاربەدەستان هیچ مانایەکی نەدەبوو کە ئێستا زمانی کوردی وەک چیا بەرزەکان خۆی دەنوێنی و لە بەرانبەر گوشارەکاندا بێ وچان ڕاوەستاوە.

جێگای ئاماژەیە کە بە ڕاستی زۆر لە مامۆستایان و

نووسەران بە دانانی وانەکانی فێرکاری زمانی کوردی کە مافی شارومەندی هەر هاووڵاتییەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکی خۆیان لە بەرانبەر زمانی زگماکی بە واتە زمانی کوردی و زێدەکەیان بەڕێوە بردووە، بەبێ ئەوەی کە ناویان لە هیچ شوێنێک بێ تەنیا ناویان لەسەر دڵی قوتابییەکانیان و هاووڵاتیانیان جێگر دەبێ و دەتوانین ئاماژە بە وانەکانی فێرکاری کە لە چەند ساڵی ڕابردوو لە کوردستان بەڕێوە دەچێ و چالاکی چالاکوانانی مەدەنی کە تێکۆشەرانی ڕێگەی پەرەسەندنی زمانی دایکین بکەین. لە ساڵانی ڕابردوو چالاکوانانی مەدەنی بە دانانی کۆبوونەوەیەکی زانستی لەسەر زمانی دایکی لە ژێر ناوی "زمان پێناسەی گەلانە" بۆ بایەخدان و پاراستنی زمانی زگماکی و ڕێزگرتن لە مامۆستایان و نووسەرانی وانەکانی فێرکاری زمانی کوردی لە سنە بەڕێوە برد کە ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی زانستی لەسەر زمانی کوردی بوو کە بەڕێوە چوو و چەندان بابەت لەسەر جیهانی بوون و مەرگی زمانەکان – زمانی کوردی و جیهانێکی نوێ. گرینگی هەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی پێشکەش کرا کە چرایەک بوو بۆ دیکەی تێکۆشانەکان لەسەر زمانی کوردی کە چاوەڕوان بین. جێگای ئاماژەیە کە مانەوەی هەر زمانێک بەهۆی هەبوونی دەسەڵات هەبوونی ئابوورییەکی بەهێز کە ببێتە پاڵپشتی بۆ دانانی گۆڤار و ڕۆژنامە و فێرگە و زانکۆ و وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانی دیکە و ویست و ئیرادەی ئەو خەڵکە کە ئاخافتنی پێ دەکەن دەورێکی هەرەگرینگی هەیە بۆ ڕزگاری لە مەرگ و دەوڵەمەندبوونەوەی هەر زمانێک.

ئەو خاڵانە کە لە سەر زمان و زمانی دایکی ئاماژەی پێ کرا. بە ڕاستی ئەم بابەتە دەسەلمێنێ کە زمانی کوردی خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندە و تا ئێستا خەڵکی بە شێوەیەکی خۆڕسک هەوڵی پاراستن و گەشەسەندنی زمانی کوردییان داوە، بەڵام بەداخەوە لە ئێران کاربەدەستان و میدیاکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیان کە لە دەستووری یاسادا گرینگی پێ دراوە بەڕێوە نابەن کە جێگای سەرنج و پرسیارە و هۆی ئەم کەمتەرخەمییانە چییە؟! چونکە پاراستنی زمانی دایکی نەتەوەکان لە کن زمانی یەکگرتووی فارسی دەبێتە هۆی گەشەسەندنی زێدەکەیان. هەر وا کە شەهریار شاعیری تورکی ئازەری کە خۆی ئەویندار زمانی دایکییە دەڵێ:

**اختلاف لهجه نزاید بهر کس**
**ملتی با یک زبان کم تر به یاد آرد زمان**

کە لەکن پاراستن و گەشەسەندنی زمانی زگماکی چاوەڕوانی پەرەسەندنی وڵات بین لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها کە هایدگەر دەڵێ: دنیای هەرکەس زمانەکەیەتی و ئێمە لە نێو زماندا دەژین.

# خوێندنەوەیەک بۆ نمایشی دیالۆگی بێ دەنگ

محەمەد جەمیل (*)

با لێرەوە دەست پێ بکەین، ئایا شانۆ بەردەوامە لە پەیامەکەی؟ لە هەر شوێنێک و هەر زەمەنێک و هەر سەردەمێک و بۆ هەر نەتەوەیەک؟ یان دەگوترا شانۆ گوتارێکە، خەونێکە، ئازارێکە، خۆشییەکە، ساتێکە، گریانی دایکێکە، زویربوونی منداڵێکە. ئایا شانۆ بەردەوامە، شانۆ چ کاتێک بە نەمری دەمینێتەوە، چ کاتێک لە مێشکدا دەبێتە یادەوەری، ئەمانە و چەندان پرسیاری دی لە میانەی بینینی نمایشی شانۆیی دێنە ئاراوە.

لەو ساتەوەی شانۆ لە گالیسکەکەی (تیسپس)ەوە بە کۆمەڵێک ئازار و کێشەو خەونەوە کەوتە گەڕان، شانۆ هەر بەردەوامە و لە سەردەمەکان و شوێنەکان دانەبڕاوە، هەمیشە دەست لەملانێی ئێستایە و لەنوێ بوونەوە و خۆگونجاندندایە.

شانۆگەری دیالۆگی بێ دەنگی لە میانەی فیستیڤاڵی حەفتانەی شانۆی کوردی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا نمایش کرا کە لە نووسین و دەرهێنانی کەڤاڵ سدیق و لە نواندنی کچە ئەکتەری ئەڵمانی کۆرنیا مویل و کەڤاڵ سدیق خۆی بوو، ئەوەی زۆر سەرنجی بۆ ئەم نمایشە ڕاکێشاوم، ئەوەبوو کە ئەم جۆرە شانۆگەرییانە گوناحانە ماڵئاوایی بکەن و خوێندنەوەیەکی جیددییان لەبارەوە نەکرێت و نەبنە ئەرشیڤێکی زیندوو بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی، بەداخەوە ئەمە کاری ڕەخنەگرانە، بەڵام ڕەخنەی شانۆیی لەم وڵاتەدا بووەتە کارێکی میزاجی و کوتلەبازی و کەسی، منیش بەپێی ئەو ئەزموونەی لەو بوارەدا هەمە کە بۆ ماوەی یازدە ساڵە وەک مامۆستایەک لە بەشی هونەری شانۆ، وانەی شانۆ دەڵێمەوە، بۆ ئەوەی قوتابیانی بەشی شانۆ و شانۆکاران و بینەری شانۆ بەشرۆڤەی ئەم نمایشە ئاشنا بکەم، یان چیتر شانۆ جیددییەکان نەچنە خەڵوەتی بێ دەنگییەوە.

## ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە

پەنابەرێک لە کولتوورێکی جیا، لە شوێنێکی جیا، لە کەشێکی جیا، پەنابەرێک لە بوونی خۆی بەگومانە، تەنانەت وا هەست دەکات کە بوونی خۆی بووەتە گرفت بۆ خود و بۆ بنەماڵەو بۆ ژینگە و بۆ کۆمەڵگا، بۆ ئاسایش، جا ئەو پەنابەرەش کچ بێت و لە کولتوورێکی داخراوەوە بۆ کولتوورێکی والا، لە خەونە کەبت کراوەکانەوە بۆ خەونە ڕەهاکان، لەژێر سێبەری وتارەکانی باوکەوە بۆ جیهانی یەکترناسینی بەهاکان، دەبێت چ ئادەمیزادێک بەرگەی ئەمە بگرێت؟

کەڤاڵ سدیق ڕۆڵی پەنابەر لە شانۆیی دیالۆگی بێ دەنگیدا دەبینێ، پەنابەرەکە ڕۆژانە دەبوا بچێتە سەرکاری خۆی، بۆ هەموو شوێنەکان پارک، وێستگە، کافێ، نووستن، نانخواردن، هەمیشە گوێی لەدەنگدانەوەی باوک و برا و دایکی دەبوو، هەمیشە ملکەچ بوو بۆ فەرمانەکانی دابونەریت و یاساکانی ماڵەوە، بۆیە هەمیشە وەک کەسێکی هیستریا گرتوو هەڵسوکەوتی دەکرد، کابووس ببووە ملوانکەیەک و یەخەی بەرنەدەدا.

پەنابەرێک بە لەچکەوە، بە هەر شوێنێکدا بڕۆیشتبا و سەیری هەر شتێکی بکردبایە، بەردەوام دەنگدانەوەی دایک و باوک و براکانی لەمێشکیدا سەری هەڵدەدایەوە، ڕێنماییان دەکرد وەک ئەوەی ئەم کچە لە ڕووی عەقڵییەوە کامڵ نەبێت، هەمیشە و هەمیشە چاودێری و زۆر بڵێیی و بە کەم زانین و باسکردنی شەرەف و ترسی ئاینی، ئەمانە وێردی سەر زمانی بنەماڵەکەیان بوو، ئەو پەنابەرەش بەردەوام لەم بازنە داخراوەدا دەخولایەوە، ئەو بڕوای بەخۆی بوو، بەڵام کولتوور بڕوای بە ئەو نەبوو، ئەو دەیویست خەون ببینێت، بەڵام کولتوور هەڵیدەوەران، بۆ دواجار ترس و تۆقاندن و خەفەکردن بوون بە بەشێک لە ژیانی ئەم پەنابەرە و نەیدەتوانی لێی جیا بێتەوە، ئەو لە نێو خوێن و تۆڵە و بوغز و توندوتیژی و کوشتنی ژندا پەروەردە بووە، ئەم کولتوورە کە ڕوویەکی ناشیرینی بە ڕۆژهەڵات بەخشیوە، بۆیە کەسی ڕۆژهەڵاتی کاتێک دەچێتە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی و ئەو هەموو جیاوازییە دەبینێت، لەنێوانیاندا تووشی شۆک دەبێت و کەسایەتییەکی نامۆی لێ دەردەچێت، کەسایەتییەک هەست بە کەموکورتی بکات، چەندین پرسیار لەنێو مێشکیدا دەخولێننەوە. باشە هەموومان مرۆڤین! باشە بۆ لەوێ بەم




شێوەیەیە، بۆ لێرە ئاوایە! وەڵامەکان تووشی شۆکی کردوون، کە ناتوانێت بێتە دەنگ و دیالۆگ دروست بکات، هەمیشە ئەو پرسیارانە بەرۆکی تاکی ڕۆژهەڵاتی گرتووە و تاکێک لە بێ دەنگی نغرۆ بووە و هەناوەکان پڕن لە وشە، پڕن لەبیرکردنەوە، پڕن لە ئایدیا، پڕاوپڕن لەخۆ خواردنەوە، بۆیە ئەم تاکە هەمیشە لەخۆی و خێزان و کۆمەڵگە بەگومانە. تاکێک کە ناتوانێت بڕیار بدات، تاکێک کە هاوڕەگەزەکانی خۆی لەم وڵاتە ڕۆژئاواییانە دەبینێت چۆن دەژین و چۆن بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان دەدەن، ئەی بۆ ئەم نەتوانێت؟! ئەمانە هەمووی لەو دیالۆگە بێ دەنگییەی کەڤاڵ سدیق دا ڕەنگی دایەوە.

پەنابەرێک خۆی و جانتایەک و لەچکێک و قورئانێک و بەرماڵێک و خەونێک! کە ڕۆژانە لە ڕێگەی وێستگەیەکەوە چەندین دەموچاوی دەبینی بەلای ئەو پەنابەرەوە وای هەست دەکرد ئەو مرۆڤانەی بەلایاندا تێ دەپەڕن و دادەنیشن بە کەم سەیری بکەن و بەنەزان و تیرۆرست ببینن، پەنابەرەکە ناحەقی نەبوو، چونکە وڵاتی ئەو وابوو، بۆیە هەمیشە بەرانبەر مرۆڤەکانی دەوروبەری خەونی ترسناکی دەبینی، ئەو پەنابەرە لە دیدگای ڕۆژهەڵاتییەکەوە خوێندنەوەی جیددی بۆ خودی خۆی دەکرد، بەڵام بەبێ دەنگی! ڕۆژئاوا لای ببووە یەقین، تەنانەت خۆشی نەیدەزانی بۆ کێ وای کرد وا بێت، هاندەرەکانی کێ بوون، ئایا بەڕاست ڕۆژئاواییەکان

وەک مـــرۆڤ ســـەیری ناکـــەن، یان ئەمـــە لێکدانەوەی کولتووری ماڵەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیەتی چەسپاوە. کە ناهێڵێت لە دیالۆگدا دەنگ هەبێت، بیرکردنەوە هەبێت، نەوەک شەرەف لەکەدار بێت، هەمـوو ئەو کـابووسـانە بە زەردەخـەنەی کـچـێکی زەرد و پارچە (مــوزیک)ێک وەڵامی ئەم دیالۆگە بێ دەنگییـەیان دایەوە، کە کەڤاڵ سدیق لە مێشکیدا قەتیس مابوو.

### ئەنتی کەسایەتی

دوو کچ بە دوو زمـانی جیـا بە دوو کـولتـووری جیـا هەڵسوکەوتیان دەکرد، لە ژینگەیەکدا کە یاسا سەروەرە و بەهاکانی مرۆڤایەتی پارێزراوە.

**یەکەم:** کچێکی ڕۆژهەڵاتی، ئایینداری، پابەند بوون بە کولتووری ڕۆژهەڵاتی، حەرامکردنی حەزەکانی مرۆڤ، ئالوودەبوون بە وتەکانی باوک و برا، پاراستنی شەرەف ئەمـە وتەی ڕۆژانەی دایکی بوو، ئەم کـچـە وای هەست دەکـرد هەمــوو دەوروبەر بە گـومـانەوە سـەیری دەکـەن، بەشێوەیەک کە مرۆڤێکی ئاسایی نییە، هەموو ئەمانە و ئەو بێ دەنگییــەی ئەو ڤـینی دژ بە مـرۆڤـەکـان زیادی دەکـرد، وای دەزانی تاوانەکـانی مـرۆڤـایەتی ئەو بووەتە هۆی دروست بوونی، بۆیە لە هەمـوو شوێنەکـان خەریکی دوعـا کردن بوو، تا خوا لە گوناحەکانی خۆش بێت! کام گـوناح خـۆشی نەیدەزانی گـوناحی چی کـردووە، ئەمـە بایۆگرافیای ئەم کچە بوو.

**دووەم:** کچێکی ڕۆژئاوایی بە هەموو ڕەهاییەکانییەوە، بە هەمـوو هەسـتییـەوە بە ژیانکردن ئەو دەیەوێت بژێت، مـافی بەسەر کەسەوە نییە، ئازاری کەس نادات، ڕووی گـرژ نـییـە، ئەمـە هێـڵی پەیامی نووسەری دیالۆگی بێ دەنگ بوو، کـە پێـمـان بڵێت ڕۆژهەڵاتییـەکـان ئەوەندە خەریکی قڕکردنی یەکترن، ئەوەندە خەریکی مەعریفە و بینینی جیهـان نین. ئێمە نەخۆشین، نەخۆش بەیەکتر بە ڕووخـانی یەکـتـر، دیالۆگی ئێــمـە بێ دەنگی لەگـەڵ خـودێکی نەزان کـە خـۆمــانین، بەڵام دیالۆگی ئەوان، دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو و جیهان بینینێکی ترە.

### ستایلی نمایش

هەر ڕێبـازێک، یان قـوتابخـانەیەک، یان تەوژمـێکی شـانۆ کـە دەرهێنەر کـاری لەســەر دەکــات، بە چەند یاسـایەکی ئەو ڕێسـایانەوە پابەندە کـە هەڵی بژاردووە، یان دەکـرێت دەرهێنەر سـوود لە چەند ڕێبـازێک، یان



قوتابخـانەیەک ببـینێت، هەڵبـەتە ئەمـەش بۆ جـوانکردنی کـارەکـەیەتی، کـەڤـاڵ سـدیق وەک نووسـەر و دەرهێنەری شانۆگەری دیالۆگی بێ دەنگی، لە هەوڵی بەجیهانکردنی ئەم نمایشــەدایە، یەکــەمـیــان بە دروســتکردنی زمــانی هاوبەش (کوردی- ئەڵمانی)، دووەمیان زمانی وێنە (کە لە ڕێگەی سکرینەوە پەخش دەکـرا)، ئەم جۆرە کـارانە لە وڵاتێکی ئەوروپایی بە بینەری جیاجیا لە ڕووی زمان و کـولتـوورەوە وا لە بـینەر دەکات کـە زیاتر تێکەڵاو بێت و دوور بێت لە بێزارکەری، هەروەها ڕێکخستن و بەیەکەوە بەستنی دیمەنەکان، ئەمـەش هۆکارێکی تری سەرکەوتووی ئەم نمایشـە بوو، ئەم جـۆرە سـتـایلە نزیک بوو لە شـانۆی سیاسی بیسکاتۆر، بەڵام کەڤاڵ توانی بەجوانی بەکاری بهێنێت.

### دیکۆر

شوێن، وێستگەی شەمەندەفەر، کـورسی چاوەڕوانی، ئەمە شوێنی یاری کـارەکـتەرەکـانی شانۆیی، دیالۆگی بێ دەنگ بوو، پرسـیـارەکـە لێـرەدا ئەوەیە بۆ وێسـتگە، کـە شوێنێکی ئاساییە هیچ مەتەڵێکی تێدا نییە، بەڵام لەم نمایشــەدا بە چەندان دیدگـا خـۆیان نمایش کـرد، وێسـتـگە شوێنی چاوەڕوانی، شوێنی دابڕان، شـوێنی بەجێهێشـتـنی یادگارییەکان، شوێنی گەیشـتنی یار، هەر لەم وێستگەیە سەد خەون دێت و دەڕوات، سـەدان نیگـا ئاڵوگـۆڕ دەبن، لەو وێستگەدا چەندان یادەوەری لە بۆشایی هەڵدەوەرێن، هەر لەم وێسـتـگەیەشدا دیالۆگی بێ دەنگی کەڤاڵ سدیق دەسـتی پێ کرد، ئەوەی جێگـای ئامـاژەیە کـە ئەم هۆڵەی نمایشـی تێـدا کـرا بە بۆچوونی من شـوێنەکـە بۆ ئەم جـۆرە نمایشە بچووک بوو، تا ئەکتەرەکان زیاتر لە فەزای شانۆدا یاری بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەکـتـەرەکـان توانییـان بەجوانی کـار لەسەر ئەم شوێنە بکەن، کەشێکی جوانی پڕ

له فـانتـازی بۆ بینەر بخـوڵقـێنن به بەکـارهێنانی ئێکسسـوار، وەک (جـانتـا، زنجـیـر، بەرماڵ، لەچک، گـیتـار) که بۆ خزمەتی بیرۆکەی نمایش زۆر گونجـاو و بەکار دەهات، دوور له شێوازی دروستکراو کاریان لەگەڵ دەکرد.

سکرین هەم به مـانای خـەون و هەم به مـانای سـەیرکـردنی ژیان (مـەبەست له خـود) لەوێنەدا، ئەو ژیانەی کـه خـەونه ترسناکـەکـانی لێـوە دەبینرا، یان واقـیـعـیـانه مـامـەڵه لەگـەڵ دەوروبەر و ژینگەی خـۆی بکات، که دەکرێت وێنەکانی ژیان به زەردەخەنەوە جوان بکرێن و تا دەموچاوەکان بەخۆشییەوە سەیر بکەن.

**نواندن**

کـەڤـاڵ سـدیق له ڕۆڵی پەنابەری ڕۆژهەڵاتی (کـورنیـا مـوێل) له ڕۆڵی کـچی ڕۆژئاوایی دانیـشـتـووی وڵات، کـاری نواندن لەم جۆرە نمایشانه کـه به دوو زمـانی جیـا نواندنی تێدا بکرێت کارێکی ئاسان نییـە، چ له ڕووی هەست و گـۆڕینەوەی دیالۆگ و گـۆڕینەوەی کـردار و کاردانەوەوە، بەڵام کەڤاڵ و کورنیا توانییـان کەشێکی جـوان و پڕ له ئەفـسـوونی نواندن لەم هۆڵەدا دروست بکەن، هەمـوو کـردارەکـان به ئاسـایی دەڕۆیشتن، له دروسـتکراوی و چاوەڕوانکراوی دوور بوون، چ له ڕووی نواندن و چ له ڕووی بەکارهێنانی کەلوپەلەکانی شانۆوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەم نمایشەدا، هەڵچوونەکان چ وەک خۆشی و چ وەک گرژی، له هاشوهووش دوور بوون، له دابڕانی نواندن دوور بوون، هەسـتت دەکـرد ئەم دوو ئەکتەرە بەیەک زمان قسه دەکەن، خەڵکی یەک وڵاتن، بەڵام له ڕووی نواندنەوە جـۆری کـەسـایەتیـیـەکـان دوو جیهانی جیاوازیان به بینەر ناساند.

**دەرهێنانی نمایش و گوتاری دەرهێنەر**

هەمـوو ئەو خـاڵانەی سـەرەوە کـه شـیکردنەوەمـان بۆ کـردن، بەشـێـک بوون له پرۆسـەی دەرهێنان، کـاری دەرهێنانیش پرۆسەیەکی داهێنانه کـه بۆ دواجـار دەبێـتـه پرۆسەیەکی (لاسایی)، ئەمه بەو مانایه دێت که شانۆ له دروستبوونییەوە تا ئێستا هەموو شتێکی تێدا وتراوە، کـاری لەسـەر کـراوە و شـانۆ به چەندان قـۆناغ و ڕێباز و قـوتابخـانەدا تێپـەڕیوە، ئەی کـەواته پرۆسـەی داهێنان ماوە؟ ئەمه ئەو پرسیارەیه که دەرهێنەرەکان بەگومـانن تا کارێک دەکەن چەندان پرسیار له مێشکیاندا دەخولێتەوە که ناتوانن بەبێ بینەر وەڵامـەکـانیـان دەست بکەوێت، بۆیه گـوتار له پرۆسـەی دەرهێنان به دوو خـاڵدا تێدەپەڕێت:

یەکەمـیـان گونجـاندنی گوتاری نمایش لەگـەڵ سەردەمی ئێستا و خوێندنەوەی سەردەمیانه بۆ گوتار.

دووەم به چ ڕێگەیەک ئەم گوتارە بگەیەنینه بینەر، بۆیه گـوتار له نمایشـدا لەم سـەردەمـەدا ئەسـتـەمـە، چونکه بوارەکـانی گـەیاندن زۆر بوونه، وەک ئینتـەرنێت، TV، ڕادیۆ، سـینەمـا، بۆیه دەرهێنەر دەبێت شـیکردنەوە و لێکدانەوەی نوێ بۆ کات و شوێن بکات، تا بتوانێت ئەو پەیامـەی له نمایشـدا هەڵی گـرتووە، ببـێـتـه مـایەی ڕەزامەندی.

کـەڤـاڵ سـدیق وەک نووسـەر و دەرهێنەری شـانۆیی دیالۆگی بێ دەنگی کـه ئەرکی (گـوتار و دەرهێنان)ی له ئەسـتـۆ گـرتبـوو، توانیـبـووی ژیرانه و وردبینانه و سەردەمیـانه و واقـیـعـیـانه مـامـەڵه لەگـەڵ ئەم نمایشـەدا بکات. کـەڤـاڵ سـدیق له ڕێگەی واقـیـعـیـیـەتی کـاری نمایشەوە پەلکێشی جیهانی وجوودیەتی سارتری کردین و کـه پێـمـان بڵێ (من هەم کـەواته هەڵدەبژێرم)، ئەمـە گوتاری دیالۆگی بێ دەنگ بوو له ڕێگەی دوو ئەکتەرەوە ڕووبەڕووی بینەر کـران، کـەڤـاڵ له ڕێگەی کـەلوپەلی واقـیـعـی، دیالۆگی واقـیـعـی بینەری تووشی تێـفکرین دەکـرد کـەوا بکات بیـر له بەکارهێنانی سیـمـبـۆلەکـانی نمایش بکاتەوە.

ڕووناکی لەم نمایشـەدا وەک پێـویست نەبوو، لەگـەڵ ڕووداوەکان نەدەڕۆیشت، یان گۆڕینی ساتەکانی نمایش له شـانۆوە بۆ سکرین، من ئەو هەڵەیه وەک پێـشـتـر باسم کرد، بۆ بچووکی هۆڵ دەگەڕێنمەوە، فەزا له دیالۆگی بێ دەنگ، یان بڵێین سینۆگـرافـیـای نمایش به وردی کـاری لەسەر کرابوو.

**کۆتایی**

به پێـویسـتی دەزانم دەسـتـخـۆشی له سـتـافی ئەم شانۆگەرییه بکەم، هیوای کاری جوانتر و جیددیتریان بۆ دەخـوازم، جێگـای دڵخـۆشییـه ئەکـتـەری کـورد بتـوانێت هاوشانی ئەکتەری وڵاتانی ئەورووپا نواندنی سەرکەوتوو بکات و ببێته مایەی ڕەزامەندی بینەران.

*** مـامـۆسـتـا له بەشی شـانۆی پەیمانگای هونەرە جـوانەکـانی هەولێر.**

# تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵپەڕکێ

**هێرش ئارمەند**
**(سنە)**

مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە ئەوەیە کە ڕوون بکرێتەوە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی هەڵپەڕکێ، چەند بەرینەو چەندان ڕێگای جۆراوجۆر لەبەر دەستمانە کە بتوانین هەڵیبژێرین و بەدوای کەوین و هەڵپەڕکێ لەبەرچاو ڕوونتر بکەینەوە. ئەو بابەتانە ئەوەندە زۆرن کە هەرکەس بە پێی داخوازی و توانایی خۆی دەتوانێ بەشێک هەڵبژێرێ و بە شێوازێکی گونجاو و زانستی دەست بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی باسەکە بکا.

پێش ئەوەی باسی هەڵپەڕکێ و بابەتەکانی و تەوەرەکانی لێکۆڵینەوە دەست پێ بکەین، دەبێ بزانین چەند شێوازی جووڵەمان لە نێو کولتووری کوردیدا هەیە و جێگای هەڵپەڕکێی کوردی لە نێو سەرجەم جووڵەکانی نێو کولتووری کوردی، لەکوێیە. بڕێ لە جووڵەکان لە نێوان تەواوی نەتەوەکاندا هاوبەشن و بڕێکیش تایبەت بە فەرهەنگی کوردییە. ئەو بەشەی تایبەت بە کولتووری کوردییە، زۆر گرینگەو دەبێ بایەخی پێ بدرێت و زۆرتر بخرێتە بەرچاو و بە ڕەمز و هێمایەکی کولتووری کوردی بناسرێت. بۆ نموونە بالوورە کە زۆرتر لە لای موکریان و سۆران باوبووە، شێوازێکی بەکارهێنانی قامک بووە کە لە گەروو دەدرا و لە کاتی گوتندا دەبووە هۆی گۆڕینەوەی دەنگ و سازکردنی شێوازێک لە تەحریر کە لە ڕێگای گەروو ساز دەبوو و زۆرتر ئافرەتان دەیانکرد. ئەو جووڵە و ئەو بابەتە دەتوانێت وەک هێمایەکی کوردی بێت کە لە ناو و دەرەوەی وڵاتی کوردستان بە نیشانەیەکی کولتووری کوردی بیناسنەوە.

لە نێو سەرجەم جووڵەکانی کولتووری کوردی، دەوری هەڵپەڕکێ زۆر بەرچاوە و دەتوانێ نوێنەرێکی گرینگی کولتووری کورد بێت کە لە نێوان تەواوی نەتەوەکانی جیهاندا و لە لای شاییەکانی ئەو وڵاتانەدا، بگەشێتەوە.

**١- سەرجەمی جووڵەکان لە کولتووری کوردیدا**

لێرەدا باسی بڕێ لە زنجیرە جووڵەکانی نێو کولتووری کوردەواری دەکرێ کە بریتین لە:

**١- جووڵەی شادمانی:**

١-١: زەماوەند(خەنەبەندان، گواستنەوەی بووک،...تاد).

١-٢: هەڵپەڕکێ.

**٢- جووڵەی ئیشوکار:**

٢-١: پیاوان: جووتیاری، ئاژەڵداری، باخەوانی، شوانی، ئاسنگەری...تاد.

٢-٢: ژنان: بێری، تەون، نان کردن، مەشکەژەنین، جلک دوورین، منداڵداری...تاد.

**٣- جووڵەی ئایین، مەزهەب:**

٣-١: ئایینەکان: ئێزدی، یارسان، پیرشالیار، ئیسلام...تاد.

٣-٢: خانەقا(تەکیە): دەروێشەکانی قادرییە، نەقشبەندی، خاکسار، کەسنەزانی...تاد.

٣-٣: پرسە: چەمەری، دەفژەنین، عادی، عاشورا (کوردەکانی شیعە).

٣-٤: پاڕانەوە (نیایش، دوعاکردن).

**٤- جووڵەی یاری:**

٤-١: بە لەش.

٤-٢: بە فکر.

**٥- جووڵەی خووی خەڵک:**

٥-١: خووی شوانێک لە بەکارهێنانی داری دەستی، یان خووی ئافرەتێک لەکاتی پرسە لە چەمەری.

٥-٢: عادەتی ئاوازخوێنێک کە دەستی لە تەنیشتی گوێی ڕادەگرێ.

٥-٣: بڕێ عادەتی کولتووری کە وەک سوعبەت و گەمەکردن بەکاردێن (پووک).

٥-٤: بڕێ عادەت لە کاتی شەڕ.

٥-٥: خووی خەڵک لە نێو پێوەندییە ڕۆژانەکان: سڵاوکردن، ڕێزدانان.

**٦- جووڵەی کۆچ:**

٦-١: ڕۆیشتن بۆ هەوار.

٦-٢: عەشایر.

٦-٣: قەرەج.

**٧- جووڵەی وەرزش:**

٧-١: ئەسپ سواری: سوارانە، سوارۆسوارۆ، تەقلە، ڕمبازێن، شەڕناخێوی، جلیتان.

٧-٢: باستانی (ڕۆژهەڵات).

٧-٣: زۆران.

**٨- جووڵەی ڕەزم و جەنگ:**

ئەو بابەتانەی کە کورد لەکاتی شەڕ بەکاری دەهێنا و تایبەت بە کورد بووە:

**٩- جووڵەی هونەر:**

٩-١: مووزیک: باڵوورە، دۆڵژەن...تاد.

٩-٢: هەڵپەڕکێ.

٩-٣: تەون کردن.

٩-٤: سوفاڵ سازکردن.

٩-٥: شانۆ: کۆسە، قەشمەر، دۆینەچی، پاشاپاشایین...تاد.

**١٠- جووڵەی ڕاو:** ماسی، کەو...تاد.

لێرەدایە کە دەبێ بزانین لە نێو ئەو هەموو جووڵەیە، کە



بە کورتی ئاماژەیان پێکراوە، کامەیان تایبەت بە کولتووری کوردییەو لە جێگایەکی تر بەکار نایەت؟یان شێوازی بەکارهێنانی جیاوازە؟ کە دەتوانین بیخەینە بەرچاو و وەک نیشانەیەکی کوردی بیناسێنین. ئەو باسە زۆر دوورودرێژە و چەندان لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە کە هەمەلایەنە تەواوی جووڵەکان بەراورد بکرێن، بەو بۆنەوە سەرنجی ئێوە ڕادەکێشم بەرەو هەڵپەڕکێی کوردی و تەواوی ئەو بابەتانە کە پێوەندییان بە هەڵپەڕکێی کوردییەوە هەیە دەخرێنە بەرچاو. پاش زانینی ئەوەی کە جێگای هەڵپەڕکێ لە کوێوەی جووڵەکانی کولتووری کوردییە، دەبێ سەبارەت بە تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵپەڕکێ قسە بکرێ، تا بزانین تا ئێستا چ ئیشێک سەبارەت بە بواری لێکۆڵینەوەی هەڵپەڕکێ کراوە،

هەروەها چ ئیشێ نەکراوە و ئێستاش چی دەتوانین بکەین.

**٢- تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵپەڕکێ**

سەرەتا دەبێ سەبارەت بەم "تەوەرە" قسە بکەم و واتاکەی ڕابگەیەنم و هۆکاری هەڵبژاردنی دەربخەم کە مەبەست لە تەوەرەی لێکۆڵینەوە چییە؟ گرینگی ئەو بابەتە تا چ ڕادەیەکە؟ تەواوی ئەو بابەتانە کە وەک پرسیارێکن و ئێمە دەمانەوێ وەڵامەکەی بدۆزینەوە، ئەوکاتە کە دەیاننووسین و دەستەبەندیان دەکەین و سەردێڕی هەربەشێک دیاری دەکرێ و ئەو بەشە دەبێتە تەوەرەیەکی لێکۆڵینەوەکە، پاش دەست پێکردن و بەدواداچوون و تەواوبوونی لێکۆڵینەوە، بەشێکی دیاریکراو، ڕوون دەبێتەوە و پرسیارەکان وەڵام دەدرێنەوە. بۆ نموونە سادەترین پرسیارێک کە لە سەرەتاوە، سەبارەت بە هەڵپەڕکێی کوردی دێتە بەرچاو ئەوەیە کە:

١- هەڵپەڕکێ چییە؟

٢- چەند هەڵپەڕکێمان هەیە و هەر هەڵپەڕکێیەک بۆ چ شار و ناوچەیەکە؟ هەر یەک لەو پرسیارانە ڕێگایەکی تایبەتیان هەیە و دەبێ بە شێوازێکی زانستی بە دوایان کەوین. هەر یەک لەو پرسیارانە تەوەرەیەکی لێکۆڵینەوەن و لەوەیە لە سەرەتاوە سادە خۆبنوێنن، بەڵام پاش دەست پێکردن بۆ دۆزینەوەی وەڵام، دەبینین کە چەند دژوارن و ماندووبوونیان دەوێ. گرینگترین شت بۆ گەیشتن بە وەڵام، ئەوەیە ڕوانگە شەخسییەکان لەلا دابنێین و بە دوای بەڵگەکاندا بڕۆین.

**سەردێڕی تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵپەڕکێ:**

١- جووڵە.
٢- شیعر.
٣- فەلسەفەی هەڵپەڕکێ.
٤- نمادناسی (هێماناسی).
٥- مووزیک.
٦- شانۆ.
٧- وەرزش.
٨- کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی.
٩- جلک.
١٠- گۆڕانکارییەکان.
١١- بەراوردی نێوان هونەرەکان لەگەڵ هەڵپەڕکێ.
١٢- هەڵپەڕکێ لەنێو نووسراوەکاندا.
١٣- ئەرشیڤی هەڵپەڕکێ.
١٤- تیپەکان.
١٥- ناسینی هەڵپەڕکێ.

**تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵپەڕکێ:**

**١- جووڵە:**

١-١: جۆراوجۆری جۆرە هەڵپەڕکێیەکان.

١-٢: جۆراوجۆری دەستەبەندیکردنی هەڵپەڕکێیەکان: لەسەر ناوچە، ناو، مێژوو، شێوازی جووڵانەوە...تاد.

١-٣: تایبەتمەندییەکان و بنەماکانی هەڵپەڕکێ:

١- بە شێوازی گشتی بۆ تەواوی کوردستان.

٢- بۆ هەر ناوچە بە جودا

١-٥: دانانی شێوازی ڕاهێنانی هەڵپەڕکێ:

١- بۆ منداڵان.

٢- بۆ گەورەکان.

١-٥: شێوازی دانان و دروست کردنی جووڵە لە نێو هەڵپەڕکێ:

١- کۆریۆگرافی: بۆ سەر شانۆ.

٢-هەڵپەڕکێی نوێ.

١-٦: بە نۆت نووسینی جووڵەکانی هەڵپەڕکێ.

١-٧: هەڵپەڕکێی مودێرنی کوردی.

١-٨: تێکەڵ کردنی جووڵەکان لەگەڵ بەشەکانی تری کولتووری کوردی وەک ژیانی شوان، بێری، تەون کردن و...تاد.

١-٩: سادەو ساکار کردنی جووڵەکان بۆ منداڵان.

**٢- مووزیک:**

٢-١: میلۆدی:

- کۆکردنەوەی تەواوی میلۆدییەکان کە لە کاتی هەڵپەڕکێدا دەگوترێن:

١- بە دەنگ.

٢- بە وێنە.

٣- بە نووسراوە.

- شیکردنەوەی میلۆدی هەڵپەڕکێیەکان بەشێوازی زانستی.

- بە نۆت نووسینی مووزیک و گۆرانی هەڵپەڕکێیەکان.

- دەستەبەندی کردنی مووزیکەکان.
- وەدەرخستنی هاوبەشییەکان و جیاوازییەکان.
٢-٢: ڕیتم و ئیقاع:
- کۆکردنەوەی تەواوی ڕیتمەکان کە لە کاتی هەڵپەڕکێدا لێدەدرێن:
- شیکردنەوەی ڕیتمی هەڵپەڕکێیەکان.
- بە نۆت نووسینی ڕیتمەکان.
- دەستەبەندی کردنی تەواوی ئیقاعەکان.
- دۆزینەوەی جیاوازییەکان و هاوبەشییەکانی ڕیتمی ئامێرە ئیقاعییەکان.
- نووسینی کتێب.
٣-٢: ئامێرەکان:
وەدەرخستنی تەواوی تەکنیکەکانی ژەنینی ئامێرە جۆراوجۆرەکان بۆ هەڵپەڕکێ.
تۆمارکردنی ڕێپێرتواری (زنجیرە مووزیکەکانی) هەر ئامێر.
نووسینی نۆتی هەر ئامێر بە جودا.
٤-٢: سۆنۆریتەی مووزیک.
٥-٢: ساز ژەنەکان و گۆرانیبێژەکان:
١- ژیاننامە.
٢- بیرەوەری.
٣- تەکنیکی ژەنینی هەر ئامێر.
٤- تەواوی مووزیکەکان کە لەبەریانە.
٥- جێگای کۆمەڵگایی ئەو هونەرمەندانە.
٦-٢: جوداکردنەوەی ڕێپێرتوار و دەستەبەندیکردنی زنجیرەی مووزیکەکان: زنجیرە مووزیکەکانی تایبەت بە زوڕنا، دووزەلە، گۆرانییەکان...تاد.
٧-٢: پێوەندی نێوان ڕیتم (ئیقاع) لەگەڵ جووڵەکان.
٨-٢: نووسینی قامووسنامەی مووزیکی هەڵپەڕکێ.

**٣- شیعر:**

١-٣: جۆری شیعرە بەکارهێنراوەکان:
١- شیعری بڕگەیی(هجایی).
٢- بەحری عەرووزی شیعر.
٢-٣: دەوری شیعر لە:
١- دۆزینەوەی ڕستەی ڕیتمێک، یان ئیقاعی.
٢- ناونانی هەڵپەڕکێیەکان.

**٤- شانۆ:**

١-٤: بەکار هێنانی هەڵپەڕکێ لە ناو شانۆیە کوردییەکان.
٢-٤: دروست کردنی شانۆ لەسەر جۆرەکانی هەڵپەڕکێ.
٣-٤: سازکردنی شانۆ لەسەر چیرۆک و ناوەرۆکی هەڵپەڕکێیەکان.
٤-٤: دروست کردنی تابلۆی هونەری لەسەر جۆرەکانی هەڵپەڕکێ.

**٥- وەرزش:**

١-٥: بەکارهێنانی هەڵپەڕکێ وەک وەرزش (ئێرۆبیک).
٢-٥: دەوری هەڵپەڕکێ لە لەش ساغیدا.

**٦- فەلسەفەی هەڵپەڕکێ:**

١-٦: فەلسەفەی جووڵەکان.
٢-٦: فەلسەفەی هەڵپەڕکێیەکان.
٣-٦: فەلسەفەی ناوەکان.

**٧- نمادشناسی (هێماناسی):**

١-٧: زاراوەناسی و وشەناسی هەڵپەڕکێ.
٢-٧: ئوستوورەناسی.
٣-٧: نەریتەکانی دەوروبەری هەڵپەڕکێ: ڕەشبەڵەک، دۆ، گرتنی دەست، بەکارهێنانی دەسرە، سەرچۆپی...تاد.
٤-٧: جووڵەکان.
٥-٧: جلک و پێداویستییەکانی هەڵپەڕکێ.
٦-٧: هێماکان و شکڵەکان: وەک بازنە، هێڵ.
٧-٧: مێژووی هەڵپەڕکێیەکان.

**٨- کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی:**

١-٨: جێگای هەڵپەڕکێ لە نێو جەژنەکان و کۆبوونەوەکاندا.
٢-٨: دابونەریتەکانی دەوروبەری هەڵپەڕکێ.
٣-٨: دەوری تەواوی شاییکەران لە هەڵپەڕکێدا.
٤-٨: دەوری هەڵپەڕکێ لەنێو ڕووداوەکان.
٥-٨: دەوری هەڵپەڕکێ لە پێوەندی نێوان خەڵک و هەروەها نێوان خێڵەکان.
٦-٨: مەبەستی هەڵپەڕکێ.
٧-٨: هۆکاری هەڵپەڕین: بۆ هەڵدەپەڕین؟- بۆ بە شێوازی بەکۆمەڵ هەڵدەپەڕین؟
٨-٨: ئەو بابەتانەی کە لە نێو جەماوەر شوێنی خۆیان لەسەر هەڵپەڕکێ داناوە: خان، ئاغا، ئایین و مەزهەب، پێشکەوتنی جەماوەر، گۆڕانکارییەکانی جەماوەر.
٩-٨: ئەرکی هەڵپەڕکێ و کاریگەری هەڵپەڕکێ بەسەر جەماوەر.

**٩- جلک:**
١-٩: پێوەندی جلک و هەڵپەڕکێیەکان.
٢-٩: بەتەواوی جلکەکان دەتوانین هەڵپەڕکێیەکان تەواو بکەین؟
**١٠- گۆڕانکارییەکان:**
١-١٠: دۆزینەوەی هۆکاری گۆڕانکارییەکانی هەڵپەڕکێ و دابونەریتەکانی.
٢-١٠: بەدیهێنەری و خولقێنەری لە هەڵپەڕکێ.
٣-١٠: ڕەخنە و دۆزینەوەی کێشەکان لە: لێکۆڵینەوەکان، نووسراوەکان، بەرنامە هونەرییەکان، ڕوانگەکان...تاد.
**١١- بەراوردی نێوان هونەرەکان لەگەڵ هەڵپەڕکێ:**
١-١١: بەراوردی نیگارەکان و ڕەنگ و نەخشی مافوور و قاڵییەکان و دەسکردەکانی کوردی لەگەڵ نیشانەکانی هەڵپەڕکێ.
٢-١١: بەراوردی دەقی شیعر و چیرۆکە کوردییەکان لەگەڵ مانا و فەلسەفەی هەڵپەڕکێیەکان.
٣-١١: بەراوردی مووزیکەکانی هەڵپەڕکێ و جۆراوجۆرییەکانی (میلۆدی، ڕستەی میلۆدی، مۆتیڤ...تاد) لەگەڵ تەواوی ئەو بابەتانەی نێو هەڵپەڕکێ.
٤-١١: بەراوردی یارییە کولتوورییەکان و جووڵەکانی و ڕادەی خۆشییەکەی لەگەڵ هەڵپەڕکێ.
**١٢- هەڵپەڕکێ لەنێو نووسراوەکاندا:**
١-١٢: لە نێو کتێبەکان: کتێبە مێژووییەکان و سەفەرنامەکان، کتێبی دابونەریتەکان، کتێبی مووزیکەکان، کتێبە ئەدەبییەکان و شیعر، کتێبە فەرهەنگی و کولتوورییەکان.
٢-١٢: هەڵپەڕکێ لە نێو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، بەیت و حەیران و لاوک، مەتەڵەکان.
٣-١٢: قامووسنامە:
١- دۆزینەوەی تەواوی وشەکانی دەوروبەری هەڵپەڕکێ لە قامووسنامە.
٢- وردبوونەوە لە وشەکان.
٣- کۆکردنەوەی تەواوی وشەکانی هەڵپەڕکێ و نووسینی قامووسنامە.
٤-١٢: لە نێو وتار(مەقالە)کان:
١- لە ناو کوردستان.
٢- لە دەرەوەی کوردستان.
٥-١٢: لە ئینتەرنێت: ماڵپەڕەکانی هەڵپەڕکێ، یان بەگشتی هەڵپەڕکێ.
٦-١٢: کتێبناسی هەڵپەڕکێ.
**١٣- ئەرشیڤی هەڵپەڕکێ:**
١-١٣: کۆکردنەوەی تەواوی وێنە کۆنەکان لە موزەخانە، کتێبخانە، لێکۆڵینەوەکان...تاد.
٢-١٣: کۆکردنەوەی پێناسەی تەواوی تیپەکانی هەڵپەڕکێ لەگەڵ ژمارەو ناونیشان.
٣-١٣: کۆکردنەوە و تۆمارکردنی تەواوی جۆرەکانی هەڵپەڕکێ لە تەواوی کوردستانی گەورە بە شێوازی ڤیدیۆ و نووسراوە.
٤-١٣: تۆمارکردنی تەواوی هەڵپەڕکێیە نوێیەکان کە لەلایەن تیپەکان ساز دەبن.
٥-١٣: نووسینی ژیاننامەی مووزیکژەنەکان و گۆرانیبێژەکانی زەماوەند:بیرەوەری، شیکردنەوەی بەرهەمەکان، وێنە...تاد.
٦-١٣: کۆکردنەوەو تۆمارکردنی تەواوی مووزیکی هەڵپەڕکێیەکان.
٧-١٣: شیکردنەوەی مووزیکی هەڵپەڕکێیەکان و نووسینی کتێب.
٨-١٣: کۆکردنەوەو دەستەبەندی کردنی تەواوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن، کە سەبارەت بە هەڵپەڕکێ پێشکەش کراون.
٩-١٣: کۆکردنەوە و دەستەبەندی کردنی تەواوی کتێبەکان و وتارەکانی سەبارەت بە هەڵپەڕکێ نووسراون.
**١٤- تیپەکان:**
١-١٤: کۆکردنەوەی ناونیشانی تیپەکان.
٢-١٤: تۆماری وێنە و شێوازی ئیشکردنی تیپەکان.
٣-١٤: فیستیسڤاڵی هەڵپەڕکێ.
٤-١٤: کێبەرکێی هەڵپەڕکێ.
**١٥- ناسینی هەڵپەڕکێ:**
١-١٥: هەڵپەڕکێ چییە؟
٢-١٥: چەند جۆرە هەڵپەڕکێمان هەیە؟
٣-١٥: ناوی هەڵپەڕکێیەکان چین؟
٤-١٥: هەر هەڵپەڕکێیەک بۆ چ شار و ناوچەیەکە؟
٥-١٥: چەند شێوازی دەستەبەندیمان هەیە؟

# فرمێسکێک بۆ عەباس کەمەندی

**عەبدولڕەقیب یووسف**
**(سلێمانی)**

لە کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی کورد لە بەهاری ١٩٩١، لە مەهابادەوە دە ڕۆژ چووم بۆ شاری سنە بۆ دیتن و گرتنی وێنەی تەلارە نەخشدارەکانی ئەو شارە، خوالێخۆشبوو عەباس کەمەندی (عەباس عەلی محەمەد حوسەین، لە تیرەی قالقالی لە عەشیرەتی گەلاڵی، بووە برادەرم کە یەکێک بوو لە ڕۆشنبیرە هەرە ناودارەکانی سنە، لەلای خەڵکی شارەکەی مرۆڤێکی خۆشەویست بوو، لە دایک بووی ساڵی ١٣٣١ شەمسی قەمەری (=١٩٥٢ز)، مخابن لە (٢٢/٥/٢٠١٤) کۆچی دوایی کرد.

من لە سنە میوانی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەد حەواری نەسەب بووم، بەڵام ڕۆژی یەکەم میوانی بەڕێز عەبدولمؤئمین کوڕی زانای گەورە شێخ محەمەد مەردۆخ بووم، ڕۆژێک کە عەباس کەمەندی لەنێو شاردا لەگەڵم دەگەڕا، وتی دەبێ ئیمشەو میوانم بیت و بەرهەمەکانم و کتێبخانەکەم ببینی و زۆر شتی نایابم کۆ کردووەتەوە، ئیتر لەگەڵی چووم، لە کۆڵانێکی تەسکداماڵەکەی خانوویەکی بچووک بوو، لە هۆدەیەکی تایبەت ئەوراق و کتێبەکانی بەسەریەکدا کەوتبوون، چونکە هۆدەکە گەورە نەبوو. لەو کاتەی بەشەو کتێب و ئەوراقەکانی پێشانم دەدا، شەڕێکی گەرم لەنێوان ژن و منداڵەکانی دراوسێکانی ڕووی دا، عەباس کەمەندی دابەزی بۆ نێوبژی کردن، شەڕەکەی دامرکاندەوە و گەڕایەوە، ئەو شەوە تا نزیک بەیانی نەنووستین، هەر شتی نایابی پێشانم دەدا، لەناو بەرهەمەکانی شتی گرنگی کۆ کردبووەوە و هەندێ جاریش سازەکەی لێ دەدا و گۆرانییەکی خۆی بۆ من دەوت، زۆر جوان سازەکەی لێ دەدا. عەباس کەمەندی لە چەند بوارێکدا بەهرەدار بوو، لە ئەدەب و مۆسیقا و گۆرانی و هونەری شێوەکاری و شیعردا دەستی باڵای هەبوو، کەم کەس هەیە وەها لە چەند بوارێکدا خاوەن سەلیقە بێ، وتی من مۆسیقاژەنم و

زیاتر کارم مۆسیقایە، بێجگە لە وتارەکانی تا ئەو ڕۆژە بیست بەرهەمی دەستنووسی هەبوو وەک پێشانمی دا، من ئەوکاتە ناویانم لە دەفتەرەکەمدا نووسی کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

(١) کتێبی هەورامان، نەریتەکان و مۆسیقای هەورامان (بە فارسی).

(٢) وەرزشی کوردی و پاڵەوانانی کورد.

(٣) ژیننامەی سەید عەلی ئەصغەری کوردستانی.

(٤) سەنجەرخانی کورد- بەیت و ژیننامەکەی.

سەنجەر لە بنەماڵەی وەزیری بوو لە سنە، هێزێکی جەنگاوەری تایبەتی خۆی هەبوو و برا بچوکەکەی (یەدوڵلاخانی سەردار لەشکری) سەر لەشکری ئەو بوو. سەنجەرخان شەڕی ئێران و شەڕی ڕووسیشی کردووە، لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا هەردووکیان بە پیلانی حکوومەت شەهید کراون.

(٥) قسەی نەستەق.

(٦) مۆسیقای کوردی (دوو بەرگ بوو).

(٧) ئوستورەکانی زاگرۆس.

(٨) گوڵزاری ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی.

(٩) شیعری کۆمەڵێک لە شاعیرانی کورد. کۆیانی کردبووەوە و ئامادەی کرد بوو بۆ چاپ.

(١٠) پس کوچهای سنندج. ئەمە ژیننامەی عاشقێکی سەرگەردانی کوردە بەناوی (حەمە مسگەر) کە گۆرانیبێژێکی کورد بووە، دەوری سەد و شەست ساڵ لەمەوبەر ژیاوە.

(١١) دیوانی میرزا شەفیع. ئامادەی کردبوو بۆ چاپ.

(١٢) دیوانی فارسی وەفایی.

(١٣) دیوانی شیعری خۆی بەناوی (کولیله) یانی غایەتی شیوەن و گریان (بەکوردی و فارسی).

(١٤) چیرۆکی (کۆچی سوور) بۆ فیلمی سینەمایی ئامادە کردبوو لە بارەی ڕاکردنی زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لەم دوو مانگەدا، واتە لە بارەی کۆچڕەوی خەڵکی کوردستانی باشوور.

(١٥) پاڵەوان پەنبە، بۆ فیلمی سینەمایی داناوە.

(١٦) قوچی و کوچی، بۆ فیلمی سینەمایی داناوە.

(١٧) دیاری عیشق.

(١٨) ژیانی پاڵەوانێکی کورد بەناوی حسێنی گوڵزاری کەرمانشاهی، بۆ فیلمی سینەمایی.

(١٩) میرە نەوروزی. بۆ فیلمی سینەمایی و بەشێوەی شانۆییش لە سنە و لە تاران پێشانی داوە.



**عەباسی کەمەندی**

(٢٠) مەنزلی نو موبارەک. بووەتە فیلمی سینەمایی و تەنیا یەک جار پێشان دراوە، ئیتر حکوومەت ڕێگەی نەداوە جارێکی دیکە پێشان بدرێ، ئەم فیلمە شەست کەس تێیدا بەشدار بوون. لە گۆڤاری (صدا و سینما) لەبارەی نووسراوە.

عەباس کەمەندی لە هەندێ فیلمی سینەماییدا کاری کردووە، ئەو پێی وتم یەکەم کورد بووم فیلمی بیانیم وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە کاتی ئیش کردنی ئەو فیلمەدا.

شەوی ٣/٢ی حوزەیران کە میوانی کەمەندی بووم ئەم بیست بەرهەمەی هەبوو، پاشتر نازانم لە ماوەی ئەم بیست و سێ ساڵەی ڕابردوودا چەندی دیکەی هەیە.

ڕۆژی (٢٠١٢/١٢/٢٥) کە چووم بۆ دیتنی ئەو و پیشانگای هونەری شێوەکارییەکەی کە لە (ئەمنە سوورەکە) لە شاری سلێمانی کرایەوە، بە منی وت بەبیرت دێ لە سنە شوێنێکت پێشانی من دا کە بە شۆڤڵ گڵەکەی برابوو و بەمنت وت تەمەنی ئەم شوێنە چوار هەزار ساڵە.. منیش پێم وت کاک عەباس بیرت زۆر تیژە.

# هەستەوەری ئۆتۆ (ئایزۆی ئۆتۆ کۆنترۆڵ)

فارس سەعدی

یەکێک لە خەسڵەتەکانی کامێراکانی دیجیتاڵ ئەوەیە، دەتوانرێ هەستەوەری سێنسۆری کامێراکە بە ئاسانی بگۆڕێ، جاران لەبەکارهێنانی فیلم دەبوایە چەندان جۆر فیلم بکڕێ، هەر فیلمێک هەستەوەرییەکی دیاریکراوی هەبوو، زۆربەی هەرە زۆری ئەو فیلمانەی دەهاتنە کوردستان و عیراق، جۆری (١٠٠ ASA)، واتە (١٠٠ ISO) بوون، بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکانی شانۆگەرییەکان و کۆنسێرتی موزیک و ئاهەنگەکان.

زۆرجاران چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد، ئەوانەی لە ئەوروپا دەگەڕانەوە کوردستان، فیلمی هەستەوەر بەرزیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە و دەیانخستە بازاڕەوە، ئێمەش بە هەڵمان دەزانی و دەمانکڕین وەک فیلمی (٤٠٠، ٨٠٠) ASA... بەڵام ئێستا لە کامێرای دیجیتاڵیدا هەستەوەری سێنسۆرەکەی لە (١٠٠)وە دەگاتە (٥٠٠٠) ISO، یان ASA و زیاتریش.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کەی ئایزۆی ئۆتۆ کۆنترۆڵ بەکاردێنی و سوودی چییە؟ لە ڕووناکی بەهێزدا بۆ بەستانی جووڵە، لە کاتی وێنەگرتنی چالاکی وەرزشی وەک تۆپی پێ، یان باسکە، یان ڕاکردن، یان پاسکل سواری، یان سوار سوارێن و چالاکی تر، لەم حاڵەتانەدا دەتوانی ئایزۆی بەرز بەکاربێنی، یان مامناوەندی لەگەڵ بەرزکردنەوەی خێرایی شەتەر بۆ (١/١٠٠٠)ی چرکە و جووڵە دەتوانی ببەستی، بەڵام کاتێک کە کەشوهەوا نالەبار بێت، یان خۆر بەرەو ئاوابوون بچێت، واتە ڕووناکی کز دەبێت، لەم حاڵەتەدا گەورەترین کونی لینزیش دادی ئەوەت نادەن جووڵەکە بەجوانی ببەستی، بۆیە باشترین ڕێگاچارە ئەوەیە کەمترین هەڵبژادەی نزمترین خێرایی شەتەر دەستنیشان بکە، ئینجا ئایزۆی ئۆتۆ کۆنترۆڵ هەڵبژێرە لە (Menu) لەم حاڵەتەدا کامێرا بۆ خۆی بەگوێرەی دۆخەکە و




**لە (MENU) دەچیتە سەر (ISO)ی Auto دەکەیتە (ON) وەک لە وێنەکەدا دیارە،**


پێویستی ڕووناکییەکە، ئایزۆی پێویست دیاری دەکات و زیاد و کەم دەبێت، مەرج نییە بەپێوەری (١٠٠، ٢٠٠، ٤٠٠، ٨٠٠...تاد) بێت، بەڵکو بە ژمارەی نێوان ئەو ژمارانەش دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە لەوانەیە لە هەندێ دۆخدا (٢٤٣ ئایزۆ) دیاری بکات کە ئەمە بەم میکانیزمە نەبێ، بە مانیوەڵ ناتوانرێ دیاری بکرێ، بۆیە تۆ دەتوانی کەمترین خێرایی بۆ شەتەر (١/١٠٠٠)ی چرکە دیاری بکەی، ئیتر ئایزۆ بە گوێرەی دۆخەکە کەم و زیاد دەبێت و کونی لینزەکەش بە گوێرەی پرۆگرامەکانی کە تۆ دەستنیشانت کردوون کار دەکات. ئەم میکانیزمە لەزۆربەی مۆدیلەکانی کامێرای نیکۆنی (DSLR) و کانونی (DSLR)دا هەیە و کاری پێ دەکرێت.

* ئایزۆی ئۆتۆ کۆنترۆڵ لەگەڵ هەندێک مۆدی پرۆگرامەکانی کامێراکاندا بەکار دێت، یان بڵێین کار دەکات وەک (A, AV)، واتە کونی لینز مانیوەڵ بێت و شەتەر ببێتە ئۆتۆماتیک، یان لەگەڵ مۆدی (S, TV) لەم مۆدەدا شەتەر دەبێتە مانیوەڵ و کونی لینز دەبێتە ئۆتۆماتیک، هەروەها لەگەڵ مۆدی (P)، واتە پرۆگرام کە هەردوو بەشە سەرەکییەکەی کامێرا شەتەر و کونی لینز دەبنە ئۆتۆماتیک، بەڵام کاتێک بتەوێت بەمانیوەڵ کارەکانت بکەیت، لەم دۆخەدا دەبێت ئایزۆکە بکەیتەوە جۆری ئاسایی، واتە جۆری مانیوەڵ.

یەکێک لە سوودەکانی ئایزۆی ئۆتۆ کۆنترۆڵ لەگەڵ مۆدی شەتەر پرایۆرەتی (Shutter Prioraty)، واتە (S, TV) ئەوەیە ئەگەر بە ئایزۆی مانیوەڵ ئەم مۆدە بەکاربێت و ئایزۆی نزم لەگەڵیدا بەکار بێت، لە هەندێک کەشوهەوادا تووشی حاڵەتی (under exp) ئەندەر ئێکسپۆزەر دەبێت، واتە وێنەی تۆخ و تاریکت دەست دەکەوێت، بۆیە دەبێ لە هەموو گرتەیەکدا ناوە ناوە تەماشای شاشەی (LCD)ی کامێراکەت بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت وێنەکەت چۆن دەرچووە، ئینجا بەردەوام بیت، جاری وا هەبووە، ناچار بوویت ئایزۆت بۆ دۆخی دواتر گۆڕیوە، بەڵام لەو نێوانەدا چەند هەلت لەدەست ڕۆیشتووە!! چونکە هەموو دەزانین، وێنە گرتنی ساتەوەختە، بەڵام لە مۆدی ئەپەرچەر پرایۆرەتی (Apertur Prioraty) ئەم دۆخە ڕوونادات، لەبەر ئەوەی ڕێنجی خێراییەکانی شەتەر (داخەر) زۆرە، بەڵام گرفتێکی تر لەبەردەم وێنەگردا دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە ئەگەر هاتو خێراییەکی زۆر کەم بۆ شەتەر پەیدا بوو، ئەوە گرفتی دەست لەرزین دروست دەبێت و وێنەی لێڵ دروست دەبێت، کەواتە وێنەی جوان دەست وێنەگر ناکەوێت، بەڵام لە مۆدی ئایزۆی ئۆتۆ کۆنترۆڵ گشت ئەم گرفتانە بۆ وێنەگر چارەسەر دەکرێن و ئەو هەلە ناسکانەی کە زوو بەسەر دەچن، لە کیس وێنەگر ناچن، بە تایبەتی وێنەگرە ڕۆژنامەنووسەکان، هەروەها ئەو وێنەگرانەی کە دەچنە موزەخانەکان کە لەو شوێنانەدا لێ ناگەڕێن فلاش بەکار بهێنرێت و ڕووناکیش لەوێ کزە، کەواتە ئەم مۆدە زۆر شیاو و گونجاوە بۆ کارکردن لەو شوێنانە.



**کونی لینز F-5، خێرایی ١/ ٢٥٠ چرکە، iso- Auto 640، بە کامێرای Sony HX300 گیراوە.**




# تیورەکانی وەرگرتن و تێزی جیاوازی ستانلی فیش

هاشم سەڕاج

تیورەکانی وەرگرتن، لە ئیستتێتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر، کتێبێکی دانسقە و پڕ زانیاری ڕەخنەیی دکتۆر یادگار لەتیف شارەزوورییە کە کۆمەڵێک بەشی لە بارەی تیور و ئیستێتیکای وەرگرتنەوە لەخۆ گرتووە، دانەر لە دەستپێکی پێشەکییەکەدا دەڵێت: تیورەکانی وەرگرتن تازەترین پێشکەوتنە کە ڕەخنەی ئەدەبی پێی گەیشتووە و کرانەوەیەکی نوێیە بەرەو ڕووی دەق و ئەدەب و ژیان، ڕەهەندەکانی قووڵ و دەوڵەمەندن، چونکە سروشتی ئەم میتودە ڕەخنەییە هەمەلایەنە...تاد. دواتر لە «دەروازە»دا لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە گۆڕانکارییەکانی بواری تیوری ئەدەبی و ڕەخنەیی دەستنیشان دەکات و وای بۆ دەچێت کە ڕەخنەی ئەمریکی و ئەورووپی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەوە گرنگی بە خوێنەر و کردەی وەرگرتن و هاتنە وەڵامدانەوە و کردەی ڕاڤە و ڕاڤەکاری بێجگە لە بواری ئەدەب، چەندین بواری هونەری و مەعریفی جۆراوجۆری گرتووەتەوە.

هەڵبەتە تیوری کار و چالاکییەکانی بۆ ڕۆڵی نووسەر/ دانەر تەرخان کردووە، دواتر بە دەوری دەقدا سووڕاوەتەوە و بایەخ و گرنگی پێ داوە، پاشان تیوری ئەدەبی بایەخێکی سەرەکی بە کردەی خوێندنەوە و ڕۆڵ و بەشداریکردنی خوێنەر/ وەرگر، یان خوێنەری وەرگر دەدات، ئەگەر بۆ باکگراوەندی ڕەخنەیی خۆم بگەڕێمەوە دەکرێت ئاماژە بە بازنەی هێرمنیۆتیکی مارتن هایدگەر ١٨٨٩-١٩٧٦» بدەم کە لە کتێبی «بوون و کات»دا چەندین جار لەم بازنە تەئویلییە دەدوێت و بایەخ بە ڕەگەزی تێگەیشتن و ڕاڤە و لێکدانەوە دەدات، هەڵبەتە هێرمنیۆتیکا وەک وشەو زاراوە واتاکەی بۆ (هێرمس)ی پەیامبەر و ڕاڤەکار دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان خوداوەند و خەڵکیدا ڕۆڵی نێوەندیاری دەبینی و پەیڤ و ڕستەکانی خوداوەندی بۆ خەڵکی لێک دەدایەوە و واتا لێڵەکانی ڕوون دەکردەوە، بەڵام ڕیشەی بازنەی هێرمنیۆتیکی بۆ چالاکی ڕەخنەیی و ڕاڤەکارییەکانی فریدریک شلایر ماخر «١٧٦٨-١٨٣٤» و «دلتای ١٨٣٣-

١٩١١» دەگەڕێتەوە.
شلایر ماخر هێرمنیوتیکای بە زانستێکی سەربەخۆ دانا بۆ تێگەیشتن لە هەموو جۆرە دەقێک، هەروەها بایەخی بە زانستی تێگەیشتن و جیاکردنەوەی زمان دا لە هزر، زمانی بە  واژەگەلەکانییەوە پەیوەست کرد و هزریش بە دەروونی دانەر و حاڵەتی بیرکردنەوەی، بەڵام دلتای بە میتودی ئەزموونگەرایی کاریگەر بوو و زانستە سروشتییەکانی لە زانستە مرۆییەکان جیاکردەوە و هێرمنیوتیکا لای دلتای بە سێ تەوەردا تێدەپەڕێت: تێگەیشتن، دانەر، مێژووگەرایی، هەڵبەتە دواتر هایدگەر و هانز جۆرج گادامێر ١٩٠٠-٢٠٠٢» درێژە بە دنیابینی دلتای دەدەن و چەمکی هێرمنیوتیکی بەرەو هێرمنیۆتیکایەکی فەلسەفی دەبەن.

هایدگەر لە بازنەی ڕاڤەکاریدا بایەخی بە توخمی تێگەیشتن و تەفسیر دەدات، کەچی گادامێر توخمی «دیالۆگ»یشی خستە سەری، مەبەست لە خستنەڕووی مێژووی هێرمنیۆتیکا بەم شێوازە خێرا و ئاماژە ئامێزە، تیشک خستنە سەر چەمکی خوێندنەوە و ڕۆڵ و بەشداریکردنی ڕەخنەکارە لە پرۆسەی ڕاڤەو ڕاڤەکاریدا، هەڵبەتە هایدگەر لە کتێبی «بوون و کات»دا لە چەندان شوێندا ئاماژە بە بۆچوونەکانی دلتای دەدات، هەروەها هایدگەر لە میتودە ئۆنتۆلۆجی- فینۆمینۆلۆژییەکەیدا سوودێکی زۆری لە میتودی فینۆمینۆلۆژی ئەدمۆند هۆسرەڵ ١٨٥٩-١٩٣٧»ی مامۆستای وەرگرتووە.

ئەمە وەک زانیارییەکی خێرا سەبارەت بە چەمکی هێرمنیۆتیکا، دەبا بزانین دواتر تیورەکانی وەرگرتن بە چ شێوەیەک لەم چەمکە سوودمەند دەبن؟ نووسەر بە وردی قسە لەسەر ئەو ئاراستە ڕەخنەییە دەکات کە گرنگی بە خوێنەر/ وەرگر دەدات. ئەم ڕاستییەش دوو باڵی ڕەخنەیی لەخۆ دەگرێت یەکەم بە ئیستێتیکای وەرگرتن ناودەبرێت، یان بە تیوری وەرگرتن، دووەم بە هاتنە وەڵامی خوێنەر، دانەر لە پەراوێزی لاپەڕە دوازدەدا ناونانی ئاراستە ڕەخنەییەکان بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە.. هانز ڕۆبرت یاوس کۆششەکانی قوتابخانەی کۆنستانس ناودەنێت بە ئیستێتیکای وەرگرتن و کۆششەکانی هەمان قوتابخانە لەگەڵ کۆششەکانی زانکۆی بەرلینی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیای سۆسیالیستی ئەوسا ناو دەنێت بە تیوری وەرگرتن، بەڵام لە گۆڕەپانی ڕەخنەی جیهانیدا زاراوەی تیوری وەرگرتن دەدرێتە پاڵ کۆششی ئەڵمانەکان، لەبەرانبەر کۆششی ڕەخنەی ئەنگلو ئەمریکی کە بە تیوری هاتنە وەڵامی خوێنەر ناسراوە، سەرجەم بوارەکانی ئەم ڕەخنەیە سەرچاوە لەوەوە دەگرێت و گرنگی بە خوێنەر و چەمکی خوێندنەوە دەدرێت و هاتنە وەڵامەکانی خوێنەر/ وەرگر بە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دادەنێت، نەک دانەر و دەق.

تیورەکانی وەرگرتن ڕووبەڕووی بۆچوونەکانی ئەو تیورانە بوونەوە کە دەقیان بە جیهانێکی سەربەخۆی داخراو دادەنا وەک فۆرمالیستە ڕووسەکان و قوتابخانەی ڕەخنەی نوێی ئەمریکی و میتودی بنیادگەری، دانەر لەم کتێبەدا لە ئاسۆ مەعریفییەکانی ئیستێتیکای «تیوری» وەرگرتن دەدوێت و وەرگرتن بەو پێیەی تەوەرێکی پێوەندیکردن و بەیەککەیشتنە چەمک و بنەما و تێڕامانەکانی لە ڕووی مێژووییەوە دەخاتە ڕوو و لەسەرەتاکانی ئەم چەمکە دەکۆڵێتەوە هەر لە ئەرستۆوە تا دامەزراندنی بناغەی ئیستێتیکای وەرگرتن لە ئەڵمانیا.

دانەر لە شیکردنەوەکەیدا زۆرتر جەخت لەسەر هاتنە وەڵامی جەماوەری وەرگر دەکات، بۆ نموونە ئەم هاتنە وەڵامە لە لای ئەرستۆ بیرۆکەی پاککردنەوە لەخۆ دەگرێت، کە زۆرتر لە چەمکی تراژیدیادا بەرجەستە دەبێت، هەروەها کردەی وەرگرتن لای فەیلەسووفە پێشینەکانی وەک ئەفلاتوون و هۆراس و لۆنیگینوس دەبینرێن، بەڵام دانەر تێزی ڕەخنەیی بیرمەندانی بواری تیوری وەرگرتن لە تێزە درێرینەکان جیا دەکاتەوە، ڕەنگە لە تێزە دێرینەکاندا هاتنە وەڵامی وەرگر زۆرتر بکەوێتە خانەی کاریگەرییەوە، کەچی لە تێزی تیوری وەرگرتندا خوێنەری وەرگر بەشداری کردەی داهێنان دەکات، بۆ نموونە هاتنە وەڵام لای ئەفلاتوون بە واتای ئەو کاریگەرییە دێت کە دەق بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆییەوە جێی دەهێڵێت، بۆیە لێرەدا دکتۆر «یادگار لەتیف»ی دانەری ئەم کتێبە دانسقەیە، هەوڵ دەدات بۆ دەستنیشان کردنی بنەماکانی تیوری وەرگرتن لە ڕۆڵی قوتابخانەی، یان زانکۆی کۆنستانس بدوێت و سەرچاوە هزری و مەعریفییەکانی

دیاری بکات.

هەڵبەتە قوتابخانەی کۆنستانس بایەخی بە توێژینەوەی ئەدەبی دەدا و دیارترین مامۆستایانی ئەم زانکۆیە بریتی بوون لە «هانس ڕۆبیرت یاوس» و «فۆلفگانگ ئایزەر» کە بەدامەزرێنەری تیوری وەرگرتن دادەنرێن، دوو مامۆستای چالاکی بواری توێژینەوەی ئەدەبی و مەعریفی بوون، بەڵام ئەوەی گرنگە دامەزرێنەر و دارێژەرانی قوتابخانەی کۆنستانس سوودیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە وەرگرتووە، لە بواری فینۆمینۆلۆژیادا سوودیان لە بیروبۆچوونی «ڕۆمان ئینگاردن»ی قوتابی ئەدمۆند هۆسرڵ وەرگرتووە، لە بواری هێرمنیۆتیکادا لە تێزەکانی هانز جۆرج گادامێر، من لە دەسپێکی ئەم خوێندنەوەیەدا بەشێوەیەکی خێرا لە چەمک و پەرەسەندنی هێرمنیۆتیکا دواوم لە «شلایر ماخر»ەوە هەتا گادامێر.. هەروەها سوودیان لە چەندان سەرچاوەی تریش وەرگرتووە لەوانە فۆرمالیستە ڕووسەکان، کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و پراگ، بنیادگەری و سیمیۆلۆژیا، ڕەوانبێژی نوێ و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، بە تایبەتی لە کارەکانی هەریەک لە نیکلاس لومان و یۆرگن هابرماس و کارل ئۆتۆ ئەپڵ، هەروەها دارێژەرانی قوتابخانەی کۆنستانس توانییان جۆرێک لە هاوسەنگی دروست بکەن لەنێوان تیورە کۆمەڵایەتییەکان کە دەقیان پشتگوێ دەخست و تیوری فۆرمالیستەکان کە زیادەڕەوییان لە پشتگوێ خستنی مێژوودا دەکرد، وێڕای سوودوەرگرتنی قوتابخانەی کۆنستانس لە فەلسەفەی زانست و کارەکانی تۆماس کوین کە زاراوەی نموونەی ئاڵوگۆڕییان لێ خواست، نووسەر لەم کتێبەدا دەیەوێ زیاتر تیشک بخاتە سەر چەمکی فینۆمینۆلۆژی لای «ئەدمۆند هۆسرەڵ»، چونکە ئیستێتیکای وەرگرتن زۆرتر سوودی لەم فەلسەفەیە و لەو تیورە تەئویلییانە وەرگرتووە کە لە سێبەری فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەڵدا پێگەیشتن، بە تایبەتی تێزە تەئویلییەکانی هەردوو فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتن هایدگەر و گادامێر.

فینۆمینۆلۆژیا دژ بە فەلسەفەی عەقڵی بوو کە دەیویست ڕاستی ڕەها بەدەست بهێنێت، «ڕاستی لەلای فینۆمینۆلۆژیا ڕێژەییە و بوونی نییە تەنیا کاتێک نەبێت کە مرۆڤ ڕووبەڕووی شتەکان دەبێتەوە و پێوەندییان لەگەڵ دروست دەکات»... «بەم پێیە ڕاستی کاری ئەدەبی کاتێک بەرجەستە دەبێت کە خوێنەر ئاوێزانی دەق دەبێت و هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەکی خودیانەی تەواویان بۆ بکات بەبێ ئەوەی بە هیچ شتێکی پێشترەوە کاریگەر بێت».

نووسەر تا دێ هێدی هێدی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی دەدوێت و بەشێک لە تێڕوانینەکانی هۆسرەڵ دەخاتەڕوو، بۆ نموونە چەمکی واتا لای هۆسرەڵ قووڵ و مێژووییە، بەڵام ئەم خاڵە لەلایەن «هایدگەر» و «گادامێر» کاری لەسەر کراو بەرپەرچ درایەوە، لێرەدا ئاماژە بە خاڵێک دەکرێت کە لێکۆڵەرەوان دەڵێن [گواستنەوە لە «هۆسرەڵ»ەوە بۆ «هایدگەر» گواستنەوەیە لە بواری هزری بێ گەرد بۆ ئەو فەلسەفەیەی لەو شتانەی هەست پێ دەکرێت دەکۆڵێتەوە و ورد دەبێتەوە، ئەو فەلسەفەیەش بە «تەئویلی نوێ» ناودەبرێت کە هایدگەر و گادامێر لە پێشڕەوانین]، واتە هەوڵی ئەم دوو بیرمەندە لە بواری تەئویل و بەکاربردنی چەمکی بوون لای هایدگەر کاریان کردووەتە سەر ئیستێتیکای وەرگرتن، ئەمەش بووە هۆی وەرچەرخانێک کە تیورەکانی وەرگرتن لەو خاڵەوە دەست پێ بکات و گرنگی بدرێت بە تێگەیشتنی تێبینیکەر بۆ خودی خۆی کاتێک ڕووبەڕووی کارە ئەدەبییەکە دەبێتەوە، چونکە هایدگەر بوونی مرۆڤ وەک دیزاین دەخاتە ڕوو، واتە بوون لێرەدا، بوونێکە لەنێو جیهاندا، چونکە بکەری مرۆیی لە ڕێگەی بوونییەوە لەو جیهانەی تێیدایە دەتوانێت بیر بکاتەوە و کار و چالاکییەکانی ئەنجام بدات، یان هێدی هێدی درز و کەلەبەرەکانی بوونی پڕ بکاتەوە، هەڵبەتە ئەم ڕوانینەی هایدگەر بۆ بوون دژی ڕوانینی دیکارت دەکەوێتەوە کە دەڵێت «من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم»، چونکە [هۆشیاری مرۆڤ هەردەم لە پێگەی خۆیەوە و لەو جیهانەی تێیدا دەژی دەست پێدەکات] لێرەدا ئاماژە بۆ چەمکی Epoche ئیپۆکی دەدرێت کە دەربڕینێکی گریکییە هۆسرەڵ بە واتای هەڵواسینی ئەو تێڕوانینانەی پێشتر لەلامان دروست بووە بەکاری هێناوە.

کاتێک ڕووبەڕووی دیاردەکان دەبینەوە، چەمکی هەڵواسین بە واتای وردبوونەوە دێت لە بابەت و پێوەندییەکانی و خۆ نەبەستنەوە

بەهیچ تێڕوانینێکی پێشترەوە و وەرگرتنی شتەکان وەک چۆن بۆ ئاگایی تاک دەردەکەون دواتر «هانز جۆرج گادامێر» بیروبۆچوونەکانی هایدگەر پراکتیزە دەکات و لە بازنەی تەئویلیدا وێڕای جەختکردنی لەسەر چەمکی تێگەیشتن، بایەخ بە ڕاڤەکردنی بەش- جزء- دەدرێت بە پشتبەستن بە گشت، ڕاڤەی گشتیش دەکرێت بە پشتبەستن بە بەش، بۆیە لە دیدگای گادامێرەوە چەمکی واتا پشت بە هەڵوێستی مێژوویی ڕاڤەکار دەبەستێت و لەکاتی خوێندنەوەدا ئەوسا و ئێستا دەکەونە دیالۆگەوە، بە یەکگەیشتنی ڕابردوو و ئێستاش دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونی ئاسۆی ئاڤەکار.

ئەم خاڵە گرنگەی گادامێر لە بواری ڕاڤەدا کاریگەری لەسەر تیورەکانی وەرگرتن بەجێهێشت، هەروەها بایەخدانی ژان پۆل سارتر بەخوێنەر و چەمکی خوێندنەوە لەژێر کاریگەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەڵ و تەئویلی هایدگەردا بوو، سارتر خوێنەر و خوێندنەوەی کردە چەقی بیرکردنەوەی تایبەت بە ئەدەب، سارتر دەڵێ ئێمە بەردەوام بۆ یەکێک دەنووسین، نووسەر ڕووناکاتە خوێنەرێکی جیهانی، بەڵکو بۆ خوێنەر دەنووسێت کە تاکێکە لە تاکەکانی خەڵکی ئەم جیهانە، سارتر گرنگی بە پێوەندی نێوان کارەکە و خوێنەر دەدا، خوێنەران و جەماوەری دەکردە ناوەندی چالاکییە ڕەخنەییەکان، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕوانینەکانی ڕەخنەگری فەرەنسی «سانت بۆف» بوو، کە ژیان و ژینگەی نووسەری دەکردە چەقی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

نووسەر لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا لە بنەمای کاری ئیستێتیکای وەرگرتن، یان تیوری وەرگرتن دەدوێت کە چۆن لە حەفتاو هەشتاکانی سەدەی بیستەم پەرەی سەند و جۆرێک لە پێشکەوتنی بەخۆوە بینی.

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئەو ئاراستە ڕەخنەییە بەرجەستەی ئەو پێشکەوتنە نوێیەیە کە هێرمنیۆتیکا لە ئەڵمانیا بەخۆوەی بینی، بە تایبەتی لەگەڵ هەوڵ و کۆششەکانی هەردوو داڕێژەر و دامەزرێنەری ئەم ئاراستە ڕەخنەییە کە بریتی بوون لە «هانس ڕوبیرت یاوس» و «فولفگانگ ئایزەر» دوو مامۆستای زانکۆی کۆنستانس..

لێرەدا نووسەر ئاماژە بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێک مامۆستای تریش دەدات کە لەباشووری ئەڵمانیا و لە دەرەوەی ئەڵمانیا بەشدارییان لەچالاکی و توێژینەوە ئەدەبییەکانی قوتابخانەی کۆنستانس کردووە، بەڵام بنەما و سەرهەڵدانی ئەم ئاراستە ڕەخنەییە بە پلەی یەکەم بۆ توێژینەوەکانی «یاوس» دەگەڕێتەوە.

لێرەدا من نامەوێت زۆرتر لەلایەنە مێژووییەکەی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم ئاراستە ڕەخنەییە بدوێم، پێم باشە زیاتر پرەنسیپ و بنەماکانی بخەمە ڕوو، ئیستێتیکای وەرگرتن سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی تێپەڕاند و واتای نووسەری بەرپەرچ دایەوە و لە بەرانبەریدا واتا جیاوازەکان دەهێنێتە ئاراوە، ئەو واتایانەی خوێنەرە جیاوازەکان بەدرێژایی زەمەن دەیبەخشنە هەمان کار.

بنەماکانی ئیستێتیکای وەرگرتن دژی ڕەوتە باوەکان دامەزرا، بۆ نموونە فۆرمالیستەکان جیاوازییان لەنێوان بوون و بزاڤی ئەدەب و بزاڤی مێژوودا دەکرد، هەروەها ڕەخنەی مارکسی تەقلیدی دەقی بە بەرهەمی چەند هێزێکی مێژوویی ڕووت دادەنا، لە هەمان کاتدا بەرپەرچی بنیادگەرەکانی دایەوە، کە بوونی مێژوویی مرۆڤی لە کۆمەڵێک بنیاددا بچووک دەکردەوە، ئیستێتیکای وەرگرتن لە ڕووی هێز و هزرەوە سوودی لە بۆچوون و دنیابینییەکانی هایدگەر و گادامێر وەرگرتووە، کە گرنگییان بە کارە ئەدەبییەکان دەداو بەو پێیەی [کارلێکی نێوانی کارەکە و خوێنەر هۆکارێکی گرنگی تێگەیشتنی هەموو کارێکی ئەدەبی و خودی ئەدەبیشە] لە ڕوویەکی دیکەوە «یاوس»ی قوتابی گادامێر برەوی بە چەمکی هێرمنیۆتیکا داو و ڕۆڵی وەرگری بە بەرز نرخاند، بەمەش ئیستێتیکای وەرگرتن جۆرێک پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، چونکە مێژووی تیوری ئەدەب بە سێ قۆناخدا تێپەڕیوە:

**یەکەم:** گرنگیدان بە نووسەر «دانەر»، وەک لای ڕۆمانسییەکان لە سەدەی نۆزدەدا، **دووەم:** گرنگیدان بە دەق لەلای ڕەخنەی نوێ لە ئەمریکاو بنیادگەرەکان، **سێیەم:** گرنگیدان بە ڕۆڵ و چالاکی خوێنەر وەرگر»، چونکە بەبێ خوێنەر دەقی ئەدەبی بوونی نییە، گرنگی خوێنەریش بۆ کردەی خوێندنەوە و کارکردن لەسەر خوێندنەوە دەگەڕێتەوە.

«ئایزەر» گوتەنی ئەدەب پێش هەموو شتێک بۆ خوێنەر

دەنووسرێت، هەڵبەتە ئەم لاکردنەوە بەلای خوێنەردا پێشتر پشتگوێ خرابوو، بە تایبەتی لە میتودە سیاقییەکاندا، وەک میتودی مێژوویی، دەروونی، واقیعی.. هەروەها میتودە دەقییەکانی وەک تیوری فۆرمالیستە ڕووسەکان و بنیادگەری، دەقیان بە جیهانێکی داخراو لە قەڵەم دەدا، دەقی ئەدەبی لای ئەم ڕێبازانە دەربڕین نییە لە خودی تاک، وابەستەی هیچ بابەتێکیش نییە، بەڵکو دەق لەلایان بوونەوەرێکی سەربەخۆیە و سیستم و پێوەندی و بنەمای خۆی هەیە، ئەمە وای لە ئیستێتیکای وەرگرتن کرد دەق وەک کردارێک ببینێت، بەو پێیە ئیستێتیکای وەرگرتن کارلێکی دروستبووی نێوان نووسەر و دەق و خوێنەری گرتە بەرچاو، پرۆژەی «یاوس» هەوڵ دەدات مێژوو بخاتە ناو دڵی توێژینەوە ئەدەبییەکانەوە، هەروەها «یاوس» جەخت لەسەر لابردنی ئیستێتیکای بەرهەم و وێنە دەکات و گۆڕینی بە ئیستێتیکای شوێن پەنجەی وەرگر، واتە پرۆژەی ئیستێتیکای وەرگرتن لە بەرهەمهێنانی واتادا پشت بە ڕۆڵی وەرگر دەبەستێت، چونکە بە بەشداریکردنی خوێنەر و لە ڕێگەی کردەی تێڕامانییەوە کارە ئەدەبییەکە دەچێتە ناو ئاسۆی ئەزموونەوە.

هەڵبەتە «یاوس» بە هاوبەشی لەگەڵ «ئایزەر» جەختیان کردە سەر پێوەندی نێوان دەق و وەرگر، خاڵی دەستپێک لەلای «ئایزەر» بریتییە لە گەڕان بە دوای واتای دەقی ئەدەبی لەلای خوێنەر، پێی وایە پێویستە وەرگر لە کاتی خوێندنەوەدا نەرم و کراوە بێت و ئامادە بێت بۆچوونەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕێگەی گۆڕینی بۆ خۆش بکات، کرداری وەرگرتن بەپێی ئەم ڕوانینە دوو ڕەهەند لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان ئەو شوێن پەنجەی کە کارەکە لە وەرگردا وەبەری دەهێنێت، دووەمیان چۆنیەتی پێشوازی و هاتنە وەڵامی خوێنەر بۆ ئەو کارە.

لێرەدا «ئایزەر» لە بنیادی هێڵکاری دەق دەدوێت و هاوکات بە پشت بەستن بە بیروبۆچوونەکانی «ڕۆمان ئینگاردن»ی قوتابی «هۆسرەڵ» لە دوو جەمسەرەکە دەدوێت، جەمسەرێک کە پێوەندیدارە بە تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی دەق و جەمسەری ئیستێتیکیش وابەستەی خوێندنەوەی دەق و بەدەرخستنی واتاکانی و بنیادە تایبەتییەکانیەتی، واتە ئەوە خوێنەری وەرگرە بۆشاییە سپییەکانی تێکست پڕ دەکاتەوە و هێزی ئیستێتیکی پێ دەبەخشێت، «چونکە خوێندنەوە کردارێکی دینامی بەردەوامە و دەق خۆی ئاشکرا ناکات و هەموو نهێنییەکانی نادرکێنێت تا ئەوکاتەی دووبارە چاوی پێدا نەخشێنرێتەوە لە سیاقی دووبارە خوێندنەوەیدا».

لێرە بەدوا نووسەر بە قووڵی لە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی دەدوێت، یاوس هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە دەق بە سیاقە مێژووییەکەیەوە گرێ بدات، [چونکە ئاسۆی چاوەڕوانی وابەستەی خوێنەرێکی دیاریکراو نییە لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا].

ئاسۆی چاوەڕوانی [چەمکێکی گشتگیرە و هەموو دەق دەگرێتەوە و کار لەسەر گونجان و نەگونجانی دەق دەکات لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا] نووسەر هەم لە چەمکی (تێکەڵکردنی ئاسۆکان) دەدوێت، هەم ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە «یاوس» چەمکی «ئاسۆی چاوەڕوانییەکان»ی لەسەر بیروهزری «هانز جۆرج گادامێر» قوتابی «هایدگەر» داهێناوە، بە سوود وەرگرتن لە باسوخواسەکانی «گادامێر» لەسەر تێکەڵکردنی ئاسۆکان، چۆن گادامێر پێی وایە هەموو لێکدانەوەیەکی ئەدەبی ڕابردوو لە ئەنجامی گفتوگۆی «دایەلۆگ»ی نێوان ڕابردوو ئێستا دروست دەبێت. «یاوس» بنەماکانی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی لەبیری «مارتن هایدگەر» وەرگرتووە، هایدگەر بۆ چارەسەرکردنی چەمکی «هەڵواسین» کە لای «هۆسرەڵ» لە باکگراوندی ڕابردوو پێوەندی بە خۆدامالینی خودەوە هەیە، واتە هەڵواسینی بیروبۆچوون و تێگەیشتنە پێشوەختەکانمان و مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکان وەک چۆن ئێستا دێتە پێش چاو، بە مێشکێکی خاڵی لە هەموو باکگراوەندێک.

هایدگەر بۆ چارەسەرکردنی چەمکی هەڵواسین بایەخی بە چەمکی بوون و ڕاڤەی بوون دا، هەروەها یاوس لە مەڕ هەمان بابەت سوودی لە گادامێر وەرگرت کە باوەڕی وایە هەموو ڕاڤەکانی کارێکی ئەدەبی لە ئەوسادا دیالۆگێک لەخۆ دەگرێت لەنێوان ئەوسا و ئێستادا، هەروەها گادامێر

«پێی وایە کاری ئەدەبی وەک چەپکێک لە واتای تەواو و کۆتایی پێهاتوو نایەتە نێو دنیای خوێنەرەوە، بەڵکو واتا پشت بە هەڵوێستی مێژوویی تەئویلکار دەبەستێت» ئەم خالانە وایان لە یاوس کرد گرنگی بە ئەزموونی خوێندنەوەی دەق بدات، ئەم کردە و گرنگیدانەش ناوبنێت بە «ئاسۆی چاوەڕوانی»، واتە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرە جیاوازەکانی یەک بەرهەم، گشت ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت کە تێڕوانینی ئیستێتیکای وەرگرتن بۆ دەق، بۆ کرداری خوێندنەوە، فرە لایەنە و وابەستەی ئەوساو ئێستای خودی دەقە. نووسەر لەمیان هەمان بابەتی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی «یاوس» دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی بەهای دەق و پێکهاتە هونەری و بەرزەکەی لای یاوس بەکۆمەڵێک لادان دەبەسترێتەوە، کە لەگەڵ پێوەرەکانی خوێنەردا یەک ناگرنەوە، یان کۆمەڵە لادانێک کە ئاسۆکانی چاوەڕوانی لای وەرگر ئاوەژوو دەکاتەوە و ناهێڵێت چەقبەستوو بێت، چونکە دەق کاتێک دەتوانێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات کە پێوەرە هونەرییە باوەکان تێک بشکێنێت و دیدگاو پێوەری نوێ بخاتە گۆڕەپانە ئەدەبییەکەوە، ئەمە ڕوانینی «یاوس»ـە بۆ جیهانی ئەدەب، هاوکات «ئایزەر»یش بە هەمان شێوە دژی ئەدەبی باو و تەبایە، پێی وایە ڕووبەری باو، بە بەهاو گرنگە تەنیا لەبەر ئەوەی ناباو زەق و بەرچاو دەکات، دەکرێ لێرەدا بڵێم ئەدەبی «ناباو»، بە تایبەتی دەقی شیعری لە ڕووی شیعرگەراییەوە زۆرترین ترازان و لادانی زمانی بەخۆیەوە دەگرێت هاوکات دەقی ناباو تارادەیەک لە دەقی کراوە نزیک دەکەوێتەوە کە هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەند و دەلالەتی جۆراوجۆرە، بۆیە زیاتر لە ڕاڤەو تەئویلێک هەڵدەگرێت، چونکە لە بنیادی قووڵدا مۆرکی باوی ئیتیک و بابەتە سونەتییەکان تێک دەشکێنێت، لەبەر ئەوەی ئەدەبی باو ئەگەر بۆ سەر زۆرترین زمانی وەربگێڕێت هیچ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی نابێت، چونکە ناتوانێت وەرگر بێنێتە وەلام، هەروەها «یاوس» چەمکی «دووری، یان مەودای، ئیستێتیکای» دەخاتە ڕوو، کە بریتییە لە نایەکانگیری لەنێوان ئەوەی دەق پێشکەشی دەکات لەگەڵ ئەوەی خوێنەر چاوەڕێیەتی.

یاوس دەڵێت چەندێک شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی بەهێز بێت ئەو دەقە هێندە ئەم گۆڕینەی ئاسۆی چاوەڕوانیانەش «ئایزەر» ناوی لێ دەنێت. بە «ڕوانگەی گەڕۆک» ئەم حاڵەتەش لەتیوری وەرگرتن و ئیستێتیکای وەرگرتندا پێوەندی بەکارلێکی دەق و خوێنەرەوە هەیە، «ئەم گەشتە بەردەوامەی خوێنەر، گۆڕینی ئاسۆکانی لێ دەکەوێتەوە، ڕوانگەی گەڕۆکیش لەم بوارەدا ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت، لێرەوەیە کە «تیوری وەرگرتن» ئەو تێگەیشتنانەی چنگمان دەکەوێت لەکاتی خوێندنەوەدا بە زنجیرەیەک لە ڕوانگەی گەڕۆک ناودەبات». نووسەر سەبارەت بە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی چەمکی هێرمنیۆتیکا لای فریدریش شلیماخەر ١٧٦٨-١٨٣٤» دەخاتە ڕوو، کە چۆن ئەم چەمکە لە بواری زانستی لاهووتەوە گواسترایەوە نێو دنیای ئەدەب و ڕەخنە، لای شلیماخەر دەق پێکهاتەیەکی زمانیانەی هەیە و سەر بە سیستمی زمانەوانییە، بۆیە ڕاڤەکرنی پێویستی بەدوو جۆر ڕێگای شیکاری هەیە، یەکەم: ڕێگەی بابەتیانە «زمانەوانی-ڕستەسازی» دووەم: ڕێگەی خودیانە، بەو پێیەی دەق بەرهەمێکی تایبەتی نووسەرە.

من لە دەسپێکی ئەم خوێندنەوەیەدا لەڕێگەی چەمکی هێرمنیۆتیکاوە تۆزێک لە ڕوانینەکانی هەریەک لە «شلایر ماخر» و «دلتای» دواوم، جا لێرەدا بە پێویستی نازانم زانیارییەکان دووبارە بکەمەوە، هەڵبەتە پێشەنگەکانی قوتابخانەی کۆنستانس سوودیان لە ڕوانینەکانی شلایر ماخر و هەردوو ڕێگەکەی وەرگرتووە، واتە «تیوری وەرگرتن-ئیستێتیکای وەرگرتن» کاری لەسەر ڕێگەی بابەتییانە و خودیانەی شلایر ماخر کردووە، هەروەها مامۆستایانی قوتابخانەی کۆنستانس چەندان سیمیناریان لەژێر ناوی «پۆبەتیکاو هێرمنیۆتیکا ئەنجام داوە، هەروەک لەم کتێبەدا هاتووە کە پۆبەتیکا سیستمێکی سەروو زمانی «میتا زمانی» وەسفییە، بانگەشەی زانستییانە دەکات بۆ شیکارییە دەقییەکان بە پشتبەستن بە پێوەندییە زمانییەکانی ناو دەقەوە و ئەرکی کاری خۆی لە دۆزینەوەی یاساو ڕێسا زمانەوانییەکانی دەقدا دەبینێتەوە، هەرچی هێرمنیۆتیکایە

گرنگی بە دیارکردنی واتا دەدات.

لێرەدا نووسەر بە وردی لە هەردوو ڕێگاکە دەکۆڵێتەوە، ڕێگای یەکەم زمانەوانی «پۆیەتیکا» و دووەم خودی «هێرمنیۆتیکا»یە، کە دوو ڕەهەندی مێژوویی لەخۆیان دەگرن. یەکەمیان ڕەهەندی ئێستایی «سەنکرۆنی.. بە واتای سۆسیری» لەخۆ دەگرێت، هەرچی لە تیوری وەرگرتندا «ئیستێتیکای وەرگرتن.. پشت بە هەردوو ڕەهەندەکە دەبەسترێت، بەتایبەتی یاوس کە پشت بە ئاگایی مێژوویی دەبەستێت.

لەلایەکی دیکەوە نووسەر لە ڕوانگەی ئەرستۆوە لەچەمکی – پۆیەتیکا– شیعرگەرایی– دەدوێت و ئاماژە بۆ هۆمیرۆس و وەسف و چواندنی ئەخیل بەشێر دەکرێت، کە ئازایەتییەکەی دەکەوێتە خانەی تەئویلی هێرمنیۆتیکییەوە، بەڵام شێوازی چواندنی، یان وەک میتافۆر دەکەوێتە خانەی پۆیەتیکاوە، هەڵبەتە دواتر چەمکی پۆیەتیکا «شیعرگەرایی» لای [جان کوهین ١٩١٩-١٩٩٤] و لەکتێبی بنیادی زمانی شیعریدا، یەکسەر وابەستەی کردەی خزین و لادان و ترازانی زمانی دەبێت، خزین لای جان کوهین بە جەوهەری شیعر دادەنرێت کە پێوەندی بە شێوازی شاعیرەوە هەیە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە جیاکاری لەنێوان شیعر و پەخشان دەکات، بەڵام «میخائیل ڕیڤاتیر ١٩٢٤-٢٠٠٤» بەشێوەیەکی تر گرنگی بە چەمکی پۆیەتیکا- شیعرگەرایی دەدات، شیعرگەرایی لای ڕیڤاتیر پێشخستنی چەمکی ئیستێتیکایە، یان ئەو ئیستێتیکایەی لای ڕۆمان یاکۆبسن و ئەڵقەی، یان بازنەی پراغ کاری لەسەر دەکرا، چونکە لای ریڤاتیر جێکەوتی شیعرگەرایی لەنێو بنیادی زمانیدایە، کەچی جێکەوتی ئیستێتیکی میتازمانییە، بۆیە ڕیڤاتیر لە میتۆدی وەرگری نموونەییدا، دەستنیشانکردنی لادانەکان «خزینەکان» دەخاتە ئەستۆی خوێنەرەوە، واتە کردەی دیاریکردنی خزینەکانی لە وەرگرەوە بۆ دەق دەست پێ دەکات نەک بە پێچەوانەوە، دواتر چەمکی شیعرگەرایی لای پێچەوانەوە، دواتر چەمکی شیعرگەرایی لای «چوناثان کلر» لەتیورێک بۆ خوێندنەوە و لە شیعرگەرایی بنیادگەریدا شێوازێکی تر وەردەگرێت، لای «ئیمبرتۆئیکۆ» پێویستە وەرگر بە وێستگە مەعریفییەکانی دانەردا تێبپەڕێت، بەڵام چەمکی شیعرگەرایی لای «کەمال ئەبو دیب» وابەستەی مەودای شڵەژانییە «مسافة التوتر».

مەبەستم ئەوەیە زۆربەی ڕەخنەکارە بیرمەندەکان لە کارلێکی نێوان دەق و وەرگر دەدوێن و چەشنی تیوری وەگرتن و ئیستێتیکای وەرگرتن بایەخ و گرنگی بە ڕۆڵی خوێنەر– وەرگر– دەدەن، ئیدی تا دێت نووسەر بەقووڵی لەتیورەکانی وەرگرتن و چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی دەدوێت، ئاماژە بە کتێبی «لەپێناوی ئیستێتیکای وەرگرتندا»ی «یاوس» دەدات، کە ساڵی ١٩٧٨ بڵاوی کردووەتەوە و تێیدا لەگەڵ «ڕۆلان بارت» لە مەڕ تەئویلی ئازاد دەکەوێتە گفتوگۆ و لە چەمکی ئازادی تەئویلکردن دەکۆڵێتەوە، چونکە بارت پێی وایە ڕێگا باوەکانی ڕاڤەی دەقەکان خۆی بە واتا وشەییەکانەوە دەبەستێتەوە و واتا مەجازییەکان بەرپەرچ دەداتەوە، لەکاتێکدا ڕەخنەی نوێ کار لەسەر واتای مەجازی دەکات.

هەروەها کێشەی نێوان «بارت و بیکار» سەبارەت بە تەئویلی ئازاد و ئازادی تەئویل دەخاتە ڕوو، چونکە ڕۆلان بارت لایەنگری خۆی بۆ ئازادی تەئویلکردن ئاشکرا دەکات، هاوکات نووسەر دەڵێت: ئیستێتیکای وەرگرتن نکوڵی ناکات لە کراوەیی دەق و ئازادی خوێنەر لە کرداری تەئویلکردندا، هەروەها «ئایزەر» نادیاریکردن «عدم التحدید» بە مەرجێک لە مەرجە بەهێزەکانی دەقی ئەدەبی دەزانێت «یاوس»یش پێی وایە خوێنەر لە بنیادنانی واتادا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە».

دواتر نووسەر لە کتێبی «سنوورەکانی تەئویل»ی ئیمبرتۆ ئیکۆ دەدوێت، کە تێیدا دوو جۆر لە ڕەخنە دیاری دەکات، یەکەمیان بۆ ئەو شتانە دەگەڕێن کە ڕەنگ دەرەوەی حەزە تایبەتەکانی وەرگر و غەریزەکانی و ویستەکانییەتی، ئەمەش کتومت هەڵوێستی «بارت»ـە لە ساڵی ١٩٦٣دا لەکتێبی «دەربارەی ڕاسین»، بەڵام جۆری دووەم بە پێویستی دەزانن گەڕان و دۆزینەوەکانیان پشت ئەستوور بێت بە ڕەوتی گونجاوی دەقەکەو بەجێگاکانی ئەو ڕستە «أنساق» دەلالیانەی دەقەکە ئاماژە بەبوونیان دەکات، لەم بوارەدا «یاوس»، «ڕاسین»ی خوێندەوە بە پشت بەستن بە ڕەوشی مێژوویی سەردەمی کلاسیکی فەرەنسی،

ئەمەش ئەو شیکردنەوەیەیە کە تیورەکانی سیمیۆلۆژیای خوێنەری نموونەیی بەرگرییان لێ کرد.

یاوس، میکائیل ڕیڤاتیر- ئاسا باوەڕی وایە کە تەئویل دەستکراوە و ئازاد نییە، ئەمەشی بە چەند هۆکارێکی دیکە ڕوون کردەوە، کە بریتین لە هۆکارەکانی شیکردنەوەی زمانی دەق و پێوەندییە زمانییەکان.

نووسەر لە بەشی سێیەمدا بە ناوونیشانی ئیستێتیکای وەرگرتن میتودێکی بەشییە بەدرێژی لە چەمکی خوێنەر و پرۆسەی خوێندنەوە و ئاریشەکان دەدوێت، ئەم بابەتە لەحەفتاکانی سەدەی بیستەوە بایەخ و گرنگی پێ دراوە، چونکە تیوری وەرگرتن میتودێکی بەشییە «منهج جزئي» دەکرێت لەگەڵ پرۆژەی دیکەدا پێکەوە کار بکەن، دکتۆر یادگار لەتیف ئاریشە سەرەکییەکانی ئیستێتیکای وەرگرتن دەخاتە ڕوو، کە تیوری وەرگرتن، یان ئیستێتیکای وەرگرتن خۆی تەرخان کردووە لە ڕێگەی ڕوانگە بەشییەکەیەوە چارەسەریان بکات کە بریتین لە سێ ئاریشە.

**یەکەم:** وەرگرتن و کاریگەری کارەکە لەسەر خوێنەر، نووسەر دەڵێت: ئیستێتیکای وەرگرتن لە ڕوانگەی پێوەندی زیندوویانەی نێوان دەق و خوێنەرەوە و لە سۆنگەی سروشتە بەشییەکەیەوە دەقی ئەدەبی بە بنیادێکی کراوە دادەنێت، پێی وایە واتا لەناو هەناوی دەقدا گەشە دەکات لە ڕێگەی وەرگرێکی گفتوگۆکاری ئازادەوە.

**دووەم:** لاساییکردنەوە و هەڵبژاردن، ئیستێتیکای وەرگرتن باوەڕی بە ڕێژەگەرایی گشت تێڕوانینە مێژووییەکان نییە، پێی وایە تێگەیشتنی پێش وەختەمان بۆ ئەدەب و هونەر بەستراوەتەوە بە هەمان ئەو پێوەرە ئیستێتیکایانەی مێژوو پێکی هێناون و بەو پێوەرانەی کە هێشتا بەکارنەهێنراون.

**سێیەم:** ئاسۆی چاوەڕوانی و ئەرکی پێوەندیکردن. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی ئەم پرەنسیپەی ئیستێتیکای وەرگرتنەوە پێویستی بە سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتی وەرگرتن دەبێت، نووسەر لەڕێگەی ئەو سەرچاوانەی سوودی لێ وەرگرتوون دەگاتە ئەو بڕوایە کە ئەم میتودە بەشییە هانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەدات، هەوڵیش دەدات ئەرکی پێوەندیکردن بۆ ئەدەب و هونەر بگەڕێنێتەوە، کە بەهۆی میتودە دەقییە داخراوەکانەوە خەریکە لەناو بچێت، نووسەر بە قووڵی و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کتێبی «کرداری خوێندنەوە»ی «ئایزەر» دەدوێت و ڕوانینە ڕەخنەییەکانی دەخاتەڕوو، تیوری وەرگرتن لەسەر ڕێڕەوی دوو لایەنەی دەق و خوێنەر نەخشێنراوە، ئایزەر باوەڕی بە جێگیری و چەسپاوی واتا نییە، لای ئایزەر کردەی خوێندنەوە کار لەسەر دوو جەمسەر دەکات، جەمسەری هونەری تایبەت بە دەق و بنیادە زمانەوانییەکەی و جەمسەری ئیستێتیکایی تایبەت بە چالاکی کردەی خوێندنەوە، هەردوو جەمسەرەکەش ئاوێتە دەبن و دەبنە یەک لە ڕێگەی پرۆسەی دروستکردنی کاریگەرییەوە، ئایزەر لە تیورە ئیستێتیکاییەکەیدا جەخت لەسەر ئەو پێوەندییە دیالیکتیکییە دەکات کە دەق و وەرگر بە یەکەوە گرێ دەدات. ئەم کارلێکەری دەق و خوێنەریش بۆ چەمکی فینیۆمینۆلۆژیا «دیاردەگەرایی» دەگەڕێنێتەوە.

لێرەدا پێگەی کاریگەری کاری ئەدەبی دەکەوێتە نێوان دەق و خوێنەر، واتە ناوەندی دوو جەمسەرەکە، ئایزەر پێی وایە خوێندنەوە وا لە کاری ئەدەبی دەکات کەسایەتی دینامیکی خۆی ئاشکرا بکات، پێشی وایە خوێنەر لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ئەوساو چاوەڕوانییەکانی ئێستادا خوێندنەوەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی کارە ئەدەبییەکە، بەم شێوەیە خوێنەر هەوڵ دەدات درز و کەلێنەکانی نێو دەق پڕ بکاتەوە، چونکە واتای دەق لای ئایزەر بەهۆی کردارێکی بە بزاوت Dynamic دێتە دی، نەک واتا شتێکی ئامادە و چەسپاو و جێگیر و حازربەدەست بێت، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات بەو شێوەیە پەی بە واتا ببات کە شتێکە ڕوو دەدات، هاوکات خوێنەر دەق دەهێنێتە ناو ئەزموونی خۆیەوە و دەیکاتە ئەزموونێکی تایبەت بەخۆی، ئایزەر لەم بوارەدا، بە تایبەتی لە ڕووی دیاردەگەراییەوە زۆرتر سوودی لە بۆچوونەکانی ڕەخنەگری پۆڵەندی «ڕۆمان ئینگاردن» وەرگرتووە کە یەکێک بووە لە قوتابییەکانی «هۆسەرڵ».. چونکە ئایزەر وەک پێشتر بەپشت بەستن بە ئینگاردن وتبووی دەق لە دوو جەمسەر پێکدێت، جەمسەری هونەری و جەمسەری ئیستێتیکایی، هەڵبەتە

جەمسەری ئیستێتیکای تایبەتە بە خوێنەر و هاتنەدی و وابەستەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەلێن و مەودا سپیانەیە کە دەق لەناخی خۆیدا حەشاری داون هاوکات لای ئایزەر ئەو بۆشاییانە دەبنە هاندەرێک بۆ بەدواداچوون و بەدوادا گەڕانی وەرگر و ڕەخساندنی کەشێکی تایبەت بە پێوەندیکردن، چونکە لای ئایزەر پێوەندیکردن تەنیا بریتی نییە لە گواستنەوەیەک لە دەقەوە بۆ خوێنەر، بەڵکو ڕاڤەیەکە بۆ ئەو دەقەی بەردەستی خوێنەر، چونکە نووسەر، یان دانەر بۆ خودی خۆشی نازانێت ئاراستەی نووسینی بۆ کوێ مل دەنێت، هاندەر ئەو حەزەیە لەلای نووسەر کە مەبەستیەتی بەشداریکردنێکی بەهێز بهێنێتە بوون، مەبەستی ئایزەر لە ڕۆڵی پڕکردنەوەی بۆشایی و کەلێنەکان و بنیادی هێڵکاری دەق مەبەست ناساندنێکی دیاردەگەراییانەیە بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوو دەدات، واتە هۆکاری سەرەکی بوونی بنیادی بۆشایی و کەلێنەکانی نێو دەق لەپێناو دروستکردنی پردی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەرە، ئایزەر سەبارەت بە بۆشاییەکان دەڵێت: ئەم بنیادانە بۆشاییەکی بەتاڵن و ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە وروژاندن و ئاراستەکردنی خوێنەر، بۆیە ئەم بنیادانە بە ڕەگەزی سەرەکی دروستکردنی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر دادەنرێن، هەروەها ئایزەر جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکات کە هەر دەقێک لە هەر حاڵەتێکدا بێت پێویستی بە ڕۆڵی خەیاڵی خوێنەرە، هەر خوێنەرە و هەندێک بەشی نەنووسراوی دەقەکە دەنووسێتەوە، بە واتای پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی دەق، یان مەودا نادیاریکراوەکان، هەر خوێنەرە و بەشێوازی خۆی ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئایزەر لە بارەی کردەی خوێندنەوە و ئەرکی خوێنەر، کۆمەڵێک ڕوونکردنەوە دەخاتەڕوو، چونکە هەموو خوێندنەوەکان لەیەکدی جیاوازن، خوێنەر دەق وەک بابەتێک ڕوون و شی دەکاتەوە، هەروەها ئەرکی ئەو بریتییە لە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو کاریگەرییانەی دەق لەسەری بەجێی دەهێڵێت، ئایزەر لەم بوارەدا خوێنەر بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات، خوێنەری شاراوە و خوێنەری کرداری، کردەیی.. خوێنەری شاراوە لای ئایزەر بە تەنیا دەق دروستی دەکات و هاوتایە بە تۆڕی پێوەندی ناو بنیادی دەقەکان کە خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ خوێندنەوە و وای لێ دەکات بتوانێت بەچەند ڕێگەیەکی جیاواز دەقەکە بخوێنێتەوە، بەڵام خوێنەری کرداریی وابەستەی ڕاستەوخۆی دەق نییە و سەرچاوەکانی پێکهاتنی بەردەوام لە گەشەسەندندایە.

ئایزەر لە نزیکبوونەوەی دەق و خوێنەر ئاماژە بە ئەزموونی کەڵەکە بووی پێش خوێندنەوەی خوێنەر دەدات، هەروەها پێی وایە کردەی خوێندنەوە کارێکە پێویستی بەکۆشش و توانایی و مێشکێکی کراوە و ئەزموونەکانەوەیە، ئایزەر لەم بارەیەوە پرسیارێک دەوروژێنێت و دەڵێت: کێیە ئەو خوێنەرەی ئەم کارە دەکات؟ پێکهاتەکەی چییە؟ پێش ئایزەریش ڕەخنەکاران ئەم پرسیارەیان کردووە، لە بارەی ئەم جۆرە خوێنەرە وتوویانە خوێنەرێکی نموونەییە، خوێنەرێکی گەڕۆکە هەموو دەق پەی دەکات، خوێنەرێکی هاوچەرخی خاوەن داواکاری دەروونی و کۆمەڵایەتییە، خوێنەرێکی ئاسایی نییە، دەتوانێت ئەو کۆدانە بکاتەوە کە نووسەر لە ناو دەقدا بەجێی هێشتوون.

ئەم خوێنەرە لەلای ئایزەر بوونێکی واقیعیانەی نییە، بەڵکو خوێنەرێکی ناوەکییە، ناوەخنە، دیار نییە، لەکاتی خوێندنەوەی کارە هونەرییەکاندا دروست دەبێت، کە زادەی خەیاڵی بەپێی نووسەرە، ئایزەر ئەم خوێنەرە بە خوێنەری شاراوە ناو دەنێت، وەک بەرانبەرێک بۆ خوێنەری ڕاستەقینەی واقیعی، خوێنەری شاراوە بوونێکی ماددی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ڕەهەندی مەعنەوی و کولتووری و هونەرییە، بیر و هزری نووسەر دنە دەدەن لە کاتی نووسیندا، لە کاتێکدا خوێنەری کرداری «فعلي» بوونێکی ماددی هەیە، ئایزەر چەمکی خوێنەری شاراوەی لە چەمکی نووسەری شاراوە. «الكاتب الضمني» لەلای «واین بوث» وەرگرتووە.

هەڵبەتە نووسەر لەم کتێبە دانسقەیەدا بە وردی کاری لەسەر سەرجەم بابەتە ڕاڤەییەکان کردووە، بابەتی کردەی خوێندنەوە و پۆلێنکردنی جۆری خوێنەر لەلای «ئایزەر» بە هەمان شێوە زۆر بە قوولی و وردی کاری لەسەر کراوە، ئایزەر لە دوو جۆر خوێنەر دەدوێت کە پێوەندییان بە ڕەخنەگری ئەدەبی و چەمکە جیاوازەکانییەوە هەیە، جۆرێک ڕەخنەگر، یان تیوریست

هەیە گرنگی بە مێژووی هاتنە وەڵامی ئیستێتیکایی دەدات، جۆرێکی تری ڕەخنەگر، یان تیوریست گرنگی بەو شوێن پەنجەیە دەدات کە چاوەڕوان دەکرێت دەقەکە لەسەر خوێنەری بەجێ بهێڵێت، لە جۆری یەکەمدا خوێنەری ڕاستەقینەمان هەیە کە لە ڕێگەی پەرچەکرداره باوەڕپێکراوەکانییەوە دەناسرێتەوە.

لە جۆری دووەمیشدا خوێنەرێکی گریمانەکراو هەیە «القاريء الافتراضي» نووسەر بەخوێنەری «وای دابنێ» نێوزەدی دەکات، ئەم جۆرە خوێنەرە کە هەموو ئەو شتانەی دەکرێت لە دەقەکەدا بێتە دی، دەخرێتە بەردەستی، ئەم جۆرە وەرگرەش دابەش دەبێت بۆ خوێنەرێکی نموونەیی «القاريء المثالي» و خوێنەری هاوچەرخ «القاريء المعاصر» ئایزەر لەم پۆلێنکردنەی وەرگردا، پێی وایە خوێنەری نموونەیی بوونێکی بابەتیانەی نییە، کەچی خوێنەری هاوچەرخ بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی ئەمرۆ هاوچەرخە، ڕەنگە سبەینێ وا نەمێنێت، دواتر ئایزەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هیچ کەس ناتوانێت نکوڵی لە بوونی خوێنەری هاوچەرخ و خوێنەری نموونەیی بکات، هەروەها ئایزەر دەڵێت خوێنەری نموونەیی دەبێتە هاوشان، یان ناکۆک لەگەڵ ئەوەی مەبەستە لەناو دەقەکەدا، دکتۆر یادگار لەتیف پێی وایە چەمکی خوێنەری نموونەیی چەندین نیشانەی پرسیاری لەلای ئایزەر دروست کردووە، یەک لەوانە ئایا خوێنەر دەتوانێت بەشێوەیەکی گشتی پەی بە هەموو واتا چاوەڕوانکراوەکانی دەقی ئەدەبی ببات، چونکە واتا جیاوازەکانی دەق لەسەردەمی جیاواز جیاوازدا دەردەکەون، بۆیە خوێندنەوەی هەمان دەق بۆ جاری دووەم کاریگەری جیاوازی دەبێت لە خوێندنەوەی یەکەم، بۆیە خوێنەری نموونەیی پێویستە خۆی ماندوو بکات و ئامادە بێت بۆ واتا چاوەڕوانکراوەکان، لای ئایزەر خوێنەری نموونەیی کاتێک بانگهێشت دەکرێت کە دەقەکە تێگەیشتنی قورس بێت و چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێت کۆدی دەقەکە بکاتەوە و ئاڵۆزییەکانی شی بکاتەوە، چونکە لە حاڵەتی دەقی سووک و تەنکدا نە کۆد هەیە و نە ئاڵۆزی.

لێرەدا پێویستمان بە بوونی خوێنەری نموونەیی نییە، چونکە خوێنەری نموونەیی وەک بوونەوەرێکی دەقی دەتوانێت ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە بەردەوام لەشیکردنەوەی شوێن پەنجەی کارە ئەدەبییەکان ڕووەو خوێنەر دەردەکەون.

لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا نووسەر بەشێوەیەکی ورد و بەرفراوان کار لەسەر تیوری هاتنە وەڵامی خوێنەر دەکات و لەمیان کۆمەڵێک ڕوانین و میتودی ڕەخنەییەوە ڕۆڵی خوێنەر دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە لە هێڵکارییەکەی «یاکوبسن» شیعر ئاراستەکەی ناوەکییە و ڕووی لە خۆیەتی، بەڵام بوونی واقیعیانەی خۆی بەدەست ناهێنێت ئەوکاتە نەبێت ک دەخوێندرێتەوە، واتە تەنیا خوێنەر دەتوانێت سەبارەت بە واتاکەی گفتوگۆ بکات و کۆدەکانی بکاتەوە، هەروەها گەورەترین ڕێگە خۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر، پاش دیاردەگەرایی و هێرمنیوتیکا. هەڵوەشانەوەگەراییە، کە گرنگی بەستراتیژی خوێندنەوە دەدات و پشت بە خودێتی خوێنەر دەبەستێت، یان بەشێوەیەکی تر هێرمنیوتیکا و هەڵوەشانەوە پشت بە ڕێگای ڕەوانێژی و ڕستەسازی و لۆژیکی و فەلسەفییەکان دەبەستن، ئەمەشیان لەپێناو دۆزینەوەی واتایە، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی تاکڕەوانەی دەق بەرپەرچ دەدەنەوە، نووسەر سەرهەڵدانی ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر بۆ «ڕیچاردز» کتێبەکەی «ڕەخنەی پراکتیکی ١٩٢٩» و «ئینگاردن و کتێبەکەی «کاری هونەری ١٩٣١» دەگەڕێنێتەوە، هەروەها «جان پۆل سارتر» و کتێبەکەی «ئەدەب چییە؟ ١٩٤٨»... ڕیچاردز کە پێشتر لەسەر ڕەوتی فۆرمالیستەکان دەڕۆیشت، دوای ئەزموونێکی پراکتیکی، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هاتنە وەڵامی خوێنەران بۆ هەمان دەق لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە جیاوازە، هەروەها «نۆرمان هۆلاند» بە سوود وەرگرتن لە تیزەکەی «فرۆید» گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کاری ئەدەبی سەرچاوەکەی چێژ و خۆشییە بۆ خوێنەرەکەی، لە حەفتاکانی هەمان سەدەدا ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر بە تەواوی بوونی خۆی سەلماند، ئەو سەرکەوتنانەی تیوری وەرگرتنی ئەڵمانی لەسەر دەستی «جۆرج گادامێر» و «هانز ڕۆبرت یاوس» و «فۆلفانگ ئایزەر»دا بەدەستی هێنا،

هەروەها کۆششەکانی ڕەخنەگری ئەمەریکی «ستانلی فیش» و خوێندنەوەکانی نۆرمان هۆلاند، وێڕای بڵاوبوونەوەی دوو کتێبە بەناوبانگەکەی ئایزەر، «خوێنەری شاراوە» و «کرداری خوێندنەوە- تیورێک لەسەر ئیستێتیکای وەرگرتن.. هەروەها جاک دریدا و کتێبی «نووسین و جیاوازی» و «زانستی نووسین».

تیوری هاتنە وەڵامی خوێنەر لە ڕەوتی ڕەخنەی ئەنگلۆ ئەمەریکیدا سەری هەڵدا، پێوەنداره بە کۆمەڵێک بیرمەند و ڕەخنەکاری وەک ستانلی فیش، میخائیل ریڤاتیر، نۆرمان هۆلاند، دیڤید بلایش و ئی دی هێرش، جیراڵد پرێنس، واڵتەر میشیز و کەسانی دیکە. لێرەدا دکتۆر یادگار لەتیف دەڵێت: دەکرێت بڵێین ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر زاراوەیەکی گشتگیرە، واتە ئەم تیورە کاری گشت ئەو ڕەخنەگرانە لەخۆ دەگرێت کە گرنگی بە ڕۆڵی خوێنەر دەدەن و جەخت لەسەر کردەی خوێندنەوە و کۆمەڵێک چەمکی وەک خوێنەر و کردەی خوێندنەوە و هاتنە وەڵام دەکەن، چونکە سەرەڕای هەمەجۆری و جیاوازییان، لە خاڵێکی سەرەکیدا کۆک و هاوبەشن کە بریتییە لە دژایەتی کردنی ئەو باوەڕەی کە دەیگوت «واتا» بەشێوەیەکی تەواو و بە تەنیا لەناو دەقدا شاراوەیە، بۆیە تێزەکانی ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر، ڕۆڵێکی سەرەکی گرنگ بە خوێنەر دەدەن، بە تایبەتی لە بەرهەمهێنانی واتادا، «ئایزەر» و «بولیە» وای دەبینن، کاری هونەری کاتێک دێتە دی کە خوێنەر بە دەق دەگات، واتە وەرگر بەشە نەنووسراوەکەی دەق تەواو دەکات، ئەو بەشەی کە لەنێو دەقدا بوونیکی شاراوەی هەیە، چونکە دەق بنچینەی واتای دیاریکراو پێشکەش دەکات. ئەوەی «ئایزەر» ناوی دەنێت «تێڕوانینە هێڵکارییەکان، بەڵام «ستانلی فیش» خودی هاتنە وەڵام بە خودی واتا دادەنێت، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی چەمکی «کۆمەڵە ڕاڤەکارەکان»، فیش پێی وایە خوێنەر دەست واڵا نییە لەوەی بە ئارەزووی خۆی واتا دروست بکات، بەڵکو بەو پێیەی ئەندامێکە لە کۆمەڵەیەکدا...تاد. بەمەش فیش تیورەکەی لە بێ سەروبەری «هێرمنیوتیکی» دەست واڵایی ڕەهای خوێنەر و ئاوابوونی مەدلوول لای «هەڵوەشانەوە» دوور دەخاتەوە. بەو پێیەی خوێنەر سەرچاوەی ئەو ستراتیژە نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی کۆمەڵە ڕاڤەکارەکانە کە ئەو ئەندامێکە لەناویاندا، ئیدی هێدی هێدی نووسەر شوێن پێی خۆی لەدەست دا و نووسینیش بێ باوک کەوت. وەک دریدا گوتی، هاوکات ڕۆلان بارت مەرگی نووسەری ڕاگەیاند، ئەم هەنگاوانە کۆمەڵێک گۆڕانکارییان هێنایە کایەوە، ئەوە خوێنەرە بوون و هەبوونی بەدەق دەبەخشێت و واتاش لەناو دەقدا نییە، بەڵکو لەناو چالاکییەکانی خوێنەر و ئەزموونیدایە، بەرانبەر بە دەقەکە، بەم پێیە دەقی ئەدەبی بریتییە لە ڕێگایەک لە ڕێگاکانی پێوەندیکردن، ئیدی لێرە بەدواوە، واتا بە موڵکی دەق دانانرێت، بەڵکو بەرهەمی چالاکی خوێنەرە، واتە دەقی ئەدەبی بریتییە لە کۆمەڵە ئاماژەیەک و کاری ئەدەبیش بەرهەمی ئەزموونی ڕاڤەی دەقە، نووسەر لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا لەلایەنە ناهەموارەکانی پرۆژەی مۆدێرنە و سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنە دەدوێت.

دوای دارمانی بنیادگەری و سەرهەڵدانی پۆست بنیادگەری کە هەڵوەشانەوەگەرایی بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی، دەتوانین هۆکاری ئەو گرنگیدانە زۆرە بە خوێنەر و کردەی خوێندنەوە دیاری بکەین. سەرەتا هەندێک لایەنی نێگەتیڤی مۆدێرنە دەخرێتەڕوو، مۆدێرنە خۆی لە بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی عەقڵ و سیستم و کات و سەنتەرگەرایی ئەوروپیدا دەبینییەوە، لە ڕێگەی عەقڵگەراییەوە توندوتیژی و داپڵۆسینی بەرهەم هێناوە و وێڕای پێشێل کردنی ئازادییەکانی تاکەکەس و بەهاکانی لە واتا و ڕوح بەتاڵ کردەوە و بایەخی بە ڕێژەگەرایی نەداو بەڵێنەکانی فەرامۆش کرد و خودی مرۆڤی وەک ئامێرێک بەکارهێنا...تاد. دواتر پۆست مۆدێرنە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژین، واقیعێکی ناجێگیرە کە مۆدێرنە بەجێگیر و چەسپاوەی دادەنا.

پۆست مۆدێرنە دەڵێت: مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە بیردەکاتەوە و پێوەندی دەبەستێت، پۆست مۆدێرنە گرنگی و بایەخی بە بەها مرۆییەکان و جیاوازی دا، هەروەها بووە هۆی لەدایکبوونی هەڵوەشاندنەوە، پۆست بنیادگەری تاڕادەیەکی زۆر ئەوەی سەلماندووە کە زمان بریتییە لە

تۆڕێکی فراوان کە دامودەزگاکانی بێ ژمـــارن. بە نارێکی و بەبێ سیستم بلاّ دەبێتەوە...تاد، پاش ئەوەی میتودە رەخنەییەکانی رەخنەی نوێ و فۆرمالیستەکان و بنەماگەرایی «بنیادگەری» نەیانتوانی زانستییانە بروانە دەق کە پێشتر مۆدێرنە باوەشی بۆ ئەم میتودانە کردبووەوە، شکستی خوارد و زانستیش کە کۆڵەکەی مۆدێرنە بوو، نەیتوانی زۆرێک لە راستییەکان بسەلمێنێت.

لێرەوە توێژەرەکانی هەڵوەشانەوەگەرایی و پۆست مۆدێرنە روویان لەسەرچاوە فیکری و فەلسەفییەکانی «نیتشە» و «هایدگەر» کرد و بایەخیان بە چەمکی فینۆمینۆلۆژیا و هێرمنیوتیکا دا، بۆ مرۆڤی پۆست بنیادگەری روون بووەوە کە زمان هەڵخەڵەتێنەر و لە خشتە بەرە، میشیل فووکۆ لە کتێبی «وشەکان و شتەکان» ئەوەی دووپات کردوەوە کە لەناو دەقەکاندا هیچ راستییەک بوونی نییە، (جاک دریدا)یش کتێبەکەی «دی سۆسێر»ی راڤە کرد و رایگەیاند کە زمان ناتوانێت بە دنیای دەرەوەی دەقەوەمان ببەستێتەوە، گوتیشی پێوەندی نێوان زمان و واتا جێگەی گومانەو تیورەکەی لەسەر چەمکی جیاوازی بنیادنا، روانینەکانی دریدا ئاماژە بوون بۆ کۆتایی هاتنی سەردەمی بنیادگەری، بە دارمانی بنیادگەریش، فۆرمالیستی و شێوازگەراییش دارمان و هەڵوەشانەوەگەرایی هاتە پێش و مەرگی نووسەر راگەیاندراو کۆتایی بەو بیرکردنەوەیە هێنرا کە دەیگوت واتا لەنێو دەقدا ئامادەیە.

لەم روانگەیەوە خوێنەر، یان رەخنەگری ئەدەبی لە بەکاربەری دەقەوە دەبێتە بەرهەمهێنەری دەقەکان: واتە دەق بۆشاییەکی ئازادە، رەخنە کاری لەسەر دەکات، بەڵام پشت ئەستوور بەو دەوروبەرە رۆشنبیرییەی وەرگر لەناویدا دەژی.

نووسەر لەدوا بەشی ئەم کتێبەدا کار لەسەر بابەتێکی گرنگ دەکات، بابەتێک بەناوی جومگەکانی چالاکی رەخنەی هاتنە وەلاّمی خوێنەر، زۆرتریش جەخت لەسەر تێزە گرنگەکەی «ستانلی فیش» دەکات، ستانلی فیش و هەنگاوێکی گەورەتر بەرەو خوێنەر، «ستانلی فیش» توێژەرێکی ئەمریکییە، ساڵی ١٩٣٨ لە شاری بروفیدش لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٦ بووەتە مامۆستا لە یاسادا و ئەرکی سەرۆکایەتی بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی دیوک پێ سپێرراوە.

ستانلی فیش دەڵێ: خوێندنەوە دیاردەیەکی زەمانییە، واتای دەقەکانیش لەناو ئەزموونەکاندایە، لێرەدا فیش سەبارەت بە گرنگیدان بە خودی خوێنەر کار لەسەر سێ تەوەر دەکات:

١- بە سەنتەرکردنی خوێنەر: فیش لە بەرانبەر دانەر و دەق پێگەو پایەیەکی گرنگتر بە خوێنەر دەبەخشێت، کە بەرهەمهێنەری واتایە، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا پێشبینی دەکات و بیروبۆچوونی لە بەرانبەر هەندێک چەمکیدا بەشێوەیەکی دژ دەکەوێتەوە، لای فیش خوێندنەوە کردارە، شتێکە دەیکەیت، چونکە خوێندنەوە بەبێ ئامادەبوونی کەسی خوێنەر روونادات، هەڵبەتە لە مێژووی ئەدەبی نوێدا رۆڵی خوێنەر بە تەواوەتی وەلا نرابوو، بەهۆی بالاّ دەستی کۆمەڵە چەمکێکی دیاریکراوی هەڵقولاّو لە فۆرمالیستە رووسەکان و بنیادگەرییەوە.

لێرە بەدواوە ستانلی فیش بەتێزە جیاوازەکەی و رەخنەگرانی بواری رەخنەیی هاتنە وەلاّمی خوێنەر باری لاسەنگی تەرازووەکە راست دەکەنەوە و رەخنەی بەهێز ئاراستەی خۆ بەستنەوەی تەواو بەدەقەوە دەکەن، فیش وای بۆ دەچێت کە هاتنە وەلاّمی خوێنەر کە واتا لەخۆ دەگرێت، زۆر لەوە فراوانترە کە رستە سازە گۆڕانگەراکان «النحویون التحویلیون» رێگەی پێ دەدەن، ئەوان وای بۆ دەچن کە تێگەیشتنی بەرهەمی بنیادی قوولّە «ژێرخانی دەق»، هەندێک لە زمانناسانی سەر بەم رێچکەیە بەچاوێکی کەم سەیری بنیادی سەرەوە «سەرخانی دەق» دەکەن، واتە روخساری سەرەکی رستە. بە توێکڵی دەرەوە، یان بەرگی دەرەوە دادەنێن. ئەم بەچاوی کەم روانینە بۆ سەرخانی دەق، لەبیری «چۆمسکی»یەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێت: سەرخانی دەق بنیادێکی گومراکەرە و هیچ واتایەک ناگەیەنێت، لەسەر ئەوەی تەنیا ژێرخانی دەقە واتا دیاری دەکات، بەڵام لە تێزە جیاوازەکەی «ستانلی فیش»دا چەمکی ئەم بابەتە و کلیلەکانی سەرخان و ژێرخانی دەق و دۆزینەوەی کلیلەکان بە ئەزموونی خوێنەرەوە دەبەستێتەوە، چونکە کلیلی وشە لەلای ستانلی فیش بریتییە لە ئەزموون، خوێندنەوە و تێگەیشتنیش بە شێوەیەکی گشتی

ڕووداوێکە نابێت هیچ بەشێکی لەیاد بکەین، ئەو ڕووداوەش کە بەدەستهێنانی واتایە، ژێرخانی دەق لەبوونیدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، فیش دەڵێت: بەڵام ژێرخانی دەق هەموو شتێک نییە، چونکە توانستی تێگەیشتنمان بەتەنیا لەژێرخانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو پێوەندی نێوان دۆزینەوەی سەرخان لەزەمەندا و بەدواداچوونی بەردەواممان بۆی لەسەر بنەمای تێڕوانینمان کە بەردەوام پشت بەسەرخانی دەق دەبەستێت، فیش لەو پێوەندییە دەدوێت کە لەنێوان سەرخان و ژێرخانی دەقدا هەیە و لەم کایەدا لە ڕێگەی ئەم پێوەندییەی کە سەرخانی دەق سەنتەریەتی، ژێرخانی دەق دەردەکەوێت، فیش بە پشت بەستن بە چەمکەکانی تیزی ئەم ڕەخنەیە، پرسیاری ئەوە دەکات، کارەکە چی دەکات؟ دەبێتە شیکردنەوەیەکی بابەتییانە، چونکە پەی بە گۆڕانی ئەزموون و بزاڤی واتا دەبات، هەروەها لەبەر ئەوەی وامان لێ دەکات هەست بە چالاکی هۆشیارانەی خوێنەر بکەین.. دواتر ستانلی فیش دەپرسێت ئایا خوێنەر کێیە؟ هەر خۆی وەڵام دەداتەوە، ئەو خوێنەرەی قسەی لەسەر دەکەم بنەمایەکی بیناکراوە، خوێنەرێکی نموونەییە «مثالی»، یان سیفەتی نموونەیی دەدرێتە پاڵ.

هەندێک کەس پێی دەڵێن، خوێنەری پێگەیشتوو، یان خاوەن توانایی، یان شارەزا، هەڵبەتە دەستەواژەی خوێنەری شارەزا، دەستەواژەیەکی فیشییە، لای ستانلی فیش خوێنەری شارەزا ئەو خوێنەرەیە کە:

١- بەباشی بەو زمانە قسە دەکات کە دەقەکەی پێ نووسراوە.

٢- زانیارییەکی تەواوی بە زانستی واتاسازی «Symantec - علم الدلالة» هەیە.

٣- خوێنەرێکە چێژ و چەشێکی ئەدەبییانەی هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەزموونێکی قووڵی خوێندنەوەی هەیە، دەتوانێت بۆ نێو تایبەتمەندییەکانی گوتار شۆڕبێتەوە و جیاوازییەکانی بدۆزێتەوە، خوێنەری شارەزا لای فیش، تێکەڵەیەکە لە خوێنەری خەیاڵی و ڕاستەقینە، هاوکات خوێنەرێکی کردەییە، ئەدەب لەلای ستانلی فیش ئەزموونە، نەک بابەت، خوێنەر لای فیش ئەو خوێنەرە نییە کە لەلای «ئایزەر»ـە، خوێنەر لای فیش کاری بەسەر پڕکردنەوەی بۆشاییەکانەوە نییە، مەبەست لەو کەلێن و بۆشاییانەیە کە دەق بەجێی هێشتوون، هەروەها ئەنجامەکانی لەژێر ڕۆژشناییی دەقدا، هەڵناهێنجێت، خوێنەرەکەی فیش هاوشێوەی خوێنەرەکەی «ڕیڤاتیر»یش نییە، چونکە ڕیڤاتیر خوێنەری بە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەلالەتە شیعرییەکانی ناو دەق دادەنا.

خوێنەرەکەی فیش سەرچاوەی هەموو دەلالەتە بەدەستهاتووەکانە، چونکە ئەو شێوەی واتای لێ پێکدێت، یان لێ پێکنایەت بەتەنیا مێشکی خوێنەرە نەوەک لاپەڕە چاپکراوەکە، یان دووتوێی لاپەڕەکانی کتێبەکە، لەلای ستانلی فیش ئەزموونی خوێنەر پێش بنەمای دەق دەکەوێت، فیش پێی وایە فۆرمالیستەکان و بنیادگەر و شێوازگەراکان مرۆڤ لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەخەنەوە، بەو پێیەی سەرچاوەی ڕەسەنی واتا نییە، لەبری ئەو واتا دەدەنە دەست ڕستی «نسق» زمانەوانی و ڕوخساری پێوەندییە زمانەوانییە ڕووتەکان، هەروەها بنیادگەر و شێوازەگەراکان، قورسایی کاری خۆیان دەخەنە سەر نامە زمانەوانییەکە نەک وەرگرەکەی، فیش وای بۆ دەچێت کە زمان و تێگەیشتن چەسپاو نین، بۆیە ڕەوت «سیاق» Context و ئامرازە شێوازییەکان لە جووڵەیەکی بەردەوامدان، خوێنەریش بەم هۆیەوە لە جووڵەیەکی بەردەوامدا دەبێت.

لای فیش تیور شێوازێکە لە شێوازەکانی بیرکردنەوە. فیش لە شێوازگەرایی عاتفیدا گرنگیدان لە سیاقی پەڕەی نووسراوەوە بۆ ئەزموون و سیاقی زەمەنی عەقڵ دەگوێزێتەوە، واتە لە دەقەوە بۆ خوێنەر، فیش بڕوای وایە سەرەڕای جەختکردنی لایەنگرانی دەق لەسەر باڵادەستی دەق و ڕۆڵی گرنگی بنیادی دەق لە ئاماژەدان و واتا بەخشین، بەڵام سەرجەمی ئەم باڵادەستییە وابەستەی ئەزموونی عەقڵی و چالاکی خوێندنەوەی خوێنەرە، فیش دەڵێت شێوازگەراکان مرۆڤ لە گرنگترین تواناییەکانی بێ بەش دەکەن کە بریتییە لە واتا بەخشین بەجیهان، لە بری ئەوە داوا لە مرۆڤ دەکەن واتا بە ئامادەکراوی لە بنەما دەقییەکاندا دەربهێنێت، لای ستانلی فیش خوێندنەوە بریتییە لە کرداری بنیادنان و دنیابینی و ژیاناسی.

لێرەدا کرانەوە بە ڕووی دەق و

دەوروبەر و جیهاندا دەبێتە تایبەتمەندی خوێندنەوە و بەهۆیەوە چەندین کایە و بواری مەعریفی ئاوێزانی یەکدی دەبن، ئەدەب لای ستانلی فیش زمانە، بەڵام زمانێکە لەڕێی تێڕوانینی کەسێتی خۆمانەوە لێی تێدەگەین و پێوەندی بەهۆشیاری خودی خۆمانەوە هەیە، فیش لە میتودە ڕەخنەییەکەیدا لە ڕووی چەمکی زمانەوە، کاری لەسەر ئەم دەستەواژەیەی «یاکوبسن» کردووە کە دەڵێت: شیعرییەت «شیعرگەرایی» بریتییە لە نامەیەکی زمانەوانی داخراو، ئاراستەکەی تەنیا بۆ خودی خۆیەتی، بە پلەی یەکەمیش ئاراستەیەکی ئیستێتیکانەیە، بەڵام ئاراستەی فیش، بۆ نامە زمانەوانییەکە لەپێناو ناوەرۆکە مرۆیی و ئاکارییەکەیدایە، لەلایەکی دیکەوە ستانلی فیش بایەخی بە چەمکی «کۆمەڵە ڕاڤەکارەکان» داوە، بەڵام پێش ئەو «لۆسیان گۆڵدمان»ی خاوەنی تێزی بنیادگەری پێکهاتەیی باسی لەو چەمکە کردووە.

کۆمەڵە ڕاڤەکارەکان لەو کەسانە پێکدێن کە لە ستراتیژە ڕاڤەییەکاندا هاوبەشن، هاوبەشییەکەشیان لەپێناو خوێندنەوەدا نییە، چەمکی خوێندنەوە بەواتا باوەکەی کە خوێنەر خوێنەرێکی بەرخۆر و بەکاربەرە، بەڵکو لەپێناو نووسینەوەی دەقەکاندایە، بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی و مەبەستەکانی دەق، هەڵبەتە هەر کۆمەڵەیەکی ڕاڤەکەریش لە دیدگای تایبەتی خۆیەوە لەدەق تێدەگات، لەلای فیش چەمکی کۆمەڵە ڕاڤەکەرەکان بەیەکەوە جێگەی خوێنەر و دەق دەگرێتەوە، ئەوان واتاکان بەرهەم دەهێنن و لەدەرکەوتنی ڕوخسارە شێوازییەکان بەرپرسن، فیش لەم بوارەدا جەخت لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکات، یەکەم: نکوڵیکردن لەوەی دەق جەستەیەکی سەربەخۆ بێت، دووەم باوەڕبوون بەوەی بەشی زۆری واتا لەلای خوێنەرە، چونکە ستانلی فیش لەو باوەڕەدایە کە دەق و واتاکان چەسپاو و نەگۆڕ نین و خوێندنەوە پشت بە ئەزموونی خوێنەر دەبەستێت، ئەزموونی خوێنەریش شتێکی ئامادە نییە، زۆرتر لە ئەنجامی بەدواداچوونی بەردەوام و زانیاری کەڵەکە بووەوە دروست دەبێت، چونکە لای فیش خوێندنەوە کردەیەکی زەمانییە، لەلایەکی دیکەوە فیش دژی بۆچوونەکانی شێوازگەرایی دەوەستێت کە جیاوازی لەنێوان زمانی ئەدەبی و زمانی ئاساییدا دەکات، نووسەر لە پەراوێزی لاپەڕە «١٣٢» ئاماژە بە هەوڵەکانی ڕەخنەگری ئینگلیزی «ولیام ئەپسون» دەدات کە بەر لە فیش دژی ئەم جیاکارییە دواوە و ڕایگەیاندووە کە باوەڕی بە تایبەتمەندی زمانی شیعری نییە و پێی وایە شیعر پێکهاتووی زمانێکی ئاساییە و دەکرێت بە سروشتێکی لۆژیکیانە شی بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی لەلای فیش گرنگە شیکردنەوەی هاتنە وەڵام جێگەی شیکردنەوەی شێواز/ ڕوخسار/ فۆرم/ بنیاد دەگرێتەوە. فیش هێدی هێدی تیورەکەی خۆی برەو پێ دەدات لە «ئایزەر» دوور دەکەوێتەوە. ئایزەر دەق بە ئاراستەکەری خوێنەر دادەنێت، بەڵام فیش گرنگییەکی زۆر بە ڕۆڵی خوێنەر دەدات و بەرپرسیارێتی ڕاڤەکردن دەخاتە ئەستۆی خوێنەرەوە و پێی وایە چەندین ڕێگە هەیە بۆ خوێندنەوە، ئەو ڕێگایانەش درێژبووەوەی کۆمەڵە ڕاڤەکارەکانن، ئەمەیە هۆکاری بوونی خوێندنەوەی هاوشێوە و جیاواز بۆ دەقێکی دیاریکراو.

من لێرەدا دەمەوێت لە بابەتێک بدوێم کە پێوەندی بەچۆنیەتی ناسین و دەستنیشانکردنی دەقەوە هەیە لەلایەن کۆمەڵە ڕاڤەکەرەکان، یان کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان، ئاخۆ ئەم حاڵەتە پێوەندی بە چرکەی دەرکەوتنی فینۆمینە و فینۆمینۆلۆژیاوە هەیە؟ بەتایبەتی ئەزموونەکەی ستانلی فیش لە پەیمانگەی زمانی ئەمریکی بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی ویلایەتی نیۆریۆرک لە بفلو، ئایا قوتابییەکانی فیش چۆن ئەم شەش وشە ڕیزکراوەیان بە دەقێکی شیعری لە قەڵەم دا کە شەش وشەکە بریتی بوون لەناوی شەش زانای زمانەوانی و ڕەخنەگری ئەدەبی کە فیش لەسەر تەختە ڕەشەکە چوارگۆشەیەکی بەدەوری ناوەکاندا کێشا و یەکێک لە ناوەکانیشی بە ناتەواوی نووسی.

فیش بۆ خۆی وەک مرۆڤێکی نیگەران و ڕاستگۆ لە ڕێنووسی یەکێک لە ناوەکان دڵنیا نەبوو، بۆیە بە هەمان بیرکردنەوە و شارەزابووی خۆی ناوەکەی ڕێنووس کرد، ئەم ناوە بە حاڵەتێکی هەڕەمەکی کەوتە خانەی لادان و ترازانەوە، ترازانەکە لەنێو زەین و مێشکی خوێنەردا بەرجەستە بوو، بە تایبەتی خوێنەری

شارەزا کە لای ستانلی فیش بەباشی بەو زمــانە قــســە دەکــات کــە تێکستەکەی پێ نووسراوە، هەروەها خــاوەنی باکگراوندێکە لە بواری سیمانتیک «واتاسازی»، سەرەڕای ئەمەش وەرگرێکە پڕاوپڕ لە چێژ و چەشەی ئەدەبی، مەبەستم ئەوەیە لێرەدا دەرکەوتنی ئەو نووسینە ڕیزبەندی فیش بۆ قوتابییەکانی کە لە بنەڕەتدا بە کۆمەڵەی ڕاڤەکار و ڕۆشنبیر دادەنرێن، یان بە شێوەیەکی تر کۆمەڵێک وەرگری شارەزان- لە ڕووی فینۆمینۆلۆژییەوە هەست بە جۆرێک لە جیاوازی دەکەین کە فیش بە پێچەوانەی چەمکی «هەڵواسین»ی هۆسرەڵ تێزە فینۆمینۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژییەکەی دەخاتە ڕوو و زۆرتر بە ڕوانینێکی ئۆنتۆلۆژی «بوونگەرایی» لە بابەتەکە دەڕوانێت، چونکە لای هۆسرەڵ و زۆربەی قوتابییەکانی کاتێ شتگەل وەک «فینۆمینە».. دیاردە بۆ هۆشیاری دەردەکەوێت خود لە ڕێگەی چەمکی هەڵواسینەوە خۆی لەسەرجەم زانین و زانیارییە پێشوەختەکان بە تاڵ دەکاتەوە، شتە دەرکەوتووەکە بەو شێوەیە دەبینێت کە دەرکەوتووە، بەڵام لای فیش خوێنەری شارەزا، یان کۆمەڵە ڕاڤەکەرەکان بەسەرجەم گرووپە جیاوازەکانیانەوە خاوەنی ستراتیژی ڕاڤەیین، واتە پێشکردەی خوێندنەوە شارەزایی و بەدواداچوونێکی زۆریان لە بوارەکەدا هەیە، لەلایەکی دیکەوە دەکرێت لە دیدگای «هایدگەر»ەوە لە هەمان ئیشکال و حاڵەتەکە بڕوانین هایدگەر لەکتێبی «بوون و کات»دا زمان بە فینۆمینە لە قەڵەم دەدات، واتە دیاردەی تێکست، یان چۆنیەتی دەرکەوتنی دەق لای ستانلی فیش بە شێوەی «گشتێک» بۆ خوێنەر «وەرگر» دەردەکەوێت، واتە خوێنەر لەبەرکەوتنی یەکەمەوە بیر لە ڕوخسارە شێوازییەکان ناکاتەوە، وەک شێوازگەراکان جەختی لەسەر دەکەن، بەڵکو وەک «گشتێک» ڕووبەڕووی دەقەکە دەبێتەوە.

بەبێ ئەوەی بیر لەچەمکی «هەڵواسین»ی زانیارییەکان بکرێتەوە کە هۆسرەڵ لە تێزەکەیدا ئاماژەی بۆ دەدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەم حاڵەتەدا دەق ڕووبەڕووی دیدگا و هەستی وەرگرێک دەبێتەوە کە پێشوەخت کۆمەڵێک پێوەر و پێوانەی ئیستێتیکی لەلا گەڵاڵە بووە، وێڕای باکگراوندە مەعریفییەکەی، کەواتە دەکرێت ئەم بەریەککەوتن و ئاشنابوونە بەچەمکی جوانی ببەستیتەوە، کە چۆن مرۆڤ لە ڕێگەی یەکەم نیگاکردنەوە شوناسی جوانی بەگرتەیەک، یان دیمەنێک دەبەخشێت بە هەمان شێوە وەرگری شارەزاش لەلای ستانلی فیش لەگەڵ دەسپێکی دەرکەوتنی دەق وەک گشتێک بەبێ ئەوەی بیر لە ڕوخسارە شێوازییەکان و پێوەندییە بنیادییەکان بکاتەوە. دەقە دەرکەوتووەکە، یان بەچاوی شیعر لێی دەڕوانێت، یان ئەوەتا بە شیعری لە قەڵەم نادات، گرنگی ئەم تێزەی فیش لەوەدایە کە وەرگر، یان کۆمەڵە ڕاڤەکەرەکان دەقێک بە شیعر بزانن، دوای ئەم بڕیارە وەرگر دەتوانێت واتا بخوڵقێنێت، چونکە ئەوە وەرگرە دەقی شیعر لە دەقی ناشیعری جیا دەکاتەوە، دەکرێت بەشێک، یان ڕێژەیەک لەم تێز و ڕوانینەی فیش بە ڕێگاکانی عیشق و جوانی ببەستینەوە، بۆ نموونە: تۆ کاتێک لە ڕێگەی عیشق و ئیرۆتیکەوە شەیدای جەستە و ڕوخساری شۆخێک دەبیت، هەڵبەتە ئەوە هێزی جوانییە جەستەی شۆخەکە بەم شێوەیە نیشان دەدات، بە هەمان شێوە ئەوە هێزی شیعرییە دەقەکە بەم شێوەیە لە دەقی ناشیعری جیا دەکاتەوە، بەڵام ئەم هێزە لە سەرلەبەری بوونی دەقەکەدا ئاماژەیە، بۆیە کاتێک قوتابییەکانی فیش چاویان بە شەش وشە ڕیزکراوەکە دەکەوێت یەکسەر بەدەقێکی شیعری قبوولی دەکەن، دوای ئەم قبوولکردن و پێوەندیگرتنە، وشەکان لە ڕووی نیشانە و ئاماژەوە ڕاڤە دەکەن، بۆ نموونە ناوی «یاکوب» یەکسەر بەرەو جیهانی «تەورات»یان دەبات، ڕەنگە ئەم حاڵەتە تەئویلییە تارادەیەکی زۆر لە کردەی بانگەشەو ڕاگەیاندنی مەرگی نووسەر و خەیاڵبردنەوەی وەرگر دوور بێت کە لای [ڕۆلان بارت] بەقوولی باسی لێوە کراوە، بە تایبەتی خودی وەرگر کە واز لە دەق دەهێنێت و خەیاڵ و ڕوانین و دنیابینییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام لای ستانلی فیش دەکرێت بڵێم دیاریکردنی دەق وەک بارستاییەکی شیعری، یان ناسکردنی بەشێوەی شیعر ڕەنگە ببێت بە هێزێک و بەس، هێزێک لە چرکەکانی دڵخۆشی و میوانداری و دۆستایەتی بکات، چەشنی ئەو هێزەی کە وا لە «جوانی» دەکات ڕێگە بۆ «عیشق» خۆش بکات، ئەگینا لای فیش تەنیا ئەزموون و

چالاکییەکانی وەرگر گرنگە، بە تایبەتی ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا لە زەینی خوێنەردا ڕوو دەدات.

لای فیش دەق وێڕای ئەوەی نووسراوە، هیچ واتایەکی تێدا نییە، ئەوە خوێنەرە واتا بەدەق دەبەخشێت، یان بەشێوەیەکی دیکە دەق ناتوانێت هیچ ئەرکێک بەجێ بگەیەنێت تەنیا ڕۆڵی ئاوێنەیەک دەبینێت کە تێیدا هزرگەلی خوێنەرەکەی ڕەنگ دەداتەوە، بێجگە لەمە هیچ شتێکی دیکە پێشکەش ناکات، هەڵبەتە ستانلی فیش شێوەیەک لە شێوەکانی تیوری پێشوازیکردنی پەرەپێداو بە «شێوازگەرایی عاتیفی» نێوزەدی کرد، دواتر و لە قۆناغە دواییەکانی توێژینەوەکانیدا جەختی لەسەر کۆمەڵە ڕاڤەکارەکان کردەوە، هاوکات خودی دانەریش بەئەندامێک لەو کۆمەڵەیە دەزانێت، فیش زیاتر جەخت لەسەر ئەزموون و چالاکی و کردە زەینییەکانی خوێنەر دەکات، بە تایبەتی ئەو بیروبۆچوونانەی لە چرکەی خوێندنەوە کە لە زەینی وەرگردا ڕوودەدەن، فیش لەڕووی هزر و بیرکردنەوە زۆرتر لە بوونگەراکان نزیکە، یان دەتوانم بڵێم بەشێوەیەکی بوونگەرانە بیردەکاتەوە و لە بواری دەق و دەقسازیشدا دژی بیروبۆچوونەکانی فۆرمالیستەکان بوو کە بڕوایان وابوو دەق لە ڕێگەی پێوەندییە سیاقییەکانییەوە هەڵگری کۆمەڵێک واتایە.

فیش چالاکترین ڕۆڵی واتاسازی لە ئەزموون و خوێندنەوەکانی وەرگردا دەدۆزێتەوە و مەبەستگەرایی دانەر «نووسەر» وەلا دەنێت، لەلایەکی دیکەوە هەوڵە ڕەخنەیی و تەئویلییەکانی فیش پەیوەستە بەجیهانی پۆست مۆدێرنەوە، هەروەها فیش لە نەبوونی جیاوازی نێوان زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبی پێداگری دەکات، چونکە پێی وایە ئەو جیاوازیکردنە پشت بە چەمکی لادان دەبەستێت، لادانیش زمانی ئاسایی کە سەرچاوەی پێوەرەکانە بە کەم دادەنێت و دەڵێت هیچ بنەما و سیمایەکی ئەدەبی تێدا نییە، فیش پێی وایە ئەدەب بەرهەمی ڕێگەیەکە لە خوێندنەوە، یان بەرهەمی ڕێکەوتنی کۆمەڵێکە لەخوێنەران، ئەوان ئەو شتە بە ئەدەب دادەنێن، لێرەدا نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەیەک دەدات کە تێیدا هاتووە و دەڵێت: گرنگی تێزەکەی فیش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ناکرێت باس لە سیستەمی زمانی داخراوی دەق بکرێت بەدەر لە جیهانی بەهاو دەوروبەر و مەبەست، فیش هەمیشە دووپاتی دەکاتەوە کە واتاکان لەناو دەقدا دەرناهێنرێن، بەڵکو دروست دەکرێن، ڕوخسار و بنەما کۆدییەکانی دەق واتایان دروست نەکردووە، بەڵکو ستراتیژە ڕاڤەییەکانی کۆمەڵە ڕاڤەکارەکان واتا دروست دەکەن، دەشڵێت: خوێنەر پێش ئەوەی دەست بداتە خوێندنەوەی دەقێکی شیعری، پێشتر شتی لەسەر ئەزموونی شیعری و تایبەتمەندی شیعری خوێندووەتەوە، دووپاتی دەکاتەوە ئێمە کاتێک ڕووبەڕووی دەقێک دەبینەوە بە مێشک بەتاڵی ڕووبەڕووی نابینەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزموونی پێشینەمان دەیخوێنینەوە، ستانلی فیش لە تێزە جیاوازەکەیدا چەندین جار دووپاتی دەکاتەوە کە واتا موڵکی تایبەتی هیچ دەقێکی دیاریکراوی چەسپاو نییە، هەروەها موڵکی هیچ خوێنەرێکی دەست والا نییە، بەڵکو موڵکی «کۆمەڵە ڕاڤەکەرەکانە» هەر ئەمانن لە چالاکی خوێنەران بەرپرسن و ئەو دەقانەی چالاکی خوێنەران بەرهەمی دەهێنن، فیش دیواری نێوان خودگەرایی و بابەتگەرایی دادەڕمێنێت و دەڵێت هەموو شتەکان دروست کراون نەک دۆزراوە بن، دروستکراوی ستراتیژە ڕاڤەییەکانن، کە ئێمەی خوێنەر دروستی دەکەین، واتە ئەوەی کاری ڕاڤەیی دەکات قەوارەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک تاکێکی دابڕاو و دوورەپەرێز لە کۆمەڵگە، چونکە ئێمەش بەرهەمی داوودەزگا کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانین و خود بەبێ بیروتێڕوانینە گشتییەکان بوونی نییە و یەکپارچەیی خود و بابەت شتێکە شایستەی گومان لێ کردن نییە.

ستانلی فیش چەمکی ڕاڤە بە تاکە چالاکی دادەنێت کە دەکرێت ڕەخنەکار و لێکۆڵەرەوان لە بازنەکانی وانە وتنەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییەکاندا ئەنجامی بدەن.

نووسەر لە دوابەشی ئەم کتێبەیدا تێز و تیور و میتودە ڕەخنەییەکانی چەند بیرمەندێکی دیکە لە بواری تەئویل و ڕاڤەکاریدا دەکۆڵێتەوە، لە هەمان کاتدا چەمکی «تیور» بە شێوازێکی زانستی شی دەکاتەوە، ڕەخنەکارەکان بریتین لە، جیراڵد پرێنس و چەشنێکی تر لە خوێنەر،

جۆناثان کالەر و ڕاوەستان لە ناوەڕاستی هێڵدا، میکائیل ڕیڤاتیر و توانستی ئەدەبی، من لێرەدا هەوڵ دەدەم هەندێک بیروبۆچوونی جوناثان کالەر سەبارەت بە تێزەکەی ستانلی فیش بخەمە ڕوو، هەروەها تۆزێک لە تێز ڕەخنەییەکەی میکائیل ڕیڤاتیر بدوێم، جۆناثان کالەر باوەڕبوونی بە ناوەندگیری و دەستبەکاربوون لێیەوە وای لێ کرد ڕەخنە لە تێزەکەی ستانلی فیش بگرێت، بە تایبەتی لە پشتبەستنی «فیش» بە ستراتیژە ڕاڤەییەکانی خوێنەر و بەیەکپارچەدانی خود و بابەت... کالەر دەڵێت: ئەوەی فیش ئەنجامی دەدات و ئەو گۆڕانکارییانەی لە بیروکاریدا ڕوویان داوە، ساتێکە لە ساتەکانی ململانێی نێوان گەریلەگەریی تیورەکە و دوالیزمەی گێڕانەوە، ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە لەلای تیورەکانی وەرگرتندا ناکرێت جیاوازی یەکلاکەرەوە لەنێوان ڕاستی و ڕاڤەدا بکرێت، یان ئەوەی لە دەقەکەدا دەخوێنرێتەوە، ئەوەی لە ڕێیەوە دەخوێنرێتەوە، چونکە فیش دەڵێت هەموو شتێک لە ڕێگەی ڕاڤەوە پێکدێت، دەشڵێت ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە دەڵێت: بە وردی ئەو شتانە چین کردە ڕاڤەییەکان ڕاڤەی دەکەن؟ کالەر گرنگی بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیە نادات کە خوێنەرەکان بەهۆیەوە ستراتیژەکان لەسەر کۆمەڵە کارێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن، بەڵکو گرنگی بە دۆزینەوەی سیستمە شاراوەکە دەدات کە وا لە کاریگەرییەکانی ئەدەب دەکات بێنەدی، بەڵام میکائیل ڕیڤاتیر لە تێزەکەیدا لە توانستی ئەدەبی و چەمکی شێواز دەدوێت.

لای ڕیڤاتیر شێواز خۆی لەناو زماندا دەبینێتەوە، بەڵام لە زمان جیاوازە، چونکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، زمان گشتییە، بەڵام شێواز تایبەتە و زادەی مەبەستگەرایی نووسەرێکە کە بەردەوام لە کاتی نووسیندا وەرگرێکی لە مێشک و هزردایە، هەروەها شێواز بەوە دەناسرێتەوە کە بەهۆی توانستە ئەدەبییەکەوە سەرنجڕاکێشە و تایبەتمەندییەکی سەروو «میتا» زمانی هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێواز زمانێکی بالاترە لە زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبی بەکارهێنانێکی هونەرییانەی مەبەستداری نووسەرە، لە هەمان کاتدا شێوازگەرایی «ڕیڤاتیر» ڕەهەندێکی سیمیایی ناڕاستەوخۆی هەڵگرتووە، هەروەها پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆی بە ئیستێتیکای وەرگرتنەوە هەیە، چونکە ڕیڤاتیر زۆر گرنگی بە وەرگر دەدات، پێشی وایە هێزی شاراوەی ئەم ڕەگەزانە لە دەقدا دەستەبەر ناکرێت، ڕیڤاتیر بە دروشمی «دووکەڵی بێ ئاگر بوونی نییە» چالاکییەکانی خوێنەر بە سەرچاوە ورووژێنەرەکانی دەق دەبەستێتەوە، ئەم خاڵە و جیاوازی کردنی ڕیڤاتیر لەنێوان زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبیدا، بووە هۆی ئەوەی «ستانلی فیش» ڕەخنەی توند ئاراستەی تێزەکەی ڕیڤاتیر بکات، فیش دەڵێت: لە کۆتاییدا ڕیڤاتیر جڵەوی چالاکییەکان دەداتەوە دەست دەق و لە کۆتاییدا هەر دەق ڕۆڵی ناوەندگیری دەبینێت، چونکە فیش وەک لە سەرەتادا باس کرا، باوەڕی بەجیاکردنەوەی زمانی ئاسایی و زمانی شیعری نییە، دەڵێت جیاکردنەوەی شێوازگەرایی لەنێوان ئەم دوو جۆرە زمانەدا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی تیوری لادان. لەلایەکی دیکەوە میکائیل ڕیڤاتیر لە ڕێگەی چەمکی «چاوەڕوانی»یەوە گرنگی بە ڕۆڵی خوێنەر دەدات، هەروەها ڕیڤاتیر لەگەڵ فۆرمالیستە ڕووسەکان هاوڕایە کە شیعر بەکارهێنانێکی تایبەتە بۆ زمان.

نووسەر لەم بەشەدا بە وردی چەمکەکانی «سیاقی شێوازی» و «توانستی پێشبینیکردنی خوێنەر کە سەرچاوەکەی خوێندنەوەیەکی تەنکە» لای ڕیڤاتیر شی دەکاتەوە، چونکە ڕیڤاتیر پێی وایە واتای ئەدەبی لە هەناوی زمانی دەقدایە، هاوکات بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە کە پێیان وایە واتا سەربەخۆیە و بوونی وابەستەی خوێنەر نییە. ڕیڤاتیر ڕەخنە لە خوێندنەوە بنیادگەرییەکانی شتراوس و یاکوبسن دەگرێت کە بۆ شیعری «پشیلەکان»ی شارل بۆدلێر ئەنجامیان داوە و جەختیان لەسەر نموونە دەنگییەکان و گرامەرییەکان «القواعدية grammatcal» کردووە، چونکە خوێنەر بە هەستکردن، یان لە ڕێگەی هەستەوە پەییان پێ نابات، بۆیە ناکرێت ئەم نموونە دەنگی و گرامەرییانە بە پێکهاتە کاریگەرەکانی شیعر دابنرێن.

ڕیڤاتیر دەڵێت پێویستە گرنگی بەو سیمایانە بدرێت کە بەردەوام ئاگایی خوێنەرە خاوەن قەناعەتە جیاوازەکان دەورووژێنن، ڕیڤاتیر بۆ شیکردنەوەی دەقی پشیلەکانی

«شارل بۆدلێر» پەرچەکرداری جۆرێک لە خوێنەر بە هەند وەردەگرێت کە بە خوێنەری نموونەیی، یان خوێنەری سوپەر نێوزەدیان دەکات.. لای ڕیڤاتیر چەمکی پێشبینی بایەخێکی تایبەتی هەیە، دەستەواژەی دەکرێت، یان ناکرێت پێشبینی بکەن، وابەستەی کردەی خوێندنەوەیە، ئەو کردەیەی وا سەیری دەق دەکات کە وروژێنەری هەندێک پێشبینی دیاریکراوە، لەوانەیە دەق بیانهێنێتە دی، یان پووچیان بکاتەوە.. پووچبوونەوەی پێشبینییەکان «نەهاتنە دییان».. واتە نەتوانینی پێشبینیکردن.. لای ڕیڤاتیر کرۆکی شیعرییەتە.. لەلایەکی دیکەوە ڕیڤاتیر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە واتا تایبەتمەندییەکی خودی زمانە، هیچ پێوەندییەکی بەهیچ کام لەو چالاکییانەوە نییە کە خوێنەر ئەنجامی دەدات، هاتنە وەڵامی خوێنەر بە تەنیا ئاماژەیە بۆ ئامادەیی واتای شیعری لەنێو دەقدا، بەڵام واتا پێکهاتەیەک نییە لە پێکهاتەکانی دەق، ئەم خاڵەش یەکێکە لەو خاڵانەی کاری ڕیڤاتیر لە کارو تێڕوانینەکانی «ستانلی فیش» جیا دەکاتەوە.

لێرەدا کۆتایی بەم خوێندنەوە دەهێنم و دەکرێ خوێنەرێکی تر بێت و بەشێوازێکی جیا لە پانتایی و زانیارییەکانی ئەم کتێبە بڕوانێت، من لە دەسپێکی ئەم خوێندنەوەیەدا بە دارڕژانێکی تەئویلی لە چەمکی هێرمنیۆتیکا دوام و بیروبۆچوونی بەشێک لە بیرمەندەکانم خستەڕوو، دواتریش سەبارەت بە تێزە جیاوازەکەی «ستانلی فیش» بەشێوازێکی ئیستێتیکی لەو خاڵە نادیار و شاراوەیە دوام کە خوێنەر و تێکست بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە وەک خاڵێکی نادیار سپی، چونکە فیش سەرجەم هێزە تەئویلییەکە دەخاتە شانی وەرگر و هێزە زەینییەکەی، دەق بە ئاوێنەیەک دەچوێنێت کە ڕەنگدەرەوەی چالاکییەکانی وەرگرە، بۆیە دەتوانم بڵێم کاتێک خوێنەر بەچاوی شیعر سەیری دەقێک دەکات، هەستێکی نادیاری ئیستێتیکی لەگەڵ دەقە شیعرییەکە بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، دەکرێت بە بەشداریکردنێکی شیعری و ئیستێتیکی سەیر بکرێت، مەبەستم ئەو پێوەندییە نادیارەیە کە لەنێوان دەق و وەرگردا دروست دەبێت، هەڵبەتە «فیش» هەموو چالاکییەکان لە زەینی وەرگردا دەبینێتەوە، ئیدی لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵم داوە پوختەی ئەو بیروبۆچوون و زانیارییانە بخەمە ڕوو کە پێوەندییان بە تیورەکانی وەرگرتن و هاتنە وەڵامی خوێنەرەوە هەیە، چونکە ئەم کتێبە دانسقەیە وێڕای ئەوەی توێژینەوەیەکی قووڵ و بەرفراوانە لە بارەی ئیستێتیکای وەرگرتن و ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر، لە هەمان کاتدا کتێبێکە پڕاوپڕ لە زانست و زانیاری لە بارەی ڕەخنەی نوێوە.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: تیورەکانی وەرگرتن، لە ئیستێتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر.**

**نووسەر: دکتۆر یادگار لەتیف شارەزووری.**

**چاپخانەی: حەمدی ٢٠١٢.**

**لە بڵاوکراوەکانی شازدەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٢.**



# ڕۆمانی: وتیارێک ڕووی لە کەس نییە.. وتیارێک ڕووی لە هەموو کەسێکە

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

**پێشەکییەکی کورت**

ئەگەر فانتازیای نووسین و داهێنان لە دنیای ئەدەبدا ئەوە بخوازێ بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر پەنا بۆ دەیان فێڵ و تەکنیکی نووسین ببەیت، ئەوە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی جوانییەکانی دەق و ئاشکرا کردنی ئەو فێڵ و تەکنیکانە پێویستە بەپێچەوانەی نووسەرەوە شیکاری ڕاستییەکان بخاتە ڕوو، واتە ئەوەی نووسەر شاردوویەتییەوە تۆ ئاشکرای کەیت، گرتنەبەری ئەم دوو ڕێگایە مافی هەردوولایە، ئەوەی نووسەر لەکاتی نووسیندا پیادەی دەکا شێوازی نووسینەکەیەتی، هەموو شێوازێکیش بۆ جوانکردن و خۆشکردنی تاموچێژی بەرهەمەکەیە، چونکە ئەوەی قسەی سەرجادە و بازاڕ لەکاری ئەدەبی، یان ئەوەی ئەدەب لە کایەکانی تری وەک سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری جیا دەکاتەوە ستایلی نووسینەکەیە، لەم بوارەشدا هەر نووسەرە و شێوە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، کە بۆ نووسینی بابەتەکەی بەکاری دەهێنێ، لێرەوەیە زۆرجار بابەتێک دەخوێنیتەوە بێ ئەوەی ناوی خاوەنەکەی لەسەر بێت یەکسەر بەشێوازەکەی دەزانی ئەوە بابەتی فڵانە نووسەرە، ئەمە شێوازە، لەناو شێوازیشدا تەکنیکی چنین هەیە، واتە یەک نووسەر دەتوانێ بۆ هەر بابەتیک چنینێکی جیاواز هەڵبژێرێ، بەڵام لەچوارچێوەی هەمان شێوازدا، هەرچەندە ئەمەیان هەندێک جار دەبێتە هۆی گومبوونی ڕێبازە سەرەکییەکەی خودی نووسەرەکە، بەڵام دیسان کاری جوانکردن و بەرهەمهێنانی دەقی پوخت پێویستی بە تەکنیکی جۆراوجۆرو جوان و بە سەلیقە هەیە.

لە هەندێ حاڵەتی دیکەشدا نووسەر بۆ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە نەبێت، خۆی لە وتنی ڕاستەخۆ دەبوێرێ و پەنا بۆ تەکتیک و تەکنیکی جۆراوجۆر دەبات، کە لە ئەنجامدا دەگەڕێتەوە بۆ فەزاو مەودای ڕێگەپێدان لە قسەکردن و گوزارشت کردن لەخۆ، ڕۆمان یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبیانەی کە مەودایەکی بەرین و زۆری هەیە بۆ قسەکردن لەسەر زۆربەی

کایەکانی ژیان، لێرەدا ناگەڕێینەوە بۆ چۆنیەتی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆمان، بەڵام دەڵێین ڕۆمان هەرچییەک بێت و هەرچۆنێک بێت لەناو بازنەی ژیاندا دەنووسرێ و دەخولێتەوە، بە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی و مێژوویی و سیاسیشەوە، ڕۆماننووس کەسێک نییە لە پانتاییەکی خەیاڵیدا بژێ و بۆ کەسێکی خەیاڵی بنووسێ، هەموو ڕۆماننووسێک بنیادەمێکەو لە مێژووی میللەتێکەوە هاتووە، بە نووسینەکانی گوزارشت لە ژیانی خۆی و میللەتەکەی دەکات، ئیتر هەر نووسەرەو بە شێوەیەک ئەم کارە دەکات، لێرەدا مەسەلەی جوان و ناشیرینی بەرهەم بەرانبەر باشی و خراپی بەرهەم سەرهەڵدەدات، کێ جوانی وتووەو کێ ناشیرینی وتووە، ئاشکراکردنی ئەمەیان بەشێکە لە وەزیفەی ڕەخنەگر، ئەویش بە شیکردنەوە و بەرچاوخستنی لایەنە جوان و ناشیرینەکانی دەق، تەکنیک و شێواز دوانەیەکن لەو شێوازانەی کە نووسەران بۆ جوانکردن و گوزارشکردنی ڕەوان لەخۆیان و بەرهەمەکانیان بەکاری دەهێنن، بۆیە هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوەی تەکنیک و شێواز ئامرازێکی ڕەوایە بۆ دەرخستنی جوانی و ناشرینییەکانی بەرهەم، هەروەها ئەو شێوازانەی کە تاڕادەیەکی زۆر تێهەڵکێشی ناوەرۆکی دەقەکان بوون، ڕەخنەگر بەئاسانی ناتوانێ لە یەکتریان جیاکاتەوە، چونکە شێوازو ڕێبازی نووسین لای هەندێ نووسەر لەگەڵ دەقەکەدا دەبن بەیەک بابەت و لە بۆتەی یەکتردا دەتوێنەوە، لێرەوە ئیتر هەر هەوڵدانێک بۆ جیاکاری نێوان دەق و شێوازەکەی دەبێتە ئەرکێکی گران و قورس، بە شێوەیەک کە ڕەخنەگر بە ئاسانی ناتوانێ شێواز لە ناوەرۆک جیاکاتەوە.

## جەلیل کاکەوەیس و شێوازێکی تایبەت

جەلیل کاکەوەیس یەکێکە لەو چیرۆکنووس و ڕۆمانووسانەی کورد کە لە بەرهەمەکانیدا بایەخێکی زۆر بەلایەنی تەکنیک و شێواز دەدات، لەم بوارەشدا شوێن پەنجەی دیارەو خاوەنی ڕێبازێکی تایبەت بەخۆیەتی، ئەم نووسەرە سەرەڕای غەمی بابەتەکانی، هەمیشە غەمی شێواز و تەکنیکی نوێ و فەنتازیاشی هەبووە، ئەوەی بەرهەمەکانی ئەم پیاوەی بەوردی خوێندبێتەوە بۆی دەردەکەوێ سەرەڕای هەموو ئەو بوارانەی کە داهێنانی تێدا کردووە هیچ کاتێک شێوەو شێوازی تایبەت بەخۆی فەرامۆش نەکردووە، بەقەد بایەخدانی بەهەڵبژاردنی بابەتی بەپێز و جوان بۆ ناوەرۆکی بەرهەمەکانی هەمیشە بایەخی تەواویشی بەچۆنیەتی نووسین و چنینی بابەتەکانی داوە، بۆ ئەو چۆن نووسین هیچی کەمتر نەبووە لە چی نووسین، هەرچەندە بابەتی دەقەکانی زۆربەیان پەیوەستن بەکێشەی نەتەوەیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەوە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، لەم بوارەشدا هیچ کاتێک قەڵەمەکەی نەترساندووە و بوێرانە پەنجەی لەسەر برینەکان داناوە، وەک لە ڕۆمانی وتیارێک ڕووی لە کەس نییەدا دەیبینین، بێ گومان ئەم هەڵوێستەشی بێ باج نەبووە، بە هەرحاڵ ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە و دەمانەوێ لەم کورتە وتارەدا باسی لێوە بکەین بایەخدانی جەلیل کاکەوەیسە بەئاستی تەکنیک و شێواز و شێوەی دەربڕین، لێرەشدا ڕەنگە ئەو وتەیە پڕ پێستی خۆی بێت کە دەڵێت شێواز خودی نووسەر خۆیەتی، چونکە ئەو لە نووسینەکانیدا بەقەد سوودوەرگرتن لە تەکنیک و شێوازە نوێکانی دنیا خۆیشی دەستەوەستان نەبووە لە هەوڵ و تەقەللا بۆ دۆزینەوەی ستایلی تازەو تەکنیکی پوخت و گونجاو بۆ دەقەکانی، لەم ڕێگایەشدا هەنگاوی باشی ناوەو توانیویەتی شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەتایبەتی لەبواری گەمەکردن بە وشەو هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی فرە مانایی لە دەقدا، هەروەها هەوڵی داوە مانای تازەو دەلالەتی نوێ بە وشەکان بدات، ئەمەش بەو ئاراستەیەی کە وا لە خوێنەر بکات بۆ بەدەستهێنانی مانا تازەکان زیاتر بیر بکاتەوە و لە تێگەیشتنی ڕۆژانەی لەکاتی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ وشەکاندا وردبینتر بێت، وشە لای جەلیل کاکەوەیس تەنیا دەلالەتێکی ماددی نییە گوزارشت لە مەدلوولێکی مانا پێدراوی پێشوەخت بکات لای بیسەر و خوێنەر، بەڵکو وشە لای ئەو تیرێکە کە دەکرێ بە ئاراستەی جیاجیادا بیهاوێژرێ و لەگەڵ هەموو هاویشتنێکیشیدا مانایەکی تازەی پێ بدرێت، لێرەوە وشەکان بەگوێرەی

بەکارهێنانەکانیان دەگۆڕێن و مانای تازە بەرهەم دەهێنن، ئەم شێوە مامەڵەکردنە لەگەڵ وشەدا شێوەیەکی تایبەتە لە شیعراندنی دەق، بەو پێیەی کە مانا باوەکانی وشە دەبێتە یەکێک لە ماناکانی و دەیان مانای تازە لەگەڵ بەکارهاتنیدا دێتە ئاراوە، بەم شێوەیە چنینی دەقەکان دەچنە ئاستی فانتازیایەکی کەونییەوەو تەنیا لەبوارە رووکەشەکەیاندا نامێننەوە، بەڵکو توانەوەیەکی گەردوونی بەخۆوە دەبینن، بۆ نموونە جەلیل کاکەوەیس لە رۆمانی وتیارێک رووی لە کەس نییە لە چەند جێگایەکدا یاری بە وشە کردووە و لەئاستە ئاساییەکەی و مانا باوەکەی دووری خستووەتەوە، بەم شێوەیەش مانایەکی پێچەوانەی پێ داوە، کە پێویستە لەسەر خوێنەر بۆ مانا تازەکەی لە دەرەوەی تێگەیشتنی باوی خۆی لە ماناکان بگەڕێ.

## وتیارێک رووی لە کەس نییە

ئەمە ناوونیشانی ئەو رۆمانەیە کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین و هەڵیدەسەنگێنین، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێداو وتم گەمەکردن بە وشەو بەکارهێنانی بۆ مەبەستی داهێنان و جوانکاری حەزێکی لەبن نەهاتووی جەلیل کاکەوەیسە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت (وتیارێک رووی لە کەس نییە) دەقاودەق مەبەستیەتی بڵێت (وتیارێک رووی لە هەموو کەسێکە) هەر بەڕاستیش وایە، وتیاری نێو ئەم رۆمانە رووی دەمی لە هەموو کەسێکە، هەڵبەتە کەسی مەبەستیش لێرەدا تاکی کورد و خوێنەری کوردە، چونکە سەرجەمی دەقەکە بەدەوری ئەودا دەسوڕێتەوە و باس لە نەهامەتییەکانی ئەو دەکات، بەڵام لێرەدا گرنگ ئەوەیە بۆچی جەلیل کاکەوەیس لەنەفییەوە دەست پێدەکات کاتێک دەڵێت ئەم وتیارە رووی لە کەس نییەو کەس نەیباتە سەرخۆی، لەکاتێکدا کە سەرجەمی رۆمانەکە باسی دەوروبەرو نەهامەتییەکانی تاکی کوردە هەر لەکۆڕەو و ئەنفال و هەڵەبجە و تەعریب کردنی کەرکووکەوە بیگرە تا دەگاتە خیانەت و شەڕی براکوژی و دزین و تالانبردنی سەروەت و سامانی میللەت، ئەمە یەکێکە لەو سیمایانەی کە لە زۆربەی بەرهەمەکانی تری جەلیل کاکەوەیسدا هەن، کە ئێمە وەک گەمەکردنێکی فانتازیانە بە وشە ناومان لێناوە، خۆشاردنەوەی وتیارەکە لەپشتی ناوونیشانێکەوە کە پڕە لە قسە و باس و بەسەرکردنەوەی تەواوی رووداوی ناو رۆمانەکە و قسەکردن لەسەر کۆی نەهامەتییەکانی ژیانی رۆژانەی میللەتی کورد، چ لەکاتی کۆڕەوەکەدا بێت، یان پێشتریش روویان دابێت، بەتایبەتی لەشاری کەرکووک کە چەقی زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی جەلیل کاکەوەیسە ئەوەمان بۆ دەردەخات وتیارەکە ترسی لەشتێک هەیە کە ناوێرێ بە ئاشکراو راستەوخۆ قسەکانی بدرکێنێ، بۆیە خۆی لەبەیانکردن و وتنی راستەوخۆیان دەدزێتەوە، ئەم شێوە خۆشاردنەوەیە مانای پێچەوانەو شێوازی جیای کارکردنی نووسەر لەسەر کۆی رۆمانەکە، بەمەرجێک لەکاتی خوێندنەوەیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە وتیار رووی لە هەموو تاکێکی میللەتی کوردە و هەقیقەتەکانی دەخاتە بەردەست، هەروەک چۆن جۆیس لە رۆمانی هونەرمەند لەتافی لاویدا لەکەونەوە دەست پێدەکاو بازنەکە بچووک دەکاتەوە تا دەگاتە ژوورێک لەماڵێکدا لە گەڕەکێکی شاری دبلن، جەلیل کاکەوەیسیش لە ژووری ماڵێکی گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکووکەوە دەست پێدەکاو بەرەو هەموو عیراق و ئاسیا و دنیا دەچێت، بەم شێوەیە بلقی بازنەکە گەورە دەبێتەوە و لەچوارچێوەی ئازاری خێزانێکەوە ئازاری میللەتێک دەخاتەڕوو، بە مەرجێک ئەو رووداوانەی لەم رۆمانەدا دەقەومێن تا ئاستێکی ترسناک مرۆڤ دەتاسێنن، ئەو هەقیقەتە تالانەی دەخرێنەڕوو ژاناوین، خوێندنەوەیان مرۆڤ ناچار دەکات هەڵوێستی هەبێت و وەک حاجی قادر بڵێ:

**ئەوەی نەیبێ بیری تۆڵە**
**لەباوکی خۆی نییە و زۆڵە.**

## ناوەرۆکی رۆمانەکە

رۆمانەکە بەم رستەیە دەست پێ دەکات (وەک ئەوەی خەونێکی ناخۆشی بینیبێت، کە چاوی هەڵهێنا نیگای بە بنمیچی خێوەتەکەوە رووا). بەم رستەیەش کۆتایی دێت (کە کەوتنەڕێ و دوور کەوتنەوە کۆسار ئاوڕی دایەوە لە دووری دوورەوە تاقە خێوەتێک لە دامێنی گردێکدا هەر ئەوەتا وەک تارماییەک دیار بوو، هەر لەوێوە گوێی لەدەنگێ

بوو: مرواری.. هۆوو مرواری ی ی ی ....) لەنێوان ئەم دوو خێوەتەدا مەودایەکی زەمەنی درێژ هەیە کە پڕیەتی لە ڕووداو و بەسەرهاتی تراژیدیانە، کە بەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەرکووکییەکان بەتایبەتی هاتووە، ئەم ڕۆمانە باس لەو نەهامەتییانە دەکات کە بەسەر کورد هاتوون، هەر لەهاتنە سەر تەختی بەعسییەکانەوە تا دەگاتە ساتی ڕووخان و لەناوچوونیان، کە خۆی لە تەعریب و تەرحیل و کیمیاباران و کۆڕەودا دەبینێتەوە، دەسپێکی ئەم ڕووداوانەش لەماڵی کوردێکی هەژاری کەرکووکەوە دەست پێ دەکات کە ناوی کۆسارە، بەڵام بەعسییەکان ناویان گۆڕیوە بۆ عابد عەجەم، ئەمەش دوو دەلالەتی هەیە، یەکەم دەلالەتی ئەو تەعریبەیە کە کەرکووکی بە زەوی و مرۆڤ و داروبەردەوە گرتووەتەوە، دووەم بەواتای غەوارەبوونی کورد دێت لە عیراقدا کە وەک بێگانەو عەجەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، نەک وەک خاوەن ماڵ و زێدی خۆی (کەواتە من دوو کەسم، کۆساری داخ لەدڵ و چاو لەتۆڵە سەندنەوە، کۆسارێک کە لە هەموو تۆمارە فەرمییەکان جێگیر بووە و باوکیشم بە ئومێدو ئەڵهایەکەوە ئەو ناوەی لێ ناوم گوایا ڕەنج بە خەساری نەکەم و لەبانەڕۆژدا شایستەی ئەو ناولێنانە دەبم، بەڵام عابد عەجەم ناوێکە ئەو کەسانە بەسەریاندا سەپاندووم تا ببمە کۆیلەیەکی گوێڕایەڵیان و لە فەرمانیان دەرنەچم، دەزانم ئەوان کۆساریان بۆ قووت نەدەچوو، چونکە بۆنوبەرامی چیاو بەندەنی لێدەهات، بۆنی یاخی بوونی لێدهات) ئەم کۆسارە فەرمانبەرە لە یەکێک لە دەزگاکانی میریدا دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ وەک هەزاران خەڵکی تر هەڵدێت بۆ ئێران، لەوێ لەسەر سنوور شەوێک دەنگی بانگەوازێک کە هی کابرایەکی کوێرە بۆ کچەکەی دەگەڕێ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ کوێر بووان و ونبووانی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە، کە ئەوساو ئێستاش هێشتا خەڵک بۆ منداڵە ونبووەکانیان دەگەڕێن و نایاندۆزنەوە، لێرەدا نەهامەتییەکانی میللەتی کورد یەک دەگرنەوە و کارەساتی هەڵەبجەو تەعریب و تەرحیلی کەرکووک دەبنە یەک، بەم شێوەیە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەوەی کە چۆن ئەمن و ئیستیخباراتی وەک سامر ڕەحال و ماهیر جبوور خۆیان دەخزێننە ماڵەکانەوە و بە زۆر داگیری دەکەن و خاوەنەکانیان ناچار دەکەن جاسووسی و سیخوڕییان بۆ بکەن، لەم بوارەشدا بەسەرهاتێکی گورجکبڕی پڕ لە مەرگەسات دەگێڕێتەوە کاتێک ئەمنەکان باوکێک ناچار دەکەن کە فێڵ لەکوڕە فیرارەکەی بکات و برا بچکۆلەکەی بەشوێنیدا بنێرێ ، تا پێی بڵێت وەرەوە بۆ سەردانی دایکم، چونکە نەخۆشەو ئەڵها دەکات، ئەویش شەوێکیان بەدزییەوە دێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ سەردانی دایکی، کەچی ئەو ئەمنانەی کە لەماڵیاندا خۆیان حەشارداوە دەیگرن و دەیبەن لەسێدارەی دەدەن، ئەمەو دەیان بەسەرهاتی لەم شێوەیە، کە لەم ڕۆمانەدا هەن و هەمووشیان باس لەخیانەت و ناپاکی و زوڵم زۆرداری دەکەن، هەروەها باس لەبەشداریکردنی وڵاتانی ئەوروپایش دەکات لەپێدانی چەکی کۆکوژو کەرەستەی سەربازی بەڕژێمی لەناوچووی بەعس، ئەمەشیان لەچوارچێوەی هاتنی کارمەندێکی ئەڵمانی بەناوی ماکس ئەڵمانی بۆ گەڕان بەدوای شوێنەوارو ئاوەدانکردنەوەی بارودۆخی ئاکنجی عیراق، کە لەدواییدا ڕووبەڕووی ئەو هەقیقەتە دەبێتەوە کە ئەوانیش لەکوشتن و بڕینی گەلی کورددا بەشدارن، هەروەها دان بەوەدا دەنێت کە ئەوان هاوکاری بەعسییەکان بوون بۆ تۆقاندن و بێ ئیرادەکردنی تاکی کورد، پاشان ڕۆمانەکە باس لەو نەهامەتی و دەردەسەرییانە دەکات کە تاکی کورد لەو ئۆردووگایانەدا دەیچەشت، کە چۆن تورکەکان و فارسەکان زوڵموزۆریان لێ دەکردن، چۆن بەسواڵ و سەدەقە دەژیان.

ڕەنگە ئەم ڕۆمانە تاکە کارێکی ئەدەبی کوردی بێت کە بەم شێوەیە ڕەخنەی ڕاستەوخۆی ئاراستەی کۆڕەو کردبێت و ئەم کارەی بەکارێکی باش نەزانیبێت و پێی باش نەبووبێت سەرجەمی میللەتێک بەم شێوە دەستەجەمعییە وڵات و نیشتمانی خۆی بەجێ بهێڵێ، ڕۆماننووس پێی باش نییە، هیچ مرۆڤ ئاوا بەئاسانی بەبێ مقاومەت و بەرەنگاربوونەوە کۆچ بکات و زێدی خۆی بەجێ بهێڵێ، دوای ئەمانە ڕەخنەی خۆی ئاراستە شۆڕشگێڕەکانیش دەکات کە

هەمیشە بەناوی شۆڕشەوە درۆیان لەگەڵ تاکی کورددا کردووە، هەمیشە بەگورگان خواردیان داوە، هەمیشە هەرزان فرۆشیان کردووە، ئەوەتا لە وەڵامی چراخانی ژنیدا دەڵێت (لە گەڕانەوە دەترسم، چونکە ئێمە کاڵایەکی هەرزان بەهاین و هەمیشە لەبەردەستداین و بەشتێک دەمان گۆڕنەوە کە لە نرخی خۆمان یەکجار کەمترە.) ئەویش لێی دەپرسێت کێ دەمانگۆڕێتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەمانەی ئەم دیو و ئەو دیوی سنوورەکان وەک کاڵای قاچاخچییان هەر جارەی ڕادەستی یەکێکمان دەکەن، خۆ تۆ بەچاوی خۆت جەنگاوەرە دێرینەکانی خۆمانت دی چۆن تەفرەیان داین، هەرکە لەناو شارەوە لافاوی خەڵکە تۆقیوەکە جما، ئیدی ئەوان بوون بەپێش قەرەوڵی بەزین). بەم شێوەیەو بەم زمانە ڕەخنەی خۆی ئاراستەی تەواوی پرۆسەکە دەکات و بێ ترس بیروبۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، ئەم ڕۆمانە پڕە لەم جۆرە ڕەخنانەو بە تەواوی بەجومگەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆچووە، ئەم وتیارە کە بەپێچەوانەی ناوونیشانەکەوە ڕووی دەمی لە هەموو کەسێکە درێژە بەگێڕانەوەکانی خۆی دەدات و ڕەخنەی خۆی ئاراستەی زۆربەی ئەو کایانەی نێو کۆمەڵگە دەکات کە بە ڕاستی نازانێ، تا لەکۆتاییدا سەرجەمی گێڕانەوەکە تێهەڵکێشی سرووتێکی ئەفسانەیی دەکات و چەمکی باسەکە دەکاتە گرێدراوی سەرجەم سیماکانی نێو ڕۆمانەکە بەمەش تێهەڵکێشییەکی هونەری لەنێوان واقیع و خەیاڵدا بەرجەستە دەکات و دەرگای زۆربەی ئەگەرەکان بە ڕووی خوێنەردا دەکاتەوە، بەم شێوەیەش بەهێواشی پەلکێشی نێو پانتایی دەقەکەی دەکات و دەیکاتە بەشێک لە ڕەخنەکانی، یان هەر هیچ نەبێت دەیکاتە خوێنەر و بیسەری ڕەخنەکانی، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەگەڵ هەڵکردنی گەردەلوولی بیاباندا، ئەمانیش هەڵدەکەن و گەشە دەکەن تا دەگاتە ساتی قەڵپوقوون بوونی بەعسییەکان و کۆتایی هاتنی ڕژێمە خوێناوییەکەیان لەسەر دەستی ئەمریکاییەکان، بەڵام ئەمانە بەڕووخانی خۆیان وڵاتێکی وێران و کاول بۆ خەڵکەکەی جێ دەهێڵن، کە جگە لە قاروخەفەت هیچی تر بۆ دانیشتوانەکەی فەراهەم ناکات.

هەرگیز خەڵکی کەرکووک ئەو هەموو زوڵموزۆرەی بەعسییەکانیان لەبیرناچێتەوە، کە چۆن ماڵ و حاڵیان لێ زەوت دەکردن و دەستدرێژییان دەکردە سەر ناموسیان، ئەمڕۆش بەتەقینەوەو تیرۆر و ترس پەرە بەکارە نەگریسەکانیان دەدەن، بیرەوەری کوردی کەرکووک هەمیشە ئەو یادەوەرییە دەبێت کە نەوە لەدوای نەوە ڕق ئەستوورتر دەبێت لەسەر پێداگری لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووک و دەست هەڵنەگرتن لەخاک و زێدی خۆیان.


**شوێنکات لەم ڕۆمانەدا**

لەم ڕۆمانەشدا وەک زۆربەی کارەکانی تری جەلیل کاکەوەیس شوێن دیسان کەرکووک و گەرمیانە (شارناوە)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆژیەتی نووسەر لە پەیوەست بوونی بەشوێنەوە، هەروەک هەمووشمان دەزانین شوێن هاوپێچەی کاتەو لێی جیا نابێتەوە، بۆیە دەتوانین بەپێی قۆناغی گێڕانەوەو گەشەکردن و هەڵکشانی ڕووداوەکان، زەمەنیش دەستنیشان بکەین، چونکە ئێمە دەزانین شوێن و ڕوودانی ڕووداو کاتیش دەستنیشان دەکات، بەو پێیەی زەمەن خاڵێکە لە زنجیرەیەکی بەردەوامدا، ڕووداوێک لە خاڵێکی دیاریکراودا دەستنیشانی دەکات، بەبێ ڕووداو زەمەن وەک بینی ئاو دەکشێ و یەک مەودا وەردەگرێ، بەڵام ڕوودانی ڕووداوێک، هاتنە پێشی کارێک خاڵێک لە زنجیرەی کاتدا دەستنیشان دەکات و دەبێتە مێژوو، کە خودی مێژوو ئەو کاتەیە، لە ڕووداوێکدا خۆی دەگرێتەوە و پێی دەناسرێتەوە، ساڵەکان و ڕۆژەکانیش هەر بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێن، کات لە ڕۆمانی وتیارێک ڕووی لە کەس نییە، دوو ئاراستەی هەیە، یەکەم زەمەنی دەروونی پاڵەوانەکەیە کە لە چرکەساتێکدا تەواوی ڕووداوەکانی بەبیر دێتەوە و دەیانگێڕێتەوە، کە دەتوانین بە زەمەنی سایکۆلۆژی ناوی ببەین، ئەم زەمەنە بریتییە لەو چرکەساتانەی کە ڕووداوەکان جارێکی تر بەزهنییەت و هۆشی پاڵەواندا تێدەپەڕن و خۆیانی بیر دێننەوە، هاتنەوە یادی ڕووداوەکان کاتەکانیشی دەستنیشان دەکات. کاتی دووەم کاتێکی ماددییانەیە، بەو مانایەی کات بوونێکی واقیعی هەیەو لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکاندا

ئەویش هەڵکشان و داکشان دەکات و خۆی نمایش دەکات، شوێن و ژینگەی ڕۆمانەکە تاڕادەیەکی زۆر شوێنێکی نائارامەو پڕە لە توندوتیژی، ئەمەش خۆی لە بوونی ئەو هەموو ڕووداوە تراژیدیانەدا دەبینێتەوە کە ڕۆژانە ڕوودەدەن، توندوتیژی و قەساوەتی ژینگەکە کاری کردووەتە سەر مرۆڤەکانیش، کەرکوک لەو ڕۆژەوەی نەوتی لێ دۆزراوەتەوە و پێشتریش لەبەر بەپیت و بەرەکەتی خاکەکەی بۆ مرۆڤی کورد بووە بەزیندان و گۆڕستان، پێش ئەوەی عەرەبەکان تەعریبی بکەن، تورکەکان تەتریکیان کرد، کۆمەڵێ دەستوپێی خۆیان لەو شارەدا جێگیر کرد، کە تا ئەمڕۆش وەک گرێی بەر تەوشێ، ڕێگرن لەبەردەم گەیشتنی کورد بەمافە ڕەواکانی، شوێن لە تەواوی ڕۆمانەکەدا ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە، بەتەواوی قورسایی خۆیەوە ڕووداوەکانی لەئامێز گرتووە، بەپێی توندوتیژی خۆشی کە زۆربەیان دەستکردی داگیرکەرەکانیەتی مرۆڤەکانیشی توندوتیژ و شەڕانی و ناجنسن، ئەمەش بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە کە تێیدا دەژین، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کوردانی کەرکووک سەرەڕای ترس و تۆقین و کەشوهەوایەکی سەرتاسەر لە زوڵموزۆر زێدو وڵاتی خۆیان (کەرکووک) خۆش دەوێ و بەئاسانی دەستبەرداری نابن، ئەو شوێنانەش کە بەڕاشکاوی ناویان هاتووە، بێجگە لە کەرکووک، گەڕەکەکانی وەک ڕەحیماوە، تەپە، زێوێ و چەندان شوێنی تر کە هەموویان شوێنی ناسراوی شاری کەرکووکن، ڕاستە هەندێ شوێنی تریش لەم ڕۆمانەدا بوونیان هەیە، وەک ئۆردووگای ئاوارەکان لەخاکی ئێران، بەڵام ئەمانە شوێنی لاوەکین و شوێنی سەرەکی نین کە خۆی لە کەرکووکدا دەبینێتەوە و بووە بەچەقی ڕۆمانەکەو تەواوی ڕووداوەکانی لەسەر وەستاوە.

### باسی کۆتایی

ڕۆمانی وتیارێک ڕووی لەکەس نییە، ئاوڕدانەوەیەکی تاڵە لەو مێژووە پڕ لە دەردەسەری و زوڵموزۆرەی بەگشتی بەسەر گەلی کورد و کەرکووک بەتایبەتی هاتووە، داهێنانێکی بوێرانەیە لە دەستنیشانکردنی گرفتەکان و پەنجەخستنە سەر ڕاستییەکان، هەڵبەتە وتنی هەقیش بوێری و ئازایەتی دەوێت، کاتێک کە ڕۆماننووس ئەو هەموو تراژیدیامان بۆ دەگێڕێتەوە، زۆر بە ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت لەوەی بەسەر کوردو بەسەر کەرکووک هاتووە تەنیا دوژمن بەرپرسیار نییە، بەڵکو خودی خۆشمان وەک کورد بەرپرسیارین، چ وەک تاک و چ وەک میللەت و چ وەک دەسەڵات، بڕوا بەخۆ نەبوون دەردێکی کۆنە کە هەزاران ساڵە تاکی کورد بەدەستییەوە دەناڵێنێ، خۆخۆری و جاشایەتی و خیانەت کۆمەڵێک دەردە کوردی ترن کە لەم ڕۆمانەدا باسکراون، نووسەر تا ئەو شوێنەی بۆی کرابێت درێژەی بەحیکایەتەکان داوەو بەسەر یادەوەری خۆی و شاری کەرکووکدا چووەتەوە، ئەوەی بۆی لوابێت گوتوویەتی، خۆ ئەگەر هەموو دەردەکانیشی دەستنیشان نەکردبێت، ئەوە بێ گومان لایەنێکی باشی لێ بەسەرکردووەتەوە، بۆیە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزای شوێن و جوگرافیای ڕووداوەکانن تا ئاستێکی زۆر مایەی ئازارو خەفەتن، ئەو هەقیقەتە لەلای خوێنەر دەخەنەڕوو کە تاکی کورد نەیتوانیوە وەک پێویست سوود لە ڕابوردووی خۆی ببینێ، هەر ئەمەشە وای لە مامۆستا جەلیل کردووە بەحەماسەوە ئاوڕێکی ڕەخنەئامێز لە ڕابووردووی میللەتەکەمان بداتەوە و ئەو هەموو تراژیدیایەمان لە دووتوێی ڕۆمانێکدا بۆ بخاتەڕوو، بێ گومان خوێندنەوەی دەبێتە هۆی ڕامان و هەڵوێستە کردن لەوەی کە ئێستا هەیە و لەوەشی کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە و هەبووە.




# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی کرێمستی

د. ئازاد هیدایەت دەلۆ
(زانکۆی سۆران)

ئەم ناوونیشانەی سەرەوە، واتە (کرێمستی) ناوونیشانی ڕۆمانێکی ئەدیب و نووسەر (کەریم کاکە)یە، کە لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی چاپ کراوە، ژمارە ٤٩ ی کتێبە چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٣ ی بەرکەوتووە و بە تیراژی ٥٠٠ دانە و بەقەبارەیەکی گەورە و تەنیا ٢٠٠ لاپەڕە لەخۆ دەگرێت.

ئەم ڕۆمانە لە تەنیا سێ بەش پێکدێت و هەمووشیان تەواوکەری یەکترین و لەهەمان بابەتەوە دەست پێ دەکاتەوە، ناوونیشانی ڕۆمانەکە زۆر سادەیە و هەر لەیەکەم لاپەڕەوە مەبەستی ناوونیشان بە دەستەوە دەدات و خوێنەر سەرەتا بە بابەتێکی منداڵانەی لەقەڵەم دەدات، بەڵام ناوەرۆک زۆر لەوە گەورەترە و کرێمستی توانەوەی زۆر ئاستەنگە و تا کۆتایی دوا لاپەڕەش بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ناوەرۆک هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی باس لە ئەوینداری نێوان دووکەس دەکات کە لە منداڵییەوە بە شێوەیەکی ئاسایی خوویان بە یەکەوە گرتووەو هەمیشە پێکەوە بوونە، تاکو سەردەمی مێردمنداڵی و لاوێتی و کامڵبوون، خوشەویستیشیان لەگەڵ تەمەندا گەورە دەبێت، بەتایبەتی (هاوار) کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ئەرکی گێڕانەوە و بینینی ڕووداوەکانیشی پێ سپێردراوە، هەرخۆشی عاشق و ئەویندداری یەکەمە لەو دوو منداڵەی کە چیرۆکەکەی لەسەر بنیاد نراوە، هاوار بە سێ باردا تا کۆتایی هەروەک نووسەر خۆشی ئاماژەی پێ دەکات ئەرکی گێڕانەوەی پێ دەسپێردرێ، یەکەمیان نووسەر خۆی و دواتر وەک منی تاک و دواجاریش دەبێت بەکەسی دووەمی تاک، واتە (تۆ)، نووسەر سەرکەوتووانە لەگەڵ خۆشەویستی و ئەویندداری نێوان هەردوو دڵخواز، یان باشتر بڵێین هەردوو منداڵ، بەسەرهاتی مێژوویی تێهەڵکێش دەکات و لەکاتی گێڕانەوەدا ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخی ماڵ، ئینجا گەڕەک، پاشان شار تا دەگاتە کوردستان و هەموو وڵاتمان بۆ دەگێڕێتەوە، ناوبڕە مێژووییەکەش لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول تا

دەگاتە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١و شەڕی براکوژی کوردستانی باشوور، هەروەها شوێنگەی جوگرافی ڕووداوەکان شاری هەولێر و دەوروبەریەتی، کە تێیدا نووسەر توانیویەتی بەجوانی باسی شوێنەکان و چۆم و دەشتەکەی، سەربان و کۆلان و مزگەوت و قەبرستان و وێنەی داربی و دار خورما و ماڵەکان بە جوانی بکێشێت، تا دەگاتە شوێنە گشتییەکانی وەک قەڵاو منارە و حاجی لەقلەق و چایخانەی بایبزیش، پێم وایە خوێنەر پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە لە دەوروبەری قەڵات بۆ نموونە چاوێ لەو شێنە بکات کە (هاوار و گوڵنار) بە خلیسکانێ لێی هاتوونەتە خوارێ، یان خوێنەر ئارەزووی بینینی منارە دەکات و حەزی دەچێتە سەر هەڵکشان بە پێپلیکانە سەیرەکەیدا کە نووسەر بەشێوەیەکی سیحرئامێز باسی لێوە دەکات.

بەشداربووانی ڕۆمانەکە لە دوو سێ خانەوادە تێپەڕ ناکات، دەتوانین بڵێین ڕۆمانەکە بەگشتی لە ئەڵقەیەکی بەرتەسکی دیاریکراودا دەخولێتەوە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە نووسینەوەی ڕوداو و بابەتەکان و بەدوای یەکدا هاتنیان بە شێوازێکی هونەری جوان دارێژراوەو مامەڵەیان لە گەڵدا کراوە، شێوازی گێڕانەوە بەگشتی بە شێوەیەکی سادەو ساکارە و بێ پێچوپەناو ئاڵۆزی و بەکارهێنانی جەفەنگ نووسراوەتەوە، بەمەش تاڕادەیەک خوێنەر بۆ بەردەوام بوون و کۆتایی هێنانی خوێندنەوەکە ڕادەکێشێ.

خانەوادەی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا، واتە ماڵی هاوار خانەوادەیەکی بەشەرەف و کەرامەت و کورد پەروەرن، لەو پێناوەدا بەرخودان و قوربانییان داوە و پشت بە پشت هێناویانە، هەرچەندە لەکۆتاییشدا مایەپووچ دەردەچن، بەڵام لێرەدا نووسەر ڕەشبین دێتە پێش چاو. من لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا چەند تێبینییەکم لا دروست بوو لەوانەش:

١- لە لاپەڕە (٣٧)، ساڵ ١٩٧٠ بەسەرەوەیە، چونکە دوای (ڕێکەوتی یازدەی مارت)ەو باب هاتووەتەوە و هێشتا زۆریشی ماوە بۆ تێهەڵچوونەوەی ساڵی ١٩٧٤، واتە ئەوپەڕی ساڵی(٧١ یان ٧٢)ە، کەچی نووسەر دەڵێ (باب نەورۆزان کۆستەرێکی دێنا، هەتا دەیگرت دەرودراوسێی...تاد) کۆستەر بۆ خۆی ساڵی ١٩٨٢ بۆ یەکەمین جار هاتە وڵاتەوە و ئێستاش مۆدێلەکانی دیارە، لە سەر هێڵی ٣٠ مەتری و ٤٠ مەتری کار دەکەن، دەبوایە لێرەدا (مارسیدسی ١٨ نەفەری عەنچە)، یان پاسە دارینەکان (دگ النجف) بەکار بهاتایە.

٢- لە لاپەڕە (٤٥) کوڕە زۆر بە حەسرەتەوە ئارەزووی پرچی کچە دەکات، حەز دەکات دەستی بگەیەنێتە پرچی، بەڵام زات ناکات و شەرم دەکات، هەروەک دەڵێ: (لە کچە نزیک دەکەوێتەوە، ئێستا نا ئێستا شانەکە دەگەیەنێتە پرچی خاوی کچ، دەچووە پێش، بەڵام زاتی نەدەکرد، دەستی دەلەرزی دەکشاوە دواوە، زەحمەتە کوڕی داربی داخی لە ڕۆژانی پێش شەرم دەخوارد) لێرەدا سەیر ئەوەیە لە لاپەڕە (٥٢)دا دەردەکەوێ کە تەمەنی کچ و کوڕ لەنێوان ١٠ ساڵاندایە: (باب لە بن جەمەدانییەکەیەوە سەری دەخورێنێ: من هەر لە تەمەنی تۆ دەبووم دە ساڵێک)، ئەم تەمەنەش هی شەرم کردنە، لەهەمان کاتدا هی ئەو جۆشوخرۆشە نییە لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا بە تایبەتی بەو شێوەیەی کە کوڕ بیری لێ دەکاتەوە.

٣- لە لاپەڕە (٤٧)دا، لەدابونەریتی کوردەواریدا هەمیشە دایک لە کچەکەی دەدات و چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە دەکات، بەتایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاری و پێگەیشتندا، نەک پێچەوانەکەی، بەڵام وا لێرەدا دەڵێ: (نەنەخان لە بن داربییەکە بە تەنیشت مام گەڕیدەوە بەکوڵ دەگری، سەر مەچەکی نیشان دەدا و دەڵێ: (ئەها ئەوە سوڵتانە شێتی کچم لێی دام) تا دەڵێ: (سوڵتان پێی وایە نەنەخانی دایکی حەز لە مام گەڕیدە دەکات)

٤- گوڵێ یەکێکە لەپاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە و بەڕاستی زۆر سەیرە کچەو چەقۆکێشە زۆر چالاک و چاو نەترسە، لەدواییدا دەبێتە پیاو کوژ، ئینجا پێشمەرگەش، ئەم کچە (خولە پیزە)یەکە بۆخۆی، هەر لە منداڵییەوە قسە لە کەس قبووڵ ناکات، هەروەک لە لاپەڕە (٥٩)دا دەڵێ: (قوتابییەکەی تەنیشتی ئاگای لێیە، گوڵێ خێرا تەنوورەکەی کەمێک هەڵدەداتەوە، دەست بەناو ڕانی خۆیدا دەکات و چەقۆیەک دەردێنێت و بۆ مامۆستا دەچێت،

مامۆستا دەقیژێنێ و هەڵدێ) ئەم دیمەنە بە ڕاستی مەگەر لە فیلمی هیندیدا ببینرابێ! کچی کورد لە قۆناغی سەرەتایی ساڵی حەفتاکان زۆر سەیرە!! لەوەش سەیرتر مامۆستاکەیەتی کە خۆی ئافرەتەو لەگەڵ قوتابی سەرەتایی بەو شێوەیە بڵێ: (قەحپە هێندە دەم درێژی مەکە... هەمان لاپەڕە).

٥- لە لاپەڕە (٦٥) کە خوێنەر لەو باوەڕەدایە ئێستا هاوکار و گوڵنار لەوپەڕی تەمەنی هەرزەکاریدا بن ئیستر بۆ دەرەوەش پێکەوە نەبینرێن، بە تایبەتیش لە لاپەڕە (٤٧) واتە زۆر پێش ئێستا دەڵێ (براکەی گوڵنار هەر دیتبای لە دەرێیە، بانگی دەکردەوە، دەبوو بچێتەوە ماڵێ بە قسەی نەکردبا لێی دەدا، وای لێهات هاوار حەزی دەکرد قوتابخانە زوو ببێتەوە، هەرنا لەڕێیێ لە هەردوو سەر پێکەوە بوون و تێر قسانیان دەکرد)، کەچی لێرە واتە لاپەڕە (٦٥) دەڵێ (ئێستا وا لە کەندەکە بە دوای بەردا دەگەڕێن... تاد)، واتە تازە بەتازە بە دوای بەردی قاقایانێ دەگەڕێن.!

٦-لە لاپەرە (٧٢) دەڵێ (کۆتایی ساڵی خوێندن هات و وەک ساڵان گوڵنار و هاوار بە یەکەم دەرچوون، بەڵام کوا تۆڵەستێن جوانترین دیارییان بۆ بێنێ)، باشە ئەمانە دەبێ لە پۆلی چەند بن؟ نووسەر قۆناغ و پۆلەکانیان دیاری ناکات بە گوێرەی مەمک کردنی کچەو زەوق و ئارەزووی کوڕەبێت، دەبێ هەرزەکارێکی تەواو بن و ئێستا لە قۆناغی ئامادەیی بن، بەڵام لە لاپەڕە (٧٨) دوای چەندین ڕووداوی تر تازە دەڵێ (ساڵی تازە هاتەوە، تۆڵەستێن دیار نییە، تاک کوڕ و کچ بباتە بازاڕ و بە دڵی خۆیان جانتا هەڵبژێرن).

٧- هاوار ئەوەندە گوڵناری خۆش دەوێ شەو و ڕۆژ بیری لە لایەتی و ئەسڵی ڕۆمانەکە لەسەر خۆشەویستی ئەم دووانە بنیادنراوەو ئەگەر ئەو خۆشەویستییەی لێ دەربێنی هەمووی (١٠-١٢) لاپەڕەی تێدا نامێنێتەوە، بەڵام زۆر سەیرە، لە پێش چاوی گوڵنار بە مێرد دەدەن، دوای سێ مانگ تەڵاق دەدرێت، هاوار لە خۆشییان وا خەریکە شێت دەبێ. بڕوانە لاپەڕە (١٠١)، دوای ئەوەی هاوار گوێی لە دایکێتی هەواڵی تەڵاقدانی گوڵنار دەگەیەنێ و دەڵێ:(تەڵاق هاوار ئەوە گوێی لە چی دەبێ، خەونە، خەیاڵە! چییە؟) تا دەڵێ (دەیویست دایکی لە باوەش بگرێ و لێوەکانی ماچ بکات، ئەو لێوانەی "تەڵاق " یان گۆکرد). لە لاپەڕەی (١٠٧) گوڵنار دێتە ماڵیان و هاوار دەبێتە مامۆستای ماتماتیک بۆی، ڕۆژانە دەرسی پێ دەڵێتەوە، کەچی ئەم کوڕە زاتی نەکرد پێی بڵێ خۆشم دەوێی! یان بابڵێین کوڕە زۆر شەرمنە و وەک دیارە تا کۆتایی ڕۆمانەکەش ئەو وتەیە بە زاریدا نایەت، تەنیا لە دڵەوە نەبێت، بەڵام خۆ گوڵنار ئیتر نابێ شەرم بکات وا مێردی کردووە و هەموو شتێکی بە چاوی خۆی بینیوە و تەڵاقیش دراوە، بێ گومان هەست بەو هەموو خۆشەویستییەی هاواریش دەکات، ڕۆژانەش چەند کاتژمێرێک پێکەوەن! بۆ هیچی بۆ نادرکێنێ، هیچ نەبێ باسی شووکردن و پیاوەکەی و هۆکاری تەڵاقدان و زۆر شتی تریش...تاد.

٨- لاپەڕە (١١٥) دیسان گوڵنار مێردی دووەم دەکاتەوە وەک دەڵێ (ڕەنگە ئەو جارە بەخت یاری بێت، چونکە دایکی بۆی دۆزیوەتەوە. باب دەڵێ: ئەو گوڵنارە منداڵە چی بەسەر هات، لەو تەمەنە دووجار مێرد کردن!!) لە دوای ئەوە ڕاستەوخۆ هاوار بەردەبێتەوە و دەکەوێتە نەخۆشخانەو پاش ئەوەش دەست دەکات بە جگەرە کێشان و حاڵی زۆر خراپ دەبێت، تەنانەت لە قوتابخانەش زۆر لاوازدەبێت، هەروەک لە لاپەڕەی (١١٦)دا دەڵێت (لەڕێی کارتەکەیەوە یەکەم کارتێتی مابێتەوە دەزانی نمرەکانی زۆر خراپن و بە جرە جرِ سەرکەوتووە و پۆلی سێیەمی ناوەندی بڕیوە) تا دەڵێ:(وەک خەون ئەوەشی دێتەوە بیر، لەبن داربییەکە دانیشتووە، دڵی پڕە، گریانی دێت، دایکی دێت لە ئامێزی دەگرێت، ماچی دەکات و فرمێسکەکانی دەسڕێت) ئەم هەموو دەردی سەری و نەهامەتییە دایک و باب بەچاوی خۆیان دەبینن کە بەسەر کوڕەکەیان دێت لەدوای (گوڵنار)ەوە چۆن درک بەو خۆشەویستییە ناکەن و بەڕوویدا نادەن.. یان خۆی شتێک نادرکێنێ و باسی ناکات، هەر نەبێت لە ڕێگای نووسینێک، خەونیک، وڕێنەیەک، چوزانم لەبەر خۆیەوە.

٩- لە پاش دووجار مێردکردنی گوڵنار، هێشتا هاوار شەرمی ناشکێ و ناتوانێت تەنانەت لە دووبارە بینینەوەی گوڵنار لە کۆڵێژ

بۆ مـــاوەی سێ ســـاڵ دوای پێشـمـەرگـایەتیش دێتـەوە و دوو سـاڵی تریش وەک مـامـۆسـتـا و قـوتابی هەر جـورئەتی قسـەکـردنی نابێ، هەرچەندە خـۆشی سـەرزەنشت دەکات، بەتایبەتیش پێش بینینەوەی گوڵنار لە کـۆلێژ، ئەوەتا لە لاپەڕەی (١٣٢)دا دەڵێت: (ئای گـولنار چیت بە سـەر من هێنا، بە چاو سوورکردنەوەیەک دوو مێردت کرد، نرخی پووشکەیەکت بۆ من دانەنا) تا دەڵێ (نا هەڵە لە خۆمە لە گوڵنار نییە، قسەی "دیدار" بوو دەبوو من خۆم بۆی ئاشکرا کـردبا، دەبوو پێی بڵـێم تۆم خـۆش دەوێ پڕ بە دنیـا، هەڵەی من بوو، ڕسـتـەیەکی ناسکم بۆی نەگوت، گلەییم لێی نییە، خۆم بە خۆمم کرد)

١٠- ئـەم کـــورە (هـاوار) زۆر زیرەکە لە بواری تر، بەڵام ئەوە کـەی ڕەوایە، بە هەمـــوویەوە لە مـــاوەی چوار ساڵی زانکۆ کچێکی تر تەنیا ناوی (گــــولـنـار)ـە بـا بڕێـک لە گـوڵناری تریش بچـێت، بەڵام ئەم کوڕە هەر بە خەیاڵی گوڵناری خۆی بە دەوروبەریدا بخولێتەوە و هەمیشە بە دوایەوە بێت و نەزانێت ئـەمـــە گوڵناری لەمەڕ خۆی نییـە!!دواجار قوتابیانی زانکۆکەی ئەوەندە داماو بوونە کە نەتوانێت تەنیا جارێکیش ئەم کچە بدوێنێت و تێبگات کە ئەو نییە! ئەوەتا پاش کۆتایی هێنان بە قــــۆناغـی زانکـۆ، دوای ئەوە لـە دەرەوەش هەر بەوە حـاڵیـــە و بۆی ڕوون نابێتەوە...!

١١- لـــە لاپـــەڕەی (١٥٤)دا دەڵێت: (چوومە دەرێ خۆم گەیاندە تاکسـییـەکە، شـۆفـێـرەکـە لەولاوە سـەرگـەرمی قسـان بوو، نەترسـام لە ئاشکرابوون، بە پێـــدزە، بە خـــۆ گنخاندن بە شتـەوە، هەرچوار تایەم فس کـــردەوە) تـوخــوا ئـەمـــە لە قـوتابییەکی زانکۆ دەوەشێتەوە؟ بۆ چیش، بۆ ئەوەی ئەو گوڵنارەی کە بە گـوڵناری خـۆی لێی حـاڵی بووە بە پێیان بڕوات و ئەمیش دوور بە دوور بـــە دوایــدا...! هــەروەک دەڵـــێ: (ئـۆخــــەیـش وا بـە خــــۆ و دوو برادەرەکەیەوە بە پێیان کـەوتنە ڕێ، ترسـام لە ڕێ تاکـسی ڕاگـرن، دیارە ڕاناگرن، بڕۆ گوڵنارەکەم) جارێ لە ڕووی زمانەوە وابزانم لە نێوان کچان (دوو برادەرەکەی) زۆر گونجاو نییە، بەڵکو دەبوایە بڵـێت (دوو دەسـتـە خوشکەکەی)، ئینجا دەبوایە هاوار بیـــری لەوە بکردایەتەوە کـــە زۆر ئاسایییە ئەگەر تاکسـییـەکی تریان بگرتایە و لەگـەڵیـدا بڕۆیشـتنایە، بێجگە لەوەی هاوارێک بە درێژایی ٦- ٧ کاتژمێر لە کـۆلێژ کـە ڕۆژانە پێکەوەن، هیـــچی پێ نەکـرێت، ئێـــســـتـــا لەو ســـەرەڕێگایە و بەو قەرەباڵغییە دەبێ چی پێ بکرێت؟

١٢- هاوار پێنج ساڵ پێشمەرگە بووە (پێشمەرگەی کۆنی سەنگەر)، هەروەها بابیـشی پێـشـمـەرگـەی (ئەیلوول)، ئەی بۆچی هیچ پلە و پایەیەک، هیچ نەبێ بژێوی ژیانیـان، هیـچیـان بۆ نەکـرێت، هەرنەبێ ئەو دەرچووی زانکۆیە، ئەی بۆچی وەک فـەرمـانبـەرێک دانەمـەزراوە؟ ئەوەتا بۆ بژێوی پەنای بردووەتە بەر هێلکە فــــــرۆشتن! هەروەک لـە لاپـەڕەی (١٩٦)دا دەڵـێت: (ئـەو هێـلـکـە دەکـات تا دنیـا دنیـایە لە شـاردا لە سـەری منارەی مـزگـەفـتـەوە بە وەجاغـرووني بمێنێتـەوە، تۆ هێلکە دەفـرۆشی تا لەبرسـان نەمـریت و بمێنیتەوە)


لە کۆتاییدا من زۆر دەستخۆشی لە نووسـەر (کـەریم کـاکـە) دەکـەم و بەهیـوام قـەڵەمی بە بڕشتی هەمیشە لەکاردا بێت بۆ خزمەتکردنی ئەدەبی کـوردی، تەنیـا شـتـێکیش کـە مـاوە بیلێم، خۆزگە پاڵەوان و کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە بە شێوەزاری هەولێری بـئـاخـفـتـنـایە، چونکە زۆر جـوانتـرە کەسایەتییـەکان هەمیـشە بە شـێوە زمـانـی خـۆیان زەمـینەی چیـرۆک و شوێنگەی جوگـرافیـایی ڕووداوەکان بدوێن، تا زیاتر مـۆرکی زەمـینەی چیـرۆک لە خـۆبگریت، دووبارە ڕێزم بۆ نووسـەر هەیە و دەسـتـخـۆشی لێ دەکەم.

# هەندێ لە وێستگەکانی ژیانی شێرکۆ بێکەس بە قەڵەمی خۆی

ئا: ئازاد عەبدولواحید

بەهۆی ئەوەوە کە منیش وەک سەرەتای هەموو دەست پێکردنەکانی دی بە شیعر دەستم پێکردبوو، سۆز و خۆشەویستییەکم بۆ شیعر لەلا پەیدا ببوو، بۆیە لەپاڵ شیعر نووسین، (کە پێم وابوو تەشقەڵەکردن بوو بە شیعر)، هەمیشە دەمویست ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە سەبارەت بە شیعر نووسرابوون و دەنووسران، لە هەوڵی بەردەوامیشدا بووم بۆ بەدواداچوونی ڕەگوڕیشەی نوێخوازی لەناو شیعری کوردیدا، ئەو خوێندنەوانە پتر هەستی بەرپرسیارێتی لەلا قووڵ کردمەوە، هەر ئەوەش وای لێکردم زاتی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم نەبێ، جگە لەو شیعرانەی کە بۆ خزم و هاوڕێ نزیکەکانی خۆم دەمخوێندنەوە.

لەبەر ئەوەی ساڵانێک بە زمانی عەرەبی لەبەغدا خوێندبووم، بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە بۆ ناساندنی شیعری کوردی بە عەرەبەکان کەوتمە وەرگێڕانی هەندێ نموونەی ئەو شیعرانەی کە بەلای منەوە و بەپێی تێگەیشتنی ئەوساکەمەوە پێم وابوو ئەوانە شیعری شایانن بۆ وەرگێڕان و ناساندنیان بە خوێنەرانی عەرەب، تەنانەت زۆرجار بۆ ناساندن و بەسەرکردنەوە و سەرنجڕاکێشان بۆ لای هەندێ دەنگی نوێی لاوەکان، دەکەوتمە وەرگێڕانی هەڵبژاردەی شیعری ئەوانیش، تا ساڵی ١٩٧٨، واتە لە ماوەی ئەو سێ -چوار ساڵەدا من کۆمەڵێک نموونەی شیعری کوردیم وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی کە بەشی هەرە زۆریشیان لەناو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکرابوونەوە کە بە زمانی عەرەبی بایەخیان بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەدا، چونکە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول زۆربەی زۆری دەرگا و پەنجەرەکانیان بەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا داخستبوو، یان کە بابەتێکیان بڵاو دەکردەوە، هەزار و



**شێرکۆ بێکەس**

یەک حیسابیان بۆ وشەکان و ڕستەکان دەکرد و بە چەندان جۆرە لێکدانەوە و شرۆڤەی گوماناوی، بەرهەمی نووسەران و ئەدیبانیان دەخوێندەوە و دەیاندایە لاوە.

ساڵی ١٩٧٨ لە سەری ڕەشی ئەوسا دیدارێک بۆ چیرۆکی ئێراقی سازکرا، کە لەو دیدارەدا (٦٠) چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئێراقی بۆ بانگهێشت کرابوو، لە ناویاندا ڕەخنەگر و چیرۆکنووسی کوردی تێدا بوو، کە لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی دیدارەکەی تێدا سازکرا، ئێوارە کۆڕێکیان بۆ «چیرۆکی کوردی» تەرخان کردبوو، سوودی هەرە گەورەی ئەو دیدارە لەوەدا بوو ئێمە لە نزیکەوە شاعیر و چیرۆکنووس و لێتوێژەر و نووسەرە ناسراوەکانی عەرەبمان تێدا ناسی، بە تایبەتی لەپاش ئەوەی ئەو ئێوارەیەی «حسێن عارف» بە زمانی عەرەبی بابەتەکەی خۆی سەبارەت بە چیرۆکی کوردی بەناوونیشانی (الواقعية الأنتقادية في القصة الكردية» پێشکەش کرد، ئیدی ئەو ئێوارەیەی دانیشتنەکەی تێدا گیرا، شەوەکەشی بووە دانیشتنێکی کوردییانە (جلسة كردية)، ئەوەبوو بە ئامادەبوونی ڕەخنەگر و چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی عەرەب بۆ یەکتر ناسین و قسەکردن لە بارەی ئەدەبیاتی کوردی تەرخان کرا، لە دانیشتنەکەی ئەو شەوەدا (عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی) و (جەلیل ئەلقەیسی) و (محەمەد خزەیر) و (فازڵ سامر) و (یاسین ئەلنەصیر) و (د. عەلی عەباس عەلوان) و (د. عەلی جەواد ئەلتاهیر) و (د. عەبدولئیلاه ئەحمەد) و (ئەحمەد خەڵەف) و چەند کەسێکی دیکەیان لەوێ بوون، لە شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەرەکانی کوردیش (شێرکۆ بێکەس) و (حسێن عارف) و (محیەددین زەنگنە) و (ڕەووف بێگەرد) و (مستەفا ساڵح کەریم) و (حەمەی حەمەباقی) و (ئیسماعیل خەیات) و من و چەند کەسێکی دیم لەبیرە کە لە دانیشتنەکەدا ئامادەبووین، ئەوان ڕووی دەمی قسەکانیان کردبووە ئێمەی کورد کە ئێوە خاوەنی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و گەورە و داهێنەرانەن، بۆچی ئەو کوردانەی عەرەبی دەزانن ناکەونە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەران و شاعیران و چیرۆکنووسەکانتان، تا نووسەران و ئەدیبانی عەرەب بە گشتی و ئێراقییەکان بە تایبەتی ئاگاداری داهێنانەکانی ئەدیبانی کوردبن؟ هەرچەندە تا ئەوکاتە زۆر کاری جۆراوجۆری پەرشوبڵاو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەوە، کە ئەوان نە خوێندبوویاننەوە و نە بەلایانەوە جێی بایەخ و گرنگی بوون، ئێمەش وەک ئەدیبە کوردەکانی ئامادەبووی ئەو دانیشتنە ڕەخنە و گلەیی زۆری خۆمان ئاراستەکردن، کە ئەوانیش زۆر دەروەستی نزیک بوونەوە و شارەزابوون نین لە بارەی ئەدەبیاتی کوردییەوە.

ئەوەبوو هەر ئەو ساڵە بێجگە لەو شیعرانەی پێشتر وەرمگێڕابوونە سەر زمانی عەرەبی، چەندان شیعری دیکەی شاعیرانی کوردم کردە عەرەبی و ژمارەی ئەو شاعیرانەش کە لە گۆڕەپانی شیعری کوردیدا ئامادەبوونیان هەبوو و «دەنگی باوی» ناو شیعری کوردی بوون لە دووتوێی کتێبی «اضمامة قزحية من الشعر الكردي الحديث» دوای دوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو دانیشتنەدا لە چاپ درا، واتە ساڵی ١٩٨٠ شیعری (١٦) شاعیری کوردم بە هەزار دەردەسەری چاپ کرد، ئەوە بێجگە لە تروتەشقەڵەی «سانسۆری بەغدا» کە دێڕ و چەند دێڕ و کۆپلەی لە هەندێ شوێنی شیعرەکان قرتاندبوو، کە کتێبەکە چاپ کرا هەموو شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگرە ئێراقییەکان هەریەکەیان سەرو دانەیەکم لە کتێبەکەم دانێ، ئێستا و ئەوسا بە یەک دێڕە نووسین ئەو کتێبە و شاعیرەکانیان بەسەر نەکردەوە و لە بارەیەوە نەیاننووسی، دەریش کەوت ئەوەی لە

دانیشتنەکەدا دەیانوت هەر تەنیا قسەی ڕووت بوو، دەنا ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبوو ئەدەبیاتی کوردی بوو.

ئەوەبوو لە کتێبەکەمدا کە زیاتر لە (١٠) لاپەڕەم بۆ وەرگێڕانی شیعری شێرکۆ بێکەس تەرخان کردبوو، کە زۆری پێ خۆش بوو(١)، دوای دەرچوونی کتێبەکە و بێدەنگی لێ کردنی نووسەر و ئەدیبە عەرەبەکان، هێندەی نەبرد کەشێکی لەبارتر هاتە پێشەوە و نیمچە کرانەوەیەک بەسەر ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردی لە ئێراق هاتە گۆڕێ، دیار بوو لە گۆڤاری (آفاق عربية) و لە ڕێگەی کامەران قەرەداغی-یەوە پێوەندی بە (شێرکۆ بێکەس)ـەوە کرابوو و پێی وترابوو، ئەگەر نووسین و وەرگێڕانی شیعری تۆمان لەبەردەست بێ، ئەوە بلاویان دەکەینەوە، بۆیە لە یەکێک لە شەوەکانی دانیشتنە بەردەوامەکانمان لە یانەی مامۆستایانی سلێمانی ڕووی لێنام چەپکێک شیعری دیکەی وەربگێڕمە سەر زمانی عەرەبی، هەر دوای چەند ڕۆژێکیش ئەو دەستنووسەی خۆی دامێ تا سوودی لێ وەربگرم و لەگەڵ شیعرە وەرگێڕاوەکان بلاوی بکەمەوە.

وەک کەسێکی نزیک لە شێرکۆ بێکەس کە سالانێک دانیشتن و هەلسوکەوتی بەردەوامم لەگەلیدا هەبوو، بۆم دەرکەوت کە ئەو شاعیرە لەگەڵ ئەوەشەوە کە زۆر تەنبەڵ و دەست و پێ سپی بوو، بەلام زۆر کاری بۆ خۆی دەکرد، وا منیش دوای سی و چوار ساڵ پاراستنی ئەو دەستنووسە و دوای کۆچی دوایی ئەو شاعیرە لە ئەرشیڤەکەی خۆم دەرم هێناو ئەوە دەیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی کورد بەگشتی و خوێنەرانی شیعر و ژیانی شێرکۆ بێکەس بە تایبەتی، هیوادارم لە سوود گەیاندن بەدەر نەبێت.(٢)

* * *

* لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهاندا و لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گوێژە - ناوچەی دیانەکان- کە بە گەڕەکی (گاوران) بەناوبانگە لە خانوویەکی کرێ گرتەی دوو ژووریدا لەدایک بووە.


* «عەبدوڵلا کاکە حەمە» باپیری شاعیر، یەکێک بووە لە ئەفسەرە گەورەکانی سەردەمی تورک. «فائق بێکەس»ی باوکی شاعیر منداڵ ئەبێ لەگەڵ برایەکی تریدا، کە باوکی لە بەغدا لەلای «حەبێ خان»ێکی ناسیاویان جێیان ئەهێڵێ و ئەگەڕێتەوە بۆ تورکیا/ ئەستەموول. دوای ئەوەی «عەبدوڵلا بەگ» ناگەڕێتەوە بۆ ئێراق، فایەق و تایەری برای، ئەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی بۆ لای «حاجی ئەمین»ی مامیان کە بازرگانێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمەی سلێمانی بووە. سەردەمی منداڵی و خوێندنی سەرەتاییان لە سلێمانی و لە ماڵی مامیان تەواو ئەکەن. وەک ئامۆزاکانی ئەیگێڕنەوە فائق بێکەس هەر لە منداڵییەوە زیرەک بووە و حەزی لە شیعر و ئەدەب کردووە، یەکێک بووە لەو لاوە دەگمەنانەی کە لەو سەردەمەدا ئەدەبی عەرەبی و شیعری عەرەبی تەئسیریان تێکردووە و زۆربەی زۆری شیعری شاعیرانی کۆنی عەرەبی لەبەر بووە، تەنانەت وەک ئەگێڕنەوە هەر لە سالانی چلەکانەوە کە وەختێ- ئەحمەد سافی ئەلنەجەفی- شاعیر و وەرگێڕی ڕوباعیاتی خەیام بۆ عەرەبی ڕێی ئەکەوێتە سلێمانی، حەز ئەکات شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانی ببینێ، یەکێک لەوانە «فائق بێکەس» ئەبێ. دوای یەکتر ناسین و باسکردن لە شیعر و ئەدەب، فائق بێکەس هەر لەبەر گەلێ شیعری عەرەبی بۆ ئەخوێنێتەوە و ئەویش زۆر پێی موعجەب ئەبێ.

فائق بێکەس لەناو شاعیرانی کورددا، گەلێ موتەئەسر بووە بە شیعرەکانی نالی و مستەفا بەگی کوردی و سالم، هەروەها لە شاعیرانی ئەو سەردەمەدا شیعرەکانی زەهاوی و ئەحمەد شەوقی و ڕەسافی تەئسیریان تێکردووە.

* لە ١٩٤٨/١٢/١٨دا لە تەمەنی (٤٣) ساڵیدا بە نەخۆشی (زەختی خوێن) لە قەزای هەڵەبجە فائق بێکەس کۆچی دوایی ئەکا و تەرمەکەی ئەهێننەوە بۆ سلێمانی و بە پێشوازی کردنێکی گەورەی خەڵکییەوە لە گردی سەیوان ئەنێژرێ. ئەو دەمە شێرکۆ تەمەنی ٧-٨ سالان و لە پۆلی دووی سەرەتایی ئەبێ. لەبەر منداڵی و کەم فامی ئەو تەمەنەی، فایەق بێکەسی باوکی دیارە تەئسیرێکی ڕاستەوخۆی نەکردووەتە سەری، بەلام هەر لەو سەردەمی منداڵییەدا، ئەم هەست ئەکا بەوەی کە خەڵکی وەختێ ئەیبینن - ڕێزی ئەگرن و ئەم هەست کردنەش تێئەگات کە باوکی وەک شاعیرێکی میللی و نیشتمانپەروەر خۆشەویست بووە. لێرەوە یەکەم تەئسیری جێگەو پایەی باوکی کار ئەکاتە سەری. [لە ناخەوە حەز بەوە ئەکات ئەویش ڕۆژێ لە ڕۆژان وەک باوکی بناسرێ و ببێتە شاعیرێکی دەرکەوتوو].. ئەو سەرگوروشتانەی دەربارەی باوکی لەڕێی گێڕانەوەی دایکییەوە دوای ئەوە ئەیبیسێ، کاریگەر بوون بۆ سەر ئەم و خۆشەویستی

باوکی لە دڵدا گـەورەتر و مـەزنتـر ئەبێ و لەگـەڵ فـام کردنەوەی دوایی تردا مردنی باوکی بە قووڵی کار ئەکاتە سـەری «کـەم شـەو هەبووە دوای ئەوە دەیان خـەو بەزیندووبوونەوەی باوکـیـەوە نەبینێ». دوای مـردنی باوکی، لەگەڵ دایکی و هەردوو خوشکەکەیدا هەژاری و بێ دەرامـەتی و ناخـۆشی زۆر ئەبینێ. دایکی شـاعـیـر ئازایانە و چاپووکـانە دەست بەسـەر ئەم و هەردوو خوشکەکەیدا ئەگرێ، گەلێ جار لە شەوانی زسـتـاندا دایکی دەربارەی باوکی قسەی بۆ ئەکات و ناو بەناویش حیکایەتی میللی و سەرگوروشتە و بەیتە کوردییەکانی ئەدا بەگوێدا و لەو وەختـەوە ئەم شەیدای چیرۆک و ئەو سەرگوروشتـانە ئەبێ و هەست و سۆزی لەگەڵ پاڵەوانی ئەو چیرۆکانەدا یەکدگیر ئەبنەوە. دایکیان تا (٦) ساڵ بەسـەریانەوە ئەبێ و ئەم لە پۆلی شـەشـەمی سەرەتایی ئەبێ کـە دایکی شـوو ئەکـاتەوە.. ئەگـەرچی دایکی ئەیەوێ ئەمیش و هەردوو خوشکەکەیشی لەگەڵدا بژی، بەڵام شووکردنەوەی دایکی بەقووڵی کار ئەکاتە سەر ئەم و ڕق لە دایکی هەڵئەگرێ و نایەوێ بیبینێ(٣)، لەبەر ئەوە هەردوو خـوشکەکـەی لەگـەڵ دایکیـدا ئەمێننەوە و ئەچنە بەغدا، ئەمیش بە تەنیا لە سلێمانی ئەمێنێتەوە و ئەچێتە ماڵی خاڵی. هەر لەو ماوەیەدا هەست بە تەنیایی و بێ کەسییەکی زۆر ئەکات و زۆر ڕەشبینانە تەماشای ژیان ئەکات.

لە پۆلی شـەش دەرئەچێ و هەوڵی ئەوە ئەدا کـە لە ماڵی خاڵی نەمێنێ، هەر لەو ساڵەدا ١٩٥٤/١٩٥٥ بۆ یەکەم جار سانەوی پیشەسازی لە سلێمانی ئەکرێتەوە و ئەمـیش نابەدڵ ئەو قـوتابخـانەیە هەڵئـەبژێرێ- لەبەر ئەوەی بەشی داخیلی ئەبێ و لەم مـاڵ و ئەو مـاڵـی خزم ڕزگـاری ئەکات- لە قوتابخانەی پیشـەسازی لە بەشی داخیلی ئەوێ وەرئەگـیرێ. هەر لەم وەختـەدا لە ڕێگەی «یەکـێـتـیی قـوتـابیـان»ـەوە تێکەڵ بە بزووتنەوەی نیشتمانی ئەو سەردەمە ئەبێت و هەر لەم سەردەمەدا لە ڕێگەی ئەو بزووتنەوانەوە بۆ یەکـەم جـار چیـرۆکنووس «حسێن عارف» و شاعیر «جەلال میرزا کەریم» ئەناسێ و لە قوتابخانەی پیشەسازیش شاعیر جەمال شارباژێری ئەناسێ و ئەبنە دوو هاوڕێی هۆگـری یەکـتـر(٤)، بە پێچەوانەوەی زوربەی زۆری ئەدیبانەوە شێرکۆ بۆ یەکەم جار لەو سەرەتای دەست پێکردنەیدا هەوڵ ئەدا چیرۆک بنووسێت. هەر لەو وەختەدا چەند چیرۆکێک بۆ گۆڤاری -هەتاو- لە هەولێر ئەنێرێ و ئەو دەمە لە تەمەنی ١٥- ١٦ سـاڵـیدا ئەبێ کـە دوو چیـرۆکی بڵاو ئەکـرێتـەوە، یەکێکیـان بەناوی -ئادەمـیـزاد- لە گـۆڤـاری هەتاودا و ئەوی تریشیـان لە - نامیلکەیەکدا- کە ئەدیب محەمەد تۆفیق وردی سـەرپەرشـتی کـردووە بەناوی - لە دەریای بیر-ـەوە(٥)، لەوێدا بڵاو ئەبێتەوە. هەر لەم سەردەمەدا شێرکۆ کۆمـەڵە چیرۆکـێک ئەنووسێت بەنیـازی ئەوەی دوایی چاپ بکرێ، بەڵام کـە وەخـتی بەسـەردا ئەڕواو شـاعـیـر لە پەلە پەلی خـۆی ئەگـات، ئەوانە پشـتگوێ ئەخات و ئیـتر واز لە چیرۆک دێنێ. یەکەمین شیعری لەسـەردەمـێکدا کـە «گـۆران» سـەرپەرشـتـی ڕۆژنامـەی «ژین» ئەکـات بڵاو ئەبێـتـەوە، لەم کـاتانەدا شـێرکـۆ بە پەرۆشـەوە ئەو کـتـێبـە کوردییـانەی هەن، ژمـارەکـانی گـۆڤـاری گـەلاوێژ، دیوانی شـاعـیـرە کـۆنەکـان لە ڕێگەی کـتـێبـخـانەی گـشـتی سلێـمـانیـیـەوە، وەرئەگـرێ و ئەیانخوێنێتەوە. بە حەماسەت و گوڕێکی تازەوە ئەیەوێ شاعیرە ناودارەکـانی ئەو سـەردەمە لە نزیکەوە بناسێ و



لاپەڕەیەکی دەستخەتەکەی شێرکۆ بێکەس

گـوێیـان لێ بگرێ لەوانە: گـۆران، هەردی، کـامـەران، دیلان، کاکەی فـەللاح. لەگەڵ شاعیر جەمال شاربازێڕی دا چەند جارێک مامۆستا گۆران ئەبینێ و ئەو شیعرانەی هەیانە نیشـانی ئەدەن. شێرکۆ ئەڵێ «تەمەنم ١٥ ساڵ بوو، شێتی شیعر بووم، حەزم ئەکرد شەو بەدیار شیعرەوە ڕۆژ بکەمــەوە. لە بەشی داخـیلی ئەو هاوڕێیــانەی لە ژوورەکەمدا لەگەڵمدا بوون، هەمیشە قڕەقڕیان لەسەر ئەوە بوو کـە ئەوان ئەنووسێ و من ئەمامـەوە گلـۆپم نە ئەکــوژاندەوە و ئەمــخــوێندەوە. لەو ســەردەمــەدا، لەم سەرەتایەدا شیعرم ئەنووسی. شیعرەکانم خۆش ئەویست، بەڵام پێــشــیــان ڕازی نەبووم. ڕۆژێکیــان وەک پێ بە جەرگی خۆمدا بنێم، هەڵسام و کەوتمە تاقیبی ئەوەی مامۆستا گۆران لە کوێیە، پێیان وتم لە سەرایە، چووم. ژوورەکەیم دۆزییەوە، بەڵام ڕووم نەهات بچمە ژوورەوە، لە داڵانەکــەدا ڕاوەســتــام، بەرێکەوت هاتە دەرەوە، چاویلکەیەکی زەرەبینی لەچاودا بوو، دۆسییەکی گرتبوو بەدەستییەوە، ئەیویست بچێتە ژوورێکی تر، چوومە بەردەمی. دیارە ئەو نەیئەناسیم.. دەستم کرد بە گیرفانمدا و شیعرەکەم دەرهێنا. بە شەرمێکەوە وتم مامۆستا من فلان کەسم، بزانە ئەم شیعرە چۆنە.. تەماشایەکی کردم پێکەنی. دەستی هێنا بەسەرمدا وتی: ئەتەوێ تۆش ببی بە شاعیر(٦)؟! گۆران تەماشای شیعرەکە ئەکات، قـەڵەمـەکـەی دەرئەهێنێ، هەندێ بڕگـەی شـیـعـری - ئەوزانەکانی- ڕاست ئەکاتەوە، ئەڵێت «بیرێکی جوانە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووە.. هەوڵ بدە بڕگە و ئاهەنگی وەزنەکان ڕێکوپێک دابڕێژە».

ئەمە یەکەم بینینی ئەوە لەگەڵ شاعیری گەورە گۆران دا، هەروەها لە هەمـان سـەردەمـدا گـەلێ جـار پێکەوە لەگەڵ جەمال شاربازێڕی دا هەردی-یان دیوە و گوێیان لێ گرتووە.

* ژیانی سەردەمی ١٠-٢٠ ساڵی، ژیانێکی تاڵ و تاریک بووە، پەرەوازەیی و بێ مــاڵی و بێ باوکی و دوور لە دایک و هەست کردن بە تەنیایی و هەژارییەکی زۆر و تەمــەن بەســەربردن لە بەشی داخـیلی سـانەوی پیشـەسـازیدا. خوێندنەوە بە کوردی و شەیدابوونی بۆ شیـعر، لە تەمـەنی (٢٠)دا تا ڕادەیەک تەجروبەی ژیان فـێری زیاتری ئەکات، بە تایبـەتی ١٩٥٩- ١٩٦٠ ئەو وەختـەی دوا پۆلی سانەوی پیشـەسازی لە بەغدا تەواو ئەکات، لەم سـەردەمـەدا هەوڵ ئەدا زمـانی عـەرەبی فـێر ببێ و وردە وردە دەست ئەکــات بە خــوێندنەوە و لە (جەبران)(٧) و شاعیرەکانی مەهجەر و (شابی)یەوە دەست پێ ئەکات.

*** قۆناغەکانی خوێندن**

پۆلی یەکەم: ١٩٤٧ سورداش.

پۆلی دووەم: ١٩٤٨ هەڵەبجە و لەدوای مردنی باوکی سلێمـانی و قـوتابخـانەی «فـیـصلیـة»ی سەرەتایی لە سلێمـانی. ١٩٥٤-١٩٥٥ قـوتابخـانەی پیشـەسـازی بەغدا تەواو ئەکات.

*** ئیشەکانی**

١٩٦٠/١٩٦١ سـاڵێک مـامـۆسـتـای قـوتابخـانەی سـەرەتایی لە گـوندی «قـرگـە»ی نزیک سلێـمـانی/ موستەخدەم بووە.

١٩٦١ لە کارگەی جگەرە / کرێکار بووە.

١٩٦٢ تا ١٩٦٤ لە ئیشـغـالی سلێمـانی مووەزەف بووە، ئینجـا دوای ئەوە ئەچێـتـە بەغـدا/ لەوێ چەند دائیـرەیەک ئەکـات وەکـو بەلەدیات و لەدوایی وەزارەتی شـئوونی شـیـمـال و لەدوایـیـدا جـامـیـعـەی سلێـمـانی ١٩٦٨/١٩٧٤.

١٩٧٥/١٩٧٨ (٨)ناحـیـەی بەغـدادی/ هیت وەک کاتبی ناحیە کار ئەکات.

١٩٧٨/ تا ئێستا مووەزەفە لە (مديرية المياه الجوفية في السليمانية).

* بۆ یەکەم جار بەرهەمی شیعری لە ڕۆژنامەی (ژین) و گۆڤاری-هەتاو-دا بڵاوکردووەتەوە، ١٩٥٦/ ١٩٦٠.

لە سـاڵی ١٩٦٤دا و لەسـەردەمی حـوکـمی عـارف-بەزازدا(٩) ئەمری گرتنی دەرئەچێ و ئەچنە سەری ڕائەکا و ئەچێـتـە پاڵ بزووتنەوەی کـورد (شـۆڕشی ئەیلوول) تا سـاڵی ١٩٦٦ بەیانی ٢٩ی حـوزەیران و ئەگـەڕێتـەوە، سـاڵێک بەبێ ئیش ئەسـوڕێتـەوە، تا لە بەغـدا تەعین ئەکرێتەوە.

* ١٩٦٦- ١٩٦٨ لە ڕۆژنامــەی التــآخي «برایی» کوردیدا ئیش ئەکات و لەوێش هەندێ شیـعـر و چیرۆک بڵاو ئەکاتەوە.(١٠)

* لە ساڵی ١٩٦٨دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی (تریفـەی هەڵبـەست)ـەوە (ضـیـاء القـصـائد) ئەخـاتە بازاڕەوە، بە کوردی و عـەرەبی لە ڕۆژنامـەی (التآخي) و



**شەقلاوە – ١٩٩١ – کۆنگرەی راپەڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شەقلاوە. وێنەکە لە ڕاستەوە: ئەنوەر برزۆ، مستەفا سالَح کەریم، مەجید کەساس، ئیبراهیم محەممەد کۆیی، شێرکۆ بێکەس، .... ، ئازاد عەبدولواحید.**

(برایی)دا لەسەری ئەنووسن. [ئەم کۆمەڵە شیعرە، ئەگەرچی خەتێکی هونەری و فەننی یەکگرتووی نەخەملاندووە، بەڵام سەرەتای یەکەم هەنگاوی بەهرەی بە ڕۆشنی پێوە دیارە. بە پێوەدانی وەزنی پەنجە و بە هەموو ئەو کێشانەی کە «گۆران» شیعری پێ وتبوون، ئەمیش لەم دیوانەدا هەموو ئەو وەزنانەی بەکارهێناوە، مەسەلەی نیشتمان و خۆشەویستی و تاقیکردنەوەی شەخسی شاعیر و ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور و سامانی نەتەوەیی بەگەلێک لەم شیعرانەوە دیارن].

* لەنێوان ١٩٦٨/ ١٩٧١دا لە بەغدا تێکەڵ بە کۆڕ و کۆمەڵانی ئەدەب و ئەدیبە عەرەبەکان ئەبێ و لەنزیکەوە زۆریان ئەناسێ و ئەم بینینانە ئەبنە هۆی گەشە پێکردنی زیاتر و خوێندنەوە و شوێن پێ.

* لە مانگی (٤)ی ١٩٧٠دا دوای بەیانی (١١)ی ئازار، لەگەڵ چەند ئەدیبێکی تری کورددا- بانگەوازی ڕوانگە- دەرئەکەن و ئەم بانگەوازە- گۆمی بەستووی ئەو وەختەی ئەدەبی کوردی ئەشڵەقێنێ و ئەبێتە مایەی دەمەتەقێ و موناقەشەی گەرم و لەم ڕووەوە گەلێ ئارای جیا جیا بڵاو دەکرێنەوە و وردە وردە هەنگاوی تازەکردنەوەی گەورەتر لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا شیعر- چیرۆک ئەهاوێژرێ، هەروەها سێ ژمارە نامیلکەی گۆڤاری - ڕوانگە- لەگەڵ ئاوەڵەکانیدا دەرئەکەن.

* هەروەها تا ئێستا شێرکۆ دوو شانۆگەریی شیعری نووسیوە، کاوەی ئاسنگەر ١٩٧١ و ئاسک ١٩٧٦. ئەتوانین بڵێین- کاوەی ئاسنگەر- یەکەمین شانۆی شیعری کوردی موتەکامیلە کە بەشێوەیەکی هونەری تر لەوانەی پێش خۆی نووسرابێ، هەروەها چەند شانۆگەرییەکی لەڕێگەی زمانی عەرەبییەوە تەرجومە کردووە، شایی خوێن- عرس الدم، لۆرکا، ١٩٧٢، الأجازە- مۆڵەت، محیەددین زەنگنە، ١٩٧٧، ژیانی ڕۆژانە- قاسم محەمەد، ١٩٧٨/١٩٧٩ و ئەمانە لەسەر شانۆ پێشکەش کراون، ئەمە جگە لە چەند دیراسەیەکیش دەربارەی چیرۆک و شیعر و مەسەلە هونەرییەکانی بڵاو کردۆتەوە(١١).

* ئەو شاعیرە کوردانەی لە سەرەتای دەست پێکردندا پێیان موعجەب بووە، گۆران، هەردی، لە ڕێگەی زمانی عەرەبی ئەو شاعیرە عەرەب و عالەمییانەی کەم و زۆر کاریان تێکردووە و خۆشی ئەوێن: بەدر شاکر ئەلسەیاب، ئەدۆنیس، مەحموود دەرویش، ڕامبۆ، نازم حیکمەت، جاک بریڤێر، دەیستۆیڤسکی(١٢).

* لە تەمەنی ٢٠-٢٥ ساڵیدا ئەچێتە ناو تەجروبەیەکی عاتیفی گەرمەوەو فاشیل ئەبێت، ئەم تەجروبەیە لە هەندێ شیعری یەکەم دیواندا، بەتایبەتی لە قەسیدەی – فرمێسک و زەردەخەنەدا- ڕەنگ ئەداتەوەو هەر لەم فەترەیەدا تووشی گۆشەگیری و نائومێدی و ڕەشبینییەکی زۆر دێت. لە ساڵی ١٩٦٩دا ژن ئەهێنێ، ژنەکەی خزمی خۆیەتی و ئێستا چوار منداڵی هەیە، سێ کچ و کوڕێک.

*** بەرهەمەکانی**

١- تریفەی هەڵبەست – ضیاء القصائد، ١٩٦٨.

٢- کەژاوەی گریان – هودج البکاء، ١٩٦٩.

٣- کاوەی ئاسنگەر – کاوه الحداد/ مسرحیة شعریة، ١٩٧١.

٤- من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ – من اللهب أرتوي، ١٩٧٣.

٥- ئاسک – الغزالة/ مسرحیة شعریة، ١٩٧٦.

٦- کازیوە – الفجر، ١٩٧٨.

٧- دوو سروودی کێوی – انشودتان جبليتان، ١٩٨٠. (١٣) و (١٤).

**پەراوێزەکان:**

(١) شێرکۆ بێکەس لە ژیاننامە و بیرەوەری خۆیدا کە بە ناوی (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش) دەرچووە لە لاپەڕە (٣٠٤)دا ئاماژەی بەو وەرگێڕانەی شیعرەکانی داوە لە کتێبی (اضمامة قزحیة)یەکەی مندا.

(٢) وەک دیارە لە کاتی نووسینی ئەو بایۆگرافییە

لەلایەن شاعیرەوە، پەلەی کردووە، بۆیە هەندێ (پیت) و (وشــە) پەڕیبــوون، لەکــاتی دووبارە نووســینەوەی دەستنووسەکە و لە سیاقی ڕستەکاندا چاکم کردوون.

(٣) شـاعـیـر نـووسـیـویەتی و دەڵێ: (ڕق لە دایکی هەڵئەگرێ و نایەوێ بیبینێ)، ئەو ڕسـتـەیە هەمـان ئەو گرفتە دەروونییەمان بیر دەخاتەوە کە بۆدلێری شاعیری فەرەنسایی، پاش خۆشەویستییەکی زۆری بۆ دایکی، کە شـوو دەکــاتەوە و لێی دوور دەکـەوێتـەوە زۆر ڕقی لێ هەڵدەگرێ، تەنانەت ڕەشبـینی ئەو قـۆناغـەی شیـعری شێـرکـۆ بێکەس دیسـانەوە چووەتەوە سـەر تێـڕوانینی ڕەشـبـینانەی بۆدلێـر بۆ ژیان، بۆیەش لە (زێ و زنە)دا بەرهەمێکی خۆی بۆ (بۆدلێر) تەرخان کردووە.

(٤) زۆرجار لە دانیشتنەکانمدا لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لێم بیسـتووە کە هەمیشە دەیوت دوو دیوانی (تریفەی هەڵبـەست) و (کـەژاوەی گـریان)ی لەژێر کـاریگەری شیعرەکانی جەمال شارباژێری نووسراون.

(٥) لە دەسـتنووسـەکـەدا نـووسـیـویەتی (لە دەریای بیـر)، کـە ڕاسـتـەکـەی لە (دەریای بیـرا)یە. (بنۆڕنە نامیلکەی ئەنجامی داوێن پیسی، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٦، بەغدا، زنجیرەی پێشخستن و زیندووکردنەوەی ئەدەبی کوردی، بە هەوڵی محەمەد تۆفیق وردی).

(٦) شـاعیـر بە زمـانی گـۆران نووسـیویەتی (ئەتەوێ تۆش ببیتە شاعیر)، ئەمە ڕێک وتەکەی ئەو شوانەمان بیر دەخاتەوە کە لە کتێبی (داغستانی من)ی حەمزاتۆڤ ئەو کــاتەی ســەگــەکــان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەویش مێرمنداڵێک بووە و چووە بۆ گوندی هاوڕێیەکەی باوکی، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی (حــەمــزە تســادا) وەک شاعیرێکی میللی خۆشەویست ناو و ناوبانگی هەبووە و شـوانەکـە زانیـویەتی کوڕی ئەوە، بۆیە پێی دەڵێ (ئەوە چی دەکەی لەو ناوە؟ تۆش دەتەوێ ببیتە شاعیر؟).

(٧) مــەبەســتی لە (جــەبران خــەلیل جــەبران)ــە، شـاعـیـرەکـانی مـەهجـەریش بێجگە لە (جەبران خەلیل جەبران)، (ئەبو قاسم ئەلشابی) و (ئیلیا ئەبو مازی) و (میخائیل نەعیمە) بوون.

(٨) شێرکۆ بێکەس نووسیویەتی لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٧٨ بۆ ناحـیـەی بەغـدادی/ هیت دوورخـراوەتەوە و وەک کاتبی ناحیـە لەوێ بووە، تا لە ١٩٧٨ هاتووەتەوە شـاری سلێـمـانی، بەڵام ئەوەندەی من ئاگـادارم زووتر گەڕابووەوە سلێمانی، کە من لە هەولێرەوە چوومە شاری سلێـمانی و وەزیفـەکەم گوێزایەوە دەسـتەی کـشـتوکـاڵی سلێمانی، ئەو لە شاری سلێمانی بوو.

(٩) حوکمی عارف -بەزاز، مەبەستی حوکمی هەردوو برا عـەبدولسـەلام و عـەبدولڕەحمان عـارف-ـە، بەزازیش مەبەست لێی عەبدولڕەحمان بەزازە.

(١٠) هەمــوو جــار باسی ئەوەی بۆ دەکــردم چۆن لە ڕۆژنامـەی (برایی) لەگـەڵ ڕەفـیق چالاک کـاری کـردووە، زۆرجـاریش باسی سـەیدا سـالح یووسفی دەکـرد، کـە لەو کاتەدا سەروکاری (التآخي) کردووە.

(١١) جگە لەو دوو شانۆنامە شیعرییەی کە شاعیر ناویـانی بـردووە: (کــــاوەی ئاسنـگەر) و (ئـاسک)، سەرەتای ساڵانی هەشتا شێرکۆ بێکەس دەقێکی شانۆیی شیـعری دیکەی نووسیـبوو بەناوی (کونە کـۆتر)، وەک ئاگادارم ئەو تێکسـتـەی دایە چەند کەسێک بیـخوێننەوە تا سەرنج و تێبینی و بیروڕای خۆیان لە بارەیەوە بڵێن، یەکـێـک لەوانە من بووم کـە تێکســتــەکــەی دامێ و خــــوێندمــــەوە، وەک ئاگــــادارم هەمــــوو ئەوانەی خوێندبوویانەوە کەوتنە ستایش کردن و موجامەلەکردنی شـاعـیـر، تەنیـا من و فـازڵ جـاف سـەرنج و تێـبـینی ڕاشکاوانە و دۆسـتـانەی خـۆمـان ڕووبەڕووی کـردەوە، تەنانەت پێم وت ئەگەر ئەو تێبینییـانە ڕەچاو نەکات و دەقـەکـەی چاک نەکـات و بەو شـێـوەی ئێـسـتـای بڵاوی بکاتەوە، ئەوە نەک هەر هیچ لێزیادکردنێک نابێ بۆ سەر دوو تێکستەکەی پێشووی، بگرە بە خراپ بۆ سەر ڕەوتی شـیـعـری ئەو، بە تایبـەتی بۆ بواری شـانۆی شـیـعـری دەکـەوێتـەوە. پاش مـاوەیەک کـە هەواڵـی ئەو بەرهەمـەیم لێ پرسیییەوە وتی لەسەر قسە و بیروڕای تۆ و فازڵ جاف دەبێ پێیدا بچمەوە و زۆر دەسکاری دەوێ، بەڵام جارێ ناتوانم بگەڕێمەوە سـەری و ئیشی تێدا بکەم.. ئیـدی نازانم ئەو تێکسـتـەی چی لێهات و بۆ لە هیچ شوێنێک ناوی نایەت، دەبێ لەناو دەستنووسـە چاپ نەکراوەکـانی مابێت؟

(١٢) دیارە دەستۆیڤسکی ڕۆمـاننووسێکی گەورەیە و شاعیر نییە.

(١٣) لە ڕووی پاش و پێش کردنی (ڕستە) و (وشە) و (خاڵبەندی)یەوە، دەستکاری ڕێنووس و خاڵبەندی و کوردییەکەیم کردووە.

(١٤) دوای وەرگـرتنی ئەو نووسـینە، بەدەسـتکاری کـردن و جـوانکاری و هەندێ هەڵسـەنگاندن و بیـروڕای ڕەخنەیی خۆمـەوە کـردمـە پێشـەکی بۆ وەرگـێڕانی چەند شیـعرێکی، پاشـان ناردم بۆ (آفاق عربیة)، مـاوەیەکی پێچوو ناردم بۆ (الطلیعة الأدبیة)، کەچی بەڵێنی خۆیان نەبردە سەرو پێی تەنگە نەفەس بوون و بڵاو نەکرانەوە.

# ڕامان، چرایەکی گەش و ورشەدار

**فەرهاد شاکەلی**
**(سوێد)**

لە مێژووی فەرهەنگیی وڵاتاندا، لە مێژووی فەرهەنگیی زمانانەدا، لە مێژووی فەرهەنگیی نەتەوەکاندا، هەمیشە هەندێ چرا هەن، لە چراکانی دیکە ڕووناکتر و گەشتر و ورشەدارترن. ئەم چرایانە شێوەی جۆراوجۆریان هەیە؛ لە ڕووی هێز و وزە و گەشەیشەوە جیاوازن. هەندێکیان تا لێیان نزیک نەبیتەوە جوانی و ڕەونەق و تریفەیان باش نابینیت. هەندێکی تریان لە دووری دووریشەوە بە دی دەکرێن. بەڵام لەناو ئەمانەدا، لەناو ئەم چرایانەدا، هیی وایش هەیە کە تەنانەت دوای کوژانەوەیشی، دوای نەمانی فیزیکیی خۆیشی، ڕووبارێک تیشک و چەمێک ڕووناکایی بە جێ دەهێڵێت.

ئەم چرایانە دەکرێ شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگری گەورە و زانای لێهاتوو بن، بەڵام لەوانەیشە دەستگای فەرهەنگی، گۆڤاری دەوڵەمەند و گران، ڕۆژنامەی ڕووناکیپێژێن بن... گۆڤاری گەلاوێژ، بۆ نموونە، یەکێکە لە چرا گەشەکانی مێژووی فەرهەنگی کوردی، لە چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا. کارکردی گەلاوێژ لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا، لە بواری برەوپێدانی فەرهەنگی خوێندنەوەدا بە زمانی کوردی، لە بواری پەخشانی کوردیدا هێندە ئاشکرایە، کە هیچ لێکۆڵەرەوەیەکی زانستکار و جیددی ناتوانێ خۆی لە باسکردنی ببوێرێت.

گۆڤاری گەلاوێژ بوو کە دەیان نووسەری بە خوێنەری کورد و بە ئەدەبی کوردی ناساند. بە هۆی گۆڤاری گەلاوێژەوە بوو کە سێ چیرۆکنووسی گەورەی کورد دەرکەوتن و بوون بە نموونەی نووسەری پێشەنگ: ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)، عەلائوددین سەججادی و شاکر فەتتاح.

لە پەنجاکانیشدا گۆڤاری (هیوا) نەخشێکی بنەڕەتیی هەبوو لە گەشەپێدانی ئەدەبی کوردیدا. دەیان نووسەری کورد بە هۆی گۆڤاری هیواوە پێ گەیشتن و وەک نووسەر ناسران. حەسەنی قزڵجی و هەژاری موکریانی بە هۆی هیواوە بوون بە نووسەری ناودار. شاعیرێکی وەک مامۆستا گۆران، کە پێشتر لە گەلاوێژیشدا شیعرەکانی بڵاو دەکردنەوە، لە هیوایشدا هەر بەردەوام بوو.لە شەستەکاندا گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) بوو بە مەکۆی وشەی کوردی. لە حەفتاکاندا گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی زۆر بوون، بەڵام بە ڕاستی هیچیان نەیتوانی نەخشێکی گەورەی وەک گەلاوێژ یا تەنانەت هیوا ببینێت. بەڵام (گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد) بوو بە پێشەنگێک بۆ کاری لێکۆڵینەوەی زانستی و بۆ پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی کوردی، بە پێچەوانەی ئەو گۆڤارەوە کە ئەمڕۆ دەستگایەکی وەک ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات و هەر بە مردوویی لە دایک بووە.

هەر لەم بوارەدا دەبێ باسی گۆڤاری (سروە) لە

کوردستانی ڕۆژهەڵات بکرێت. سروە، کە لەسەر دەستی مامۆستا هێمنی موکریانی دامەزرا و دواتر مامۆستا ئەحمەدی قازی ساڵانێکی دووردودرێژ بردی بە ڕێوە، بوو بە ناوەندێک بۆ نەوەیەکی گەورەی نووسەران و خوێنەران. ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین بە شانازییەوە باسی ئەوە بکەین کە هەزاران خوێنەری زمانی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا بە کارکردی گۆڤاری سروە دروست بوون. دەیان نووسەر و ڕووناکبیر بە هۆی گۆڤاری سروەوە بوون بە ناوی گرشەداری ئەدەبی و بوون بە نووسەری بەرهەمدار و پێشکەوتوو.

(ڕامان)، بێگومان، چرایەکی گەشە لە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردیدا. ئەگەرچی ئەمڕۆ لە کوردستاندا، دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ڕامان لەناویاندا زۆر تایبەت و دیارە و لە زۆر ڕووەوە پێشەنگە.

زمانی گۆڤاری ڕامان، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا، زۆر لە زمانی ئەوانی دیکە جوانتر و پاراوتر و ڕێکترە. لە ڕووی ڕێنووسیشەوە، ڕامان لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان پێشکەوتووترە. ڕەنگە بۆ کەسێکی وەک من هێشتا پێم وا بێت، ڕامان دەبوو ڕێنووسێکی لە ئێستایش ڕاستتر و دامەزراوتر بە کار بهێنێت، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە لەناو هەموو چاپەمەنییەکاندا پێشەنگە. من کە هێندە جەخت لەسەر زمان و ڕێنووس دەکەم، ئەوەم چاک لە بەرچاوە کە زمانی کوردی ئەمڕۆ چۆن هەڕەشەی لەناوچوون و هەڵوەشانەوەی لەسەرە. لە هیچ سەردەمێکدا، تەنانەت لە سەردەمی دەستەڵاتی فاشیستی بەعسیشدا، زمانی کوردی ئەوەندەی ئەمڕۆ بریندار نەکراوە و هێندەی ئەم سەردەمە بەرەو هەڵدێر نەڕۆیشتووە.

لەو ڕووەیشەوە کە زۆر ڕێکوپێک بڵاو دەبێتەوە، ڕامان دیسان نموونەییێکی دەگمەنە. هەموو ڕۆژێکی پێنجەمی مانگ، ڕامان ئامادەیە و چاوی خوێنەری کوردی پێ ڕووناک دەبێتەوە. ئەمە کارێکی ئاسان نییە. ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دە هێندەی ڕامان بودجەیان لە بەردەستدایە و دەستەڵاتیان لە پشتە، ئەمەیان پێ ناکرێت. هێندەی من بزانم تا ئێستا ڕامان جووتژمارەیشی بڵاو نەکردووەتەوە. هەر مانگێک ژمارەیەکی لێ دەردەچێت. لەو ڕووەیشەوە کە گۆڤارێکی کوردستانییە و بووەتە ناوەندێک بۆ زۆربەی قەڵەمەکانی کوردستان، ڕامان بایەخێکی گەورە و گرانی هەیە.


دیارە، گۆڤاری ڕامان لە پاڵ ئەوەدا کە چەندان لایەنی گەش و جوان و ورشەداری هەیە، کە ئێستا باسم کردن، لەوەیە من وەک خوێنەرێک ئەو مافەیش بە خۆم بدەم ڕەخنەیشی لێ بگرم و لایەنی لاوازیشی دەستنیشان بکەم. باوەڕ ناکەم، نە سەرنووسەری بەڕێزی گۆڤاری ڕامان و نە کارمەندان و نووسەرانی، تەنیا چاوەڕوانی پەسن و پێداهەڵدان بن. دڵنیام پێیان خۆشە گوێیان لە ڕەخنەی دۆستانەیش بێت. من نامەوێ کاتی ئێوە ئێستا بەوە بگرم کە لەو ڕەخنانە بدوێم، چونکە دەکرێ ئەوە لەگەڵ ستافی گۆڤارەکە خۆیاندا باس بکەم، بە ئامانجی چاکتر و جوانتر و دەوڵەمەندترکردنی ڕامان.


ئەمڕۆ ئێمە بەشداریی ئەو جەژن و خۆشییە دەکەین کە گۆڤاری ڕامان دووسەد ژمارەی لێ دەرچووە. هیوادارم لە داهاتوودا، جارێکی تریش کۆ ببینەوە و بە بۆنەی دەرچوونی سێسەدەمین ژمارەی ڕامانەوە ئاهەنگ بگێڕین.

**سەرنج:**

**ئەم وتارە لە سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکەمی سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٤ پێشکەش کراوە.**

**«ڕامان»**



# ماڵێک لەدەرەوە، ماڵێک لەناوەوە

ئەدیب نادر
(بریتانیا)

که پاش بیست و ئەوەندە ساڵ گەڕامەوە کەرکووک و بە مەیلێکی گەورەوە ویستم تێیدا سەقامگیر بم، لەنزیکەوە کۆنتاکتم لەگەڵ زۆربەی پێرسنێڵەکانی یەکێتیی نووسەرانەکەیدا بەرقەرارکرد، چ ئەوانەی خولەکەی پێشوو، چ ئەوانەی خولەکەی ئێستایش، لەپێناوی گوڕبەخشین بە بزاڤێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دینامیکدا هەوڵی جددیشم خستەگەڕ، چونکە من هەمیشە نەبوونی بزاڤی ڕۆشنبیریم بە نەبوونی، یان ونبوونی شاعیران و ئەدیبان و داهێنەرانەوە گرێ داوە، بۆیە بە جددی وتووێژم لەگەڵدا کردن و زۆر شتم بۆ هەڵڕشتن، لەوانە دانانی بەرنامەی وەرزی، یان ساڵانە بۆ کاروچالاکییەکانی یەکێتی، هەندێک گۆڕانکاری هونەری و تەکنیکی و بابەتیش لە گۆڤاری گزنگدا، بەڵام مخابن دوای چەندین هەوڵ لە هەستی گەمژەییەک بەولاوە لە هیچ شتێکی دییەوە نەگەوزام، چونکە لەوێ پەییم بە ئامادەیی خەمێکی ڕۆشنبیری نەبرد، هەتا هەوڵێکی ئەوتۆ دنەبدات کە بزاڤی ڕۆشنبیری بە ئاراستەیەکی بەرهەمهێندا ملی ڕێ بگرێت، لەبەر ئەوەی دنیابینییەکانی زۆرێک لە ڕۆشنبیران بۆ ئەو ئاستەی بەرژەوەندی تاکەکەسیی بەرز بوونەتەوە کە ڕەوتێکی باشتر و ساغڵەمتر نەبێتە خەمیان، کە پرسی ڕۆشنبیرییەکی جددیش چەشنی خەمێکە سەردەمانە خۆی دەردەبڕێ، خەمساردیی فەزاکە دەتەنێتەوە.

پێم وایە درک نەکردن بە ڕاستی ئەوەی کە تەنیا یەک بەرژەوەندیی پێکەوە گرێدراو هەیە، کە کێشەبەندیی گەورەی خوڵقاندووە و ئەو شتانەیش کە لەوێ هەرس دەکرێن، هەر ئەوانەن کە خەمی ڕۆشنبیرییان تێدا شک نابرێت، چونکە خەمەکانی ئەوێ تاڕادەیەک جیاوازن و ڕەنگە ئەوێ هێشتاکە هەر لە بێبەشییەکانی سەروبەندی گەمارۆدا قەتیس مابێت و ئەوانیش بیانەوێ تۆڵەی بکەنەوە، بەڵام بە چ شێوەیەک؟! دیارە ئەوان سەرقاڵی بنیادنانی شتێکی ترن و لەخەمی ئەوەدا نین ماڵێکی ئەدەبی بنیات بنێن کە نەمرییەکی مێژوویی تێدا دەستەبەر بێت و شتێکی ماددی نەبێت کە دواجار وەک میرات دابەش بکرێت، بێ گومان ئەوەی ئەوان دەیانەوێت لەدەرەوەی ئەدەبدایە و بۆ داهێنەری ڕاستەقینەیش هیچ بایەخێکی نییە، واقیعی ئەو دنیایەی لێ دەرهاوێژە کە یەکێکە لە کۆڵەگە بایەخدارەکانی ئەفراندن و پێویستە دەستاوێژ و بەشێکی پێکهێنەر بێت لە خوڵقاندن، ئەگینا داهێنەرە ڕاستەقینەکان ناوەوەی ئەدەب مەبەست و ئامانجیانە و هەمیشە هەوڵیان داوە ماڵەکەی خۆیان لەوێ بنیاد بنێن، بەڵام ئەوان پێویستییەکەیان لە دەرەوەی ئەدەبە، هەوڵ بۆ شتێک دەدەن سەرەنجام دەستگیری دەکەن، کەچی نەبوونی خەمی بەرپرسیاری لە بوون و هزری ئەواندا ناسنامەی نووسەربوون دەسێنێتەوە و کە دەشمرن ئەوەی لە دەرەوەی ئەدەب بنیادیان ناوە نە داهێنانە و نە هینی خۆیانە و نە ئاییندەیش ناویان لە یاد و ڕابردووی خۆیدا دەهێڵێتەوە.